# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێكی ئەدەبی و ڕووناكبیرییە بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیریی گەلاوێژ دەری دەكات

37

سەرنووسەر
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

دەستەی نووسەران
سەلاح محەمەد -سامی هادی- محەمەد كەریم-
كاوەحاجی عزیز- محێدین محمود


پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت
یان: Email
galawezhinwe@yahoo.com
گەلاوێژی نوێ لەتۆڕی ئەنتەرنێتدا
www.madaneat.org
ئەدرەس:
سلێمانی -شەقامی سالم-نزیك ئە نجومەنی وەزیران
ت- ٣١٢٣٥٠٧
پەیوەندی كردن لەهەندەرانەوە:
سەنتەری سلێمانی
(تەلەفون ٠٠١٢١١١٢٨٩٦٣٣٠٤)
(فاكس ٠٠١٢١١١٢٨٩٦٣٣٠٥)



نەخشەسازی كۆمپیوتەر: یادگار عبدالله

پیتچن: بڕیار سعید مولود

ئۆفسێت: چاپخانەی بینایی

ژمارەیەكی گەلاوێژی نوێ لە(مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە.


تەموز
2005

# لەم ژمارەیەدا


سپیدە ٣

ئازادیو بەرپرسیاریێتی مێژوو
کارل پۆپەر ٤

ئارکۆلۆژیای پۆست مۆدێرن
هۆمەن ١٥

بوونگەرایی
لەتیف هەڵمەت ٢٥

ئیدوار سەعید و تۆدۆرۆف
و/ محێدین مەحمود ٣٠

چەمکی نوێگەری لای ئەدۆرنۆ
و. محەمەد سالار ٣٧

بەسەرهات
عەبدول خالید سابیر ٤٦

ئامۆیم و وەرزی گلوباڵ
محەمەد ئەمین پێنجوێنی ٥١

سۆفیەك و سێ بیلبیلەی باران
د. لەتیف محەمەد ٥٤

دەرفەتی گوڵی سوور
فریشتەی ساری ٥٧

خاڵی سێو
مەفنون ئەمینی ٥٨

شەوی بەخششەکان
و/ تەها ئەحمەد رەسول ٥٩

کانێسکان
هەڵکۆ عومەر تۆفیق ٦٤

چاوپێکەوتن - پاولۆکۆیلۆ
و/سەلاح محەمەد ٧٠

چاوپێکەوتن - دیاری قەرەداغی
سازدانی/ئارام صدیق ٨٨

پێشەکیەك بۆشیعرەکانی مالارمێ
و/ محەمەد کەریم ١٠٢

پێنج خشتەکیەکی ئاری
صدیق صالح ١١١

کورتەیەك لەژیان نامەی چیرۆك نووسان
و.نوری سەعید ١١٦

مۆسیقا
ئازاد مەعروف ١٢١

گەشتی رووناکبیری
ئا. کاوە حاجی عەزیز ١٤٠

لە خولی یەکەمی پەرلەماندا زۆرینە هەر بە جلی سەربازییەوە چوونە ژوورەوە . پەرلەمان ئەو دەزگا یاساییە ئیدارییە شارستانییە رۆشنبیرییە , ئەو ئەزموونە نوێیە بە ژیانی ئێمە , پێی نەکراو بەوە قایل نەبوو بە عەقڵیەتی ژیانی سەربازی هەڵسوکەوتی تیا بکرێت بۆیە هەر زوو دوو فاقەییمانی دەرخست . دژایەتی نێوان بیرکردنەوەو مومارەسەی ئاشکرا کردین ... کارەساتە پەرلەمان بەخوێنی شەهیدانو لە هەلومەرجێکی نوێدا دابمەزرێت بەڵام لە جیاتی چەسپاندنی یاساو رەخساندنی ژیانی مەدەنیو گفتوگۆو عەقڵ شەڕی ناوخۆی بەدوادا بێت . ئەگەر بێینو لەم دیاردەیە بکۆڵینەوە زۆر خاڵمان بۆ روونەدەبنەوە , یەك لەوانە ئەوەیە ئێمە لە ژیانی چەند سەدەیی ناو دوکەڵو گوللەو تۆپو بەرەنگاربوونەوەو توندو تیژییەوە , یەکسەر لە هەلومەرجێکی نوێی ناوچەکەدا بێسەرەتاو خۆئامادەکردنێکی درێژو ئاسایی , کەوتینە ناو ژیانی ئەزموونی پەرلەمانەوە , بۆیە بۆمان نەلوا جلی خاکی پێش چوونە ناو پەرلەمان دابکەنینو بەسەربەستیو عەقڵانیەتو مەعریفەوە گفتوگۆ بکەین , نامۆ بوون بە هەڵسوکەوتی پەرلەمانی لەژێر سایەی ئەزموونی پەرلەماندا جەوهەری ئەو ساتەی دەرخستینو بەرەو زنجیرەیەك شەڕی ناوخۆی بردین .

ئێستا , لەم قۆناغە نوێیە ناسکەدا دەبێت بە جۆرێکی ئێجگار جیاوازەوە بچینە ناو پەرلەمانەوە ... ئیتر بۆمان ناکرێت چاوەڕوانی زنجیرە شەڕ بین , هەلومەرجی ئێستای کوردستانو عێراقو ناوچەکەو سیستمی سیاسی نوێی جیهان رێگا بەوە نادەن ...

رۆشنبیریش ئەرکی ئەوەیە بە دیدێکی رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریو رووداو و ژیانی پەرلەمانی نوێدا بکات . مەبەستمان لە دیدێکی رەخنەگرانەی عەقڵانیانەی دوور لە کینەو رقەبەرایەتیو هەڵچوونو سوکایەتیپێکردنو خۆ پەرستییە . نابێت وەك کارمەندی دەزگای راگەیاندن بەهەموو رووداوێکی چاك گەشبین ببینو بکەوینە ستایشکردنی رووداوێکی خۆش . ئای چەند چەپڵەمان بۆ روداوی خۆش لێدا ! کەچی ناخۆشی بەدوادا هات . چەند چەپڵەمان بۆ هەڵزنان لێداو کەچی رووبەرووی هەرەس بووینەوە ! . بۆیە چاکترە رۆشنبیران بە شێوەیەکی رەخنەگرانەی زانستیانە لایەنو مەودای چاكو خراپی رووداو و ئەزموونەکەمان بخوێننەوە ... ئەویش بە شێوەیەکی دڵسۆزانە نەك دوژمنانە .

لەسەر رۆشنبیرانە بەقووڵی گفتوگۆ لەسەر دەستور بکەن , پێشنیازی خۆیان هەبێت , لە دەسەڵاتو سنووری دەسەڵات بکۆڵنەوە . دەستبخەنە سەر خاڵی لاواز ... دیموکراسی هەتاسەر سیاسەتی رازیکردنی (ترچیە) پێقبوڵ ناکرێت ئەگەر بە حیزبەکانیش بکرێت خەڵك پێی ناکرێت .

دیموکراسی دوو فاقەیی دەروونو ناوەوەی ناوێ , سیاسەتی رازیکردن دیموکراسی توشی شەلەل دەکاتو گەشەی پێنادات . پێویستە بە راشکاوی دوور لە ترس کێشەکان ئاشکرا بکرێنو کارە هەڵواسراوەکان یەکلایی بکرێنەوە . نەك لای ئێمە بەڵکو لە دنیایشدا وایە کە هەموو کێشەیەك دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی , بۆ پەرلەمان .

سەرنووسەر

لێکۆڵینەوە

# ئازادیو بەرپرسیارێتی رۆشنبیران

و. دلاوەر عەبدوڵڵا

ئاینده زۆر کراوەیەو پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە. بە هەموومانەوە وابەستەیە, بەوەی منو تۆ ئەنجامی دەدەینو کەسانێکی زۆری دیش دەیکەن. ئەمڕۆ, سبەی, دوو سبەی ئەو شتەی ئێمە دەیکەین وابەستەی دیدگاو خواستو هیواو بیمەکانمانە, بەوەی چۆن لە جیهان دەڕوانینو هەلەکانی ئاینده چۆن هەڵدەسەنگێنین.

ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە بەرپرسیارێتییەکی گەورە لەسەر شانمانەو ئەو بەرپرسیارێتییەش کاتێك گەورەتر دەبێت کە تێبگەین ئێمە هیچ نازانین, یان باشتر بڵێین ئەوەی کە دەیزانین هێندە کەمە دەتوانین بە (هیچ)ی دابنێین, چونکە ئەوەی کە دەیزانین بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بۆ بڕیار وەرگرتن دەبێت بیزانین هیچە, یەکەمین کەس کە درکی بەم دیدە کرد (سوکرات) بوو, وتی دەبێت سیاسەتمەدار زانا بێت — هێندە زانا بێت کە بزانێت هیچ نازانێت, (ئەفلاتون)یش وتویەتی سیاسەتمەدار بەتایبەتی پاشا دەبێت زانا بێت, بەڵام دیدی ئەم لەگەڵ تێڕوانینی (سوکرات) زۆر لەیەك جیاواز بوو, مەبەستی ئەفلاتون ئەوەبوو کە دەبێت پاشا فەیلەسوف بێت. دەبێت بچێتە قوتابخانەو فێری دیالیکتیکی ئەفلاتونی بێت (کە زۆر گرانو ئاڵۆزە), یان وا باشترە زاناترینو داناترین فەیلەسوف, وەك خودی خۆی, ببنە پاشاو بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوابن.

ئەم پێشنیازەی کە ئەفلاتون لەسەر زاری سوکراتەوە خستییە روو، زۆر لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە. فەیلەسوفەکان لەگەڵ بیستنی ئەوەی دەبێت ببنە پاشا تووشی خرۆشان بوون، ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان ئەوەی هەریەکە لە سوکرات و ئەفلاتون لە سیاسەتمەدارانیان رەچاودەکرد لەنێو ئالۆزیی دیالیکتیکی فەلسەفەدا ونبوو. لەم بارەیەوە دەمانەوێت جارێکی تر ئەو جیاوازییە راڤە بکەینەوە لەلای ئەفلاتون رستەی (ئەبێت سیاسەتمەدار زانا بێت) ئیدیعای فەیلەسوفانی دانایە بۆ دەسەڵاتی سیاسیو بەم پێیە ئیدیعای خەڵکانی رۆشنبیرە (دەستەبژێران) بۆ دەسەڵاتی سیاسی. لەبەرامبەردا هەمان فۆرم لای سوکرات ئەو واتایە دەبەخشێت کە سیاسەتمەدار دەبێت بزانێت چەند کەم دەزانێتو لە ئیدیعاکانیدا خاکی بێت. لەو بارەدا بەرپرسیایەتییە مەترسیدارەکەی سەبارەت بە جەنگو ئاشتی دەرك پێدەکاتو، تێدەگات دەتوانێت چ نەهامەتییەك بنێتەوە. تێدەگات چەند کەم دەزانێت. پەیامی سوکرات ئەوە بوو (خۆت بناسە!) خۆت بناسەو دان بەوەدا بنێ کە چەند کەم دەزانیت!.

ئەمە تەرزی بیرکردنەوەی (سوکرات)ە، عەقڵانییەتی سوکرات (خۆت بناسە!) نەزانینی خۆت دیاری بکە! ئاساییە، ئەفلاتونییەکان پاشا نین، بەڵکو رابەرانی پارتێکن، هەرچەندە پارتەکەیان نموویەکی وەکو خۆیان نەبێت. تا رادەیەك هەموو سەرکردەی پارتەکان، بەتایبەتی پارتە پێشرەوەکان، پارتە سەرکەوتووەکان لە حاڵەتی ئەفلاتونیدان. مەگەر وانییە کە ئەفلاتوون دەڵێت : باشترین کەسایەتییەکان، بەئاگاترینیانو ئاقڵترینی هەموو خەڵك دەبێت ببنە سەرکردەمان!

بونیادیترین مەسەلە لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا ئەمەیە کە : (دەبێت کێ فەرمانرەوایی بکات؟). وەڵامی ئەو ئەمەیە کە : باشترینو ئاقڵترین ! لە پلەی یەکەمدا ئەم بروایە وا دەردەکەوێت مایەی گفتوگۆ نییە. بەڵام ئەگەر باشترینو ئاقڵترینەکان خۆیان بە باشترینو ئاقڵترین دانەنێنو لە فەرمانرەواییکردن سەرپێچی بکەن، چی دەبێت؟ باشە، ئەمە دەق ئەو شتەیە کە فەلسەفەی سوکرات لە باشترینو ئاقڵترینەکان چاوەنواری دەکات. فەلسەفەی سوکرات ئەوە دەڵێت کە ئەو کەسەی خۆی بە باشترینو ئاقڵترین دەزانێت دەبێت دوچاری وەهمی خۆبەزلزانین بووبێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت باشترینو ئاقڵترین بێت.

پرسیاری (دەبێت کێ حوکمرانی بکات؟) دیارە خراپ خراوەتە روو، بەڵام هەتاکو ئێستا بەردەوام هەر بەو جۆرە خراوەتە روو، وەڵامی ئاساییانەشی هەمان ئەو وەڵامە بوو کە ئەفلاتون خستویەتییە روو. لە سەردەمە دێرینەکاندا وەڵام بەم جۆرە بووە : (ئەو ئیمپراتۆرەی کە سوپا هەڵیبژاردبێت تەنها ئەو دەسەڵاتی هەیە کە خۆی لەسەر کار بهێڵێتەوە. پاشان وەڵامەکە بەم جۆرەی لێهات : شازادەیەکی یاسایی بە میهرەبانی خواوەندەوە. (مارکس)یش پرسیبووی : دەبێت کێ دەسەڵاتدار بێت؟ خاوەنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بێت - کرێکاران یان

سەرمایەداران؟ وەڵامی مارکس: ئەو کرێکارە باشانەی بڕوایان بە چینەکەی خۆیانە، هەڵبەتە نەك ناکەس و وێڵگەردان! ئەوانە دەبێت توانای تەحەموولکردنی سوکایەتییان هەبێت (لەو بەشەی جیهاندا کە ئێمە تیایدا دەژین، چیدی سوکایەتییان پێناکرێت).

زۆر لە تیۆرسینەکانی دیموکراسیش لە بەرامبەر پرسیاری ئەفلاتونیدا (دەبێت کێ حوکمڕان بێت؟) وەڵامی (شازادەیەکی یاسایی بە میهرەبانی خواوەند)ی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ (خەڵکە بە میهرەبانی خواوەند) دەگۆڕن — جگە لەوەی لە وەڵامەکەیاندا بە (میهرەبانی خواوەند) دەسڕنەوە. یان هەموو فۆرمەکە بە گشتی بەم جۆرە دەگۆڕن (خەڵکی بە میهرەبانی خەڵکی). ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە دانیشتوانی رۆمای کۆن دەیانگوت : دەنگی خەڵك، دەنگی خوایە.

ئێمە هەمیشە خۆمان لەبەردەم ئەم پرسیارە ئەفلاتونییەدا دەبینینەوە (دەبێت کێ حوکمڕانی بکات؟) ئەم پرسیارە هێشتا لە دیدی سیاسییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. لە تیۆری رەوابووندا، بەتایبەتی لە تیۆری دیموکراسییدا دەوترێت دەوڵەت کاتێك مافی حوکمڕانیی هەیە کە رەوایەتی (شەرعیەت)ی هەبێت. واتە کاتێك پێبەپێی دەستوور لەلایەن زۆرینەی خەڵك یان نوێنەرانی خەڵکەوە هەڵبژێردرا بێت. بەڵام نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە (هیتلەر) لەسەر شێوازێکی رەوا گەیشتە دەسەڵات و ئەو (یاسای دەسەڵاتی فراوان)ەی ئەوی کردە دیکتاتۆر لەلایەن زۆرینەی نوێنەرانەوە لە ئەنجومەندا دەنگی بۆ درابوو. کەواتە بنەمای رەوایەتی بەس نییە. ئەمەش وەڵامێکە بۆ پرسیارە ئەفلاتونییەکە (دەبێت کێ حوکمڕانی بکات؟)، بەم جۆرە دەبێت خودی پرسیارەکە گۆڕانکاری تیادا بکرێت.

بنەمای حوکمڕانی لەلایەن خەڵکەوە پەسەندکراویشە و دەتوانێت وەڵامێك بێت بۆ پرسیارە ئەفلاتونییەکە. لە واقیعدا ئەمە بنەمایەکی مەترسیدارە. دیکتاتۆرییەتی زۆرینە دەتوانێت بەسەر کەمینەوە مەترسیدار بێت.

پێش چل و چوار ساڵ کتێبێکم بە ناوی (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی)ەدیەوە نووسی. لەو کتێبەدا پێشنیازی ئەوەم کردووە کە پرسیاری ئەفلاتونی (دەبێت کێ حوکمڕانی بکات؟) بە پرسیارێکی زۆر جیاوازتر بگۆڕین : چۆن دەتوانین دەستوورێك دابڕێژین کە بە هۆیەوە بتوانین بەبێ خوێنڕشتن لەدەست ئەو دەوڵەتەی بە دڵمان نییە رزگارمان ببێت؟ ئەم پرسیارە جەخت لەسەر رەوشی هەڵبژاردنی دەوڵەت ناکاتەوە، هێندەی لەسەر ئەگەرەکانی لەکارخستنی دەکاتەوە.

زاراوەی (دیموکراسی)، کە لە دیدی بنەماناسییەوە واتای (حوکمی خەڵك) دەگەیەنێت، بەدبەختانە مەترسیدارە، هەموو تاکێکی کۆمەڵ دەزانێت کە ئەو نییە حوکمڕانی دەکات، لەبەر ئەوە وا وێنا دەکات کە دیموکراسی جگە لە هەڵخەڵەتاندنێك شتێکی دی نییە، مەترسییەکە لێرەدایە. ئەمە گرنگە کە خەڵکی لە قوتابخانەوە فێربکرێن کە

دیموکراسی لە زمانی دێرینەدا ناوی دەستوورێك بووە بۆ ڕێگاگرتن لە دیکتاتۆریی داڕێژراوە. دیکتاتۆیی یان حوکمڕانی ستەمگەرایانە خراپترین شتە, ئێمە ناتوانین بەبێ خوێنڕشتن لەدەست شەڕی دیکتاتۆریی ڕزگار ببین, زۆرجار بە خوێنڕشتنیش ناتوانین. دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمە هێشتا بەهێزن — هەر وەك لە دژایەتیکردنی هیتلەردا لە ١٩٤٤دا بینیمان.
بەڵام هەموو دیکتاتۆرەکان نائەخلاقیین, لە ڕووی مۆراڵییەوە هەڵەن, ئەم بنەما مۆراڵییە بونیادی دیموکراسییەو فۆرمی دەوڵەتەکە دەتوانێت بەبێ خوێنڕشتن لە دیکتاتۆریی ڕزگارمان بکات. دیکتاتۆریی لە دیدی مۆراڵییەوە هەڵەیە, چونکە دانیشتوانی وڵات ناچار دەکات — بە پێچەوانەی باوەڕو مۆراڵییانەوە — هاوکاری ئەهریمەن بکەن, تەنانەت گەر بە پاراستنی بێدەنگیشیان بێت. ئەو مرۆڤەی بڕوای بە بەرپرسیارێتی مۆراڵیی هەیە دیکتاتۆریی لەو تایبەتمەندییە دایدەماڵێتو بۆ (یەك بۆ سەدی) ئەوەی کە هەیە بچووکی دەکاتەوە, هەموو جۆرە هەوڵێك بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەرپرسیارێتی مرۆڤانە بۆ کارێکی خۆکوژی دەگۆڕێت.
لە دیدی مێژووەوە دەتوانین ئەوە ئاشکرا بکەین کە دیموکراسی ئەسینایی, بەلایەنی کەمەوە لە دیدی (پریکلیس)و(توسیدس)ەوە, کە هەوڵیانداوە بەهەر نرخێك بێت ڕێگری لە حکومەتێکی ستەمگەردا بکەن, خۆشی حکومەتێکی هێندە خۆشەویست نەبووە. ئەو بەهایەی دراوە زۆر بووە, لەوانەیە زیاد لە پێویست زۆر بووبێتو دیموکراسیش لە ماوەیەکی کەمتر لە سەد ساڵ بەری ڕەنجی کۆکرایەوە. ئەو بەهایەی بە خەرجدرا دەرئەنجامی پیادەکردنی هەڵەی ئاراستەی لادانی دەسەڵاتدارەوە بووە, کە لەو بارەدا ئەو هاوڵاتییەی زیاتر لای خەڵکی خۆشەویست دەبوو, دەبوو بەهۆی هەمان خۆشەویست بوونەوە لابدرێت. بەم جۆرە, سیاسەتمەدارە پرۆفیشناڵەکانی لە جۆری (ئەریستید) و (تمیسوکل) دووربخرێنەوە. گەمژانەیە گەر وا وێنا بکەین کە (ئەریستید) لەبەر ئەوەی ئاستەنگی بەردەم (تمیسوکل) بووە دوورخراوەتەوە, یان چونکە مەزنییەکەی وەك (دادوەرێك) ئیرەیی هاونیشتمانیەکانی جوڵاندووە. بەو جۆرە نەبووە. لە شاکارێکیدا هاتووە کە (ئەریستید) خۆشەویستی خەڵکە. زۆر لە ڕادەزیاتر لای خەڵك خۆشەویستەو لادانیشی لە دەسەڵات تەنها لەبەر سەرهەڵنەدانی دیکتاتۆرێکی خۆشەویستی خەڵکی بووە. ئەمەش تاکە هۆکاری دوورخستنەوەی بووەو دوورخرانەوەی (تمیسوکل)یش لەبەر هەمان هۆ بووە.
(پریکلس) خۆی دەیزانی کە دیموکراسییەتی ئەسینا حکومەتی خەڵکی نییەو ناتوانێت بەردەوام بێت. بەپێی نوسینی (توسیدید) لە وتارێکی بەناوبانگیدا وتوویەتی : (هەرچەندە هەندێك دەتوانن سیاسەت دابڕێژن, بەڵام هەموو خەڵك توانای داوەریکردنی لەو بارەیەوە هەیە) ئەمەش بەو واتایەیە کە ئێمە هەموومان ناتوانین حوکمڕانی بکەینو بەرپرسیارێتی بڕیاردان لە ئەستۆ بگرین, بەڵام هەموان

دەتوانین لە داوەریکردنی چالاکییەکانی دەوڵەتدا بەشداری بکەین، هەموو دەتوانین رۆڵی تاکی ئەنجومەنێکی دادپەروەر بگێڕین.

بە بڕوای من، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەبێت لە رۆژی هەڵبژاردندا ئەنجام بدرێت، ئەو رۆژەی دەست دەدەینە دادگاییکردنی دەوڵەتی پێشوو. ئەو رۆژەی کە دەوڵەتی رابردوو دەبێت باجی کارەکانی بداتەوە، نەك رۆژێك بێت کە دەوڵەتی نوێ رەوایەتی بە دەست دێنێت.

ئێستا دەمەوێت بە کورتی ئەوە بخەمە روو، کە جیاوازی نێوان دیموکراسی وەك دەسەڵاتی خەڵك و دیموکراسی وەك داوەریکردنی خەڵك بە هیچ شێوەیەك سەرزارەکی نییە، بەڵکو بەرئەنجامی کرداریشی هەیە. لایەنە کردارەکەی دەکرێت لەوێدا ببینرێتەوە کە تیۆری حکومەتی خەڵك بە پشتیوانیکردنی لەلایەن سیستەمی رێژەیی نوێنەرایەتیەوە کۆتایی دێت. لێرەدا مشتومڕەکە ئەمەیە کە هەموو بزاڤێکی بیروباوەڕانە یان هەموو پارتێکی بچووك دەبێت نوێنەری هەبێت، تا نوێنەرانی خەڵکی هاووێنەی گشتی خەڵك بێت و تیۆری حکومەتی خەڵکی تا ئەوپەڕی وابەستەی واقیع بێت. تەنانەت پێشنیازی سەرسورهێنەرم دیوە کە مۆڵەت بە هەموو هاوڵاتیان بدرێت بە پەنجەدان بە دوگمەیەکی کارەباییدا راستەوخۆ دەنگ بۆ هەرخاڵێك بدات کە لەلایەن نوێنەرەکەیەوە لەسەر تەلەفزیۆن دەخرێتە روو. هەروەها وتراوە کە لە دیدی دیموکراسییەوە، وەك ئەوەی کە حکومەتی خەڵکە، پێشوازیی لە ئامادەیی پراکتیکیانەی خەڵکی بکرێت.

بەڵام ئەگەر وەك داوەریکردنی خەڵکی لە دیموکراسیی بڕوانین بارودۆخەکە جیاواز دەبێت. بە بڕوای من، زۆری پارتەکان شتێکی خراپە، هەروەها نوێنەرایەتی رێژەیی لە هەڵبژاردنەکانیش. پارچە پارچە بوونی پارتەکان دەبێتە هۆی دەوڵەتی ئیئتلافی، کە تیایدا هیچ کەسێك لە بەردەم دادگای خەڵکدا بەرپرسیارێتی هەڵناگرێت، چونکە هیچ کارێك بەبێ سازش مەیسەر نابێت، تەنانەت ئەگەری دامالێن لە دەسەڵاتیش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە تاکە کارێکی دەوڵەت بۆ پاراستنی دەسەڵات دەبێت ئەنجامی بدات ئەوەیە کە هاوبەشێکی دی بۆ ئیئتلاف بدۆزێتەوە. ئەگەر ژمارەی پارتەکان کەم بن، ئاساییە دەوڵەتەکان دەوڵەتی زۆرینەن و بەرپرسیان روونە لەژێر چاودێریی هەموواندایە. لەو باوەڕەدانیم دیدی خەڵکی کە بەهۆی نوێنەرانیەوە رەنگ بداتەوە، بەهایەکی هەبێت. بەهای ئەم جۆرە رەنگدانەوەی دیدانەی خەڵکی لە دەوڵەتدا تا رادەیەك کەمە، ئەم رەوشە دەبێتە هۆی دەربازبوونی دەوڵەت لە لێپرسینەوە، چونکە رەنگدانەوەی دیدێك ناتوانێت وەڵامدەرەوەی سەرچاوەی سەرەکیی ئەو دیدە بێت.

بەڵام لەوانەیە توندترین نەیاری دژ بە تیۆری دەوڵەتی خەڵکی ئەمە بێت کە ئایدۆلۆژیایەکی نالۆژیکانە، یان ئەفسانەیی پەرە پێبدات، چونکە ئەمەی کە خەڵکی یان زۆرینەی خەڵك ناکرێت هەڵە بکەن یان

ناڕەوایانە ڕەفتار بکەن, تەنها خۆپەرستانەو تا ڕادەیەك ئەفسانە بێت. ئەم ئایدۆلۆژیایە نائەخلاقیانەیەو دەبێت بەلاوە بنرێت. ئێمە لە نوسینەکانی (توسیدید)ەوە فێردەبین کە دیموکراسیی (ئەسینایی) — کە من ستاییشی زۆر لە لایەنەکانی دەکەم — چەند بڕیارێکی تاوانبارانەشی هەبووە. ئەو حکومەتە هێرشی کردووەتە سەر دەوڵەتی شاری (دوورگەی ملوس) — هەرچەندە ئەم هێرشە بێ ئاگاداریو پێشەکی نەبووە — هەموو پیاوەکانی تیرۆر کردووەو هەموو ژنو منداڵەکانی بۆ بازاڕی گەورەی کۆیلەفرۆشان ڕاگواستووە. واتە دیموکراسی (ئەسینایی) توانای کاری لەو بابەتەی هەبووە.

پەرلەمانی ئەڵمانیاش لە سەردەمی کۆماری (ڤایمار)دا, کە ئازادانە هەڵبژێردراوە, ئەو توانایەی هەبوو بەهۆی لیستی بە تواناکردنەوە لە دەستووردا دیکتاتۆرێکی وەك هیتلەر دروستبکات. هەرچەندە هەرگیز هیتلەر لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا سەرکەوتوو نەبوو, لە نەمسا, پاش داگیرکردنیو بەستنەوەی بە ئەڵمانیاوە, سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردندا بەدەست هێنا.

هەموومان هەڵە دەکەین, بەم پێیە هەموو خەڵك یان هەموو گروپێك لە خەڵك هەڵە دەکات. ئەگەر پشتگیری لەو تیۆرە بکەین کە دەبێت خەڵك توانستی لادانی دەوڵەتەکەیان هەبێت, تەنها لەبەر ئەوەیە کە ڕێگایەکی باشتر بۆ ڕێگریکردن لە حکومەتێکی ستەمگەر نابینین, تەنانەت ئەو جۆرە دیموکراسیەش کە سود لە داوەری خەڵکی دەبینێت, کە من پێشنیازم کردووە, بە هیچ کلۆجێك بێخەوش نییە. ئەو وتەیەی (وینستون چەرچڵ) لێرەدا ڕاستییەکی تێدایە (دیموکراسییەت خراپترین شێوەی حوکمڕانییە, مەگەر بە بەراوورد نەبێت لەگەڵ فۆڕمەکانی دی حوکمڕانیدا).

بەم پێیە, لە کۆکردنەوەی جیاوازییەکاندا تیۆری دیموکراسی وەك دەوڵەتی خەڵکیو تیۆری دیموکراسی وەك داوەریکردنی خەڵکی, یان فاکتەرێك بۆ ڕێگرتن لە دەوڵەتێك کە نەتوانرێت لەکار بخرێت (واتە دەوڵەتێکی ستەمگەر) تەنها زارەکییانە نییە. جیاوازی نێوان ئەو دوانە دەرئەنجامی پرەکتیکانەشی هەیە, کە تەنانەت بۆ دەوڵەتێکی وەك سویسراش گرنگە. بەو جۆرەی کە من تێگەیشتووم, لە سیستەمی خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی سویسرا لە جیاتی وشەی تیۆری سادەو واقیعگەراییانەی پێویست بۆ ڕێگرتن لە دیکتاتۆریەت, ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی خەڵکی دەڵێنەوە. من ئەمە بە نابەجێو لە دیدی مۆراڵییەوە بە بێبەڵگە دادەنێم.

ئێستا دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتەی کە بە ناکامی بەجێمهێشت. ئایندە بە تەواوی کراوەیە, دەتوانین لەوێدا کاریگەر بین. لەبەر ئەوەی ئەرکێکی قورس لەسەر شانمانە, کە تا ڕادەیەك هیچ دەربارەی نازانین. دەتوانین چ کارێکی پۆزەتیڤانە ئەنجام بدەین؟ ئایا دەتوانین کارێك بکەین کە کارەساتەکانی خۆرهەڵاتی دوور دووبارە نەبنەوە؟ ئاماژەکانم روو لە نەتەوەپەرستیو ڕەگەزپەرستیو قوربانییەکانی (پۆل پۆت) لە کەمبۆدیا ...، و قوربانییەکانی رووسەکان لە

ئەفغانستانو دوایین قوربانیانی چینە.
دەتوانین چی بکەین تا ئەو رووداوە نەشیاوانە دووبارە نەبنەوە؟ ئایا هیچمان پێدەکرێت؟.

وەڵامی من بۆ ئەم پرسیارانە ئەمەیە : بەڵێ، لەو باوەڕەدام دەتوانین زۆر کار ئەنجام بدەین، کاتێک دەڵێم (ئێمە) مەبەستم رۆشنبیرانە. خەڵکی وابەستەی دیدەکانو بەهۆیەوە دەخوێننەوەو هەر لەبەر ئەوەش بنوسن. بۆچی لەو باوەڕەدایین ئێمەی رۆشنبیران شتمان لەدەست دێت؟

سادەیە، چونکە ئێمەی رۆشنبیران هۆکاری سامناکترین ئازارەکان بووین، کۆکوژی بەناوی تیۆرێك، ئایدۆلۆژیایەك، هزرێکەوە، کاری ئێمە بووە، ئەفرێنەرەکەی ئێمە بووین، داهێنانی رۆشنبیران ئەگەر دەست لە بزواندنی خەڵکی دژ بەیەك هەڵگرین — کە زۆرجار بۆ نیازی چاکە دەستپێدەکات — ئەوە بە چاکەو باشەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە، هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت ئەوە بۆ ئێمە شیاو نییە.

گرنگترین (دە) فەرمان (کە لەلایەن یەزدانەوە بە هۆی موساوە دابەزیوە) دەڵێت : نابێت تیرۆر بکەیت! ئەم فەرمانە تا رادەیەك هەموو مۆراڵەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە فەیلەسوفی ئەڵمانی (شۆپنهاوەر) مۆراڵی خۆی لە واقیعدا لەسەر درێژکراوەی هەمان فەرمانی سەرەکی دارشتووە. مۆراڵییەتی (شوبنهاوەر) زۆر سادەو رەوانو روونە، دەڵێت : ئازار بەکەس مەگەیەنەو بریندار مەکە، بەڵام تا دەتوانی هاوکاری هەموو کەس بکە. بەڵام کاتێك کە (موسا) بۆ یەکەم جار بە نوسراوەی سەر بەردەکەیەوە لە چیای (سینا) هاتە خوارەوە پێش ئەوەی فریابکەوێت (دە) فەرمانەکە بخوێنێتەوە، چی روویدا؟ لەوێدا هەڵگەڕاوە (مرتد)ی بینی، هەڵگەڕاوەکانی گوێرەکەی زێڕین، کە دەبوو بکوژرێن. هاواری کرد: (کێ لەگەڵ یەزدانە؟ بەرەو لای من بێت!) }...{(یەزدان دەفەرموێت، یەزدانی ئیسرائیل. شمشێرەکەت لە تەنیشتەوە دابنێ، هەریەکێك لە ئێوە }...{ براکەت، هاوەڵەکەت، هاوسێکەت، بکوژە!) }...{ ژمارەیەك لە خەڵکی لەو رۆژەدا کوژران. (مهاجرت ٣٢:٣٢).

لەوانەیە ئەمە سەرەتای کارەکە بووبێت، کە پاشان درێژەی هەبوو، لەسەر خاکی پیرۆزو پاشان لێرە لە خۆرئاوا، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە مەسیحییەت بووە ئاینی رەسمی دەوڵەت. ئەمە (مێژووی دەسەڵاتی ئاینی مەسیحی لە خۆرئاوا) مێژوویەکی کارەساتاوی ئازارو ئەشکەنجەدانە بەناوی ئسوڵیەتی ئایینەوە. پاشان بەتایبەتی لە سەدەکانی حەفدەو هەژدەدا باوەڕو دیدە ئایدۆلۆژییەکان یەك بەدوای یەکدا سەریانهەڵدا، تا ئازار، توندوتیژیو حکومەتی ترس ئاراستە بکەن، سیناریۆکانی نەتەوەگەرایی، نەژادپەرستی، چینایەتیو هەڵگەڕانەوەی سیاسی یان مەزهەبی.

ئەمانە خراپترین خراپەکارییەکان لەخۆ دەگرن، ئەو خراپەکارییانەی کە ئێمەی رۆشنبیران تیایاندا دەسەڵاتدارین، خراپەکارییەکانی سەرچاوەکەیانی خۆ بە گەورەترگرتنە، ئەو هەستەی کە ئێمە

هەمیشە لەسەر حەقین، جەختکردنەوە لەسەر وردەکاریو پێشوازییەکان، خۆ بەزلزانینی رۆشنبیران. ئەمانە خراپترین خراپەکارییەکانن، بەڵام بە ئەندازەی توندوتیژی جدی نین. بەگشتی تەنانەت توندوتیژیش لەناو رۆشنبیراندا نامۆ نییە، لەم بارەیەشەوە رۆڵی خۆمان هەبووە. با باسی پزیشکە نازییەکان بکەین، کە لە رابردوودا لە (ئاشویتز) خەڵکی پیرو بیماریان تیرۆر دەکرد، یان با یادی ئەو شتەی بە (دوا چارەسەر)ی پرسی جووەکان دادەنرا بکەینەوە.

هەموو جارێك ئەوە ئێمەی رۆشنبیران بووین، کە لەبەر ترس پێش داوەریکردن یان غرور، ترسناکترین کارمان ئەنجامداوە. ئێمە کە ئەرکێکی تایبەتمان لە بەرامبەر نەخوێندەواراندا لەسەر شانە، وەك بیرمەندی فەرەنسی (ژولیان بندا) وتوویەتی، خائینی هزرین. (بندا) ئەوەی نیشانداوە کە ئێمە (ئەڵمانەکان) بە گەمژانەترین شێوە ناسیۆنالیزممان ئەفراندو پەرەمان پێدا، ئێمە حەزدەکەین خۆمان دەربخەینو بە زمانێك بدوێین کەس لێمان تێنەگات، تەنها بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر بەرامبەر دابنێین، بە زمانێکی ساختەکارانەی بیریارانە، کە لە (هیگڵ)ەوە فێر بووینو هەموو پەیڕەوانی (هیگڵ) پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەمە تێکدانی زمانێکە زمانیئەڵمانی، کە لەسەری ململانێی یەکدی دەکەین. هەمان ئەو وێرانکارییە کە دەبێتە ئاستەنگی گفتوگۆی لۆژیکانەی رۆشنبیران لە نێو خۆیانداو ئێمە بە رووی ئەوەدا دەکاتەوە کە سەرنج بدەین چ وشەیەکی گێلانە دەردەبڕینو لە گۆمی لێڵدا ماسی راودەکەین.

ئەو زیانانەی لە رابردوودا ئێمە هۆکاری بووین لە راستیدا مایەی بێزن. ئێستا کە ئازادین هەرچی بڵێینو بنوسین، ئایا بەرپرسیارتر بووین؟

جارێکیان سەبارەت بە کۆمارەکەی ئەفلاتون نوسیبووم، هەرکەس ویستویەتی بەهەشت لەسەر زەوی بئافرێنێت دۆزەخی دروستکردووە. زۆر لە رۆشنبیران تاسەی بینینی دۆزەخی (هیتلەر)یان دەکرد. سایکۆلۆجیستی ناوداری سویسری (کارل گوستاڤ یونگ) دۆزەخی هیتلەری بە هەڵچوونی رۆحی ئەڵمانی راڤە کردووە. ئەو دەمە هیچ هۆکارێك بۆ ترس لە هیتلەر نەبووە، چونکە لە سویسرا دەژیا. (وینستۆن چەرچل) و (فرانکلین روزفلت) بە مۆرکردنی پەیمانی ئەتلانتیك جیهانێکی نوێیان بونیاتنا، کە پایەکانی ئەو فرۆکەوانە لاوانە چەسپاندبوویان، کە بەشداری جەنگەکانی بەریتانیایان لە ساڵی (١٩٤٠–١٩٤١)دا کردبوو. ئەو لاوانە پێش مەرگ کەوتبوونو خۆیان فیدامان کرد. هەر لە ساتی سەرکەوتن بەسەر هیتلەردا ئەوروپای خۆئاوا لە جیاتی نغرۆبوون لەو نەهامەتی ئەو دۆزەخەی بەرپای کردبوو لە بەهەشتی ئاشتی ئەوروپاییدا ژییا، کە تاکو ئێستا وێنەی نەبووە.

ئەگەر (ستالین) هاوپەیمانی ئێمە بووایە ئەمرۆ – بە پشتیوانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان – نەك تەنها لە ئەوروپای ئەتلانتیکی باکور، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا ئاشتیمان دەبوو " تێزەکەی

مارشاڵ دەبووە تێزێکی جیهانی. لەگەڵ ئەوەی کە رەفاهیەتی نۆبەرەمان بەرقەرار بوو، هەموو شتێك لە خۆرئاوا بە باشی بەرەو پێشەوەچوو، ئاژاوەگێڕییەکی گەورە سەریهەڵداو رۆشنبیران نەفرەتی خۆیان کردە سەردەمە پریسکاوی، کۆمەڵگە، شارستانییەتو جیهانە جوانەکەمان. زیادەڕەوییە ترسناکەکان سەبارەت بەو نابوتیو ئەهرمەنانەی کە لە پێنای گەڕان بەدوای بەرژەوەندییەکانماندا، فاکتەریان بووین، هێدی هێدی سەریانهەڵداو ئەو پاشماوە جوانەی جیهان، کە سەردەمانێك گەلێك جوان بوو، بەرەو نابوتکردن کێشی کرد. هەڵبەتە ئەمەی کە هەموان لە بەردەم مەترسیداین، واقیعە، ئەوەی هەموان درەنگ یان زوو دەمرین گریمانەیەکە. هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە، هەمیشە مەترسی لە ئارادا بووە، بۆ ژینگەش مەترسی هەر هەبووە.

بۆ یەکەمجار لە کاتی پێکهاتنی کۆمەڵەی خۆرەوە، زانستە سروشتییەکان، هونەرناسیو پیشە ئەو ئەگەرەی بۆ دەستەبەر کردووین کە کارێك بۆ ژینگە ئەنجام بدەینو هەموو بیریارانو هونەرناسان بە سەختی مژۆڵی ئەو بیرۆکەیەن. بەڵام ئێستا ئەوانە تاوانبارن بە نابوتکردنی سروشت، لە بارێکدا کە دەریاچەی قەشەنگی (زوریخ)و دەریاچەی گەورەی (میشگان)، کە شاری (شیکاگۆ) لە کەناریدایە، بێ دەردەسەری ساڵانێکی زۆرە پاکیزەو ئارام بووە. ژیان لەناو ئەو دەریاچانەدا بە کۆمەکی بیریارو هونەرناسانو پیشەوەران رزگاری بووە، ئەم کارە بۆ یەکەمجارە لەسەردەمی پەیدابوونی ژیان لە سیستەمی خۆردا بەئەنجام گەیەنراوە.

بەڕێوەبردنی ژیان کارێکی ئاسان نییە، هەموو گیانەوەر و گژوگیایەك، بەکتریاو هەموو زیندەوەرێك کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە، لەوانەیە دەسەڵاتی ئێمە لە جاران کەمێك زیاتر بێت، بەڵام ڤایرۆسێکی نوێ، نەخۆشییەکی ڤایرۆسیو میکرۆبی ساری دەتوانێت لەماوەی یەك ساڵدا بە تەواوی ئێمە لەناوبەرێت.

ناکرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی سروشت بکرێت، هەروەك چۆن دیموکراسیش کارێکی ئاسان نییە، بە هەمان شێوە کە ئاماژەمان بۆ کرد، (چەرچڵ) جارێك وتبووی: دیموکراسیی خراپترین فۆڕمی حوکمڕانییە، تەنیا لە بەراوردکرندا نەبێت لەگەڵ فۆڕمەکانی دی. دەمەوێ شتێك بۆ ئەمە زیادبکەم. بۆ خودی دەوڵەت، دیموکراسیی دژوارترینو پرسیایەتیترین فۆرمی فەرمانڕەوایەتیکردنە، چونکە دەوڵەتەکان هەمیشە لەبەردەم ئەگەری لە دەسەڵات خستندان. دەبێت لەبەردەم منو تۆدا وەڵامدەرەوەی کارەکانیان بن. ئەمە پڕ بەهایە، بەڵام کارەکانی دژوار دەکات. ئێمە کومسیۆنی دادوەرین، بەڵام هەمیشە ئەو مەترسییە لە ئارادایە کە بەهۆی پشتگوێ خستنەوە کە جارجارێك لە سەرانسەری جیهاندا سەرهەڵدەدات بەرەو وێڵی کێشبکرێین. کتێبە مەترسیدارەکەی (هیگڵ) (رۆحی سەردەم) بەهۆی ئایدۆلۆژیا تا رادەیەك گێلانەکەیەوە — کە تەنانەت کاتێك واقیع لەبەر چاوماندایە بۆ شتێکی ناواقیعی

دەگۆڕێت — هەموومان بۆ دەستەیەکی داوەری دەگۆڕێت.
(هیتلەر) لەلای ئەم مامۆستا پایە بەرزانە شتێکی دۆزییەوە، کە لە قوڵایی سایکۆلۆژییاندا بڕوایان پێی هەبوو: جیهان بەهۆی ڕۆحی ئەڵمانییەوە چارەسەر دەکرێت‌و پاشان هەر ئەڵمانی‌و ئەڵمانی لە هەموو باڵاترن، لە هەموو جیهان باڵاترن.
(ئەدۆلف) بڕوای بەوە هەبوو، بەو هۆیەوە زۆر خەڵکی گەنج‌و پیر، ملیۆنان لاوی چاپوك لە دوو جەنگی ئەڵمانیا بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەورووپاو جیهان مردن‌و لەگەڵ خۆشیاندا دوژمنانێکی بێشوماریان بەرەو گۆڕ ڕاپێچکرد. ئەو دوژمنانە بە لەخۆ بووردوویی‌و بێ نموونەییەوە لە پێناوی ئازادی‌و ئاشتیدا جەنگان، بە هەمان شێوەی کە ئەڵمانییە لاوەکان لە پێناوی مەزنخوازی‌و گەورەیی ئەڵمانیا، لە پێناوی سیزار ئەو جەنگە بەرفراوانەیان بۆ پێشەوایەتی کرد.
ئەمڕۆ دەتوانین‌و دەبێت حەقیقەت هەڵبسەنگێنین، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا وەك مێژوونوسی لەخۆبردوو گەورەی ئەڵمانی (فرتیز فیشر) ئاشکرای کردووە، تەنها خەیاڵپڵاوییەك بووە. ڕاستگۆیانەتر بڵێین، تەنها درۆیەکی ڕووت بووە. ئایدۆلۆژیای خۆرئاوا — لەگەڵ هەموو خراپ بەکارهێنان‌و بەدناوکردنیدا — ڕاستەقینە بوو. خۆرئاوا بۆ ئاشتی جەنگی‌و لە ئەورووپادا بەرقەراری کرد، جێگایەکی کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە لە جەنگدا نابووت دەبوو، هەر جێگایەکیش ئەورووپا

دەسەڵاتی بەسەریدا شکاوە بەرەو نابوتکردنی کێش کردووە.
بەڵام ڕۆشنبیرە نابەرپرسەکانمان توانیویانە تەنها لە ئەورووپادا ئەهریمەن ببینن. ئەوان مەزهەبێکی نوێیان دارشت کە بانگەشە دەکات ئەم جیهانەمان نارەوایەو سەرئەنجام دەروخێت. ئەوانە فێرکارییەکانی خۆیان بە کتێبی (ئاوسوالد شبنگلر) بەناوی (دارمانی خۆرئاوا) دەستپێکرد، چونکە دەیانویست شتێکی نوێ بڵێن، شتێکیان وت کە هیچ بەڵگەیەکی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوو بوون نەك تەنها بەڵگە، بەڵکو حەقیقەتی پراکتیکیش ئاوەژوو پیشان بدەن.
بەڵام من نامەوێت هەروا سەرزەنشتی ڕۆشنبیران بکەم. دەمەوێت تکایان لێبکەم بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر مرۆڤایەتی‌و حەقیقەت قبوڵ بکەن. ئازادییەکەمان بواریان دەداتێ هەرچییەکیان دەوێت بیڵێن، تەنانەت سوکایەتی بە جیهانی ئازادییش بکەن‌و وەك جیهانێکی ئەهریمەنی بیخەنە ڕوو. ئەمە بە تەواوی مافی خۆیانە، بەڵام حەقیقەت نییەو بڵاوکردنەوەی درۆش نائەخلاقییە، تەنانەت گەر کەسێك مافی بڵاوکردنەوەشی هەبێت. ئەمە نەك تەنیا نائەخلاقییە، بەڵکو نابەرپرسانەشە، کە ئەو ئامانجە گەورانەی بەدەستمان هێناوە بهاوینە بەر مەترسی‌و بێ ئیعتباری بکەین‌و ئەهریمەنی بەرەو پێشەوە بەرین.
دەمەوێت باس لەوە بکەم، کە ئەمڕۆ (زۆر کەس) دان بەوەدا دەنێن ئاشتییەکی بەرفراوانتری تێپەڕ لە تخوبی ئارەزووەکان ئەگەری نییە. دەبێت هەموو وزەمان

بەگەڕبخەین تا ئەوە زامن بکەین کە ئەم توانایانەی قسەکردنی ناواقیعانە دەربارەی بەهەشتو دۆزەخ لاوازنەبن. بەم پێیە ئمە لە بەهەشتدا دەژین — دیارە بەهەشتی یەکەم, نەك بەهەشتی حەوتەم — دەکرێت بەهەشتەکەمان زۆر باشتر بکرێت, بۆیە نابێت چیدی سوکایەتی بە جیهانەکەمان بکەینو ناوی بزڕێنین.

هەلومەرجە بنەڕەتییەکان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لەسەر زەوی بەدیهاتووە, بەلاّم مەرجی سەرەکیی ئەوەیە کە (هەموو) هێزەکانمان یەکبخەین و ئەگەر بەوجۆرە بێت لەوانەیە ئەو ئەگەرە لە ئارادا بێت کە خەونی ئاشتی نەك تەنها لە ئەوروپادا, بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا بەدیبێت ...

ئەو توانستە لە دەستی ئێمەدایە, پێویستە لەسەر ئێمەی رۆشنبیران کە حەقیقەتی پراکتیکانە ببینین, نەك وەك رابردوو ئاڵوگۆڕ بە جێگای بەهەشتو دۆزەخ بکەین. ئێمە دەبێت بزانین کە هیچ — یان تا رادەیەك هیچ — نازانینو ئەمەیە کە (ئەوانی دیش) لەو هەلومەرجەی ئێمەدان. بۆ ئەوەی تەنانەت یەك هەنگاویش بێت لە ئاشتی نزیك ببینەوە, دەبێت ئایدۆلۆژیاکان رەها بکەین, بەتایبەتی چەك داماڵینی یەك لایەنە, کە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاشتی. دەبێت بە وریاییەوە هەست بە چارەنوسی شوێن پێکانمان بکەین, هەروەك چۆن کەو وادەکات. زۆر خاکییانە هەوڵبدەین بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەت, دەبێت لە رۆڵگێڕانی پەیامبەرانە, کە هەموو شتێك دەزانین, دەستهەڵگرین, ئەمەش بەو واتایەیە کە دەبێت خۆمان بگۆڕین.

* متن سخزانی کارل پور, در دانشگاه سنت کال, کەنەدا ١٩٨٩.

ترجمه : کورش زعیم.

سەرچاوە : اطلاعات سیاسی اقتصادی
شمارە ١٥٩ — ١٦٠

# ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرن

و. هومەن (مەهاباد)

لە کاروباری دێرینەناسیدا زۆرجاران دەبینین کە هەندێ شیکاریو وێنەو تەرحی جۆراوجۆر لە سواڵەت یان باقی دیتراوەکانی ئارکۆلۆژی دەخرێنەڕوو کە بەپێی کاری سوننەتی هەڵدەسەنگێندرێنو زۆر هەوڵدەدرێت هەتاوەکو لە چەغزی نۆرمەباو و سیستاتیکەکانی ئارکۆلۆژی تێنەپەڕێت، وەکو هەڵسەنگاندنی سواڵەتە دۆزراوەکان لە تەپکی گەودین (IV)، یان شووش، یان بەراوردکردنی سواڵەتی لێوشکاوی تەپکی چیای گاوانە لەگەڵ ئۆرۆکو تەواوی بەڵگە مادییەکان کە لە کەندو کۆژەکان دەدۆزرانەوە، وەسفکردنی رووتەنی دۆزراوەکان ئەولەوییەتی بەسەر شیکاریو راڤەی بەڵگەکانی ئارکۆلۆژی بەشێوەی نەریتخوازانەوە هەیە.

هەرچۆنێك بێت کارکردن لەسەر شوێنێکی مێژوویی یان ناوچەیەکی شوێنەواری بەشێوازی سونەتی پێویستی بە هەڵکۆڵین (دانەوە)و تێکدانی شوێنەکەوە هەیە، پاش گشت هەڵکۆڵینەکان ناکرێت شوێنی هەڵکۆڵین وەکو پێشتری لێبکرێتەوە، لەم جۆرە کارانەدا زۆرجاران سەرجەم زانیارییە تۆمارنەکراوەکان بە تەواوی لەناودەچن، ئەو زانیارییانەی کە ئێمە بۆ پرسیارە نوێکانی خۆمان پێویستیمان پێیان هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە توێژی هەڵکۆڵراویش لەبەر دەست نییە، جیا لەمە بەڵگەدارکردنی

شوێنی هەلکۆڵراویش هیچ یارمەتییەك بۆ وەدەستهێنانی وەڵامی پرسیارە نوێیەکان ناداتە دەست.

بەڵام لە جیهانی پۆست مۆدێرن بارودۆخی ئەم زانستە (ئارکۆلۆژی) چلۆنە ؟ مەبەستی ئێمە لە بەکارهێنانی وشەی ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرن چییە ؟ چەندە لەگەڵ زانستەکانی رۆژ تێکەڵاوە ؟

دێرینەناسی بەواتای زانستێکی رۆمانتیك لە روانگەی خەڵکەوە هیچ کات پیشەیەکی پڕ داهات نەبووە, بەڵام ئارکۆلۆژی لە جیهانی مۆدێرن بۆ بەرەوپێشبردنی هەرچی زیاتری ئەرکەکانی ناچارە لە ئامرازگەلی گرانبایی کەڵك وەربگرێتو لەو پێناوەدا یارمەتی لە زانستەکانی رۆژ وەرگرێت, ئەم شتە دەرەتانی ئەوە بە دێرینەناس دەدات تاوەکو بە کەمترین زەرەرو خەسارەتەوە لە شوێنی مەبەست, وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بدۆزێتەوە, کەڵك وەرگرتن لە ماهوارە (مانگی دەستکرد), تیشکی X (ئێکس), ژێر سوور, موغناتیس, گەڕانی گەرماهێنەر, شەپۆلەکانی مایکرۆوییۆ, هەڵسەنگاندنی بەرگری ئیلکتریکی بەپێی رەتبوونی رەوتی ئیلیکتریستە لە زەویو رێککردنو تێهەڵکێشکردنی ئاکامەکان لەتەك وێنەگرتنی ئاسمانیش هاتوونەتە فریاو هانای زانستی ئارکۆلۆژی, کەڵك وەرگرتن لە مانگە دەستکردەکان دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێت کە بەشێکی زۆر لە ناوچەکان بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەوە, بەم پێیە دەکرێ شوێنپێی قەومییەتە کۆنەکانو رێی تێپەڕبوونیان هەروەها رێی پەیوەندیی گوندە کەناراکانو گۆڕستانەکان بدۆزینەوەو بەمجۆرە دەتوانین هەندێ شتی نوێی لەمەڕ جۆری ژیانو دابو نەریتیان وەدەست بخەین.

شێوازە ئارکۆلۆژییەکانی کاریگەرتر لە جیهانی پۆست مۆدێرن ئاکامی باشتر دەخاتە بەردەست شوێنەوارناس. وەك نموونە جۆرێ لە شەپۆلە بەرزەکانی مایکرۆویۆ ناسراو بە (باندپی) دەتوانێ هەتا قوڵاییەکی زۆر بچێتە ناو زەوی, ئاژانسی ئاسمانی ئەوروپا مەسەلەی کەڵك وەرگرتن لەم شەپۆلە بەرزانەی مایکرۆویۆی (پاندپی) خستووەتە ناو بەرنامەکانی خۆی, هەڵبەت هەنوکە لە شەپۆلە کورتەکانی مایکرۆویۆ لەلایەن سەتەلایتە زانستییەکان بەهۆی دەرخستنی وردەکاری زۆر کەڵك وەردەگیرێت, ئەوان شەپۆلەکانی مایکرۆویۆ بەرێدەکەن بۆ زەویو لەرووی پەنگدانەوەی شەپۆلە ناردراوەکان ئاگاداری شتە مەدفونەکانی ناخی زەوی دەبن, وەکو کارەکەی جەنابی (رۆناڵد بلۆم) لە ١٩٩٢دا کە لەگەڵ هاوکارەکانی لە تاقیگەی رێکخراوی ناسا, توانیی بەهۆی شەپۆلەکانی مایکرۆویۆوە شاری بزربووی (عوبار) لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان بدۆزێتەوە.

هەرچۆن بێت بەگشتی زنجیرەی ئەم کارانە لە ئارکۆلۆژیدا جێگەی رەزامەندییە, من ناوی ئەم بابەتەم ناوە (ئارکۆلۆژیای پۆست مۆدێرن)و بە دڵنیاییەوە کەڵك وەرگرتن لە زانستەکانو مەعریفەکانی نوێ زانستی ئارکۆلۆژی بەرەو پێشەوە دەبات.

جیا لەمانە, کەڵك وەرگرتن لە سیستەمی کۆمپیوتەری دابەشکردنو شیکاری زانیارییە دۆزراوەکان لە سەتەلایت, فرۆکەکانو

دەزگاکانی خاوەن هەستو هۆشی دەستکردی زەوینی دەبێتە هۆی پێکهاتنی مۆدێلێکی کۆمپیوتەری لە هەر ناوچەیەکی مەبەست بۆ دانەوەو پشکنین. بەمجۆرە ئارکۆلۆژیستەکان بە دەکارکردنی ئەم فاکتەرانەو زانستەکانی رۆژ بە شێوازگەلی باشتر دەگەن لەمەڕ قۆستنەوەی زانیاری لە شوێنێکی لە مێژینەی تایبەتو بابەتەکانی مەبەستیان باشتر هەڵدەبژێرن. بەمجۆرە شوێنەوارناس دەیەوێت بە سەرنجدان بە نیشاندانی گەلاڵەیەکی هەڵکۆڵینو دانەوە لە ناوچەیەك، چ شوێنێك بپشکنێتو چ شوێنگەلێك لە بۆ بەرەی داهاتوو بهێڵێتەوە کە حەتمەن ئەوان زانستی تەکنیکی پێشکەوتووتریان لە بەردەستیدا دەبێت.

ئەم شتانە بەشێك لە ئەرکو کارە پسپۆرییەتەکانی ئارکۆلۆژی بە یارمەتی زانستەکانی تر لە چاخی پۆست مۆدێرندا بە ئێمە نیشان دەدات، بەڵام لە پانتایی مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی — خەڵکناسی، دابەشکردنو شیکردنەوەی پێدراوەکان، گشتاندنی ئاکامەکان، ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرن چلۆنە ؟ پەیوەندی ئەو لەتەك رێکوپێکی نوێی جیهانیو گوندی جیهانی چییە ؟ کەڵك وەرگرتن لە بیروبۆچوونەکانی شوێنەوارناسی لە سەدەی ٢١ی زایینی چلۆنەو دەکەوێتە خزمەتی کام لە زانستەکانو ئامانجەکانو شوێنەوارناسان لەم بوارەدا چ دەورو نەخشێك دەگێڕن ؟

ئێمە لەم باسەدا گەرەکمان نییە خەریکی هەڵسەنگاندنی دوو بابەتی لێك دژ یانی (سوونەتو مۆدێرنیزم) بین، بەڵکو هەڵسەنگاندنەکان لەم باسەدا بەگشتی تەواوکەری یەکترین، لە ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرن بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی ئەم زانستە لە زۆربەی زانستەکانی رۆژ کەڵك وەردەگرنو پسپۆرییەکان بە هانای ئارکۆلۆژیست دێن. راڤەکان، وەسفکردنەکانو شیکارییەکان بەم شێوەیە زانستیتر دەبنو چاکتر جێی خۆیان لای خەڵکی دەکەنەوە، زانستە نوێیەکان بە هانای ئەم لقە لە زانست (شوێنەوارناسی) هاتوون تاوەکو دەستبکەن بە شیکاریو لێکدانەوە بە پێی پێدراوەکان لە مەودای هەزارەکانداو بە گشتاندنی بۆچوونەکانو ئاکامەکان لە کۆتاییدا بتوانێت ببێت بە هەوێنی بیروڕاکانی فەرهەنگی، سیاسیو کۆمەڵایەتیو تەنانەت ئایینیو ئابوریش لەبۆ راڤەو خوێندنەوەی کەلتورەکانو ئاراستە پێدانیان لە سەدەی ٢١ی زایینیدا.

دێرینەناسی پۆست مۆدێرن بە نیازە تاوەکو ئایدیاو راکانو دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی خۆی لەمەڕ کۆمەڵگەی دێرین لە رووی جۆری ژیانکردنیان، کولتووروو سیاسەتو، ئابوریو لە هەڵکشانو داکشانیان لەتەك ئەمڕۆ گرێ بداتو بە هەڵێنجانی ئاکامەکانی ئەزموونی یارمەتی سەقامگیربوونی رێکوپێکی نوێی جیهان بدات. لەم پێناوەدا جیاوازییەکانی ناوچەکان قووتناکاتەوەو هاوکات پشتگوێشیان ناخات. لەم ئایدیایەدا ئارکۆلۆژیست دەپرژێتە سەر داهێنانی مۆدێلە رامیارییەکانی جۆراوجۆر بەپێی رابردوو و لای وایە ئەم رێکارێکی دانسقەیە، ئەو مۆدێلانەی کە بە پێی نیازی رۆژانە

هەندێ چاکسازی زەمەنییان تیادا کراوە, ئەگەر بلێین ئەم مەسەلەیە ناگەڕێتەوە بۆ دێرینەناسو کێشە دێرینەناسی نییە ئەوە قیاسی مع الفارقە, چونکە ئەم دوو شتە تەواوکەری یەکترین.

لە دێرینەناسی پۆست مۆدێرندا گشتاندنی بۆچوونەکانی تاکەکەسی بەسەر کەلتورگیری کۆمەڵگاکانو دابەزینی مۆدێلەکان, دەورو نەخشی بنەڕەتی هەیە. کە ئەم دەورو نەخشە لە ئارکۆلۆژییەوە دەستپێدەکاتو مۆدێل دەدرێتە کەسێکی سیاسیکار. لە باسێکی رۆژانەدا بۆ وێنەیەك دەستکردنی کەلتوری لە ئاستی جیهاندا, ئامانجی دێرینەناسی پۆست مۆدێرن تێگەیاندنی ئەم خاڵەیە کە هیچ شتێك ناتوانێ ببێتە لەمپەڕو کۆسپێك لەسەر پەیوەندیی کەلتوریو دیکتاتۆرترین حکومەتەکانیش ناتوانن بە تەواوی ئیمکانیاتو توانستەکانیان جۆراوجۆریو فرەچەشنی فەرهەنگی لەباربەرن, لێرەدا بە هێنانەوەی هەندێ نموونە لە جیهانی دێریندا بە خەڵکی دەوترێ کە ئەم شتە تەنانەت لە چاخەکانی کۆنیشدا کۆنترۆڵ نەکراوە. کۆچی ئارياییەکانو هاتنیان بۆ شوێنی تازە چ لە باری فەرهەنگیو چ رامیاری بە هاتنەکایەی میسداقەکانی کەلتوری گەشەسەندووی هەنووکەیی (لە بواری توانستو ئیمکانات) لە جیهان بۆ وڵاتانی دیکە, هەڵسەنگاندنو گشتاندنیان نموونەیەکی دیارو دەگمەنە. کەواتە قبوڵ نەکردنی کەلتوری باڵاو گەشەسەندوو زاڵ بە مانای ئەوڕۆیی بە هیچ شتێك پاساو نادرێن.

جگە لەمە لەتەك بارستاییو قەبارەی پانوپۆی راگەیاندنەکان چی دەکرێت ؟
داهێنانو دەکارکردنی وشەگەلێکی وەك (تێپەڕین) و (تێپەڕبوون) لە کێشەی سونەتو مۆدێرنیزمیشدا بۆخۆی شتێکی پاساودەرانەو لە قاڵبدراوو سواوە. لە پێناو پاساودانی ئاراستەپێدان بە مۆدێرنیزم, لەم قۆناغەدا ئاوەها بە زاناکانو رووناکبیرانی ناو کۆمەڵگەیەکی سونەتی ئیلقا دەکەن کە ئەرکی سەر شانیانە رەوتی تێپەڕین لە سونەت بۆ مۆدێرنیزم خۆشبکەنو ئەم رێگە خۆشکردنە یانی پاساوی خەڵك لە تێپەڕبوونو دانانی فاکتەرە کەلتورییەکانی خۆماڵیو وەرگرتنی دیاردەکانی کەلتوری نامۆو تازە.

دێرینەناسی پۆست مۆدێرن بە هێنانەوەی هەندێك نموونە لە چاخە کۆنەکان ئاوامان پێدەڵێت کە کەلتوری ئەم ناوەندە (مۆدێریزم) بەهێزترەو خۆڕاگرتن لە هەمبەری بێفایدەیە. چونکە ئەمە رەوتی سروشتیو پێکهاتنی مێژووەو هاوکات حاشا هەڵنەگرە. بەم شێوەیە گەرەکییەتی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگاکان بە قەناعەت بگەیەنێت, تەنانەت بۆ وەها بە قەناعەت گەیاندنێك دەستەودامێنی رێکارە نوێیەکان دەبێت. بۆ وێنە بە لەبەر چاوگرتنی گوتاری (فێمێنیزم), رهیایت نوێی خۆی دەخاتە دەرودەی گشتێنێتو روانگەکانی بەشێك لە کۆمەڵگا بەم گشتاندنە ئاراستەدەدات. بەمجۆرە بە چاککردنی رابردوو لەسەر لاپەڕەی کاغەز, بە قەناعەت گەیاندنی بەشێك لە کۆمەڵگاو لە ئاکامدا هەم زاتپێدانی بۆ وەگەڕخستنی عارەبانەی

پۆست مۆدێرنی خۆی هاوئاراستە دەکات، ئەم گشتاندنی بیروبۆچوونە بەشی هەرەزۆری بە تەواوی سیاسی دێتە بەرچاو، بەڵام ئارکۆلۆژیستی وادیارە خۆی لە بیروبۆچوونی سیاسی بێلایەن نیشان دەدات. بەڵام دەکارکردنی مۆدێلەکانی لە ئاراستەی وەلەرزەخستنی بنەواشەکانی کەلتوری کۆمەڵگا دووربردکانە.

هاوکات پڕوپاگەندە دەکرێت کە قەت رەگەزێکی تایبەتو مۆدێلەکانی کۆتایی بەشی یەکەم تایەتی رەگەزێکی تایبەت مەبەستمان نییەو ئەم مۆدێلانە وەك بەرهەمێکی جیهانی سەیر دەکرێت،ئێستاکە ئەگەر بڵێین کە بێین‌و لەوناوەدا ئارمی یۆنسکۆ کە هی ئەستونەکانی ئاکرۆیلە لابەرین‌و ئارمێکی کوردی دابنێین، توشی چیما لەمپەڕو خۆڕاگرتن‌و ...هتد نابین‌و جیا لەمە تەنانەت باسکردن لەم ناوە زۆرکەس تورەو پەرێشان دەکاتو مۆرکی ناسیۆنالیستبوون لەم پێشنیارەی سەرێ دەدەن. دێرینەناسی پۆست مۆدێرن‌و تڕو تایفەکەی یانی (مۆدێرنیزم) ئا بەم چەشنە توندو تیژە بڕوای بە ڕەگەزگەرێتی هەیە، لە کاتێکدا لە هەراوزەناکانیان ئاوا دەڵێن کە ئێمە دژ بە رەگەزباوەڕیو قەوم باوەڕین، بەڵام لە هەمانکاتدا لەوپەڕی توندوتیژی رەگەزباوەڕو قەوم باوەڕیدان، بڕوای ئەو بە تڕوتایفەو رەگەزی (مۆدێرنیزم)ەو بە توندی پشتگیری لە گوندی جیهانیو نەزمی نوێو یەك دەستکردنی کەلتوری دەکات.

گەرەکیەتی بۆچوونەکانی لەتەك ئامانجەکانی تایفەی مۆدێرنیزمدا بگونجێنێت. هەڵبەت لایەنگریکردن لە ئەقڵ رەخنەییو ئەقڵ ئامڕازی چاخی مۆدێرن بە پێی پێناسەکان تایبەتی کۆمەڵگەی نوێخوازە، ئەو پێوانەکان وا نیگارەکانی کۆمەڵگە سونەتییەکان بۆ کێبەرکێ بانگ دەکاتو هەموو کات دەیەوێ تاوەکو یارمەتی دانانی پێناسەیەکی جیهانیو یەك دەستکردنی کەلتوری بە رێبەرایەتی تایفەی خۆیو لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا مرۆڤ تەنیا وەکو شەقڵێك لە ئینسانییەتو جۆرێك لەو دەزانێت، کە ئەم جۆرە لە کۆتاییدا دەبێ بە وەرگرتنی پێناسەی نوێی مۆدێرنیزم سەرەتا پەرەسەندنی خۆی کامڵ بکاتو تەواوی بکات، لە راڤەکان‌و شیکارییەکاندا بەتایبەتی لە کۆمەڵگا سونەتییەکاندا لای وایە مرۆڤو بەرهەمەکانی جۆرێ لە مۆدێلی مرۆڤن، کە بە بۆچوونی هێشتا رەوتی پەرەسەندنی جەستەییو کەلتوری نەبڕیوە.

لە دێرینەناسی پۆست مۆدێرندا، دێرینەناس لە هەڵسوکەوت لەتەك پێدراوەکانی دێرینەناسیدا، لای وایە خۆی تەنیا یەك (پرۆسێسۆر processor)یانی وەرگیرو تۆمارکاری زانیاریو پێدراوەخاوەکانە، بەڵام لەهەمانکاتدا بەپێی پێوانە مۆدێرنەکان ئاکامگیری دەکات، بەم پێیە سونەت، ئاین، دابو نەریتی تاقمە سونییەکان، زمان و نۆرمەکان، بایخەکان‌و ...... وەکو واتا غەیرەکانی گوتاری لە شیکاری دواییدا لادەبردرێن‌و ئەم سڕینەوەیەش زۆر نایەتە بەرچاو، چونکە لە هەموو شوێنێکدا وەکو ریفرێنس‌و سەرچاوە کەڵکیان لێوەردەگیرێت. بۆچوونەکان بە چەشنێکی جیهان داگرو ژوور نەتەوەخوازی دێنە ئاراوە، تەنانەت هەوڵدەدرێت

قەومەکان بسرڕدرێنەوە، من ناوی ئەم شتە لە ئارکۆلۆژیدا بە (هەنووکە سڕینەوە) ناودەبەم. دێرینەناس لە لێکۆڵینەوە، دانەو کەندو کۆژەکاندا، گشت شتێك بە گریمانە دەستپێدەکات و رابردووی خۆی بەم نیازە کە بۆچوونەکەی بەتەواوی زانستییە بەدەر لە گوتاری بەرباس و بەدوور لە انتساب دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو بەم چەشنە توشی هەندێ خۆلادان و هەڵە دەبێت یان لانی کەم بەشێکی لەم شتانەوە پێوە دیارە، ئەگەر وانەبێت لە هەمبەر ئەو دێرینەناسانەی کە خۆیان پێ جیهانییەو بەشوێن ئایدیاکانی جیهان داگری خۆیانن، بە لایەنگریان بەسودی کۆمەڵێك قەوم یان نەتەوەیەکی تایبەت تاوانبار دەکرێن، لە دێرینەناسی پۆست مۆدێرندا هەوڵدەدرێت کە مۆدێلەکان (جیهان داگر)بن و ئەوەش یانی هەر ئەو حاشاکردن و خۆ بواردن لە تۆمارکردنی دەقی راستییەکان. چونکە هەوڵدەدرێت تاقمەکان، قەومەکان، جیاوازیی ناوچەیی، تایبەتمەندییەکانی رەگەزی و ... لە بەرژەوەندیی جیهان داگری و جیهانگەرایی بوون وەلابخرێن.

سەرنجی زیاتر لەم قوتابخانەیەدا لەسەر ئاراستەی بەر لە مێژووییە، چونکە دەزانین کە سنووردانانەکان بەم شێوەیە نەبووەو لە جێیدا ئەو سنوورەی کە لە زەینی ئێمەدایە بۆ مرۆڤی بەر لە مێژوو بوونی نەبووە، بەم پێیە پانتایی ئاوادان و مانۆڕ بەس لەسەر گریمانەی ماقوڵترو باشتر، کراوەتربووەو گلەیی و گازندەی فەننی کەمتر، بۆ وێنە سەبارەت بە چاخەکانی مێژوویی دەگرێتەوە. نووسەر بەم جۆرەی کە مەبەستی ئێمەیە بوونی نەبووە، بەڵام لە چاخەکانی مێژوویی لانی کەم درۆ زل و زەبەلاحەکانی نوسراوەی بۆ وێنە زێدەڕۆیی لە پێشڕەوی ئاشوورییەکان لە بەردەنووسەکانیاندا لە جیهانی دێرین لەبەر دەستماندایە، بۆ نموونە لە باسی بەر لە مێژوو، لە هەواڵەکان دەبیستین یان لە وتارێکدا دەخوێنینەوە کە بەجێماوەکانی ئێسقانەکانی یەك نیاندرتاڵ لە شوێنێك کە ئاگری دۆزیوەتەوە لە ئەشکەوتێك لە تەنیشت وەجاخێك دۆزراوەتەوە. یان فۆسیلی فڵانە بوونەوەر هی چەند ملیۆن ساڵ لەمەوبەرە، تەوردەستی ئاشولین دەتوانێ لە چەند سەد هەزار ساڵ پاش و پێش بکات، هەربۆیە جیهان داگرییان بە هۆی نەبوونی سنووربەندییەکی لە بەر لە مێژوو، گرێ نەدراوییان بە قەوم یان رەگەزێکی تایبەت دەگونجێن. بۆ نموونە مۆدێلی خۆراکی نیاندرتاڵەکان فڵانەجۆر بووە. چوونکە هێشتا چاندن و وەرزێری بەم شێوەیە نەبووە، ئاوو کەش و هەواو بارودۆخی جوگرافیایی ئاوەها سەقامگیر نەبووەو ... کەواتە پانتایی مانۆڕی قسەکان ئاوەڵەیەو دەکرێ لەگەڵ گشت شوێنێکی جیهان بیگونجێنن و بەم چەشنە دەتوانێت جیهان داگیربێت.

ئەوڕۆکە زیاترین پێدراوەکانی دێرینەناسیمان لە مرۆڤی هێمۆساپین ساپین هەیە. هەتاکو بەر لە ئەو مرۆڤی هێمۆساپین ساپین (sapian,Homo sapian) سنووری هەبووو بەم پێیە ناکرێ لەمەڕ ئەو مۆدێلەکانی جیهان داگربوونی بگشتێنین، بۆ وێنە لە سەردەمی ئەشکانی کارکردن و لە

دەشتێك لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە، دانەوەو پشکنینو گشتاندنی ئاکامەکانی پێدراوەکانی کەوناراناسی بەدەست هاتوو لەم، بە پێی پێوانەکانی جیهان داگڕبوون، حەتمەن دەرئەنجامی نائاسایی لێدەکەوێتەوە و بێتو ئاوابێت ئاکامگیری بەرهەمی هەوڵو دەوڵی دێرینەناس بۆ شیکاریو گونجاندنی پێدراوەکان لەگەڵ پێودانگەکانی خۆیەتی، تەنانەت جاری واهەیە ئاکام گرتنەکان لە ئارکۆلۆژیدا، رەنگدانەوەی رەوتی رووداوەکانی دێرینە بۆ ئێمەنین، بەڵکو بەرهەمی هەوڵدانی دێرینەناسی بۆ گونجاندنی پێدراوەکان لەگەڵ پێوانەکانو مۆدێلەکانی خۆیەتی. ئەم شتە لەبەراوەژوو نیشاندانو بە لاڕێدابردنی مێژوو و رووداوەکانو بەڵگەدارکردنی ئەم هەڵانە لە ئارکۆلۆژی سیاسی، زۆر دەتوانی کاریگەری هەبێت لە پێناو سەلماندن یان رەتکردنەوەی مەسەلەیەکداو حەتمەن لەم بوارانەشدا ئاکامگیرییەکان لە پێشەوە رواڵەتی مەسەلەکان بوون.

لە نێو ئێمەشدا دروشمێك هەیە کە دەڵێت: (داهاتوو هی ئەو نەتەوەیەیە کە رابردووی خۆی دەناسێت) بەڵام لە دێرینەناسی پۆست مۆدێرندا شتەکە بە پێچەوانەیە، یانی ئەگەر بمانەوێت لەتەك ئەم رەوتە هاوئاراستەبین دەبێ رابردووی خۆمان لەبیربکەین تاوەکو بەشێکمان لە داهاتوو پێببڕێت یان بە واتایەکی دیکە بەشێکمان پێبدەن. ئەمەش یانی لەبیرکردنو پشتکردن لە زمان،دابو نەریت، رەگەزو جلو بەرگ، باوەڕەکان، نۆرمەکان، جیهان داگڕی یانی ئاڵوگۆڕەکانی‌بنەڕەتی کەلتوری خۆمان بکەین بە بنەمایەكو ئاراستەگەرایی بەرەو مۆدێرنیزمی رەهاو گشتاندنی ئاکامەکانی لەجیاتی فاکتەرەکانی کەلتوری رەسەنو خۆماڵی. هەڵبەت بە یارمەتی ئارکۆلۆژیستو دێرینەناسی دەکرێ لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاکانی هاوچەرخ تێبگەینو پێشبینیی رووداوەکانی داهاتووش بکەین، بە چ هۆیەکەوە چونکە ئێمە نموونەکانی هەرەسهێنانی کەلتورەکانی رابردوو و حکومەتە بەهێزەکانمان لەبەردەستدایە، دەتوانین ئەم شتەش بەسەر کۆمەڵگاکانی هاوچەرخدا بسەپێنین یان بیگشتێنین.

هەمیشە بۆچوونەکانی جیهان داگڕ لە ئارکۆلۆژیدا بە پەیرەوی لە مۆدێلە بەرهەمهاتووەکان لە زانستەکانی‌تیۆری بۆ دابەزاندنی شێواز لەناو کۆمەڵگەدا لە کۆمەڵگاکانی سەنکرتیکی لە بواری کەلتوری وەکو ئەمەریکا زۆریان برەو هەیەو باونو پێشوازییان لێدەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگا سونەتییەکاندا ئاوەهای نییە. ئەگەر بمانەوێت لەناو کۆمەڵگە سونەتییەکاندا بەم پێیە هەڵسوکەوت بکەینو کاری دێرینەناسی بکەین، بە سەرنجدان بە پێکهاتەی کەلتوری جیاوازیی کۆمەڵگاکان، ئاراستە پێدانەکانو ئاکام گەلی ناراستو ناواقیعی دەکەونە دەستمان.

بە رای ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرن ئەم جۆرە پرسیارانە کە دێنەوە سەر قەومو ئەتنیك وەك (پارازیتی کەلتوری) سەیردەکرێنو بە واتای غەیرە گوتاری لە دۆخی پۆست مۆدێرن دەبێ لابردرێن. یان موبالاتی پێ

نەکەین. لەم گوتارەدا بە نێوان کەلتورو ئاین، کەلتور لە ئاین گرنگترە، چونکە کەلتور قەومەکان، کۆمەڵەکان لێك نزیکتر دەکاتەوەو بە پێچەوانەوە ئاین نەتەوەکان لێك دوور دەخاتەوە، فەرهەنگ ئامرازی نیاندرتاڵییەکان زۆر گرنگتر لە باوەڕەکانیانە، چونکە ئێمە هیچ بەڵگەیەکی نوسراوەییمان لە بیروباوەڕیان نییەو جیا لەمە فەرهەنگ ئامرازی ئەوان شتێکی گشتیو پەرەئەستێن بووە. هەڵبەت هەندێ شتی دەگمەنمان لە هەندێ رەوشتو خوی رەنگە ئاینیو بیروباوەڕەکان لە نیاندرتاڵییەکان هەیە، وەکو بە خاك سپاردنی ئەشکەوتی "شانەدەر" لە کوردستانی باشووردا لە سەردەمی نیاندرتاڵییەکان، کە بۆ ئەوکات شتێکی مۆدێرن بوو بۆچی کە لانی کەم یەکێك لە فاکتەرەکانی ناشتنو بە خاکسپاردن لە سەدەی ٢١ی زایینی بەجێهێناوە کە دانانی چەپکە گوڵ بووە لەسەر گۆڕی مردووەکە.

لە دێرینەناسی پۆست مۆدێرندا هەموو چەشنە پێناسەو جیاوازی تاکەکەسی، کەلتوری، روحی یان ئاینی وەك کارێکی شەخسی سەیری دەکرێتو هیچ جێگەیەکی لەم سیستەمەدا نییە، ماناو چەمکی مێژووی نەتەوەیەك لەم گووتارەدا زۆر جدی نییەو مێژووی هاوبەشیش هیچ ماناو چەمکێك ناگەیەنێتو لەسەر ئەم بنەمایە کەسانی سیاسیکار دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن، دەکرێ هەندێ واتای نوێ ببەخشین بە پێدراوەکانی دێرینەناسی لە ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرنداو وەکو کەسایەتی تایبەت سەیریان بکەین، بۆ نموونە سواڵەت یان گڵێنەی خاوەن (هۆشی دەستکرد)ە. چونکە گڵێنە (فوخار) پێمان دەڵێت کە سەر بەچ سەردەمێکە، بە مەکینە دروستکراوە یان بە دەست، (هەوێن)ەکەی لە چییە، لەگەڵ چ سەردەمێکدا دەگونجێت، چ کارێکیان پێکردووەو زۆر وەڵامی دیکە کە لەتە سواڵەت یان گڵێنەیەك پێمان دەڵێن کە خاوەن هۆشی دەستکردن، جگە لەمە گڵێنەی نێژراو لەتەك مردوو دەکرێت هێمایەك لە چەشنە بیروباوەڕی ئایینی بژمێردرێت.

هەروەها شیشێکی کفن درووش خاوەن باوەڕە، باوەڕێکی تایبەت لە شێوازی چلۆنایەتیو دروونو بەستنی مردوویەك بۆ تێپەڕینی رۆحی ئەو مردووەیە لە بەرزەخ بەرەو دنیایەکی دیکەیەو ئەم شتە بڕوای هەبوو. کەواتە گشتاندنی بیروباوەڕ بۆ شتەکان یانی هەر کارێك یان دەکار کردنی شتێك. بەم چەشنە ئایین لە گوتاری ئارکۆلۆژی پۆست مۆدێرندا لە قۆرغی بیروباوەڕی مرۆڤ دێتەدەرو شتەکانیش دەگرێتەوە. یانی لە بیچمی خاوەن چەمکێکی بە تەواوی مەعنەویو تایبەتی مرۆڤ دێتەدەر. چونکە هەروەك باسمان کرد غەیرە گوتارییە. وا دێتە بەرچاو لەو گووتارەدا ئاین ئاوا پێناسە دەکرێت :بیروباوەڕی تاکە کەس کە هەڵبەت لەوانەیە لەتەك خورافە پەرستیدا جیاوازی هەبێت، جاری وایە پێی وایە بنجو بناوانی رێو رەسمێکی قوربانی دەکردن دەگرێتەوە بۆ رازیکردنی فلانە خواژن کە ئێستاکەو بە رابردنی زەمان باو بووەو گشتێنراوە. بەڵام دێرینەناسی ئێران، هەنووکە لێدراو، قەوم

گەرا، خودسانسۆرو زۆر پاوانخوازو پارێزکارە. هەرکام لە نوسەرەکانی دێرینەناسی کە سەبارەت بە کوردەکانی کەونارا شتیان نوسیوە بخوێننەوە بەجۆرێ لە جۆرەکان رەتیان دەکەنەوە، یەکیان مانەکەیان رەتدەکاتەوە، ئەوی دیکە بوونیان‌و سێهەمیشیان پێی وایە نە نەتەوەیەکن کە بەس ئارکۆلۆژیستە بیانی‌و بێگانەکان لەسەر لاپەڕەی کاغەز دروستیانکردووەو ...ئابەمجۆرەیە خەریکی حاشاکردنی دێرینەناسانە دەبن، ئەم شتە بەشێك لە خودسانسۆرییە، جیا لەمە هەوڵدان لە پێناوی وەلەرزەخستن‌و لەرزۆککردنی داڕشت‌و بنەماکانی نەتەوەیەکدایەو ئەمەش جینۆسایدی (Genoside) سپییە. دێرینەناسی ئێرانی بەس لە شوێنەکانی نزیك لە پایتەخت‌و مەڵبەندەکانی خۆش ئاووهەوای باکور کاردەکات، پڕۆژەکان بەزۆری لەوێ وەگەڕدەخرێن. لە ناوچەکانی لاوەکی‌و رۆژئاواییدا ئارکۆلۆژی وەك کارێکی ناپێویست چاوی لێدەکرێت‌و زۆر بۆیان گرنگ نییە.

دەکرێ هەندێ لە شتە بەرباسەکانی دێرینەناسی ئێران بخەینە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوەو، گریمانەو بۆچوونی دێرینەناسان بۆ نموونە لە شووش یان گەودین، حەسەنلوو و ... گشتاندنیان لە مەسەلەکانی جێی گومانی دیکەی سایتەکانی مێژوویی، دەکرێ بڵێین بوون بە کلاسیك. دەیان ساڵە لە هەمەدان بەشوێن هێگمەتانەدا دەگەڕێن، بەڵام هێگمەتانە لەجێدا لەوێ نییەو نەبووە، هیچ شوێنێکیان لە دیوارە زێڕین‌و زیوینەکانیان نەدۆزیوەتەوەو تەنانەت هیچ بەڵگەیەکیان لە دیاکۆ وەدەست نەهێناوە.

کۆمەڵێك تەنیا وەشوێن دۆزینەوەی هەندی بەڵگەو شایەتن بۆ پشتگیری لە راوبۆچوونەکانی کەلتوری، ئایینی یان سیاسیی خۆیان، ئەم شتە سەبارەت بە مەسەلەی هێگمەتانە دەگونجێت. دێرینەناسانی ئێرانی گەرەکیانە کە هەرچی زیاتر پێتەختی کوردەکانی کەونارا (مادەکان یان مێدیاییەکان) لە ناوەند (تاران) نزیك بکەنەوەو تورکەکان لە تورکیا هەوڵدەدەن حاشا لە هاوبەندی کوردەکانی کەونارا (مادەکان) لە کوردستانی باکور بکەن، لە حاڵێکدا هەموومان دەزانین سوپای کوردی دێرین لە ئامەد (Amid) بۆ لای ئاشوور بەڕێ کەوت نەك هەمەدان. بەم حاڵەش تورکەکان حاشا لەم شتە دەکەن. هێشتا نازانین ئارییاییەکان لە کاملاوە هاتنە وڵاتی ئێرانی ئێستا ؟ ئیلامێکانی دێرین چییان بەسەر هات ؟ گۆتییەکان‌و کاسێکان‌و لولوبیەکان چییان لێهات ؟ بۆ ئێمە لەگەڵ ئۆرارتۆیەکان دوژمنین ؟ ئاخری شەڕو پێکدادان لەگەڵ سەکایەکان چی لێهات ؟ مێدییەکان (کوردەکانی کۆن) لەجێدا خاوەن زمان بوون یان نا ؟ وا دیارە قسەیان نەکردووە یان رەنگە لاڵ بووبن ؟ ئەوەی کە چۆن ئەمڕۆکە لەسەر کاغەز ئیمپراتۆرییەتی مەزنی مادەکان لە دەوروبەری کەویری ئێران هەتاوەکو رووباری قزڵ ئیرماقی تورکییەی ئێستا سڕدراوەتەوەو زمان‌و خەت‌و سیستەمی حکومەت لەماوەی

ڕۆژێکدا گۆڕدراو هەخامەنشییەکان هاتنە سەر کارو هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی دیکە لە هەرێمی دێرینەناسی ئارکۆلۆژی ئێران. هەنووکە دەزانین کە مێژوو هەموو کات راست ناڵێتو قولێنگی دێرینەناسیش بۆ پێکهێنانی شکو گومان لێ دەدرێت یان لانی کەم ئێمە ئارکۆلۆژیستەکان بە زمانی قولینگ درۆ هەڵدەبەستنو ئارکۆلۆژیمان لەگەڵ کارئاگابوونو دۆزەرەوە لێ تێکچووە.

شتی سەیر ئەوەیە کە گشت خاڵە نوسراوەکانمان لە مێژووی پڕاوپڕ لە شکو گومان قبوول کردووە وەکو بنەواشەیەکی مسۆگەرو گەرەکمانە دۆزراوەکانی ئارکۆلۆژی لەتەك نوسراوە بێ سەرچاوەکانی نوسەرانی پڕ گێروگرفت بگونجێنین. مەغۆلەکان بە (٢٠,٠٠٠) سوار وڵاتی ئێرانی ئەوکاتیان هەتا بەدەنی ئەسەد ئاباد تێکرماندو, خاشو برپیان کردو لە راستییدا بەجێیان نەهێشت, هەلاکۆخان کاتێك لە باشوری کوردستان لە ئابلۆقەی کوردەکان کەوتو زانی دەبەزێت خەریکی فرتو فێڵ بوو. ئەو موسڵمان نەبوو بەڵکو شەمن پەرست بوو و رایگەیاند کە بە نیازی مانەوەو داگیرکردنی ئێران نییە, بەڵکو بە نیازە تاوەکو گڵکۆی یەکێ لە گەورەکان یان ئیمام زادەکان چاکبکاتەوەو هەر بۆیەشە هاتووەو گڵکۆیەکەی بە نیوەچڵی چاککردەووەو ناوی ئیمامزادە محەمەدی لەسەری داناو ڕۆیشت, تەیمور لە ئاسیای ناوەڕاست هەتاوەکو شاری هەولێری بێ هیچ شکستو بەزینێك تێپەڕکردو قەلاچۆی کردن, بەڵام لە هەولێر بەزیو شکستی خواردو بە بیانوی هەڵایسانی شۆڕشو فیتنە لە ئاسیای ناوین هەتاوەکو سەمەرقەند هەڵهات, ئەسکەندەر لە هەولێرو گیلانی غەرب گیری کردو توشی گرفت بوو ڕێگەی بۆ باشوری ئێرانی ئێستاکە گۆڕیو چوو بۆ شووش. بەڵام لە سەرچاوە نوسراوەکانماندا باسی شتی ئاوای تێدا نییە. چونکە دەزانین کە دەسەڵاتداران مێژوویان نوسیوە, ئێمە قەت نەمانویستووە کە دەست لە خودسانسۆری هەڵبگرینو لانی کەم بەخاتری بەرژەوەندیی میللی وڵاتەکەشمان بووبێت, واز لە پەراوێزو پاوانخوازی بهێنینو بەشوێن راستییەکاندا بگەڕێین, پێشتر وتم ئەگەر باس لە شتی وا بێتە گۆڕێ, دیارترین شت لامان ئەوەیە کە مۆرکی ناسیۆنالیستییان پێوە دەنێین.

هەمەن مەردانی (مهاباد)
٢٠٠٥/١/٣١ زایینی
٢٧٠٤/١١/١٢ کوردی — مادی

لێکۆڵینەوە

## بەکورتی

# فەلسەفەو فەلسەفەی بوونگەری چییە؟

نووسینی/ لەتیف هەڵمەت



ئەحیقار کەبەفەیلەسوفێکی کۆنی وڵاتی میزۆپۆتامیای دەژمێردرێ دەڵێ: فەلسەفە تێگەیشتنی ژیانە. سوقراتیش دەڵێ: فەلسەفە تێگەیشتنی دەروونە. ئەرستۆش گوتویەتی فەلسەفە چاکەیەکی نەمرەو ئەگەر لەزەت کەم دەوام بێو شانازیی شتێکی رێرەوبێو سامان مەترسیی لەناوچوونی لێبکرێو ناوبانگ بەڕای

خەڵکی ترەوە پەیوەست بێ.. ئەوا فەلسەفە تەنها چاکەیەکی کامڵ و نەمرە کەبوونی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە. هەروەها فەلسەفە دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی زانست و گەڕان بەدوای ڕاستیدا والێ دەکات کەبەبێ قایلبوونێکی ئاوەزی مل بۆهیچ بان بانگەشەیەك کەچ نەکات و دوای بەند و باو و ئەفسانە نەکەوێ.

فەلسەفە لەسەردەمەکۆنەکاندا دەوری لەسەلماندن خڕیەتی زەویدا بووەو لەهەر کوێ فەلسەفە سەرهەڵبدات بیرکردنەوەی زانستیانەی راست لەلای مرۆڤ سەرهەڵدەدات.

فەلسەفە بڵندبوونەوەی هزرو رەوشتەو سەرەتا بە چاکسازیی دەرونیی دەست پێدەکات و بەپێشکەوتنی زانست و حەقیقەتی چەسپاو لەزانستدا کۆتایی دێ, بەکورتی فەلسەفە شیکردنەوەی بوونەلەڕێگەی ئەقڵەوە.

وشەی فەلسەفە یۆنانییەو مانای خۆشەویستیی زانست دەبەخشێو

فەیلەسوفیش حەزی لەزانستە. لەم بارەیەوە ئینولسینا دەڵی: کەدەڵێی فلان کەس فرەزانستە مانای قسەکە ئەوەیە کەفەیلەسوفە بەم پێیە فەیلەسوف کەسێکە زانستی زۆربێ...بەڵام دەبێ پەیوەندی نێوان زانست و فەلسەفە روونبکەینەوە... ئەگەر وتمان فەلسەفە تێگەیشتنی حەقیقەتە یان گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا بێگومان ئەوەدەبێ بەزانستی یەك.. چونکە گەیشتنی مرۆڤ بەڕاستییەك خۆی لەخۆیدا زانستییەکەو زانستەکانیش کۆمەڵێ حەقیقەتن, لەبەرئەوە گوتراوە فەلسەفە هەوڵی گەیشتنە بەزانست و خۆی لەخۆیدا زانست نییە. بەم شێوەیە لەسەدەی حەڤدەهەمدا -کانت- فەلسەفەو زانستەکانی لێکدی جیاکردەوە. هەرلەم بارەیەوە -مورتس شلیك- دەڵی فەلسەفە چالاکییەکی هزرییەو زانست نییە.. بەم پێیە دەتوانین بڵێین فەلسەفە پێڕەوێکی ئاوەز کارای ڕەهایە.

پێڕەوە چوونکە زانستییەك نییە بنەماو ڕێزمانی بێ, ئاوەزکارییە چونکە لەهەموو شتێك دەکۆڵێتەوە..

رەنگە یەکێ بپرسێ کەهەموو زانستەکانی دی لەفەلسەفە جیاکراونەتەوە, ئیتر چی بۆفەلسەفە ماوەتەوە..!

دەڵێم هەموو ژیان مادەو ئەلەکترۆن نییەو بەتەنها تەکنەلۆژیا ژیان لەزەویدا بەڕێوە نابات.. بەڵکو هەست و سۆزو ئارەزووی مرۆییش هەیە..

خۆشەویستی و تورەیی‌و کەندو کۆسپی کۆمەلآیەتی و ئابووریو دەروونی هەیەو هەر هەمووی دەوری گرنگی لەژیان و بەختەوەریو دەردەسەری مرۆڤدا هەیە.

ئەمە جگە لەوەی هەموو زانستێك فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە کەبنەماو کاریگەرێتی و سەرەنجامی لەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەیە.. لەبەر ئەوە دەڵێین فەلسەفە دەوری گرنگی لەهەمووکات و شوێنێکدا هەیەو ئەمەش وای لێدەکات کەبایەخی بدرێتێو جێگای سەرنجی مرۆڤ بێ.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەتەوژمە هزریەکان زریزەیەکی بەیەکەوە پەیوەستن و دابڕان و لێکترازان لەنێوانیاندا نییەو ئەکرێ بگوترێ لێکتر هەڵدەهێنجرێن و بەشێوەیەك لەشێوەکان هەر هەموویان بیروڕای جیاواز و لێکچووەو تەواوکەری یەکدین.. هەربۆنموونە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا فەیلەسوفی ناسراو فشتە-١٧٦٢-١٨١٤-فەلسەفەی میسالیی ئەڵمانیی هێنایە کایەوە کەپوختەی فەلسەفەکەی ئەوەی رادەگەیاند هەمووشتێك لەبووندا لە -من-ە وە دەستپێ دەکات و هەر بۆ-من-یش دەگەڕێتەوە...

دواتر —هیگڵ—١٧٧٠—١٨٣١— بەشوێنی پێی —فتشە— دا ڕێبازی لۆژیکیی پێشکەوتن و حەقیقەتی ڕەهای داهێناو حەقیقەت بەلای هیگڵەوە بریتیبوو لە —ئاوەز—و—وێنە— و—ڕوح—و ڕەها بەلای ئەوەوە ئاوەزی ڕەهابوو.. خوابوو بەر لەئەفراندنی سروشت و ڕوحی لەناو چوو.. و مەبەستیش لەمە گێڕانەوەی یەکەی ونبووبووەوە, هەروەها گەیشتن بوو بەڕوح لەهەمانکاتدا و ئامانجیشی لەوە بەتەواوی بەرجەستەکردنی —وێنە—ی ڕەها بوو..
لەڕاستیدا ئەم دوو ڕێبازە فەلسەفییە ڕێخۆشکەری تەواو بوون بۆڕێبازی ڕەخنەگەری کەفەیلەسوفی ناودار —کانت— دایمەزراند.
هەرلەسایەی فەلسەفەکەی هیگڵدا بیرمەدێکی تایبەتمەندکار ڕێبازێکی فەلسەفیی نوێی دامەزراند ئەم بیرمەندە لەجیهانی تایبەتیی خۆیدا دەژیاو گرینگترین کاریگەریی هەبوو لەسەر پێشکەوتنی هزری فەلسەفی لەسەدەی بیستەمداو ئەم فەیلەسوفەیش کیرکگارد بوو ئەم دەیویست ئەو بیرۆکەیە بدۆزێتەوە کەدەیویست لە پێناویدا بژیو بمرێ.. ئەم بیرۆکەیە خەبات بوو لە نێوانی (خود)و(ڕەها)دا لەنێوانی (خود) و (جیهان)دا لەنێوانی چرکەساتی —ئێستا—و سەرجەمی ژیاندا و لەنێوانی زانست و ئیماندا و مرۆڤ تاکێکی بێ هاوچەشنەو هەرگیز دووبارە ناکرێتەوە و بۆخودی خۆی دەگەڕێتەوەو بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە, بەڵام بوون بەگوێرەی ئەوەی ئامادەگییە لە ناکۆتاهاتنی و هەمیشەیدا لەبەرئەوە بۆ ڕەها دەگەڕێتەوە کەخوایە. و لەم دابڕینەشدا لەنێوانی تاکایەتیدا کەبەدەوری خۆیدا گرمۆڵە بووەو لەنێوانی هاوبەشی پەیوەستی لەگەڵ خودا دا بوونی شپرزەیی پڕ لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ و بزۆزیو گوناح و هەڵەشەیی دروست دەبێ کەئەمانە هەمووی بنەما گەلێکن گوتاری ژیانی بوونگەری لەلای کیرکگارد پێك دەهێنن و جەوهەری تاك لەلای کیرکگارد ئازادییەو ئازادیش دەردۆنگی لێدێتەکایەوەو بنەمای ئەم دەردۆنگییەش هەستکردنی تاکەکەسە لەکردارە سەربەخۆکانیدا بەگوناح و هەڵەوە ئالێرەشەوە پەیوەستی توند و تۆڵ لەنێوانی نەبوون و ئازادیو دەردۆنگیدا هاتۆتەکایەوە...
شایەنی باسە لەسەدەی بیستەمیشدا تەوژمی ڕۆحیو تەوژمی بونگەریو تەوژمی کارگەریو زانستی بەرپابوون و برحبسوون و لویلافل و رینیەلوسن و نیکولا بردیأیف نوێنەرایەتی تەوژمی ڕوحیی دەکەن و تەوژمی کارگەریو زانستی ولیەو جیمس و فردیناند کبخ شلەرو جۆدیوی پێڕەوی دەکەن و لەبنەماشدا تەوژمی بوونگەری هایدگەر دایمەزراندووە و دواتریش یاسبرز پەرەی پێ داوەو سارتەرو ئەبنیا نۆر ئۆرتیجا جاسیت نوێنەرایەتیان کردووە.
—بوونگەری— فەیلەسوفی دانیمارکی گیرکگارد—١٨١٣/١٨٥٥ بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی فەلسەفەی بوونگەری دادەنرێو تیایدا پەیڕەوی ڕێچکەیەکی کردووە مۆرکی ئاینی پێوە بەدیدەکرێ.. ئەم ڕێبازە دوای تێکشکاندنی ئەڵمانیا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لەناو ئەڵمانیادا بلاو بۆوەو گەشەی کردو هەندی فەیلەسوفی نوێی بوونگەری دەوریان لەبڵاوبوونەوەی ئەم فەلسەفەیەدا بینی لەوانە: کارل جاسبرز و مارتن هایدگەر و وردە وردە ئەم فەلسەفەیە لەئەڵمانیاوە گەیشتە فەرەنساو دوای تێکشکانی فەرەنسا لەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەرامبەر نازییەکان ئەم ڕێبازە فەلسەفییە لەناو لاوان و نووسەرانی فەرەنسادا تەشەنەی کردو ڕەگی داکوتاو نووسەرانی ناوداری فەرەنسی جان پۆل سارتەرو ئەلبێر کامۆ هەریەکەو لە ڕوانگەی

خۆیەوە پەرەیان بەفەلسەفەی بوونگەری داو لەئەنجامی ئەزموونێکی زۆردا بوونگەری دوو ڕێبازی لێدروست بوو...

یەکەم: بوونگەری مەسیحییەکاسۆلیکەکان کارل جاسبرزو غابریال مارسیل بەدوو کۆڵەکەی گرنگی ئەم ڕێبازە دادەنرێن..

دووەم: بونگەریی گومڕا: هایدگەرو سارتەر لەپێشەنگەکانی ئەم ڕێبازەی بوونگەرین....

بەڵام هەموو بوونگەرەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە(بوون – الوجود پێش چییەتییە– ماهیە)تە.. واتە بوونی مرۆڤ پێش ئەوەیە کەمرۆ خودی خۆی بناسێ و بزانێ مەبەست لەبوونی چییە.. دەتوانین بڵێین لەناو ئەو دوو ڕێبازە سەرەکییە فەلسەفەی بوونگەریدا هەندێ چرۆو لق و چڵیش لێرەو لەوێ هەیە, هەربۆنموونە بوونگەریی سارتەر نەهەوڵی بوونی ئەفرێنەر دەداو نەهەوڵی نەبوونیشیو نەئەو لایەنە بەکێشەیەك دەزانێ و مەبەستی سەرەکیی ئەم ڕێبازە بوونگەرییەی سارتەر دژایەتی کردنی فەلسەفەی کۆمۆنیستەو باوەڕی وایە کەسەرەنجامی مرۆڤ لەخودی مرۆڤ خۆیدایەو مرۆڤ تەنها بەکردارەکانی خۆی بوونی خۆی دەسەلمێنێو مافی ئەوەی هەیە هەرچی دەوێ بیکات بەمەرجێ دان بەبەرپرسایەتی خۆیدا دەربارەی بوون و هەموو هەڵسوکەوتێکی خۆی بنێو بەم پێیە فەلسەفەی بوونگەری لای سارتەر نائومێدیو لاوازیو توانەوە نییە, بەڵکو نوێنەری هزرێکە گەشبینی لە مرۆڤدا دەچێنێو بۆ کارو خەبات هانی دەدات, لەم بارەیەوە سارتەر خۆی دەڵێ : بوونگەری فەلسەفەیەکی گەشبینەو شێوازێکە بۆ کارکردنو هەرگیز ناکرێ تۆمەتی رەشبینیی بدرێتە پاڵ لە بەد نیازییەوە نەبێت .

وەکو جبریل مارسل دەڵێ : فەلسەفەی بوونگەری وەکو پانکە فرە پەلو پۆیەو مەودای زۆر لەنێوان پەلو پۆکانیدایە ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕێبازەکانی فەلسەفەی بوونگەری دڵنیان لەوەی کە کیرکگارد دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەرییەو هەمووشیان جۆرن لەسەر ئەوەی بوون پێش چییەتی دەکەوێو چییەتی بوونەوەر ئەو شتانەیە کە لە ڕێگای بوونیەوە ئەنجامی دەداتو نەبوونیشی رەگەزێکی جەوهەریی رەسەنەو ئاوێتەی بنەماکانی بوون دەبێ ...و راراییش خەسڵەتی یەکەمی حاڵەتی بوونگەرییەو لە ئەنجامی ئەم واتایانەوە ڕێبازی دووەمی بونگەری کە ڕێبازێکی سەربەستە بوونی بەلاوە کارەساتێکی چەسپاوی بێواتایەو دەستی ناوەتە بینی مرۆڤو کەسانی دی سەرچاوەی ژانو سوێو ئازارنو, هەروەکو سارتەر لە شانۆنامەی (جیهانی داخراو)دا روونی دەکاتەوە کەسانی دی دۆزەخن ... بەڵام ڕێبازی یەکەم کە ڕێبازێکی پابەستە وای بۆدەچێ کە بوون ئەو خودایەیە لە خودماندایەو بانگەشەی خۆشەویستیو هاریکاری دەکاتو ئەوە دەخاتەڕوو کە بوون مانایەکی بەرجەستەکراوی هەیە ...

دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ بەلای دەستەی یەکەمەوە پرۆمیسۆسەو ئاگر لە خواوەندەکان دەدزێو بە بوونەوەری دەبەخشێو بەو مانایە مانایەك بە بوون دەدات ... بەڵام بە پێچەوانەوە مرۆڤ بەلای دەستەی دووەمەوە سیزیفەو بەبێ هودەییەوە تاشەبەردەکە سەربەرەوخوار پێدەکاتو بەم کارەش بێ ماناییو نەهلیستێتیو نابەجێیی بە ژیان دەبەخشێ...

لە ڕاستیدا بوونگەری تازەترینو کۆنترین ڕێبازی فەلسەفەیە ... تازەترینیانە چونکە

دەوری باڵای هەیە لە هزری هاوچەرخداو ڕاسترین دەربڕینی حاڵەتی ڕارایی گشتییە ... واتا گشت مرۆڤایەتی دوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دوو جەنگی جیهانیدا کە لە دەرەنجامی کارەساتەکانی ئەو دوو جەنگەدا مرۆڤ بەتایبەتیو مرۆڤایەتی بەگشتی ڕووبەڕووی گەورەترینو سامناکترین سەرچاوەی ڕارایی بووەوە, کە ئەویش لەناوچوونی بەکۆمەڵە لە مەوداکانی جەنگدا .
هەروەها بوونگەری فەلسەفەیەکی کۆنیشە تۆوی ئەم فەلسەفەیە لەلای ئەفلوتینوسوکراتو حەلاجو سەهروردیو ئۆگستینو پاسکاڵو ..هتد بەدی دەکەین,
بەڵام بەجۆرێك نییە بووبێتە ڕێبازێکی فەلسەفیو هەروەکو لە سەرەتادا گووتمان دامەزرێنەری فەلسەفەی بوونگەری کیرکگاردی دانیمارکییەو مرۆڤیش وەکو خودێکی تاك چەقی باسو لێکۆڵینەوەیەو بارودۆخە بوونگەرییەکانی گەورەی وەکو ڕاراییو تاوانو سەرچڵیو مەرگو ..هتد بنەماگەلی جەوهەریی بوونی مرۆڤەو ئازادیو بەرپرسیارێتیو هەڵبژاردن واتا گەورەکانی ژیانیەتیو لەسەر ئەم بنەڕەتە پەرە بە فەلسەفەی بوونگەری دراوەو بوونگەری لە خودی تاکە کەسەوە دەستپێدەکاتو بوون لەپێشدا بوونی منە منێك کە دەپرسمو پرسیار ئاراستەدەکەمو پێویستە باسو لێکۆڵینەوە لە خودی تاکە کەسەوە دەست پێبکرێت ... بەڵام خودی تاك نییەو هەموو خودێ لە خودی تاکەکانی دیدا تواوەتەوە, واتا لە خەڵکدا تواوەتەوەو پێبەپێی هەستی خەڵك هەستدەکاتو ئەم حاڵەتەشی هایدگەر ناوی ناوە — داڕووخان — ئەم داڕووخانەش پێویستە چونکە ڕێی دەربازبوون لە خەڵك نییەو ڕێگایەکیش بۆ کارکردن نییە لە چوارچێوەی بووناندا لەگەڵ خەڵکدا نەبێو ئا لەم بوونە ساختەیەی خوددا خودی ڕاستەقینە لەدەست دەچێو تەنها لە ئەزموونی مردندا ڕاستەقینە دێتەوە کایەو هەست بە هەموو ماناکانی تەنهایی خۆی دەکاتو دەرك بەوە دەکات کە تەنهایەو هیچ کەسێك لەوانی دی ناتوانێ قورسایی مەرگی کەسی دی هەڵبگرێ, ئا ئەم حاڵەتەشە مرۆڤی کەمەندکێشی بوونگەری کردووەو وایشی لێکردووە وا بیربکاتەوە هەموو بوونێك بۆ نەبوونو لەناوچوونەو هەر ئەم حاڵەتەشە بۆتە چاوگەی ڕاراییو ئەم ڕاراییەش دەبێتە تۆوی واسواسەی بوونگەری لەناخی هەموو تاکێکداو هەروەکو یاسبرز دەڵێ : بوون گێچەڵە لەبەر هەموو شتێك بەرەو خنکان دەچێ ...
شانبەشانی فەلسەفەی بوونگەری وێژەی بوونگەری هاتە کایەوەو سارتەر لە لایەکەوە ئاڵای وێژەیەکی بوونگەریی دوورو دابڕاو لە هەستو خواستی ئایینی بەرزکردەوەو لەلایەکی ترەوە جبریل مارسیل ئاڵای وێژەیەکی بونگەریی ئاینئامێزی هەڵکردو لەڕێگای شانۆنامەکانی هەردووکیانەوە کە فەرەنسین بیرو هزری بوونگەری لەناو جەماوەردا تەشەنەی کردو شێوازێکی وێژەیی نوێ لەدایك بوو, شێوازی وێژەی بوونگەری.


* ئەم نووسینە ڕەشنووسی بەشێکە لەکتێبێك بەناونیشانی خەریکی نووسینم.

دید و وێنە

# (ئێدوارد سەعید)و

# چەند وێنەیەکی لایەنگرانە لە تەنیشتەوە

تزیفتیان تۆدۆروف
وەرگێڕانی :محی الدین محمود





لە سالّی ١٩٧٠دا (ئێدوارد سەعید)م لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) لە (نیویۆرک) بینی، ئەوسا سالّی سێجار بۆ (موحازەرە) وتنەوە لە بەشی ئەدەبی بەراووردکارییدا بۆ ئەوێ ئەچووم کە هەمان ئەو بەشە بوو کە ئێدوارد سەعید تیایدا موحازەرەی ئەوتەوە.

دەبوایە لە ساڵی ١٩٧٤دا بیناسم بەڵام ئەمە تا ساڵی ١٩٧٧ روویندا و ئەو کاتە ناسیمو هەرلەوکاتە کە تیایدا ناسیم بووین بە هاوڕێ، پێم خۆش بوو ئەو هەستەم کە لە ئاستیدا هەبوو راست بکەمەوەو بەبێ ئەوەی چاوپێکەوتنەکانی پاش یەکەم جار رۆڵێکی گەورەیان لە دەرخستنی ئەو هەستەی مندا هەبێت.

سیمای هاوبەشمان هەبوو کە دەکرا لە یەکترمان نزیك بکەنەوە. (سەعید) لە ساڵی ١٩٣٥دا لەدایك بووە، واتە چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەم جیاوازییە لە تەمەندا بایەخێکی ئەوتۆی نەماوە. یەکەم کتێبی ئەو (جۆزێف کۆنراد : چیرۆکی ژیانی نووسەر بە پێنووسی خۆی) کە تێزەکەی بوو ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکرایەوە. لە کاتێکدا یەکەم کتێبم — کە ئەویش تێزەکەی من بوو بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەکرابوو — ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکرایەوە.

(سەعید) — وەکو ئەوسا دەمانبینی — بایەخی و گفتوگۆ تیۆریەی دەدا کە ژمارەیەك لە رەخنەگرو فەیلەسوفەکانی فەرەنسا ورووژاندبوویانو (سەعید) بە دووەم کتێبی (دەستپێکەکان : مانا و میتود) کە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووبوو بەشداری لەو گفتوگۆیانەدا کردبوو، بەڵام منیش بە گەشەپێدانی گەلێك لێکۆڵینەوەی وێژەیی سەرقاڵ بووم. بەم شێوەیە توانیمان زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە. گرنگتریش ئەوەیە کە سیمایەکی هاوبەشی تر هەیە لە سەر بووردەی ژیانماندا. هەردوو نامۆکراو و هەریەکە لە وڵاتە تایبەتەکەی خۆیدا، ئەو لە وڵاتە یەکگرتووەکانو من لە فەرەنسادا. نامۆکراو بووینو هەردوو لە دوو وڵاتەوە هاتبووین کە کەوتوونەتە پەراوێزی رۆژئاوا. ئەو لە (فەلەستینو میسر)ەوە هاتووەو من لە (بولگاریا)وە هاتووم. دوو وڵات کە گەلێ سیما جیایان دەکاتەوە بەلام لە هەمان کاتدا مرۆڤ تیایاندا هەمان هەست بە لەیەك نزیکبوونەوەو خۆ بەکەم دانان لە ئاستی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکای باکور دەکات. هەستێکە دەکرێت تێکەڵەیەك لە ورووژانو پێناخۆشبوون بورووژێنێت. ئەمە جگە لەوەی کە هەردوو وڵاتمان لە راستییەکدا هاوبەشن کە لە رابردووی دووردا سەر بەهەمان دەوڵەت بوونو مەبەستم لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە. بەڵام تورکەکان بە زۆرەملێ لێکچوونیان پراکتیزە نەدەکرد، لە هەندێ شێوەکانی ژیاندا نەبێت کە دەکرێ لەم شوێنە یان لەو شوێنەی تری ئیمپراتۆرییەتەکە بێت. دەکرێ زۆر بە سەرسامی کاردانەوەی ناڕاستەوخۆی نەریتە موبەقییەکان بدۆزینەوە، بۆ نموونە ! خەیار بە (ماستەوەو، باینجانو کوبە بە گۆشتەوە... دواترو پاش ئەوەی سەربووردەی ژیانی خودی ئەوم خوێندەوە زانیم دووریانێکی تر لە رێگاکانی ژیانماندا هەیە ... لە ساڵی ١٩١٢دا بولگاریا کە بەر لە سیو پێنج ساڵ لەژێر سایەی راسپاردەیی عوسمانییەکان رزگاری ببوو، دەبوایە لە یەکەم جەنگی (بەلکان)دا دژی تورکەکان بەشداری بکات. باوکی (سەعید)

کە ئەوسا لە (فەلەستین)ی ژێر سایەی تورکیا جێنشین بوو بۆ خزمەتی سەربازی بانگکرابوو. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو لە جەنگدا دژی بولگارەکان بەشداری کردبوو. ئەم بیرۆکەیە کە تا ئاستێك تەمو مژاوییە ئەوی بەرەو ولات بەجێ هێشتن بردو لە کۆتایی گەشتەکەیدا گەیشتە ولاتە یەکگرتووەکانو رەگەزنامەی ئەم ولاتەی وەرگرتو ئەمە پاش چل ساڵ چارەنوسی کوڕەکەیی ئاراستەکرد, ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دژایەتیکردنی ئەمەی کردە بەشێك لە میراتمان, هەروەکو چۆن میراتی ئەوە میراتی منیشە.هەموو نامۆکراوەکان کەسایەتی پێکهاتەییان هەیە, چونکە پەی بەو دابڕانە دەبەن کە لەنێوان پێشوو و ئەوەی لە پاشەوە هەیە. هەر مرۆڤەو بە پێی شێوازی خۆی لەم پێکهاتەییەدا دەژی. بەلام ئەم پێکهاتەییە بەتایبەتی لەلای (سەعید) ئالۆزەو چەندین شوێنەواری ئەوەی پێوەیەو تا ناوە تایبەتەکەشی گرتووەتەوە کە نیوەی ئینگلیزییەو نیوەکەی تری عەرەبییە, ئەو بە رەچەڵەك سەر بە ولاتێکە بوونی نییە. لە (میسر)دا ئاوارەبوو. لەو قوتابخانانە دەیخوێند کە وانەکان تیایاندا بە ئینگلیزی دەوترانو بۆ دەستە بژێری ئەو ولاتە تەرخانکرابوون. بەلام بە مەبەستی قێزەونیش (یان رەتکردنەوەی) رۆشنبیرییە میللیەکە بوون. جارێکیتر ئەو لە ولاتە یەکگرتووەکاندا دورخراوەیەو لەوێ لە زانکۆ بەرچاوەکان ناسیویانەو لە هەمان کاتدا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم ولاتەکە ناڕازییە. ئیتر (سەعید) نازانێ چ زمانێك زمانی دایکە. عەرەبی یان ئینگلیزی. ئەو سەر بەو ولاتانەیە کە لە ئاستی رۆژئاوادا (دووەم پلەن)و لە پەراوێزدان. بێگومان پابەندبوونێکە هاوسۆزی ویژدان دابینی دەکات کە بە برادەرە تازەکەمەوە دیومە, بەلام هەر ئەمە نەبوو.

(سەعید) بە فیز نەبوو, هیچ بایەخێکی بە دابو نەریتەکانی ژیانی ئەکادیمی نەئەدا کە هاوکارەکانیتر رەچاوکردنیان بە مەرج دادەنا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە چاو هەر شوێنێکیتردا لە (نیویۆرك) کەمتر رێزیان لێدەگیرا. حەزی لە گاڵتەو گەپ بوو.. بەلام هەموو نیشانەیەکی دۆستایەتی لەخوار سەربەرزی خۆی دادەنا و. رەفتارەکانی سادەییان بەرجەستە ئەکرد. کە سێکی بەگوڕو بە تینتر بوو لەوانەی لەم ناوەندەدا پێیان گەیشتووم. رۆژێکییان لەگەڵ منالەکانماندا لەناکاو لەلای ئەو لاماندا. هیچ نیشانەیەکی بێزاری بەخۆیو (مریەم)ی هاوسەرییەوە بەدی نەکرا. جارێکی تر بینیمەوە بەلام پاش دە یان پانزە ساڵ بوو, بە شەقامەکانی (نیویۆرك)دا دوای خێزانە بچکۆلەکەماندا رای دەکرد تاوەکو (شوشەو مەمەی شیر)ی کوڕەکەمان — کە بووەتە لاوێك – بگێڕیتەوە کە لە سەردانەکەی پێشوماندا لە کۆتایی ئێوارەیەکی خۆش لە (شوققە)کەی ئەودا بیرمان چوو بوو. لە هەمان کاتدا (سەعید) هەمیشە بە پەلە بوو یان راستر بوونەوەرێك

بوو خێراییەکەی لە خێرایی زۆربەی خەڵکی تر خێراتر بوو. خاوەن چالاکییەکی لە ژمارە نەهاتوو بوو, دەبوایە هەمیشە بە پەلە بێت تاکو بەبێ وەستان سەرقاڵی کارەکەی‌تر ببێت. نیگەرانی لاپەڕەی سپی بە خۆیەوە نەبینیوە. هەرگیز چێژی لە مۆڵەتێك بۆ حەوانەوە وەرنەگرتووە. بەشێوەیەکی دڵڕفێن پیانۆی دەژەند, بەڵام خۆزگەم دەخواست تا ئاستێك هێواشتر ببوایە, یاریزانێکی (تێنس) بوو, یاری (ئیسکواتش)ی پێخۆش بوو, چونکە دەستبەجێ تۆپەکە دەگەڕایەوە, بەڵام سەبارەت بە پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان هەندێ جار پێویستی بە ئارامی بوو.

لە چاو هاوکارەکانی ترم لە زانکۆی (کۆلۆمبیا)دا (سەعید) بە ئامادەگی جەستەیی خۆی کاریگەر بوو, نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە جلەکانی بە زەوقێکی بەرز لەبەردەکرد, ئێلەگی گونجاوی لەبەر دەکرد کە لە پێستی کەڵەکێوی دوورابوو, بەتایبەتی کە ئەو بە ئەندامو لەشێکی ڕێکوپێك دەبزواو کاتێ چاودێریت ئەکرد پێت نەئەکرا لە نێوان هاوکارەکانیانیدا جیای نەکەیتەوە, ئەو کۆمەڵە پیاوە ڕەنگ پەڕیوو هونەرمەندانە کە هەر لەنێو کتێبدا دەژین‌و ئارەزوویان دەکرد ببنە ڕۆحێکی پاکیزە, (سەعید) خاوەن پێیەکی توندبوو لەسەر زەمین‌و لە جەستەشدا وابوو, هەوڵی نەئەدا ئەمە بشارێتەوە.

## دەق‌و جیهان

ئەم هەڵبژاردنە چەند جیاوازییەکی چاکی هەیە بەسەر هەوڵ‌و کۆششەکانیدا کە لە رابردوودا لە خودی خۆیاندا چەمکێکیان پێکهێنابوو ئەگەرچی لە جۆری چیرۆکی تیۆرە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندابوو کە بە پێچەوانەی دۆخە پێشووەکەی سەربووردەی ژیانی پوخت‌و مێژوویی‌و جوانناسانەی دەقەکان بوون. ئەو مەوداکانی خۆی لەگەڵیاندا وەرگرتبوو. تا ئاستێك بە جۆرە گاڵتە پێهاتنێك باسی کردبوون. لە نووسینەکانیا پاساوی بۆ ئەوە ئەهێنایەوە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا کە بە ناونیشانێکی بە ئاماژە کۆی کردبوونەوە کە : (جیهان, دەق, ڕەخنەگر)ە پاش بیست ساڵ لە پێشەکی کۆمەڵە وتارێك دەربارەی ئەدەب کە بە ناونیشانی (تێڕامان لە تاراوگەدا) ئەم ساتەی مێژووییەی پیشەکەمان زیندوکردەوەو منیش لە پەرەپێدان بەم نزیکبوونەوانە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەشداریم کرد کە دەکرێ بە (بوونیاد گەری) یان (سیمۆتیکا)ی ناو بنێین‌و بڕوامان وابوو کە دەرفەتێك بۆ شیکردنەوەی دەقەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەڕەخسێنین. بەڵام بایەخێکی کەمتریان پێدەدا کە لە ناونیشانەکەی (سەعید)دا هاتبوو : (جیهان) , ئەم هەڵوێستە لەو ماوەیەی کە باسی دەکەم — دەوروبەری ساڵی ١٩٧٧دا بوو — بەتایبەتی منی نیگەران دەکردو بەر لە چەند ساڵێك گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دەبێ پەیوەندی

نێوان بوونەوەرو هزر و نێوان بوونمو کارەکەم بەردەوام بێت. سەبارەت بەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی (سەعید) دەستی پێکردبوونو تیایاندا لەگەڵ هاورێ (داڕێژەکانی)ی دەدوا هەستم بە حەوانەوە کردبوو.

ئەو رووداوانەی منیان بەم ئاڕاستەیەدا برد بە تەواوەتی تایبەت بەخۆم بوون، لەوانە : وەرگرتنی رەگەزنامەی فەرەنسیم کە لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو، لەدایك بوونی مناڵی نۆبەرەمان کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بوو. بەڵام سەبارەت بە (سەعید) کارو رووداوەکان بە شێوەیەکی جیاواز بوون، چونکە ئەو رووداوەی شێوازی بیرکردنەوەی ئەوی گۆڕی جەنگی شەش رۆژی ساڵی ١٩٦٧دا بوو، کاتێك فەلەستینیو میسرییەکان لەو جەنگە بە شکستیو سەرشۆڕی دەرچوون، بێگومان بنەماڵەی (سەعید) لە قاهیرە دەژیان بەڵام (سەعید) لە ساڵی ١٩٥١وە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوو، بەر لە ساڵی ١٩٦٧دا (سەعید) پابەندی هیچ چەمکێکی سیاسی نەبوو، بڕیاریدا لەسەر دوو ئاست کە لەیەکتر دابڕاوبوون بەردەوامی بە بوونی خۆی بدات. یەکەمیان زانکۆ کە جیهانە پیشەییەکەی بوو، ئەو کە موحازەرەکانی دەربارەی نووسەرە ئەورووپاییو ئەمەریکییەکان بوون هیچ ئاماژەیەکی بۆ رەچەڵەکە فەلەستینیەکەی خۆی نەئەدا. دووەمیان لە شاردا بە کاروباری وڵاتە ونبووکەی زۆر سەرقاڵ بوو. لێرەوە دەبینین دەچێتە ریزی ئەنجومەنە نیشتمانییە فەلەستینیەکە کە پەرلەمانێکی تاراوگەی ئەو وڵاتە بوو کە بوونی نییە. باسی ئەوەی نەئەکرد چونکە من سەر بەو جیهانە نەبووم. دەبێ ئەوەش بڵێم کە پابەند بوونە سیاسییەکەی تاکانە بوو، نەك لەبەر ئەوەی کە دایكو باوکی هانیان نەئەدا بەڵکو هەوڵیشیان دەدا کە واز لەوە بهێنێت. —گێڕاوێتییەوە— کە باوکی لە سەرەمەرگدا کەلە ساڵی ١٩٧١ دابوو ئاگاداری کردبوو : کاری تۆ ئەدەبە ئیتر بۆ خۆت بە سیاسەتەوە سەرقاڵ دەکەیت ؟ خۆت توشی ئازارو ناخۆشی دەکەیت ! پاش بیست ساڵ دایکی کۆچی دوایی کرد، ئەویش هەمان ئامۆژگاری کردبوو : بۆ ئەدەب بگەڕێرەوە. سیاسەتی عەرەب هیچ شتێکی لێ سەوز نابێت !. بەڵام (سەعید) لە ساڵی ١٩٩٨دا تێبینی کردبوو " ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە ئەوەیە کە من ئیتر ناتوانم بە ژیانێکی ئازاد یان هەڵواسراو بەردەوام بم. لەبەر پاساوێك کە هەتا بلێیت ،یللی بوو (لە راگەیاندنی چوونە ریز بوونم) دوو دڵ نەبووم ".

لەگەل ئەوەشدا هەر لەوکاتەوە کە یەکترمان تیادا بینیبوو هۆکارێکی بۆ لەیەك نزیککردنەوەو گرێدانی دوو دەزوولەکەی ژیانی دۆزیبووەوە. لە لێکۆڵینەوە لە کارە ئەدەبییە رۆژئاواییەکانو لە تاراوگەی فەلەستیندا زەمینەیەکی هاوبەشی دۆزییەوە : دەستی بە شیکردنەوەی وتاری رۆژئاوا دەربارەی رۆژهەڵات کردبوو، لە پاشان بووە (رۆژهەڵاتناسی) کە ناونیشانی

ئەو کتێبەی بوو لە ساڵی ١٩٧٨ دا بڵاویکردبووەوە. ئەم کتێبە نیشانەی دابڕانێکی تازە بوو لە رەوتی ژیانیدا. پاش ئەوە بوونی خۆی و ئەرکی فەرمانبەرێتیەکەی توانیان پەیوەستی یەکتر بن. ئەم کتێبە بەلایەنی کەم بۆ سی و شەش زمان وەرگێڕدراو کاریگەرییەکی قوڵی کردە سەر شیکردنەوەی پەیوەندییە رۆشنبیریەکانی نێوان دەوڵەتان و ئەو وڵاتانەی پێشتر لە لایەنیانەوە داگیرکرابوون. بابەتی سەرەکی (رۆژهەڵاتناسی) ئەوە نەبوو کە مرۆڤ وای دەزانی بەشێوەیەك لە شێوەکان رێز گێڕانەوەیە بۆ رۆژهەڵات. ئەو رۆژهەڵاتە کە نووسەرە ناسراوە رۆژئاواییەکان بە دڵ رەقی باسیانکردبوو ئەم دەیوویست وێنەکە راست بکاتەوە, بابەتەکە قوڵترو گرنگتر بوو : بابەتەکە لەسەر وتەیەکە کە دەڵێ : ئەگەر کردەو خەیاڵی رۆژئاواییەکان نەبوایە بوونی رۆژهەڵات نەئەبوو. ئەم پێ داگرتنە بەو بارودۆخەوە بەندە کە لە سەرەتادا بۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوەی (رۆژهەڵات)ە, زاراوەی (عەرەب) یان هەندێ جار (موسڵمان)یان لەبری دانابوو. راستی زۆری جۆراوجۆر دەگرێتەوە کە لە کات و شوێندا پەرت و بڵاون و تواناکان چەند گەورەبن ناتوانن بە شێوەیەکی بە پیت بەکاریان بهێنن, ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (ئەو کۆمەڵگایانەی بە رۆژهەڵاتی ناو دەبرێن بوونیان هەروەکو کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی گۆشەگیرن و مەحاڵە گەوهەرێکی بێگەردییان لێهەڵجێنین: هەروەکو ئەو کۆمەڵگایانەن کە رۆشنبیرەکانیان بە رۆشنبیری فرە رەگەز دادەنرێن,بەرهەم تیایاندا لە ئاکامی ژمارەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی رێککەوتن و ئاڵوگۆڕو کارلەیەککردن بەرهەم دەهێنرێت) لێرەوە چەمکی وەك (رۆژهەڵات) و (رۆژهەڵاتی) لە گشتاندنی ئەو کۆمەڵە راستییانە دروست نابن کە لەم بەشەی جیهان چاودێر کراون بەڵکو لە ئاکامی پێویستییەکە کە ئەوروپاییەکان شارەزای بوون تاکو (ئەوی تر) بکەنە شتێك لە دەرەوەی خۆیانداو لە هەمان کاتدا بکرێتە مێخێك و زەوییەکی ئێجگار نامۆ. زانیمان کە ئەو گووتارەی دەربارەی رۆژهەڵاتە گووتارێك نییە دەربارەی جیهانی رۆژهەڵات. بەڵکو دەربارەی نوسینی رۆژئاواییەکانە. ئەوەی شیکردنەوەکانی (سەعید) روونیان کردووەتەوە ئەوەیە کە شیکردنەوەی ئەو دەقانە بوون کە نوسەرو گەریدەی وەك شاتۆ بریان و نیرڤال و فلۆبێر یان سیاسەتمەداری وەك دزرائیلی و کرۆمەرو بەلفۆر یان زانای وەك سلفستەر دوساسی و رێنان و بگرە کارل مارکسیش نووسیویانە.

کتێبی رۆژهەڵاتناسی کاردانەوەی دژی زۆر وروروژاندبوو زۆرینەیان لەلای رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییەکان و نەتەوە خوازەکان وەکو یەك بوون. لەکاتێکدا ئەو مافی ئەوان یاننەمانی رەتکردبوو, کە لە پاساو یان گەواهی هێنانەوە پەنا بۆ بابەتی (رۆژهەڵات) دەبەن و ناسنامەکەیانی تاوانبار کرد. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبوو ئەو

گفتوگۆیەی ساڵی ١٩٧٧مان کە دەربارەی بابەتەکە بوو و لەپاش خوێندنەوەی کتێبەکە لەپاش ساڵێك دروستی چەندین شیکردنەوەی ئەویان بەمن سەلماند :

گووتاری (ڕۆژهەڵاتناسی) مۆرکی ئەو کڵێشانەی وەرگرتبوو کە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگوێزرانەوەو گەلانی باسکراو بە زێدەڕۆیی سادە دەکران.

منیش بەو ڕۆشنبیرییە فرە ڕەگەزەم لەو بڕوایەدا بووم کە ناسنامەی نەتەوەیی یان دوو نەتەوەیی لە تێکەڵبوون پارێزراو نین.

لە بەرامبەر ئەمەدا لە ئاستی یەکەم پێداگرتنی (سەعید) سەبارەت بەوەی کە ناکرێ بە دەستپێکردن لە ئەزموونی تاکانە گشتاندن بکرێتو ئەو بۆچوونە پێشوەختەی کە (تەنیا تاکەکانن کە دەژین) دەیتوانی هەموو زانینێك بکاتە ڕۆشنبیرییەکی مەحاڵ. لە دۆخێکی وەهادا ئەگەر لە ڕاستیداو لەناو ڕۆشنبیرییەکدا تاکەکان ناکۆكو لەیەکتر جیاواز بوون ڕەوا نییە خاوەنی چەندین سیمای هاوبەش بن.

– لێرەدا بەتایبەتی چاودێرە بیانییەکان لەبەرچاو قووت دەبن –" ئەمە چاکەی دوور بینییە " کە (کلود لیڤی شتراوس) باسیکردووە. دیدی گەریدەو زاناو سیاسەتتوانەکان دیدێك بوو بە دڵنیاییەوە کەوتبووە بەر کاریگەری بڕیارە پێشینەکانو ئەو پێویستییەیان بۆ دروستکردنی (دیکە)یەکە بەڵام ئایا نەدەکرا ئەو (دیکە)یە دیاریکراو بێت ؟ ئەگەر وەڵامەکەیان (بەڵێ) بێت ئایا دەکرا گووتارەکەیان بە سیستەمی ڕوو وەرگێڕان پابەند بێت کە ڕەتکردنەوەی هەموو ڕاستییەك بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ؟ یان لەپێناوی دارشتنەوەی ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی تر : ئایا گشتاندن بە دەستپێکردن لە هەرساتێکەوە ناڕەوا دەبێت ؟ لەوانەیە (ڕۆژهەڵات) بوونی نەبێ, هەروا (عەرەب)یش, بەڵام ئایا سوودێك هەیە لە باسکردنی میسرییەکاندا ؟ بەپێی ڕیتمی ژیانی گەڕەکێك یان شەقامێکدا ؟ (سەعید) نایەوی ئەم جۆرە پرسیارانە بکاتو؟ نەیدەتوانی دەربارەی ئەو ناسنامانە بپرسێت کە لەوانەیە جێگر نەبووبنو نەگونجاو بن. بەڵام لەوانەیە گرەوێکی بکردایەو خۆی توشی ئەو سەرزەنشتییە بکات کە لە (ڕۆژهەڵاتناسەکان)ی کردبوو کە تێڕامانە لە جیهانی سەربووردەی خود – نەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ – بەڵکو بە شێوەیەکی هاوچەشنو لە بایەخ پێدانییەوە بە ئەزموونە بەراووردکراوەکانی تر.

بەڵام (سەعید) لە دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە بەردەوام بوو کە بە کارەکانی تری وەك : (ڕۆشنبیریو ئیمپریالیزم و پەردەی ئیسلام) دەستی پێکردبوون.

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی : کامل عوەید عامری.

لێکۆڵینەوە

# چەمکی نوێگەری لای تیۆدور ئەدۆرنۆ

عەدنان موبارەك
و. محەمەد سالار عەلی

لەزانستی ئەدەبی ئەڵمانیدا نوێگەری بە بۆدلێر دەست پێدەکاتو هەروەك فریدریك شلیغلیش بە پێشەنگی شیکەرەوەی تیۆری نوێگەری دادەنرێت, بەڵام هێندە هەیە هزرگەلی شلیغەل پەیوەند بووە بە دژگەرایی (التعارض) دوالیزمی نێوان کلاسیکییەتو ئەوەی کە ناودەنرێ بە (مۆدرنی رۆمانسی) بێگومان ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێگربێت لەوەی فکری شلیغەل بە نوێگەری دابنرێت. زیاد لەسەر ئەوەیش کە رۆمانسی سەردەمێك بوو تێپەڕبوو, ئەو هونەرەیش کە بودلێر دەستپێشخەری کرد تیایدا وەك بەلای زۆرکەسەوە دەردەکەوێ نەگەیشتە کۆتایی توانستەکان. لە راستیدا بودلێر لە تێرامانو شیکارییەکانیدا ئەو تیۆرە وەردەگرێ کە رەنگدانەوەی ئەو چەمکەیە کە شاتوبریان

یەکەم کەسبووە وەریگرتووە لە ساڵی ١٨٤٩داو ناویشی ناوە بە (نامۆ دێرنە) (نامودرینت). بەلای بودلێرەوە ئەوەی نوێگەری جیادەکاتەوە کاتییەتو بەردەوامییەتە لەکاتێکدا ئەوەی دژی گریمانییە لێرەدا هەموو ئەو شتانەیە کە بەردەوامو نەمرن ... هەروەك پێویستە ئاماژە بەوەیش بکرێ کە ئەم روو

بەرووبوونەوە دوالیزمییە تەنها دەنگدانەوەیە رووتە, بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەهێزە بۆ جەدەلییەتی رۆمانسیەت : کات دژی نەمرییە. شایانی باسە تیودور ئەدۆرنۆ (١٩٠٣-١٩٦٩) لە بۆدلێردا مژدەی نوێگەری رەچاوکردووە, لە راستیدا ئەدورنۆ لێرەدا رێگەی فالتر بنیامینی گرتووەتە بەر کە ویستوویەتی هەموو ئەوشتانە بخاتە روو, کە گرنگی باڵا باڵا دەبەخشێت بەو بۆدلێرەی کە بنیامین (بە یەکەم کەسی دادەنێت کە بە شێوەیەکی راستو دروست شارەزای ئەو هێزە خوڵقێنەرە بووبێت کە مرۆڤی توشی نامۆبوونی زاتی کردووە). هەروەها ئەدۆرنۆیش نوێگەری بودلێر لەو وێنەگەلانەی دۆزەخدا دەبینێ کە بۆدلێر دروستی کردوون, (دەروازەی جۆرییەتی نوێگەری لە هونەردا بەوە جیادەکرێتەوەو دەناسرێت کە ژیانی کارە هونەرییەکان لەسەر مردن دەژین). یان بە گوزارشتێکی تر ئەدۆرنۆ وادەبینێ کە نیشانەی وێرانکاریو دارمان ئەم نوێگەرییەی نیشانەکردووەو رەنگی تیادا داوەتەوە. ئا بەو جۆرە ئەدۆرنۆ شوێن پێی بنیامینی هەڵگرتووە لەوەدا کە بنیامین نوێگەری بەستووەتەوە بە مردنەوە بەڵام قارەمانییەتی کرداری نوێگەری لەوەدا دەردەکەوێتو بەرجەستە دەبێت کە لەژێر دروشمی ئەو خۆکوژییەدا بووەستێ کە واتای ئازایەتیو قارەمانییە نەك نەنگیو سەرشۆڕی ... دیارە خۆکوژی لە سەردەمی بودلێردا نیشانەی قارەمانی بووە.

**نوێگەریو کۆمەڵگای بەرهەمهێنری**

شتومەکلە تیورگەلەکانی تری بنیامین دۆزینەوەی نەزاعەتی (وازهێنانو قوربانییە), بەڵام بنیامین لە ئیشەکانی دوای خۆیدا ئەو ژیارە نوێیەی قبوڵکرد کە (سروشتی) تایبەتی خۆیو هۆکارگەلێکی وەها دەخوڵقێنێ کە بینی هەندێك لە لایەنە تایبەتییەکانی توانستییەتی بەسەر دووبارەبوونەوەی بەرهەمهێنان (واتە پرۆسەی زیادکردنو زۆربوون لە سروشتدا) وەك ئەم چەمکە دەبینین لای ئەو ئەدۆرنۆییەی کە پەیوەندییەکی نەپساو دەبینی لە نێوان نوێگەریو کۆمەڵگای بەرهەمهێنەری شتومەکدا, بە گوزارشتێکی تر ئەدۆرنۆ وەها دەبینێ کە لەدایك بوونی نوێگەری پەیوەندە بە سەرەتای پرۆسەی گۆڕانی شتومەکە بۆ فتیشات. جا بەگوێرەی ئەو بۆچوونەی ئەم شتە بەدەست دەهێنرێت چونکە نوێگەری لە گەڵێ رووەوە شتومەکە. دوور نییە مەبەستی ئەدۆرنۆ لەم قسەیە ئەوە بووبێت کە ئیشوکارە هونەرییەکان شتومەکێك نین کە لە کۆتاییدا ملکەچی یاساو سیستەمی بازاڕ بن بەڵکو کاری هونەری سروشتی وەهایە کە هەوڵئەدا پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا بپچڕێت کە بەرهەمهێنەری شتومەکە, بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبینین ناچار دەبێت کە کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی پێوەبێتو هەڵیگرتبێو تیایدا رەنگی دابێتەوە. با روو بەروویشی بووبێتەوەو دژایەتیو تەحەدایشی کردبێت. بەڵام هێندە هەیە ئەم نوێگەرییە بە تەواوی نابێتە شتومەك ئەمەیش لەبەر

هۆیەکی بچوك : ئەویش ئەوەیە کە نوێگەری کەسێك هانئادات بیکڕیّو بازاڕی خۆی گەرم ناکات بەڵکو نوێگەری بەدەستی ئەنقەست چالاکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆئەوەی ئەو جازبیەتە لەخۆی قەدەغە بکات کە بەبێ بوونی ئەو جازبییەتە هەموو کاڵاو شتومەکێك دەمێنێتەوەو سەرفنابێت و کەڵەکە دەبێت ئەدۆرنۆ وەها دەبینێ کە هونەری نوێ (دیارە مەبەست لە هونەر هەموو جۆرەکانی دروستکردنە نەك تەنها هونەری شێوەکاری وەك لە کتێبەکانی ئێمەدا باوبڵاوە) دەشوبهێ بە هەرچی ئەو شتانەی ئێستا لەناودانو ئێستا گەرمو بەرجەستەکراونو هەروەها ئەوانەیش کە نامۆیین. لەراستیدا هونەر لەڕێگای هەموو ئەوشتانەی کە لاڵو بێدەنگن قسەناکات بەڵکو بەهۆی ئەم لاسایی کردنەوەیەوە (میمیسیس)، لێرەدا لێنەبووردنی لە بەرامبەر هەموو جۆرەکانی خاوێنیو بێتاوانی (البراءة) ئابەم شێوەیە ئەم هونەرە لە لایەکەوە دژی هەموو پرانسیپێکی (مبدأ) ئاڵوگۆڕی شتومەك دەوەستێت، لە لایەکی تریشەوە دژی بەهای سودمەندی (النفعیە) کاتێك رێنادات چەژ بەردەستە بکرێت. بەڵام لە راستیدا ئەمانە هەرهەموو لێکۆڵینەوەو پشکنینو وردو تەواونین. چونکە هەموو هونەرێك لایەنی شتومەکیو ملکەچی تیادایە بۆ ئاڵوگۆڕی بازاڕ. خەسڵەتێکی تری نوێگەری ئەوەیە داخوازگەلێکی تازەیە (متگلبات الجدە) هەروەها ئەدۆرنۆ لێرەدا ئاگای لە پەیوەندییەکی تر نییە کە لە نێوان هونەرو شتومەکدا هەیە.

تازە بابەتی (الجدە) لە بەرهەمدا لە پێناوی بازاڕدا تا ئەوپەڕی پلە پێویستەو خوازراوە. هەرچەند کە هەندێکجار شتومەکی کۆن زۆر جیاوازی نییە لەگەل شتومەکی تازەو نوێدا. ئاشکرایە کە هونەرمەند ناچارەو پێویستە گرنگی بە داهێنراوەکانی سەردەمی خۆی بدات لە هەموو بوارەکانداو هەروەها سوودیان لێوەرگرێت لەوانە مۆدێل ... لێرەدا ئەدۆرنۆ جیاوازی نییە لەگەڵ بیرمەندانی تردا تەنها لە رووی راڤەوە نەبێت، بۆ نموونە لە دانراوەکەیدا کە ناسراوە بە (احوال التنافر الموسیقی فی عالم مدار) دەنوسێ (هەرکەس گوێ لە بتهۆڤن بگرێت تێبینی دەربازبوونی بۆرژوازییەت نەکاتو هەروەها تێبینی هەوڵو کۆشش نەکات بۆ پێکهاتەی بارودۆخی تاك رەوی). هەرچی هەست بە هەموو ئەم شتانە نەکات ئەوە دیارە تەنها تایبەتمەندێکی فکر بەستوی دوگمائی نییە سەیری ئەو سەردەمەی خۆی بکات کە ئەو مۆسیقا گەورەیەی تیادا دەرکەوتووەو کاریگەری هەبێت لەسەری، بەڵکو ئەو کەسە ئەوەیە کە بەردەوام کەڕو لاڵە بەرامبەر هەموو ئەو واتانە هەروەها ئەوە (ئەو کەسەیە کە مۆسیقا کورتدەکاتەوە بۆ یاری شێوەگەلێکی دەنگی بەتاڵ) هەروەها دەخوێنینەوە : (لە نێوان مۆسیقاو کۆمەڵگادا پرۆژەگەلێکی پیشەسازی پێشکەوتوو هەیە کە بە شێوەیەکی هەستپێکراو ئەو عەقڵانییەتە بەدەست دێنێت کە پێشکەوتن دەگرێتەبەر هەروەها مۆسیقا لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا ئەو فاکتەرانەی

خۆی وەردەگرێت کە لە راستیدا فاکتەری تایبەتی خۆیشی نین بەڵام لەسەر رێکەوتنێکە لە نێوانیاندا). خوێنەری ئەدۆرنۆ لە هیچ کتێبێك لە کتێبەکانیدا ئەوەی دەستناکەوێت کە ئەدۆرنۆ بە وردی چەمکی هێزەکانی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگای دیاری کردبێت. بۆیە هەموو ئەوەی کە دەتوانین لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە ئەدۆرنۆ تێبینی ئەو کاریگەرییەی کردووە (دیارە ئەمیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ) کە ئیشوکارە کۆمەڵگاییەکان دەیکەنە سەر ئیشوکاری هونەری. هەروەك باسمان کرد بەلای ئەدۆرنۆوە نوێگەری بە بۆدلێر دەستی پێکردووە واتە لە سەردەمی گەشەکردنی سەرمایەداریدا هەروەك هەتا ئیمرۆش هەر بەردەوامە واتە ئەدۆرنۆ تەواوی ئەم سەردەمە راڤە دەکات وەك سەردەمی توونـدبوونی نامۆبوونی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی بە کۆیلەکردنی کۆمەڵ.

**نزیك بوونەوە لە مارکسو هەروەها دوورکەوتنەوەیش :**

ئەدۆرنۆ پێویستییەکانی تازەبابەتیو نوێگەری بە چەمکی هێزەکانی بەرهەمهێنەرەوە گری دەدات. دەکرێ ئیشی هونەری نوێ بێت بە مەرجێك لە شتە نوێیەکان هەڵێنجرابێت. ئەدۆرنۆ دینامییەتی تازە بابەتی بە لەناوبردنی دابو نەریت (التقالید) هەروەها هەست نەکردن بە لاسایی کردنەوە راڤە دەکات بەبێ ئەوەی ئەم وێڵکردنی تەقالیدە لەژێر گوشاری ئیختیباراتی هونەری تەقەنییەتدا بێت لەو کۆمەڵگایەدا (نموونەی جێبەجێکردنی ژیاری تەقەنی هاوچەرخ) کە لە جەوهەردا هیچ پەیوەندییەکی بە تەقالیدەوە نییە دیارە دابو نەریت دەبێت دابو نەریت ئیستیتیکیەتە (التقالید الاستیتیکیە) پێشتر ئەمە جێگای گومانە. لە راستیدا مەرجەعییەتی تازەبابەتی مەرجەعییەتێکە کە لە رووی مێژووەوە وەلا نانرێت. مەبەستی ئەدۆرنۆ لەم مەرجەعییەتە گومانێکی مەبدەئییە لە بەهای دابو نەریت (التقالید). ئەوەیش لەم رۆژەدا نە بەڵگەیەو نە مەحەکیشە بۆ حەقیقەتی هیچ ئیشێك لە ئیشەکانی هونەر، بەم شێوەیە گرنگییەتی پێشەنگی دیاری دەکرێت، جا هەر پێشەنگییەك بێت، ئەوە لابردنی کێشەو کۆسپەکانی رێگایە هەر هەموو ئەو کۆسپانەی کە رێگا دەگرن. لە راستیدا لێرەدا کێشەکە تەنها هەر ئەوەنییە کە دابو نەریتەکان تازەبابەت رەتدەکەنەوە بەڵکو لەگەڵ ئەوەیشدا رابردوویش دەخنکێنێت لەبەر ئەوەی دابو نەریتەکان ئەوەی لە کۆندا هاتووەتە ئاراوە بە دۆگمائی وەك مۆمیا کراو دەیهێڵنەوە بە بەردەوامی. بۆیە ئەدرنو دەڵێت : ئەم نەریتییە لەبیری دەچێتەوە کە هەموو ئیشە هونەرییەکان رۆژێك لەرۆژان تازەبابەت بوون هەروەك لە هەندێك کاتو سەردەمدا رووبەرووی نەریتەکان (اتقالید) وەستاون دەکرێ هەڵوێستی ئەدۆرنۆ بەرامبەر بە نەریتەکان کورتکەینەوە بەم رستەیە : پابەندبوون بە نەریتەکانەوە لەرێگای هەڵوێستێکی سلبی بەئاگا دێتە جێ لەو روو بەرووبوونەوەیەدا.

ئەدۆرنۆیش هەروەك زۆربەی ئەو بیرمەندانەی قوتابخانەی فرانكفۆرت كە هەڵیانبژاردووە, لەو شتانەی هەڵیانبژاردووە, ئەفكارەكانی خودی ماركسە كە ئەوەیە پێویستە لەسەر هونەر خۆی بلكێنی بەو دۆزانەوە كە ژیاری هاوچەرخی لاوازو شەكەت دەكات چونكە (ئەگەر هونەر وەها نەبێت ئەوە دەبێتە جۆرێك لە بەربەرییەت) دیارە ئەدۆرنۆ بەدرێژی باسی چۆنیەتی ئەو پێوەلكاندنە دەكات كە مەیلكردنی تاقیكردنەوەش لە هونەر دەرناكات بەلام ئەوەندە هەیە جەخت لەسەر ئەو مۆركە تایبەتییە دەكات كە تاقیكردنەوە هەیەتی لە هونەردا ئەویش بۆ نموونە ئەو جیاوازییە كە تایبەتە بە زانستەوە. لێرەدا ئەدۆرنۆ پێچەوانەی ئەفكارەكانی بریختە كە دەڵێت : زانایانو هونەرمەندان هەموو لەسەر یەك ئاستو وەك یەك بەرپرسیارن لە دەرئەنجامی تاقیكردنەوەو توێژینەوە و تیۆرەكانی خۆیان. ئەدۆرنۆ نە نیچەو نە شینبیرغی مۆسیقایارو نە بینهای همری فیزیایی نە گەورە زانایانی تر بەوە دانانی بەوەی كاریان لەسەر (نامرۆڤایەتی) ژیاری هاوچەرخ كردووە, ئەدۆرنۆ پێی وایە كە دەستبەكاری ئەزموونو تاقیكردنەوە (التجریب) بەبی بەكارهێنانی هزری بیناكردن دیارە ئەمە هزرێكی پۆزەتیڤە. مەرجی تاقیكردنەوە رێكخستنی ژیرانەیە بۆ دەستپێكردنەكان زیاد لەسەر ئەوەیش ئەو دەستكەوتانەیە كە تایبەتن بە بەرهەمە چاوەڕوانكراوەكانی تاقیكردنەوەكە. هەروەها ئەدۆرنۆ دەڵێت ئەم رێكخستنە بیناكردنە, مەبەستی ئەوەیە كە تاقیكردنەوەیەكە ئەنجامەكانی ناناسرێن. ئەدۆرنۆ دەنوسێت چەمكی بیناكردن كە یەكێكە لە چەمكە بنچینەییەكانی نوێگەری كە هەمیشە پێوستی دەكات رۆڵی یەكەمی بدرێ بەو كارگەلانەی خولْقاندن كە لەسەر خەیاڵی زاتی دامەزراون بە گوێرەی بۆچوونو تێڕوانینی ئەدۆرنۆ بیناكردنو دامەزراندن داخوازی شیكارگەلێك دەكات كە لە توانستی خەیاڵدا نییە بە شێوەیەكی راستەوخۆو بە هەموو هێزو توانایەوە دەست بەسەریدا بگرێت نە بە چاو نە بە گوێ. ئابەم شێوەیە جۆرێكی تازەو نوێ سەرهەڵئەدات, هەروەك هونەرمەند هەست بەوە دەكات ئەو تەكنۆلۆژیایەی دەستەبەری كردووە خودی ئەو تەكنۆلۆژیایە دەسەڵاتی لەو قەدەغەكردووە, جا ئەم حاڵەتە واتە (بێدەسەڵاتی — لا السلطة) بۆ ئەو بووەتە بەرنامە ... هەروەك ئەدۆرنۆ دەڵێت : لە راستیدا مۆسیقای نوێو هونەرە شێوەكارییەكانو ئەدەب خۆیان لەسەر لێوارێكی وەها دەبیننەوە كە دەكرێ ناو بنرێ بە هونەر, دوای ئەوەی كە رێكەوت یان رووداو بوو بە رەگەزگەلێكی بنچینەیی ب پەیكەرەكەی.ئەوە كارێكی روونو ئاشكرایە ئەوەی كە بەدەستهێنراوە ئەنجامی مەیلكردن نییە بەرەو نا هونەری (اللا فن) وەك ئەدۆرنۆ نیگاو ئاماژەی بۆ دەكات بەڵكو دەرئەنجامی گەڕانە بۆ وەزیفەیەكی نوێ لە كۆمەڵگای ئەمڕۆدا, ئائەم هونەرانە جێگاو شوێنەكۆنەكانی خۆیان لەدەستداوە لەبەر بەرژەوەندییەكی

تری (سولّتەوی) وەك ئیستگەو فیلمو تەلەفزیۆنو هەروەها ئەو شتانەی ناودەنرێن بە هونەرە پیشەسازییەکان.

**دژایەتیو ناکۆکی لە بری هارمۆنی**

ئەدۆرنۆ پێی وایە لە نیشانە گەورەو دیارەکانی نوێگەری ئەو مەبدەئی ناکۆکیو دژایەتییەیە کە وەك ئەدۆرنۆ دەڵێت دەیبەخشێ بە ئیشی هونەری لە ناوەوە ئەوەی کە سوسیولوجیا بازاڕی ناودەنێ نامۆیی کۆمەڵایەتی (الاغتراب الاجتماعی) هارمونی بەلای ئەدۆرنۆوە تەنها وەهمێکی رووتە بەڵکو رووکەشکردنی واقیعی گەوهەرییە. ئەم هارمۆنیە لە سەردەمی ئەو بۆدلێرەوە نابووت بوو کە شەوەزەنگەکانی رامالّی، ئائەمە وەك خستێ روو هێزێکی راکێشانە وەك دژی گریمانێ بۆ روویەکی فیلاّویو حسی، رووی کەلتور. دژایتیو ناوازە (النشاز) چەژێکی زۆر گەورەتری هەیە لەوەی کە هارمۆن دەیهەژێنێ، هەروەك ئەمە (رێگائەدا بە راستکردنەوەی حساب لەگەڵ ئەلهیدوبیەت). لە راستیدا ئەدۆرنۆ هەموو ئەو هێزو چەمکانەی بۆ مۆسیقا تەرخانکردبوو سەحبی کردەوە لەسەر تەواوی دیاردەی هونەری، هەروەك دەڵێت کۆششو تەقەلای هونەری نوێ ئەوەیە کە بە تەبیعەت ببچڕێ لە سوڵتەی گشتگیری داپلۆسەر. ئەم هونەرە دژی ئەو جیهانەیە (کە بە شێوەیەکی بەردەوامیو ئەبەدی خودی ئەو شتە تیادا رووئەدات) هەروەها خەسڵەتێکی تر لەو خەسڵەتانەی کە ئەدۆرنۆ دۆزییەوە لە هونەری نوێدا بەتاڵکردنەوەی هونەر بوو لە دیاردەکانی گەشەکردنی درۆ.

لە نوێگەرییدا هەوڵو تەقەلایەکی بنچینەیی هەیە : ئەو هونەرەی کە هیچ بەهایەك نادا بە چەقبەستنو دینامییەت، لەم رووە نموونەیەك دەخاتە پێشچاو بە ئەدەبی بیکیت کە گرنگییەکەی لە چالاکیو جوڵاندایە لە فەزایەکی بچوکدا بەڵام بێ کۆتایی ... لە خاڵێکدا کە کۆتایی نییە. ئابەم شێوەیە هونەری نوێی لە هەناوی خۆیدا تۆوی دژایەتی هەڵدەگرێت ئالەم جێگەیەدا : دینامییەت لە کۆتاییدا بەرەو چەقبەستن دەڕوات. لە هەموو ئەو شتانەی خرانە روو ئەوە وەبەرهەم دێت کە نوێگەری کۆتایی نایەت بە گوێرەی چەمکی ئەدۆرنۆ. بە دڵنیایی قسەکردن لە کۆتایی هاتنی نوێگەری دروستە ئەگەر هیوا دابەزێت بە هاتنی جیهانی شتومەكو نامۆبوونو عەبەسییەتو ناعەقڵانی. لەراستیدا تیورەکەی ئەدۆرنۆ دەگاتە چڵەپۆپە لە چەمکی ئەو عەبەسییەتەدا کە وەهای بینی شێوە هونەرییەکە بتوانێ بە شێوازێکی گونجاو گوزارشت لە پارچە پارچەکردنی جیهانو بۆگەنکردنی بدات.

ئاشکرایە ئەدۆرنۆ دوای لێدانی جیهان لەلایەن هێتلەرەوەو نمایشکردنو پیادەکردنی سەربازگەکانی مەرگو تراجیدیاکانی تر لە (سەماکانی مەرگ)دا ئەدۆرنۆ وتی : گرانە گەڕانو پشکنین بەدوای واتادا لە مێژوودا. ئابەم جۆرە ئەدۆرنۆ پێی وایە کە هونەر ناتوانێ خۆی دوور بگرێ لە روو بەرووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئەو واتایەدا کە نایەوێت وشەیەکی

بەتاڵ بێت لەو کاتەوە کە مەترسییە کوژەرە قەلاچۆکەرەکان باڵی رەشیان کشاندووە بەسەر جیهاندا وەك جەنگی ئەتۆمی ...هتد لەم رۆژگارەدا ناتوانرێ بەرنامەی عەبەسی وەرنەگیرێو پەیڕەونەکرێت, تاکە ناسنامەی مەعقول بۆ ئیشوکارە هونەرییەکان ئەوەیە (مل نەدا بۆ چەمکی واتە) بەڵام ئەمە ئەو واتەیە نادا کە پێویستە لەسەر هونەر ئەم قەیرانە پێشکەش بکات وەك ئەوەی کە بێ واتای (اللا معنی) بووە بە واتایەکی پۆزەتیڤی نوێ (چونکە ئەم حاڵە دەشوبهی بەوەی بانگەشەی دانیشتوانی دۆزەخ بکەین بۆئەوەی وا هەستبکەن لە مامەڵەکانی خۆیاندا دەژین..) دیارە بۆ نموونە شانۆی عەبەسی بە تەنها ئەرك و رۆڵی لەوەدا نییە بە ئاشکرا هاواربکات : هیچ جۆرە واتایەك لە ئارادا نییە بەڵکو (جوانی دڵفڕێنی شانۆکانی بیکیت لەوەدایە کاتێك بێواتای (اللا معنیٚ) پێشکەش دەکات لە خاڵێکدا دەوەستێ کە لە (واتا دەچێت) بە گوزارشتێکی تر واتا لە بێ واتاییدا دەبینێ (المعنی فی اللامعنی) دیاردەی درۆ لە واتادا خوڵقێنەری ئەوەیە کە ناودەنرێ بە رێکخستنی ئامانجی (التنظیم الغائی) — (تیلیوجی: هەموو شتێك لە سروشتدا بەرەو ئامانجێك دەڕوات. ئەرستو) بۆ ئەو واتانەی ئیشی هونەری دەیانگرێتە خۆی. لێرەدا نموونە زۆرە لە ئیشەکانی (کافکا) و (بیکیت)دا. پاڵەوانی ناو ئیشەکانیان کۆشش دەکەن لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و بەخشینی واتا بە کارەکانیان بەلام ئەنجامەکەی ئەو نەبوونی هیچەیە (اللا شیء) کە ئەدۆرنۆ بە پۆزەتیڤ وەسفی دەکات, چونکە ئەم نەبوونە (العدم) تەواو ناوەڕۆکی لێ داماڵیوە ... لە کتێبەکەیدا کە ناسراوە بە (دیالیکتیکی رۆشنگەری) عەبەسییەتی بارودۆخ رەچاو دەکات لە کاتێکدا دڵڕەقیو زۆرداری سوڵتە پەرەدەستێنێو زیاد دەکات, لە هەموو هەنگاوێکدا دژی خەڵکییە کە زەبرو زەنگی سروشت رزگاریان دەکات عەقڵی کۆمەڵگایەکی کامڵو زرنگ وەك شتێکی لەناوچوو دوابراو پیشان دەدات. ئەدۆرنۆ لە وتارێکیدا کە ساڵی ۱۹٦۱ بڵاویکردەوە لەسەر شانۆگەری بیکیت کۆتایی (النهایە) پێیوایە ئەم شانۆگەرییە کلێشەیەکە لەو کلێشانەی کە دەست دەدات بۆ دەستپێکردنی مێژوو کۆتاییەکەیشی. لە شانۆگەرییەکەدا سروشت تەواو نادیارە وەك نەیارێکی تەقلیدی بۆ مێژوو لەوێدا هیچ شتێك نەماوە تەنها ئیشەکانی مرۆڤو دەرئەنجامەکانی نەبێت, لای بیکیت بوون میتافیزیقی لەدەستداوە بووە بە بوونەوەرێکی ئاژەڵیو لە هەمووواتایەك بێبەشکراوە هەروەها کەمدەبێتەوەە بۆ شتێك کە تەجریدی بێتو لە هەموو جۆرەکانی بەتاڵتر بێت. خۆ ئەگەر بێتو جۆرێکی ئەنسۆلۆجی دیاری نەکراو بێت ئەوە راپێچکراوە بۆ حاڵەتێکی عەبەس, وەك ئەدۆرنۆ دەڵێت : ئەنسۆلۆجیا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێك کە لە نەژادێکی باسۆلۆجییە بۆ ژیانێکی رووکەشکراو. ئابەم شێوەیە (هزری رێبەر) لای ئەدۆرنۆ ئەوەیە کە پێویستە رووبەرووی جیهانی رووکەشکراو ببێتەوە بە چەکی عەبەسەوە.

بێگومان ئەم روو بەرووبوونوەیە لە بواری هونەریشدا روویداوە, بەڵام هێندە هەیە کە ئەدۆرنۆ لە ئیشەکانی ئەم دواییەیدا ئەوەی پێباش بوو کە عەبەس بە ئاکارێکی جەوهەری دانێت بۆ هەموو هونەرێك.

## فەلسەفە بۆ تێگەیشتنە لە تێنەگەیشتراو نەك بۆ واتا روونەکان

ئەوەی زۆر هەژێنەرو گرنگە لای ئەم بیرمەندە ئەڵمانییە تێڕوانینە تایبەتییە باڵاکەیەتی بۆ رۆڵی گرنگی فەلسەفە. لە وتارێکدا دەنوسێ : گرنگی فەلسەفە کوتومت ئەوە نییە کە تیشك بخاتە سەر چەمکە ئاڵۆزە تێنەگیشتراوەکان بەڵکو پێویستە لە شتە بێواتاکان تێبگاتو واتایان لێ دەربهێنێ. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەردەوامی شتەکە تەنها لەبەر ئەم هۆیەو هیچی تر لە توانستی فەلسەفەی هونەرڕایە هەڵوێستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو شتە وەرنەگرێت. پرسیار لە چەمکەکە توندییەکی زۆر بەدەست دێنێ لەوەدا کە تایبەتە بە بەرهەمی هونەری ئەمڕۆوە.

ئەم پلەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیشی هونەری شتێکە کە قابیلی تێگەیشتنە, ئەگەر نەمانەوێ تێگەیشتنی دۆزە ناوخۆییەکە بگێڕین بۆ بەرەی دەستبەکار ئەوە ئێمە حوکمی رێژەیی ئەدەین بەسەریا, بەڵام ئەگەر هاتوو پێویستکرا لەسەر ئیشی هونەری گوزارشت لەو شتانە بدات کە دەرگایان بەڕووی تێگەیشتندا داخستووە ئەوە ئەو شتانەی لە هەناویدایەو خاوەن واتا پەرت پەرتیان دەکات. ئەوە ئەو کاتە تەواوی پلەکانی تێگەیشتنی تەقلیدی توشی شکاندنەوە دەبن دواتر تێڕامانی تایبەت بە سروشتی هونەری تەمومژاوی دێنە جیگاکەی. بەڵام ئەوەی ناوبراوە بە ئەدەبی نامەعقول (ئالەم چەمکە کۆکەرەوە گشتگیرەدا واتاگەلێك کۆدەبنەوە بە پلەیەکی وەها دژیەکن کە تەنها سوودێك لەم چەمکە حاڵی نەبوونی ئەو لێك تێگەیشتنەیە کە بەوپەڕی خێرایی بەدەستهێنرا) شایەتی ئەدا لەسەر چەمکەگەلێك وەك تێگەیشتنو واتاو ناوەڕۆکی هزری ئەمانە یەکسان نین لەڕووی گرنگییەوە. دیارە نەبوونی واتا دەبێتە مەبەستی ئیشی هونەری, لە دواییشدا ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی بەردەوامو یەکسان مسۆگەر نییە بۆ نموونە (کەرکەدن)ی ئیونسکۆ بەدەست دێت لەگەڵ ئەو وەرچەرخاندنانەیشدا کە بیری دروست هەڵدەوەشێنێتەوە واتە گۆڕانی خەڵکی بۆکەرکەدەن جەختی راشکاوو روون تا ئاستێکی چاك لەسەر شتێکی تر دەکرێت کە لە کۆندا ناوبنرێ فکرە : بەرگریکردنی بارەی مێگەل واتە بەرهەڵستی بەرامبەر تێگەیشتنی تایبەتو یەك لایەن بەجۆرێك کە دەتوانێ بیخاتە ڕوو, بەدڵنیایی کۆششو هەوڵی عەبەسی رادیکاڵی وەبەرهەم دێت لە دارشتنی بێ واتای (اللا معنی) میتافیزیقی لە زمانی هونەری خەیاڵئامێزی واتادا, لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی سارتەردا کە گوزارشتیداوە لە خودی ئەوئەزموونە میتافیزیقییە لە ئیشێکی دانانی (عمل تألیفی) ئەوپەڕی راستەوخۆو زاتەویی.

بەهەمان جۆر ئەدۆرنۆ پێیوایە واتاو ناوەڕۆکی میتافیزیقی نگەتیف لای بیکێت کاردەکاتە سەر دارشتنی کەرەستەی

ئەدەبی. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێت بەرهەم تێنەگیشتراو بێت. داهێنەر بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ناڕەزاییو بێزاری خۆی لە روونکردنەوەی رەمزە گومانلێکراوەکان, لە مانەوەدا بۆ قوتاربوون لەو تەقلیدەی کە پێشتر لە جێگایەکی تردا تووڕیداوە. لە نێوان واتاو ناوەڕۆکی میتافیزیقی نێگەتیڤی ئیشی هونەریو واتاو ناوەڕۆکە هونەرییەکەیدا پەیوەنییەکی دیاریکراو دروستدەبێت ئەو پەیوەندییە لەگەڵ هەموو شتێکدا بەرامبەرو چوونیەك نین. ئابەم شێوەیە پێشبینییەکەی ئەدۆرنۆ هاتەدی بەڵام نەك بە تەواوی, لەسەردەمی هۆکارگەلی گەیاندنی گشتیدا هونەر سیحرو رەونەقی لەدەستداو خەسڵەتەکانی کە بە شێوەیەکی تەقلیدی جەوهەرەکەی دیاریکرا پوکایەوەو نەما. واتە هەروەك کوتاڵو شتومەك کەرەستەی بەکاربراو کەڵك بڕاو هونەریش خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆی لەدەستداو بەمەیش گرنگیو نهێنیو شاراوەکاریو پێچوپەناو هێماکانی لێ داماڵراو مەزنی خۆی لەدەستچوو لە راستیدا لەمرۆدا هونەر تەنها یەك چارەی هەیە ئەویش ئەوەیە پەنا بباتە بەرخۆی, چونکە لە راستیدا هونەر رەتکردنی (التجاوزیە) توڕداو مامۆستایەتییەکەی لە دەستدا.ئەدۆرنۆیش وەك زۆربەی بیرمەندانی ئەم سەردەمەی ئێمە گرانە لەسەری پشتگوێ خستنی ئەو هەڵبژاردە نوێیەی کە لەبەردەم هونەردا قوتبوەوە : یان رۆچوون لە تاریکی بێ هونەردا (اللا فن) یان رۆیشتنو ئەوپەڕی دوورکەوتنەوە لە تاریکی دووهەمدا, تاریکی داخراو, دەرکردنی ئەو پەیوەندییە خاوە مێژووە دوورودرێژە.

لێکۆڵینەوە

# بەسەرهات و ئاکارەکانی (گوتفرید لیبنتز ١٦٤٦-١٧١٦)ی فەیلەسوف

ئامادەکردنی
عەبدولخالد سابیر

گوتفرید لە شاری (لایبزگ) لە ئەڵمانیا هاتووەتە دنیاوە, باوکی یاساناس و مامۆستای وانەی ڕەوشت بووە لە زانکۆی ئەو شارەدا, لە تەمەنی منداڵیدا لە کتێبخانەکەی باوکیدا کتێبی دەخوێندەوە, سەرەتا کتێبی چیرۆك و مێژوویی و پاشان کتێبی زانستی و فەلسەفی. ئینجا چووە زانکۆ و لەوێ وانەی فەلسەفە کۆنەکانی بە جۆرێکی تایبەت لەسەر دەستی مامۆستایەکی ئەرستۆتالی بەناوی (تۆماسیوس) خوێند, هاوکات وانەی فەیلەسوفە سکولاستیەکانیشی خوێندو لەلای ئەوان شتێکی دۆزییەوە کە وەك خۆی دەڵێ (راستیی _جوامێری-یەکی شاراوەی هەیە کە دەبێت تازەکان لە پێشدا باسی بکەن و بە دوایدا بگەڕێن). لیبنتز سەرسام بوو بە فەیلەسوف (تۆما ئەکوینی). لە ساڵی ١٦٦٣دا لەسەر مەسەلەی سکولاستی بەناوبانگ بنەمای دەست نیشانکردنی دانا.

پاشان بەرەو زانکۆی (یینا) بەڕێکەوت و لەوێ وانەی بیرکاری لەسەر دەستی بیرکاریزان (فیگل) خوێند, پاشان چووە زانکۆی (ئەندرۆف) و لەوێ وانەی یاسای خوێند و هەر لەو زانکۆیەدا نامەی دکتۆرایەکی لەبارەی (گیروگرفتەکانی یاسا)وە بەدەست هێنا.

ئینجا بەرەو شاری (نۆرمبرگ) ڕۆیشت و لەو شارەدا چووە ناو کۆمەڵەی (رۆزنکریتزر) کە بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە (رۆزنکریتزر) لە ساڵی ١٣٧٨دا دروست ببوو. کۆمەڵەی ناوبراو بایەخی بە زانستە شاراوەکان دەدا. سەرباری ئەوانە لیبنتز دەستی دایە خوێندنەوەی کتێبە کیمیاییەکان و لە کۆمەڵەی ناوبراویشدا بوو بە نووسەر و بە درێژایی ژیانی خۆی بە تاقیکردنەوە کیمیاییەکانەوە خەریك دەکرد.

پاشان چوو بۆ شاری (میانس) و لەوێ لەساڵی ١٦٦٧دا وتارێکی پێشکەش بە میری ئەو شارە کرد کە تیایدا فەلسەفەی بەسەر یاسادا پێ جێبەجێ کردن بۆئەوەی بیکات بە زانستێکی دروست و ئاشکرا، هەر لەو دەمانەدا چەند نوسراوێکی یاسایی تریشی دارشت. میری شاری ناوبراو لە ساڵی ١٦٧٠دا بە پلەی راوێژکاری ئەنجومەنی باڵا لیبنتزی دامەزراند، گەرچی هێشتا لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوو.

ناوبراو کاری لە پرۆژەی چاککردنی زانستی یاسایی و کۆمەڵە یاساکان و فەلسەفە و زانستی سروشتدا دەکرد. هەر لەو کاتانەدا پێشنیارێکی خستە بەردەم پاشای فەرەنسا (لویسی چواردەهەم) بۆ گرتنی وڵاتی میسر و تێکشکاندنی هێزی تورك تیایدا بە بیانوی لەناوبردنی دوژمنان —ناحەزان—ی رۆشنبیری نوێ، هەروەها ویستیشی پاشای فەرەنسا رازی بکات بەوەی گۆڕانکارییەك بکات لە سوپاکەیدا لە ئەڵمانیا، چونکە ترس‌وسام خەڵکەکەی داگرتووە — خەڵکی ئەڵمانیا — بەهۆی زەبروزەنگی سوپاکەیەوە. بۆ ئەم مەبەستە میری شاری (میانس) لیبنتزی لە ساڵی ١٦٧٢دا رەوانەی پاریس کرد، بەڵام لەم کارەیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، پاشان بەرەو (لەندەن) کەوتە رێ و لەو شارەدا سێ مانگ مایەوە کە رێکەوتی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ١٦٧٣ی کرد، لەو ماوەیەیدا بە زاناکانی ئەو شارە ئاشنا بوو، ئینجا بەرەو پاریس گەڕایەوە و هەر لەگەڵ گەیشتنی بەو شارە پێگەیەکی — پلەوپایەیەکی — لەباری بۆ رەخسا، هەروەها لەو شارەدا دەستیدایە وتنەوەی وانەی بیرکاری و دانراوەکانی زانا (باسکال)یشی بە زاناکانی فەرەنسا دەگووتەوە و بۆی باس دەکردن، سەرەڕای ئەوانە فەلسەفەی دیکارت و نوسراوی لاهوتی سیاسی (سپینۆزا)شی دەخوێندەوە.

ئالەو ماوەیەدا ئامێرێکی ژمێریاری دروستکرد کە کاتی خۆی باسکال بناغەی بۆ دارشتبوو، بەڵام ئەم پەرەی پێدا و کۆکردنەوە و لێدەرکردن و لێکدان و دابەشکردن و هەتا هەندێك لە رەگە بیرکارییەکانیشی بۆ زیادکرد.

هەر لە ساڵی ١٦٧٦دا ژمارە جیاوازە بیرکاریەکانیشی دۆزیەوە و ئەو دۆزینەوەیەی بە نوسینێك رەوانەی یەکێك لە زاناکانی شاری لەندەنی بە ناوی (ئۆڵدنبرگ) کرد، پاشان وەڵامی ئەوەی بۆهاتەوە کە زانا نیوتن گەیشتووەتە بیردۆزی گشتی تر لەو بوارەدا، ئەو وەڵامە رێی لە لیبنتز نەگرت، بەڵکو بەردەوام بوو لەو کارەیدا هەتا گەیشتە ئاستی بیردۆزەکەی نیوتن، لە نێوان دۆزەرەوەکان — المكتشفين —دا مشتومڕێکی توند پەیدا بوو لەسەر ئەوەی کە کامیان پێشکەوتووترە لەو بوارەدا، نیوتن یان لیبنتز، دۆزینەوەکەی نیوتن دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٦٦٥.

هەریەکە لەو دووانەش دۆزینەوەکانیان شێوەیەکی تایبەت و رێڕەوێکی تایبەتی لەخۆ گرتبوو، بەڵام دۆزینەوەکەی لیبنتز زۆر بە پێزتر بوو، هەردووکیشیان قەرزاری لێکۆڵینەوە بیرکاریە پێشینەکان بوون.

میری میانس پێش ئەوەی بمرێت، پایەی دەستپاکی کتێبخانەی (دۆق هانۆڤەر)ی لە ساڵی ١٦٧٦دا بەخشی بە لیبنتز و ئەویش ئەوەی قبوڵ کرد. پاش مردنی میر لە پاریسەوە بەرەو لەندەن کەوتە ڕێ و لەوێ هەفتەیەك مایەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ بیرکاریزان (کولنز) کە هاوڕێی نیوتن بوو پەیدا کرد، لەوێشەوە چوو بۆ ئەمستردام و چاوی بە (سپینۆزا) کەوت و لە نێوانیاندا گفتوگۆی فەلسەفیانە هاتە ئاراوە و هەر لەوێش کتێبی (رەوشت)ی خوێندەوە. لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا گەڕایەوە بۆ هانۆڤەر، لەوێ ڕێزێکی گەورەی پەیدا کرد و پەیوەندی بە هەموو ڕووداوە مەزنە ئەورووپییەکانەوە کردو کاری لە دانانی مێژووی ئەڵمانیا و بواری فەلسەفەدا کرد، هەوڵی ڕێکخستنی هەردوو ئایینزا (مژهب)ی کاسۆلیکی و پرۆتستانتیدا و لەلایەکی تریشەوە هەوڵی یەکگرتنی کەنیسە پرۆتستانتیە جۆراوجۆرەکانیشی دا بە مەبەستی هاندانیان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان. هەروەها بۆ (پوترسی گەورە)ی قەیسەری روسیاش پرۆژەیەکی فراوانی خستە بەردەم بۆ چاککردنی وڵاتەکەی، بەڵام لەو کاتەدا فەرمانڕەوایی لە شاری هانۆڤەردا گۆڕانی بەسەردا هات و بەمەش بەرە بەرە دەسەڵاتی لیبنتز بەرەو کزی دەچوو هەتا وایلێهات بە تەواوەتی پوکایەوە، لە ئاکامدا توشی نەخۆشی بوو پلەو پایەکەشی لەدەست چوو. دانیشتوانی ئەو وڵاتە و هەندێك لە پیاوانی کۆشك بەبێ باوەڕیان دایە قەڵەم، گەرچی لە هزری ئاینیدا قاڵ ببوو، بەڵام کاری خواپەرستیی نەدەکرد تەنها بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن نەبێت، ئەگەرچی یارمەتی یەکگرتنی کەنیسەکانی دەدا، بەڵام زۆر پەیوەست بوو بە ئاینی سروشتییەوە نەك بە ئاینی رەوانەکراوەوە. ئەو داوای لە کەنیسەکان دەکرد کە هەندێك باوەڕ لاببەن یان چاککردنی تێدا بکەن، چونکە بەهای خودی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە بەسەرچووە.

ئەوکاتەی مرد هیچ کەسێك لە پیاوانی ئاییني ئامادەی ناشتنەکەی نەبوون و کەسیش لەدوای تەرمەکەیەوە نەڕۆیشت تەنها ئەو کەسە نەبێت کە نوسینەکانی بۆ دەنوسیەوە. وەك کەسێکی ڕێگر نێژرا نەك وەك مرۆڤێك کە وڵاتەکەی رازاندووەتەوە یان خزمەتیکردووە، هەروەها کۆمەڵەی زانایانی بەرلین ئامادەی ناشتنەکەی و پرسەکەشی نەبوون. کە لە دواییدا ئەو کۆمەڵەیە بوو بە ئەکادیمیای بەرلین و هەر ئەویش یەکەم دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی بوو لە ساڵی ١٧٠٠دا. جگە لەو کۆمەڵەیە، کۆمەڵەی شاهانەی لەندەنیش بەشداری ناشتن و پرسەکەشیان نەکرد، چونکە ئەوەیان لێکدابوەوە کە لیبنتز رووبەرووی زانا نیوتن بوەتەوە، تەنها ئەکادیمیای زانستی پاریس بە زمانی نوسەری هەمیشەیی ئەکادیمیاکە (فۆنتنل)[1] بە وتارێکی بەناوبانگ لە ساڵی ١٧١٧دا یادی مردنەکەیان کردەوە.

زانایانی سەردەمی لیبنتز نەیانتوانی سەرژمێری کتێب و نووسراوەکانی بکەن لەبەر زۆری و پەرش و بڵاوبونەوەی لە رووی چاپکردنیشەوە ئەوەندە نەبوو کە باسی لێوە بکرێت و ئەویش دەچێتە پاڵ

دەستنووسەکانی، بەڵام دەتوانرێت بووترێت کە کتێبە چاپکراوەکانی گرنگ بوون، چونکە لەدواییدا چاپکران و کتێبە چاپکراوەکانی پێشوشی بریتی بوون لە هەوڵدان.

زۆربەی نووسینەکانی بە فەرەنسی و لاتینی بوون نەك بە ئەڵمانی، چونکە لەو کاتانەدا زمانی ئەڵمانی لە ئەوروپادا بڵاو نەبوو. لە کتێبە گرنگە فەلسەفییەکانی ئەمانەن :

١) تێرامان لە زانیاری و راستی و تێگەیشتن، لە ساڵی ١٦٨٤دا نوسیویەتی.

٢) وتار لەودیوی سروشتەوە، لە ساڵی ١٦٨٦دا نوسیویەتی، لەم کتێبەیدا باوەڕی خۆی بۆ یەکەم جار نیشان داوە.

٣) باوەڕی نوێ لە سروشت و پەیوەندی کردن بە گەردوون و رۆحەوە، لە ساڵی ١٦٩٥دا نوسیویەتی، لەم کتێبەیدا بۆ دووەم جار باوەڕی خۆی ئاشکرا کردووە.

لەو کاتەی کە کتێبەکەی جۆن لوك (هەوڵدان لە تێگەیشتنی مرۆڤانەیی) لە ساڵی ١٦٩٠دا دەرکەوت، لیبنتز چەند تێبینییەکی لەسەر ئەو کتێبە لە ساڵی ١٦٩٦دا رەوانەی (لوك) کرد، پاشان چەند وەڵامێکی بۆ هاتەوە و بەمە کتێبێکی گەورەی بەناوی (هەوڵدانە نوێیەکان لە تێگەیشتنی مرۆڤانەییدا) لە ساڵانی ١٧٠١ — ١٧٠٩دا نوسی. پاشان بە چەند بەشێك رەخنەی لە کتێبەکەی (جۆن لوك) گرت، بەڵام هەر لەو کاتانەدا لوك مرد و لیبنتزیش دەستی بە نوسینەوەکانیەوە گرت و پاراستنی و بڵاوی نەکردنەوە، بەڵام لەدوای مردنی بە پەنجاساڵ واتە لە ساڵی ١٧٦٥دا بڵاوکرانەوە. یەکێك لە کچە خوێندکارەکانی کە شاژنی (پروسیا) بوو داوای لە لیبنتز کرد کە وەڵامی (بیل)[٢] بداتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان شەڕ و سەربەستی لە لایەك و لەسەر دادپەروەری خوا و تواناکەی لەلایەکی ترەوە. ئەمیش لەو بارەیەوە کتێبێکی گەورەی نوسی بەناوی (هەوڵدانەکان لە دادپەروەری خوداییدا)، بەرواری ئەو نوسینە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧١٠، کە وشەی دادپەروەری خودا بە وشەیەکی ئاوێتەی یۆنانی (Theodicee) نیشان دەدات و ئەو وشەیەش وەك دەلالەتێك لەسەر خوا سروشتیەکان مایەوە، دواجارو بۆ سێهەم جار باوەڕی خۆی لە نوسراوێکی بچوکدا لە ساڵی ١٧١٤دا کە بۆ یەکێك لە میرەکانی ناردبوو بە ناونیشانی (مۆنادۆلۆجیا) دەرخست. ئەو کتێبانەی سەرەوە کە ناویان هێنران جۆرێکی تایبەتن لە ئاشکرا کردنی فەلسەفەکانی لیبنتز.

پەراوێزەکان :

١) فۆنتنل (١٦٥٧ — ١٧٥٧) لە بەناوبانگترین رووناکبیرانی سەردەمی خۆیەتی، گوێی نەداوەتە میتافیزیکیای دیکارت، گوێی بە زانستی لایی (زانستێکە لە یەکێکی ترەوە دەستی دەکەوێت وەك زانستی ژیربێژی "المنگق") و رێساکەی داوە کە دەڵێت (باوەڕ ناهێنم تا بە تەواوەتی بۆم روون و ئاشکرا نەبێت) ئەوەی وەك ئامرازێکی رەخنەیی لە دژی ئایین بەکار هێنا و ئەوەش بوو بە سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی سەدەی هەژدەهەم. دانراوێکی بەناوی (وتەکان لە زۆرینەی بونەوەرەکاندا)ی لە ساڵی ١٦٨٦دا بڵاوکردەوە کە بیردۆزی

(کۆپەرنیك) دەکات بە بەڵگەی باسەکەی لەسەر لەخۆبایی بوونی مرۆڤی پێشین کە خۆی لە ناوەندی گەردووندا داناوە و دەریشی خستووە کە ئەو زانستەی مرۆڤ هەیەتی بەشیی "نسبی"یە. کتێبی (مێژووی پێشبینیەکان)ی نکوڵی لە هەموو ئەوانە دەکات و لێکچواندنێك لە نێوان مەسیحیەت و بت پەرستیدا دەکات کە ئەوەش بە جێبەجێ کردنی رەخنەکانمانە (مەبەستی لە خۆیی و هاوتاکانی وەك خۆیەتی– و.) بۆ بت پەرستی لەسەر مەسیحیەت. نووسراوی (بنچینەی ئەفسانەکان) باس لە نەزانینی مرۆڤی پێشینە و زاڵبوونی خەیاڵ بەسەریدا دەکات و لەو دانراوەیدا مێژووی هەڵەی ژیری مرۆڤایەتیش دەخاتە بەرچاو.

٢) بییر بیل (١٦٤٧ – ١٧٠٦). ناوبراو زۆر سەرسام بوو بە (دیکارت)ی فەیلەسوف, بەپێی ئەو راگەیاندنەی دیکارت لەبارەی پێدانی ماف لە بیرکردنەوەیەکی سەربەستیانەدا بەبێ گەڕانەوە بۆ تێگەیشتنێکی روونی دیکە. بییر بیل لەسەر ئەو وتەیە زانیارییەکی زۆری کۆکردەوە و بەکاری هێنا بۆ پوچەڵ کردنەوەی بانگەشەی یارمەتی ژیری لە نێوان بیروڕا مرۆڤایەتییەکاندا. ناوبراو بە گومانەوە قسەی دەکرد و رەخنەی لە مەزهەبەکانیش دەگرت, گومانی لە موجیزە (المعجزە) و هەموو باوەڕەکان هەبوو, پەیوەندییەکی زەروریانەی لە نێوان ئایین و رەوشتدا نەدەبینیەوە, نکوڵی لە سەربەستی هەڵبژاردن دەکرد, رێگەی بەوە دەدا کە بەڕاستی گوێ بە ئایین نەدرێت, لە دژی شەڕ بوو لە جیهاندا و نکوڵی لە چاودێریکردنی "بەزەیی" خودایی دەکرد, نوسراوێکی بەناوبانگی بەناوی (فەرهەنگی مێژووی رەخنەیی) لە ساڵی ١٦٩٧دا نوسی, ئەو دانراوەی سەرچاوەیەك بوو بۆ رەخنەگرانی ئایین لە سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدەهەمی زایینی.

سەرچاوە/

١- تأريخ الفلسفة الحديثة. تأليف (يوسف كرم) الطبعة الخامسة, ١٩٦٩, مصر.
٢- قصة الفلسفة الحديثة. لجنة التأليف, ١٩٤٩, قاهرة.
٣- متعة الفلسفة , تأليف(هكتور هوتون) , ت.يعقوب يوسف أبونا, مراجعة. فخري خليل عزيز, ٢٠٠٢ بغداد.

شیعر

# نامۆییم و وەرزی گلۆباڵ

محەمەد ئەمین پێنجوێنی

خەزانە! گەڵاکان زەرد بوون وەکو ڕوو
سیس بوون، ئەوەرێن، ئەڕوخێن وەک مردوو
وەرزێ تر زستانە، بەفرەقژ سەرپۆشە..!
نامۆیی لەڕوح و لەهۆشە..!
تائێسقان هەتامۆخ چەقیوە نامۆیی
ئای گەنجە! ئای رەنجە بەفیڕۆ کەڕۆیی‌ئاین و ئایدیال دووتەوقی ئەڵماسی نەعلەتین!

چونەتە گەردنی چیایی کوردستان..!

بێفەرە, بێرەونەق وەرزەکان..

وەرزەکان..

کەهاتن هەموویان بەهاریان تیانەبوو

رەشەمەو سەرەتای پایز و زستان بوون

ڕیحانەو نێرگزو وەنەوشەو گوڵاڵەی تیانەبوو..

هەموویان

ئازارو ئافات و نووچدان بوون

وەڕینی خونچەو فرمێسکی گوڵدان بوون!

وەرزەکان شوماوی, قڕکەری شینایی!

بریقەی سۆماکوژ, لێڵکەری بینایی!

* **

تارمایی زۆر دوورە, تروسکە لەدورتر

غوربەت و نائومێد لەهیوا ئەستورتر!

* **

بارێکی گرانە

گەڕ بەدوای ونبوونی ئاسۆدا

لەم گەردەلولەدا گیان بەجیا, لەش بەجیا..

کۆستێکی هەرزانە

نسکۆدان لەم (دەمی) نامۆدا

بیر بەجیا, ژیربەجیا..

* **

ڕاڕایی‌و دوودڵی سمبوڵی وانەبوون!

پەیڕەوپڕۆگرام هیچ کامیان وانەبوون!

لەم تەمومژەدا, لەم ڕەوشە ئاڵۆزە

جاوەرە سەری داو لەم دۆزە بدۆزە!

* * *

هەرکەسێ (حەلاج)و ئاشقی ڕاستی بێت

ئەچێتە شەرای مەرگ یا ئەبێت بەپەری!

لەم ژەهرو هەنگوینەش حەقیقەت ئەچێژێ

حەقیقەت زۆرتاڵە هەنگوینیش کوشندە!

هەرکامیان تام بکەی...

بەزیندویی مردنە, نامۆیی تاراوگە پەرنگە

هاڤێبوون, گڵۆباڵ, دیاردەی سەردەمن

لەم وەرزە نەگریسە دووچەمکی هاودەمن

پاییزی۲۰۰۰

شیعر

# سۆفییەک و سێ بیلبیلەی باران

د. لەتیف محەمەد حەسەن

سێ چوار شەوو رۆژە
تەتەری شیعرێ
لەدەرگای ماڵی سۆزم ئەدا
منیش کلۆمی هەموو دەرگاو پەنجەرەکانم
داخستووە ...
خۆم گێل ئەکەم
واز ناهێنێ
پێی ئەڵیم : ئەی پەری
منی ئاشنا بە تۆو بێبەش لە تۆ
تۆبی خودا , هێندەی تر
مەمکە رەنجەڕۆ ...

من (...) بەرلەوەی بم
بۆتە رەنگی تان و پۆم

لە کوێ بم‌و بۆ کوێ بڕۆم
کاتی منداڵی ...
کاتێ بە دەوری کۆڵەکەی ژوورەکەمانا
بە دەوری حەوشەدا
بە دەوری گەڕەکی (حاجیحان)دا
بە دەوری سلێمانی‌و کوردستاندا
بابەخولێم ئەکرد ...
لەوکاتەوە تۆ
لەکاتی هەڵکشان‌و داکشانا
جیا نابیتەوە ...
چوویتە ناو یەکەم جانتای خوێندنگامەوە
لە پۆلی یەکەمەوە
پۆل بە پۆل لەگەڵمای
کارتی دەرچوون وەرئەگریت
هەر دێیت‌و دێیت
بەرەو ناوەندی
بەرەو ئامادەیی‌و زانکۆ
خۆتکرد بە هۆڵەکانی کۆلیجدا
لەنێو نیگای چاوی خورمایی‌و
تاڵ بە تاڵی قژو
خانە بە خانەی عەقڵ‌و سۆزی
ئەو دارچنارەدا
چوار ساڵ‌و بۆ تائەبەد
نیشتەجێ بوویت

ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبیت

ساتەکان داگیر دەکەیت

ئەچیتە ناو چرکەی هەموو کەژو ساڵەکانەوە

دەبیت بە هێڵی خوارو ژووری هەموو شوێنەکان

تەختی یادگارەکان ئەچنیتەوە

ئەیخەیتە ژێر ڕەشماڵی خۆتەوە

سێ دەنگ...

سێ پەری

سێ جیهان

سێ بیلبیلەی پاشەڕۆژ

سێ چرۆی خەندە

سێ درەختی باران

سێ بۆنی ڕۆژ

سێ چیای دەریا

سێ ئاسمانی سۆفییەک

سێ نامەی خوا

بووی بە خولگەی زەمەن

بووی بە چەقی بوون

ئای کە هاوڕێیەکی دڵسۆزی ئەی (...)

هەمیشە لەگەڵمایتو

کەچی

کڵاوڕۆژنەی یادگارت

لە ژوورێکی تاریکدا بۆ من دانا ...

دوو شەممە
11/10/2004
هەولێر

*   *   *

شیعر

# دەرفەتی گوڵی سوور

فریشتەی ساری
و. مەریوان هەڵەبجەیی



فریشتە ساری

چەندە تۆفان لە ئێمەدا بوو
هەروەها لە تێپەڕینمان
خەونی سنجاقەکێکیش
نەزڕا
چەند جێگای بەتاڵ
بەسەر نەخشی کراسی عیشقەوە بوو
هەروەها لێوی ئێمە
چ زوو بێ ڕەنگ بوو
چەندە دنیا ناتەواو مایەوە
کاتێ ئەو باڵندە غەمگینە
لەدەستەکانی ئێمەدا مرد
چەندە پاراو بووین و
دەرفەت نەبوو
گوڵی سوور
تەماشایەک بکات
لە ئاوێنەکەی ئێمەوە

شیعر

# فاڵی سێو

مەفتون ئەمینی
و. مەریوان هەڵەبجەیی

بەو زەردەخەنەی کە لە ئاوێنەدا دەم دی
توێکڵی سێوت لێکردەوەو بەدوای خۆتدا فڕێتدا
تاوەکو بگەڕێیتەوە
لەو سکێچەی کە دەرچووە , ژمارەی بەخت بخوێنیتەوە
بەڵام تۆ نەگەڕایتەوەو
مایتەوە
چاوەڕوان بووی
تاوەکو من کە لە دوای تۆوە بووم (شتێ بڵێم)
ئێستا
بێ ئەوەی سێوێ بە دەستەوە مابێ
یا توێکڵی سێوێ بەسەر زەوییەوە
هەمان چاوەڕوانی , بە جۆرێ ماوەتەوەو
کەسێکیش نییە لە دوای تۆوە دانیشتبێت . . .

چیرۆک

# شەوی بەخششەکان

خۆرخێ لویس بۆرخێس
لەعەرەبییەوە :
تەها ئەحمەد ڕەسول

ئەوە بەر لە چەند ساڵێك بوو کاتێك لە " گازینۆی هەڵۆ " ی شەقامێکی فلۆریدا دانیشتبووین و گوێمان لەم چیرۆکە دەگرت .. پێشتر باسمان لە مەسەلەی زانیاری و زانینەوە دەکرد ، یەکێکیان لەو تیۆرەی ئەفلاتوون دەدوا کە دەیوت ئێمە هەموو شتەکانمان لە ژیانێکی پێشووتردا بینیوەتەوەو واتای زانینیش ئەوەیە کە سەرلەنوێ شتەکان بناسینەوە .. وابزانم هەر ئەویش بوو کە وتی " بیکۆن " نووسیویەتی کە ئەگەر زانین یادکردنەوە بێت ئەوا نەزانین ئەو شتەیە کە بیردەچێتەوە .. کەسێکی تریش بەشداری باسەکەی کرد ، پیرێك بوو لەوە دەچوو هەست بە ونبوون بکات لەنێو میتافیزیکیادا ، بڕیاری دا خۆی هەڵقورتێنێ و لەسەرخۆ کەوتە ئاخاوتن ، ئەمەش ئەوەیە کە باسی کرد : لە ڕاستیدا من لە هەموو ئەم قسانە تێناگەم ، دەربارەی وتە ئایدیالییەکانی ئەفلاتوون ، کەسێك ئەوەی بیرناکەوێتەوە کە بۆ یەکەمجار ڕەنگی زەرد یان ڕەشی تێدا بینیبێت ، یان کەی بووە کە هەوەڵ جار تامی میوەی کردبێت ، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە زۆر بچوك بووەو بە مێشکیدا ئەو هەستانە تێنەپەڕیبن ...

بێگومان چەند شتێك هەن کە بۆ یەکەمجار ڕوویانداوەو بیرناچنەوە ، دەتوانم شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە لە یەکێك لە شەوانمدا ڕوویداوە ، ئەو

شەوەی کە بیرناچێتەوە ، ئەویش شەوی سی نیسانی ١٨٧٤ بوو ....

ئەو وەختە پشووی هاوینە درێژتر بوو ، بەڵام نازانم بۆچی تا ئەو کاتە درەنگە لە دەرەوەی بۆینس ئایرس مابووینەوە ، لەناو کێڵگەیەکی خەڵکی ناوچەکەماندا بووین ، کێڵگەی " ئال دۆرنا " کە نزیك بوو لە ناوچەی لۆبۆسەوە ، یەکێك لە لادێییەکان کە ناوی – ڕۆفینۆ – بوو چەند شتێکی گوندیی فێرکردم ، ئەو دەمە تازە پێم دەخستە تەمەنی سێزدە ساڵییەوە ، ئەو کەمێك لە من گەورەتر بوو ، لای هەمووان بەوە ناسرابوو کە هەڵەشەیەو سرکەو چالاکە ، کاتێك لاوەکان یاری کوتەکی گڕاوییان دەکرد ، هەمیشە بەرامبەرەکەی ڕوخساری بە ڕەشی سواغ دەدرا ، لەو هەینییەدا ڕۆفینۆ پێشنیاری کرد کە سبەی بچین بۆ شار تا هەوایەکی باڵی خۆمان بدەین ، بێ ئەوەی بزانم ئاکامەکەی چی دەبێت دەمودەست ڕازی بووم ... ئاگاداریشم کردبوو کە نازانم سەما بکەم ، ئەویش وتی سەماکردن شتێکە پیاو زوو فێری دەبێت .

ڕۆژی شەممە پاش شێوخواردن ، لە نزیکەی کاتژمێر حەوت و نیودا چووینە دەرەوە .. ڕۆفینۆ باشترین جلوبەرگی خۆی پۆشیبوو هەروەك ئەوەی بڕوات بۆ ئاهەنگێك ، چەقۆیەکی زیوینی تەپاندبووە پشتێنەکەیەوە ، منیش هەمان چەقۆم هەبوو ، بەڵام لە ترسی گاڵتەپێکردن هەڵمنەگرت لەگەڵ خۆمدا . هەر کە یەکەم ماڵمان بینی ، باوەڕناکەم خانووەکانی لۆبۆستان بینیبێت ، گرنگ نییە ، لە ئەرژەنتین داهیچ گوندێك نییە لەوەی تر جیاوازتر بێ ، تەنانەت لە بیرکردنەوەشدا ئەگەر جیاوازی بۆ پەیدا بکرێت ، هەموو گوندەکان هەمان ڕێی خۆڵیان تێدایە ، هەمان جۆگەلە ئاو .. خانووی نزم و ئەوەی ببێتە جێی سەرنج هەر ئەوەیە کە کەسێك بە سواری ئەسپەوە ببینرێت .

لە گۆشەیەکی شەقامەکە لاماندا ، لەبەردەم ماڵێکدا کە بۆیاخێکی شینی ئاسمانی یان پەمەیی کرابوو ، نیشانەی ئەستێرەیەکی لەسەر نەخشێنرابوو ، ئەسپەکان بە دارو کۆڵەکەکانەوە بەسترابوونەوەوزینێکی باشیان پێوەبوو ، لەنێوەندی دەرگا نیوە کراوەکەوە تیشکێکم بەدی کرد ، لە کۆتایی ڕاڕەوەکەشدا ژوورێکی گەورە هەبوو کە لە بەرەکانییەوە کورسی تەختەبەندی تێدا بوو ، لەنێوان قاچی کورسییەکانیشەوە چەند دەرگایەکی کراوە هەبوون کە کەس پێی نەدەزانین ، سەگێکی بچوك وەك ئەوەی سڵاو بکات پێم وەڕی ، لە ژوورەوەدا چەند ژن و پیاوێك دەهاتن ودەچوون و جلوبەرگەکانیان بە گوڵ نەخشێنرابوون .. ژنێك کە لەسەرەوە تا نووکی پێی ڕەش دەچۆوە وا هات بە خەیاڵمدا کە خاوەن ماڵەکە بێت ، ڕۆفینۆ سڵاوی لێکردو وتی :

– هاوڕێیەکی نوێم بۆ هێناویت ، بەڵام نازانێت سواری ئەسپ بێت .

ئافرەتەکەوەڵامی دایەوە :

– مەترسە زوو فێری ئەوە دەبێت .

هەستم بە شەرم کردو بۆ ئەوەی نەبمە جێی سەرنجییان ، یان وایان لێبکەم کە وەك کوڕێکی بچوك تەماشام بکەن ، لە لێواری یەکێك لە کورسییەکاندا کەوتمە دەستبازیکردن

لەگەڵ سەگەکەدا .. هەندێك مۆمیش لەناو شووشەیەکدا لەسەر مێزی موبەقەکەدا دەدرەوشانەوە ، هەروەها لەبیرمە کە ئاگردانێکیش دەکەوتە گۆشەکەی دواوەی .. تابلۆیەکیش بەسەر دیوارە بریسکەدارەکەوە بوو کە وێنەی حەزرەتی مریەم بوو .. یەکێکیان لەماوەی قسەکاندا قیسارەیەکی دەژەنی و بەو دەنگە بڕێك ناڕەحەت ببوو .. لەبەر شەرمکردن نەمتوانی ئەو پەرداخە جنەش ڕەت بکەمەوە کە گڕی لە هەناوم بەردا ، لەنێوان ئافرەتەکاندا سەرنجم دا یەکێکیان جیاوازتر بوو .. پێیان دەوت " دیل " شێوەی لە هیندییە سوورەکان دەچوو ، بەڵام ڕوخسارێکی جوان و دوو چاوی خەمگینی هەبوو ، پرچە هۆنراوەکەشی تا ناوقەدی شۆڕببۆوە ، ڕۆفینۆ سەرنجی لەوەدا کە من لێی
– دیسانەوە باسی هێرشی هیندییەکانمان بۆ بکەرەوە تا بێتەوە یادمان .

کچە هەروەك ئەوەی بە تەنیا بێت کەوتە قسەکردن ، تا ئەو ڕادەیەی هەستم بەوە کرد کە ناتوانێت بیربکاتەوە جگە لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە نەبێت هەروەها تاقە ڕووداوێك کە لە ژیانیدا بینیویەتی ، وتی :
– مناڵ بووم کە لە کاتامارکاوە هێنامیان .. چی دەربارەی هێرشی هیندییەکان بزانم ؟ لە سانتا ئێرین دەرکمان بەو شتانە نەدەکرد ، زۆر دەترساین ، بە نهێنیش وردە وردە فێربووم کە هیندییەکان وەك هەور دەکشێن و خەڵکی دەکوژن و مەڕوماڵات دەدزن ، ئافرەتەکانیش دەبەنە دەشتێکی بەرینەوەو هەموو شتێکیان لەگەڵدا دەکەن .. باوەڕم بەوە نەدەکرد ، لۆکاسی برام سوێندی بۆ خواردم ئەوەی خەڵکی دەیڵێن درۆیە لە درۆداو دەیوت بۆ ڕاستی جارێك بەسە باسی بکرێت بۆ ئەوەی بزانیت ڕاستەقینەیە ، لەپاشاندا هەر ئەوانیش تیریان لە سنگی چەقاند .. حکومەتیش شەراب و چای بەسەردا دابەش دەکردن بۆ ئەوەی بەختەوەربن ، بەڵام جادووکەرە پیسەکانیان فرمانیان پێ دەدان کە هێرش بەرن ، کە سەرۆکەکانیشیان فرمانیان پێدەدان ئیدی لە هێرش کردنە سەر کێڵگەکانی ئەم لاو ئەو لای دەرەوەی قەڵاکانیان نەدەوەستان ، لە بیرکردنەوەی ئەوەشدا ، حەزم دەکرد بهاتنایەو ڕۆژانە لەگەڵ ئاوابووندا چاوەڕێم دەکرد بیانبینم ، نازانم چەند وەخت تێپەڕی ..وەرزی تەمتومان و هاوین بەسەرچوون ، بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کوڕی باخەوانەکەش مردو هیچ هێرشێك نەبوو .

بۆ یەك دوو چرکە بێدەنگ بوو و بڕێك بیری کردەوە ، پاشان درێژەی پێدا : هەروەك ئەوەی ڕەشەبای باشوور ئەوانی هێنابێتە سەرمان ، گوڵە دڕکەکانم لە جۆگەکەدا بەدی کردو لەو شەوەدا خەونیشم بە هیندییەکانەوە بینی ، بەر لە سپێدە ئەوە ڕوویدا ، وام هەست دەکرد کە ئەوانە ئاژەڵ بن نەك ئادەمیزاد .. هەروەك ئەوەی بوومەلەرزە بن ، ژاوەژاو کەوتە ناو وڵاخ و گاو گۆتاڵەوە ، باڵندەکانیش لە ئاسماندا شپرزە ببوون .. ڕۆیشتینە لای ئەو ئاراستەیەوە کە چاوەڕێم دەکرد لەوێوە بێن ... یەکێکیان لێی پرسی :
– کێ وریای کردنەوە لێیان ؟

کچە دوایین دێڕی دووبارە کردەوە هەروەك ئەوەی لەوێبێت : ڕۆیشتینە لای ئەو ئاراستەیەوە کە چاوەڕێم دەکرد لەوێوە بێن .. وەك ئەوەی بیابان بجوولێت ، لە پەنجەرەکانەوە هەوری تەپوتۆزمان بەدیکرد بەرلەوەی ئەوان ببینین ، کۆمەڵێك بوون دەیانکێشا بە دەمیانداو هاواریان دەکرد ، لە سانتا ئێرین تفەنگی کۆنمان هەبوو ، بەڵام تەنها بۆ نانەوەی دەنگە دەنگ دەستیان دەدا ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر ببنە دڕندە .

دیلەکە بەو تەرزەی وێردی نوێژێك بخوێنێ کە لەبەری کردبێت ئاوا قسەی دەکرد .. لەسەر شەقامەکە گوێم لە هاتوهاواری سەربازەکانی بیابان بوو ، پاشان وەژوورکەوتن وەك ئەوەی لە نیوەی خەوەکاندا هەڵبکوتنە سەر ئەسپ ، سەرخۆش بوون ، ئەمڕۆش کە دیمەنیانم دێتەوە پێش چاو دەیانبینمەوە باڵا بەرزن ، سەرۆکەکەیان مشتێکی سرەواندە ڕۆفینۆ ، ڕوخساری ڕۆفینۆ بزڕکاو دوورکەوتەوە ، ژنە ڕەشپۆشەکە هەستایە سەرپێ و بێ ئەوەی لە شوێنەکەی لابچێت وتی:

– خوان مۆرێرایە ...

لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا ناتوانم کە لەو شەوەدا ئەو پیاوە مۆرێرای تاوانبار بووە یان کەسێکی تر کە لە مەیدانی وڵاخەکاندا هەمیشە بینیومە .. ئەو ڕیشە ڕەشە درێژو پڕەم لەبیرە لە ڕوخساری مۆرێرادا .. هەروەها دەموچاوێکی سوورفل کە گەڕیی لێی دابوو ، سەگە بچوکەکە بە خۆشییەوە لێی نزیکبۆوە ، مۆرێراش بە قامچییەك وای لێ کرد قاچەکانی لەسەر زەوییەکە بڵاوبکاتەوە ، بەسەر پشتدا کەوت و لەگەڵ جووڵەی قاچەکانیدا کە دەیانکێشا بە هەوادا گیانی دەرچوو ، لێرەدا بەڕاستی چیرۆکەکە دەست پێدەکات .

بە بێدەنگی ڕووم کردە یەکێك لەو دەرگایانەی کە دەچووە سەر ڕاڕەوێکی تەنگ ، لە نهۆمی سەرەوەدا لە ژوورێکی تاریکدا خۆم شاردەوە ، جگە لە قەڵەوێرەیەك کە زۆر نزم بوو ، نازانم چیتر لە ژوورەکەدا هەبوو ، لە ترسا هەڵدەلەرزیم ، لە خوارەوەش هاوارکردن نەوەستابوو ، گوێم لە دەنگی شکاندنی پەرداخێك بوو ، هەروەها گوێم لە دەنگی پێی ئافرەتێك بوو کە بە پلیکانەکەدا سەردەکەوت ، تاڵە تیشکێکیشم بینی و بەخێرایی ڕەوییەوە ، پاشان گوێم لە دەنگی کچە دیلەکە بوو بەچرپەوە بانگی دەکرد ، دەیوت : " هاتووم بۆ خزمەتکردنی ئەوانەی حەزیان لە پلیکانەیە ، نزیك بەرەوە .. ئازارت نادەم " .. ئەوەی لەبەریدا بوو دایکەندو لەگەڵیدا ڕاکشام ، بە هەردوودەست ڕوخساریم گرت ، نازانم چەندی خایاند ، هیچ وشەو ماچێکمان نەگۆڕییەوە .. پرچە هۆنراوەکەی کردەوەو پەنجەکانم تێدا گەڕاند ، پاشان گەڕاندم ، ئیدی دوای ئەوە یەکترمان نەبینییەوە .. هەرگیز ناوەکەیشیم نەزانی .. پاشان دەنگی تەقەیەك بەرزبۆوە ، دیلەکە وتی :

– دەتوانیت لە پلیکانەکەی ترەوە بچیتە دەرەوە .

وەدەرکەوتم و لە شەقامێکی پۆخڵدا خۆم بینییەوە ، مانگ هەڵاتبوو ، ئەندرێز شیرینۆی بارچاوەشیش ڕاوەستابوو بەخۆی و تفەنگێکەوە

پاســـەوانی پەرژینەکـــەی دەکـــرد ، قەمەیـــەکی کردبـــوو بەســـەری تفەنگەکەیەوە ، پێکەنی و وتی :

– دەبینم زوو لە خەو هەستاویت .

لـە سـەرم بـوو وەڵامێـك بدەمـەوە ، بـەڵام چـاوەڕێی نـەکردم ، پاشـان لـە پەرژینەکـــەوە پیاوێـــك شـــۆڕبۆوە ، پۆلیـــسەکە قەمەکـــەی کـــرد بـــە گۆشتەکەیداو کەوتە سـەر زەوییەکـە .. درێـــژبوو و بـــە ناڵینـــەوە خـــوێنی لێ دەڕۆیـشت ، بـیرم لـەو سـەگە بـچوکە کردەوە کە مەرایی بۆ مـۆرێرا دەکـرد ، بـۆ ئـەوەی تـەواو پیاوەکـە دەسـتگیر بکات سەرلەنوێ قەمەکەی لێدایەوەو بـە خۆشییەوە وتی :

– ئەمجارەیان ڕزگارت نابێت مۆرێرا .

لە شوێنەکانەوە پۆلیسەکانی تر هاتن و گـــەمارۆی ماڵەکەیانـــدا ، پاشـــان دراوسێکانیش هاتن .. پۆلیسەکە هەوڵی دا دەمـــی قەمەکـــە لـــە جەســـتەی کوژراوەکە دەربهێنێ و هەموو تەوقەیان لەگەڵدا کـرد ، ڕۆفینـۆ بـە پێکەنینـەوە وتی :

– ئەم گەورەیە دزەکەی دەستگیر کـرد .

لـە کۆمەڵێکـەوە دەچـوومە ئـەوەی ترەوەو ئەوەی بینیبووم بۆ خەڵکەکـەم دەگێڕایـەوە ، بڕێـك ڕۆیـشتم ، پاشـان ڕۆفینـۆم دۆزییـەوەو بـەرەو ماڵـەوە کـشاینەوە ، لەگـەڵ دەرکەوتنـەوەی ئەسپەکانیـشماندا تاڵـە تیـشکەکانی سپێدەمان بینی .. تەواوێ هیلاك ببووم و هەستم بە سەرسوڕمان دەکرد لـەوەی بینیومـە ... وەختێك پیرەمێردەکـە لـە قسەکەی تەواو بوو ، باوکم وتی :

– لە ماوەی شەوێکی گەورەدا ..

کابرا وتی :

– ئـەوە ڕاسـتە .. لـە مـاوەی چـەند کاتـژمێرێکی کەمـدا خۆشەویـستی و مـەرگم بینـی .. هـەموو شـتەکان لای خـەڵکی ڕوون دەبنـەوە ، یـان بڵـێین هـەموو ئـەو شـتانەی کـە بۆیـان هەڵدەکەوێت تا بیزانن .. بـەڵام مـن دوو شتی گرنگم بۆ ئاشکرابوو لەیەك شـەودا ، سـاڵان تێپـەڕین ، ئـەم چیرۆکەشـم دەیـان جـار گێڕاوەتـەوە ، ناشـزانم کـە ئایـا وەك خـۆی بـیرم دەکەوێتـەوە یـان تـەنها هـەر وشـەکانی خـۆمم لـەبیرە .. ڕەنگە ئەوەی لێـی ڕوویـداوم وەك ئـەوە وابێت کە کچە دیلەکە لێی ڕوویداوە لـە کاتی هێرشی هیندییەکانـدا .. گـرنگیش نییە کە من بووبم مۆرێرام بینی وەختێك دەمرد یان ئەوەی بینیویـەتی کەسێکی تر بووبێت .

چیرۆک

# کانی ئاسکان

هەلکۆ عومەر تۆفیق

ئەم شەوە درێژەی (ستۆکهۆلم) نابڕێتەوە هەموو شەوانی ئێرە بۆ تۆ یەلدایە تەنیا بەفر سەرپۆشی سپی بەسەر بالای شاردا داوەو ئەستێرەش هەمیشە لە ئاسمانی ئەم ولاتەدا تۆراوە ... تاوەکو بەیادی مندالی، بە ژماردنی ئەستێرەکانەوە، لەسەربانی هاوینی شارەکەت بچیتە ناو دەریای خەوی شەوانەوە. ئاسۆش ئەمشەو کارەکەی درەنگ تەواو دەبێت تۆی تەنیا کردووەو بەدیار پرسیارەکانی لۆزانەوە، دۆشداماوی لۆزان پرسیارەکانی، وەك ناوەکەی پڕش مانایە ...

– دایە.. بۆ ناوم لۆزانە؟!!!.. ماناکەی کوردی نییە؟؟..

- دایە ئێمە بابا نۆئێلمان هەیە؟!!..
- دایە! بابا نۆئێلی تۆش هەر هەمان بەرگی دەپۆشی؟! دیاری بۆ دێنان؟
- دایە؟؟.........,...

پرسیار..پرسیار.. دەیان هەزارجار پرسیار ... لە ئەلبومی ژیانی ئێمەدا کۆتایی نایەت پرسیار؟... هەمیشە لێی دەترسایت، چونکە هەر لە مندالییەوە، ترست لە وەلامی پرسیارەکان هەبووە، نەدەبوایە زۆرجار وەلامەکان، پڕ بە پێستی پرسیارەکان بن.

قۆلت درێژکردو پەنجەکانت لەسەر کۆنترۆلی سەتەلایتەکە گیرسایەوە، هەلتگرت هێناو بردت، ئەمسەرو ئەوسەری دنیاتکرد، دلت نەکرایەوە، هەستایت، رووەو چێشتخانەکە هەنگاوتنا، کوپێ قاوەت کولاند لە پەنجەکانت گیرکردو هاتیتەوە هۆلەکە، زیاتر چاوەکانت بوونە، دووربینی دیمەنەکانت، هەناسەو هەناسە هەلکێشان، هاوکێشەیەکی یەکسان بوو یەکتریان پارسەنگ دەکرد.

گلۆپە رەنگاوڕەنگەکانی شەقامەکە، دلدارانی نێو بەفر بوون و چرپە چرپی عاشقانەیان دەکرد، بەفر.. ئەو تابلۆ جوانەی دەتگەڕێنییێتەوە، ساتەکانی مندالی، پەنجە زبرەکانی ژیان، نەرمۆلە دەکاتەوە، دلە بەندکراوەکان، ئازاد دەکات ... بەفر ... کلۆی سپی لەگەلێدا خەیال دێنێت،..هێنایتی ... بوویتە سەماکەرێك و بە بەرگی بەفرەوە دەفڕیت، هەور دەیبردیت، ولات دەیبردیت، تا گەیشتیتەوە لای بابە ...

((کە تۆ لەدایك بوویت، تا گوێسوانەکان بەفر بوون، قەراغ سەربانەکان چلورەی کردبوو ... مامە رەشە سەربانی دەمالی،

لەگەڵ دەنگی رامالینی بەفرەکەدا قیژەی تۆی کردە سەمفۆنیای ئەو بەیانییە ... مامە رەشە کە گوێی لە گریەت بوو، هاواری کرد "پێوقەیەمی خێر بێت، کانی ئاسکانی ئاوەدانکردەوە.. چییە.. کورە ... یان ... دە کەواتە ناوی بنێن (بەیان) ")).

لایەکی پەردەکەت ترازان، سەمای بەفر تا دەهات، بووکی شاری دەخستە نەشئەی خۆشییەوە، تۆش لەگەڵ نامۆیی خۆتدا پیاسەتان دەکرد، هەستتکرد لەو رۆژەوەی پرچی خۆتت بینییەوە، یەکەم هەناسەی بەدبەختی ژیانت هەڵکشا ... فرمێسکت رشت ... چەندە سەیرە ... ئەم چاوانە کێ فرمێسکیان تێدەکات ... خۆ ئاسۆ پیاوە، کەچی هەندێکجار دەگری، ... خۆ هەوریش لە چاودا نییە، دەشبێتە رێژنە فرمێسك،.. چاو قسە ناکات ... خەم بارانی فرمێسکە.. دەگریت.. گشت گیانت دەگری، هەرزەکارێکیش بۆ زویری عاشقەکەی دەگری، دایکت کۆچدەکات دەگری، لە غەریبیدا دەگری، بۆ زارۆڵەکەت دەگری، ئەی ئەوە نییە، زۆرجار ئاسۆ بۆ خەندەی لۆزانیش دەگری!!!... تۆ لە کونجێکی وڵاتەکەتدا نیی، ... دەیان گەرمیانو کوێستان دووریت، کەچی بۆی دەگریت، کە ساوایەك دەگری، تۆش دەگری، ئەو نازانێ گریان چییە!! کەچی تۆ ماناکەشی دەزانیتو هەر دەگری، وەڵامی پرسیارەکانت لەلایەو هەر دەشگری،.. ئای فرمێسك ... ئەو هەورەی لە چرکەیەکدا.. تەرزەیت.. بارانیت.. بەفریت.. تەنانەت لە خەندەو شادیشدا هەر فرمێسکیت.

شەو نوقمی خەوەو تۆش خەیاڵ، بوونەتە دوو زۆرانباز، یەکتر دێننو دەبەن، خەیاڵەکانت ئەوەندە بە ئازارن، خەوی لێزڕاندووی، پرژۆڵەکانت، بەسەر چاوەکانتدا شۆڕبوونەوە، چاوت لەسەر وێنەکەی (سلێمانی)ئێستێکی کرد، لۆزان بە شەقامی مەولەویدا پیاسەی لەگەڵدا دەکردیو پرسیاری دەکرد

- دایە تۆ لێرە ... لەدایك بوویت؟!!!..
- ئەی من.. لێرە.. یان ئۆردوگا؟!!!
- ئۆردوگا چییە؟؟!

تۆ لە کانی ئاسکان لەدایك بوویت، لۆزانیش لە ئۆردوگایەکی ئێراندا، نەتۆ سلێمانیت ئاوەدانکردەوە ... نە لۆزان ... تەنیا وێنەکەی سلێمانیو پیاسەی خەیاڵاوی ئاوەدانیان پێدەبەخشێت، هەردووکتان ... بۆ ئاسكو بۆ باپیرە ... دەگرین، لۆزان باپیرەی لێبووەتە بابا نۆئێلو ئاسکەکانی کانی ئاسکانیش ... باخچەی گیانداران، تۆش بۆ کانی ئاسکان ... ئەو گەڕەکەی ئەلبوومی گەورەبوونو منداڵیو یاری بەردەم مزگەوتەکەیو هەردووکتان بە رۆح بۆی دەگرین، هەمیشە لە دووڕیانی گومڕاییدا دێنو دەچن.

ئای لە نەهامەتی ئەم شەوە بێکۆتاییەی غوربەت!!... ئاسۆش ئەوەندەی تر یادەوەرییەکانی تاڵتر کردەوەو نایەتەوە، تا بە خەندەیەك ئەم وێنانە بشێوێنێو لە ئەلبوومی یادەکانتدا نەمێنن.

دوا قوومت لە قاوەکە داو کوپەکەت لەسەر مێزەکە دانا، پەنجەکانت وەك ژەنیارێکی بێزار بەسەر شتەکانی سەر مێزەکەدا دەهێنا، پەنجە توتەت بەر قەراغی وێنەکەی لۆزان کەوت، زوومی چاوەکانتی هێنایە ناو وێنەکەوە، گەڕایتەوە ئاوارەیی ... ئۆردوگا ... تاران ... سەفەرکردن بۆ دوورگەیەکی بێناونیشان.

- لۆزان گیان ... پەنجە مەخەرە دەمت؟ سەیری کاکە کە.
- بەچەی جوان ... سەیری من کە.
- هەفتەیەکی تر تەواو دەبێت خانم.
- ئاخر ... ئێمە سەفەرمان وەك بارانی بەهارە ... ناکرێ!!..
- باشە خانم، ئەدرەس و ژمارەی زەنگەکەت دەدەمێ، ئەگەر بە قسمەت نەبوو، لە هەرکوێ بووی، زەنگم بۆبکە، بۆتی پۆستدەکەم.

ژیان چەند بە خێرایی دەڕوات، وەك مژی جگەرەیەك، زوو دەگاتە ناخمان، نەتزانی چۆن گەلاڕێزان، ڕێژنە باران، چلە نێرگز چەکەرەیان کرد، ئەو وشانەی فێری بوویت، لە ئەدرەسی کانی ئاسکاندا بیرچوونەوە ... خەتخەتێن ... مالە باجێنە ... چێشتە قولێ ... کە گەورەش بووی (منع التجول)، عکاسی، ئۆردوگا، پاسپۆرتی ساختە، ... ئەمە کەی گەورەبوونە، نا ... گەورە نەبووی، گەورەبوون لە جەستەو مێشکی ئێمەدا ستەم بوو، گەورەبوون نەبوو ... تێکەڵبوونی ڕەنگەکانە، کە هیچیان بە خواستی تۆ نەبوون ... نە لە کانی ئاسکان ... نە لە ستۆکهۆڵم ... گەورە نەبوویت،، هەر زوو ڕۆحت پیر بوو.. گەنجی، خۆگۆڕین.. هەڵپەڕکێ.. سوراو.. ئاهەنگ.. تەنیا خەیاڵی هەرزانە بوون و نەدەچوونە وێنەی یادەوەرییەکان، جوانی زووو گوزەری کرد، ... خێرا زەمەن تۆی دەبردو هەندێکجاریش تۆ دەتویست زەمەن خێرا گوزەر بکات.

وێنەکەی لۆزان گەڕاندیتیەوە بۆ ڕۆژانی تاران ... حەزت بە گرتنی وێنەی ئاوارەیی لۆزان بوو، نەتزانی بۆ، ئاخۆ ئەشێ حەزت نەکردبێ هەر لە منداڵییەوە ... بزانێت ... ئاوارەیە ... زەمەنێکی زۆری پێنەچوو لۆزان زوو گەورەبوو.. گۆڕا...

- (بەیان)خانم ... پاش ئەوەی زەنگت بۆ کردم، وێنەکەی لۆزانم بۆ پۆست کردیت و تەنیا پرسیارم ئەوەیە، کە نەمزانی ... لۆزان مانای چی دەبەخشێت.

...., ...., ...., ...., ...., ...., ....,
....,؟ ...!

برات

اغای نەزاکەتی
عکاسی انقلاب —
تهران — ١٩٨٦

وێنەکە لەسەر سنگت ئۆقرەی گرت، ترپەی هەناسەکانت وەك بەلەمێکی ناو دەریا، جارجار شەپۆلی دەداو هێور دەبوەوە.

حەزتدەکرد بگەڕێیتەوە تاران، خاوەن عەکاسییەکە بدوێنی، ئەبێ ئەویش مەراقی ناوەکەی وەك دەروونی تۆ بێت، تۆ بلێیت کچیان نەبووبێت و لە جوانییەکەی لۆزانەوە ناوی بنێت!!.. دەشێ بە ڕەگەز کورد بێت و ئەو ناوە لە دەمارەکانی مێشکیدا مابێتەوە؟؟... دەشێت ... هەموویان سەرنج و گومان و پرسیارن،... هەموو وەڵامەکانیش ڕاستن (لۆزان ئاسۆ) لە هەموو شوێنێکدا تێڕامانێك بۆ ناوەکەی هەیە، ئەو ناوەی لە فەرهەنگی ژیانی تۆدا ماناکەی، لە کچێك و بەچەیەك و مرۆڤێ گەورەترە،... دەریایەك خەم و مەینەتییە ...مێژوویەکە، سەدان ساڵە بە دووی ئەنجامی ماناکەیدا دەگەڕێین، ئاغای عەکاسیش دەیەوێت، بە تەنیا ڕستەیەك ماناکەی بۆ شیبکەمەوە ... وێنەی مۆنالیزایەکە، هەر لایەکی مانایەك

دەبەخشێت, وێنەی ئەو کورسییانەیە کە لۆزانی منداڵ بەبێ قاچ لەسەریان دەڕوات, ئەو هۆڵی منداڵبوونەیە, کە دکتۆرەکان بە سەقەتی لە دامێنی دایکیان راکێشاو تا ئێستا نەشتەرگەری بۆ نەکراوە, کزەیەکی سەرما, تەزووی بە لەشتدا هێنا, مووچڕکەیەك سەرتاپای گیانتی تەزاند, وێنەکەی لێخستیتە خوارەوەو بەئاگا هاتیتەوە. ماڵەکە خامۆش, بەفریش بووکێکی تاراپۆشەو لە شەوی بوکێنی خۆیدا تادێت سپیترو جوانتر دەبێت, جەستەت خامۆش بوو, لەسەر کەرەوێتەکە قاچەکانت درێژکرد, دەستت بووە مقاشێك‌و ئەمجارەیان کۆنترۆڵی سەتەلایتەکەی خستەی نێو قامکەکانییەوە, هێناو بردت گۆرانی.. هەواڵ.. گیانداران.. سەما.. ئاوو هەوا.. فیلم, قامکت وەستا, دیمەنی فیلمەکە, سەرنجی راکێشای ... شەقامێکی چۆڵ‌و بێدەنگ دەنگی بڵندگۆیەکی ناساز لەسەر ماشێنە سەربازییەکەوە دەینەڕاند سەربازە نازییەکان شەقامەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو, کۆمەڵێ مرۆڤی سڤیل, بە دامێنی دیوارێکەوە ریزکرابوون, قۆڵ بەستراو, چاو بەستراو, وڕەی ماشێن‌و نەڕەی سەربازە هێتلەرییەکان, نەك ترسی لە شەقامی فیلمەکەدا, بەڵکو لە گیانی تۆشدا خولڵقاندبوو.

سەرنجی وێنەکانت بە تامەزرۆوە دەدا,... نەتزانی بۆ ئەوەندە حەزت بە بینینی خولیای کردی, خۆ فیلمی دڵداری‌و عەشق نەبوو, دیمەنی خوێن‌و رەمیکردنی مرۆڤ ... سەیرە کیژێکی غەریبی حەز بەم دیمەنە تۆقێنەرە بکات ...!!... نا.. نا.. لە دەمارەکانی مێشکتدا ئەم فیلمە هەبوو, وەلێ بیرتچووەتەوەو منداڵبووی, نەڕەی ئەفسەرەکە سەرسامی کردیت,.. لەگەڵ شریخەی گوللەدا ... ئاهێك لە قورگی تۆش بیسترا ... ریزێك گوللەو کەوتنی گوڵدانێك نەمانی کۆمەڵێ مرۆڤ ... مرۆڤی سڤیل ... ئەو مرۆڤانەی وەك (یاسین)ی برات, بێگوناه چەندە سەختە, تەنانەت لە بینینی فیلملەکانیشدا چێژ وەرناگریت, ئەوەندە گیانمان پڕیەتی لە یادەوەری تاڵ, دیمەنەکە فیلمێکی تری لە مێشکتدا وروژاند جیاوازتر ... وەلێ راستەقینە, تەرمەکانی دوای تەواوبوونی فیلمەکە نەدەبوونەوە بە مرۆڤ, فیلمەکەی مێشکت تەرمەکانی لەسەر شەقامەکانی شار جێدەهێشت لەناو دەشتەکەدا دەنێژران, دەبوونە شەهیدو بەیەکجاری دنیایان جێدەهێشت ... گەڕایتەوە تەمەنی منداڵی, یادەکانی باپیرە, بەسەر ئاسمانی (ستۆکهۆڵم)دا گەڕایتەوە, تا قەیوان نەوەستایت, بە دامێندا شۆڕبوویتەوە, گەڕایتەوە کانی ئاسکان, شەقامەکانی بوونە هەمان تابلۆ, یادەوەری منداڵی‌و گەورەبوونت تێکەڵبوون, راستی‌و خۆشیت تێکەڵکرد, بۆیە هەر زوو زانیت گەورەبوون لای تۆ بڤەیە,... ئەمجارەیان بابە بووە دەرهێنەری فیلمە راستەقینەکەو تۆ سەیرکەرێکی هەرزە.

زۆرت حەز بە گێڕانەوەی ئەو رۆژە دەکرد, دەتویست لەگەڵ دیمەنەکاندا ببیتە وێنەگرێك.

- بابە ... دە توخوا!!... دەزانم حەز ناکەیت بگریم.
- بەیان!... تۆ بۆ ئەوەندە حەزت بە ئازاری منە!!..

- نا بابە ... بیرمدێتەوە ... دەگریام ... دەترسام ... بۆ (یاسین)ی برام دەگریام.
- چۆن ناترسیت کچم ... دەیانبرد بۆ (رەمی) ئەو رۆژە سلێمانی (منع التجول) بوو.
- یانی چی!!... مەبەستم (منع التجول) چییە؟
- یانی کەس لە ماڵ دەرنەچێت، هەموو کەس دڵو سنگی ئامادەبکات کام دڵ ناسکو ... کام سنگ پانە بکوژرێت ... تۆ دەگریایت، وەلێ نەتدەزانی بۆ، گریانی تۆو دایکت تێکەڵ بە نزاو پارانەوەی من دەبوو، تێکەڵ بە قوڵبەستنی (یاسین)ی برات دەبوو، ... هەموو یاسینەکانیان دەگرت، هەموو کەسیان دەگرت، شاریان دەویست، ئاسکیان دەویست، کانییان دەویست، تۆیان دەویست، منیان دەویست، هەموو شاریان کردە (حامیە)وە ... حامیە سوور بوو ... بە خوێنی شار سوور بوو، یاسینو هاوڕێکانی رەمیکران ... دەتگووت رۆژی حەشرە وەلێ نەك دنیا ... بەڵکو تەنیا حەشری (سلێمانی) بوو. عەریفە رەشەکان دەتگووت ئیزرائیلنو بۆ رۆحکێشانی هەموو شار هاتوون.
- بۆ بابە!!!... لە ئاسمانەوە هاتبوونە خوارێ؟...
- نا کچم ... ئاسمان حەز بە کوشتن ناکات، وەلێ ئەمانە خوانەناس بوون ...
- ئەی ئاسکەکان؟ ... نەکوژران؟!!!
- کوژرا ... زۆری کوژرا ... ئەوەی هەڵهات رەویانکرد بەرەو چیا بەرزەکان ... ئەوێ بڵند بوو ...
- بابە ... دە توخوا مەگری ...
- ئەی نالێم کچم ئازارم مەدە؟!..

شریخەی ریزێك گوللە هێنایتییەوە ناو فیلمە گاڵتییەکە، هاتیتەوە ژوورە بەفرینەکەی ستۆکهۆڵم، سەربازەکانی هێتلەر سواری ماشێنەکان بوونو ئاسمانی وشاریان بە تەقە سوور کرد ... شەقامێکی خوێناوییان بەجێهێشت ... مۆسیقایەکی خاو (سلۆ) کۆتایی بە فیلمەکە هێناو زوومی کامێراکەش بەسەر تەرمەکاندا هێدی هێدی ... چاوی گەشو ... پێستی گەشو ... بالای تەرمو خوێنی تەرمی دەگرت ... کۆتایی بە فیلمی سەر شاشەکە هات، ناخی تۆش لەسەر هەمان مۆسیقا قوڵپی دەدا ... هێنانەوەی تەرمی یاسین، هەرگیز لە یادەوەری منداڵیدا ناسڕێتەوە ئەو فیلمە راستەقینەیە بوو، کە ئێستاش تەرمەکەی بە کۆڵتانەوەیەو شار بە شار.. دێ بە دێ.. وڵات بە وڵات.. لەگەڵ رۆحتانا دەیگێڕن ... باوکت نەگریا وەك درەختێکی رەگداکوتاوی رۆخی رووبارێك پتەو.

تۆی منداڵ زۆرجاران دەتگووت، بەزەییم بەبێ تواناییتان دەهات چەند سەربازێکی رەش، هەمووتانی خستبووە کونەوە، دەمویست خێرا گەورەبم ... هەمیشە سەیری خۆرم دەکردو دەمویست پاڵی پێوەبنێم ... تیژ بڕوات ... دەساڵ بڕوات ... بیست ساڵ بڕوات ... گەورەبم ... ببمە پاڵەوانو لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی شاردا بووەستم کەچی؟؟... گەورەبووم!!.. پاڵم بە خۆرەوە نا، ... خۆر پاڵی بە منەوە نا ... زەمەن پاڵی بە

تەمەنمەوە نا ... نەشبوومە پاڵەوان.. لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی شاردا نەوەستام ... نا نەوەستام.. بگرە ترسنۆك بووم، هەر زوو شارم جێهێشت، نیشتمانم جێهێشت، بابەم جێهێشت، تەنها رۆحی (یاسین)و فرمێسکم لە هەگبەکەمدا کۆکردەوەو کردمە توێشوی سەفەرەکەم ... ئای .... بابە ... ئێستا دەزانم چەندە مەزنی ... چیایەکی بەرگەی وەیشوومەو زریان دەگریت.. دەریایەکی مەنگیو هەرگیز شەپۆل نادەیت، تۆیەك مەرگی یاسینو غوربەتی بەیانو نازی دایکمو منداڵە وردەکان لە گیانتایە ... بێنازی شارەکەم لە جەستەدایە، هەموویانت کردووەتە کۆڵو ئاهێکی ساردت هەڵنەکێشا، دەچوویتە چیاکانو ئاسکەکانت بەسەردەکردەوە، بابە (کانی ئاسکان) بە تۆوە جوانە ... نەك من ... ئەوەتانێ لۆزان داوای ئاسکم لێدەکات، دەیەوێت بە هاوڕێکانی بڵێت.. مارینا.. لینا.. منیش ئاسکم هەیە.. منیش باپیرەم هەیە، منیش ...،...،... سوراحی سەر مێزەکەت هەڵگرتو پەرداخێ ئاوت خواردەوە، هەستت کرد گەرووت وشك، تینوو، وەك تینووی ئاسکە راونراوەکانی چیا بڵندەکان ... تامەزرۆ بۆ بینینی دەشتی کانی ئاسکان ... پشوویەك بە گیانتدا هات ... هەستایت، هەنگاوەکانت رووەو ژوورەکەی لۆزان چوون، دەرگاکەت ترازان، گڵۆپەکەت رۆشنکرد، خەوێکی قوڵ لۆزانی بەرەو رۆخی پرسیارە بێوەڵامەکان دەبرد ماچێکی تەوێڵیت کرد، جاجمەکەی باپیرە کە بە دیاری بۆی ناردبوو بە دەستە زبرەکانی چنیونی ... زیاتر وەك چۆلەکەیەکی لە ژێریدا گرمۆڵە بوو، نەتدەزانی چۆن وەلام بۆ ئەو کۆرپە بێگوناهە، بخولڤێنی.

- کچم ... باپیرەت... وێنەی لێرە نییە !!
- ئەی کانی ئاسکان؟
- ئەی دایە ... ئاسکەکان؟!
- ئەی ...، ...، ...!!

لۆزان تۆ کیژی ئاسکەکانی ئێرەی ... تۆ وەڵامی مانای حامیەو باپیرەو ئۆردوگات دەوێت، بخەوە با لەو خەوە قووڵە بێدار نەبیت ... با گەورەببیت ... ئایا ... تۆش مێژووی ژیانت وەك تاڵە دەزووەکانی جاجمەکەی باپیرە ... بە فرمێسکەوە دەچنیت ... یان ... بە خەندەوە ...!!...

چاوپێکەوتن

# پەیڤینێک لەگەڵ
# یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆماننووس لە جیهاندا

و/ سەلاح محەمەد

پاولۆ کۆیلۆ: من ساحیرم، من جەنگاوەری تیشکم، من شوشە فرۆشم، من ئەو وێنەکێشەم کە (ماریا) حەزیلێکردو من خودی ماریا خۆیشیم.

پەیڤینی: جمانە حداد

وەرگێڕانی بۆ کوردی: سەڵاح محەمەد

ئەو گەشتەی کە هەستام پێی لەپێناوی پەیڤینکردندا لەگەڵ نووسەری بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ بەشەکەتی جەستەیی و دەروونی دەستی پێکرد. شەش کاژمێرم لەناو شەمەندەفەردا لەنێوانی پاریسەوە بۆ شاری (تارب) کە کەوتۆتە ناوچەی (بیرینیە) لەبیرکردنەوەدا بەسەربرد، کە ئەم وادەیەم تارادەیەك چەند بە کەڵك دێت بۆ چنینی چیرۆکێکی پۆلیسی یان فیلمێکی هیتشکۆکی.

کۆیلۆ نەناونیشانی ماڵەکەی خۆی نەژمارەی تەلەفونەکەی و نەڕێ نیشاندەرێکی دابوومێ بۆ ڕێبردنە سەر پەناگە گوندییە فەرەنساییەکەی. هەر هەموو ئەوەی کە لە دوا ئیمێڵیدا بۆی نووسیبووم ئەم وشانە بوون: بڕۆ بۆ (تارب) و لە هوتێلی هینری چوارەمدا دابەزەو چاوەڕوانی پەیوەندیم بکە. کەلە وێستگەکە چوومە دەرەوە و سواری تەکسییەك بووم و بەپەرۆشەوە لە شۆفێرەکەم پرسی: ئایا پاولۆ کۆیلۆ دەناسیت؟ بەگلەییەوە تەماشای کردم و وەڵامیدایەوەخانمەکەم ئێمە لێرە لەو زیاتر کەسیتر ناناسین!.) دڵنیابووم، باشە، گران نابێت بۆم کە بیدۆزمەوە تەنانەت ئەگەر وادەکەشی بیرچووبێتەوە.

لەپەنجەرەی ئوتومبیلەکەوە بەوردی ڕوانیمە دیمەنی چیاکانی دەوروبەرم، خۆم

وەها دەهاتە بەرچاو کەبەسەر کۆسپەکاندا تێدەپەڕم و بەسەر دیوارەکاندا سەردەکەم و دەشت و دۆڵەکان دەبڕم هەتا خەڵوەتگەی حاجیەکە بدۆزمەوە, ئینجا ئاگاداری ئەوە بووم کە لەوانەیە زیادەڕۆیی بکەم لە تێکەڵاوکردنی نێوان کتێبەکان و نووسەرەکەیاندا, لە نێوان وەهم و بوێریدا, من دان بەوەدا دەنێم ئەوەی کە یارمەتیم دەدات بۆ ئەوە, خەیاڵدانێك بوو کە لە بنەڕەتدا درامایەکی زۆری تێدابوو کە لەخۆیەوە بەلای خراپترین سیناریۆدا لای دەدا, بەڵام هەرزوو تەپوتۆزی وەسواسیم لە مێشکم تەکاند:

(نا, باوەڕناکرێت کە لەبیری چوبێتەوە. بێگومان کە ئەو وادەی لە ئەجیندە ڕەشەکەیدا تۆمارکردووە_ من بەڕەشبینییەوە بۆیچووم _ یان لەبیرخەرەوەی (ماریادی لۆردیس)ی سکرتێرەکەیدا نووسراوە؟ لەوانەیە کە بیەوێت هێزی خۆبەدەستەوەدانەوەم بۆ قەدەر تاقیبکاتەوە), بەهەرحاڵ کەشوهەوای ئەم دیدەنییە لە سەرەڕۆیەکی قەدەریی دەچوو کە دەربارەی ئەم پیاوە لەسەرما وێنەم بۆ کێشابوو.((هەمووشتێك وەك ئەمەوێت وادەبێت)). وەك یەکێك لە پاڵەوانی ڕۆمانەکانی, (فیرۆنیکا)وام بەخۆم گوت, بەڵام وەك (فیرۆنیکا) بڕیارم نەدا ((کە بمرم)), بەڵام بەپێی بارودۆخەکە گونجاوترینم دۆزییەوە کە بەئاسانی بڕیاربدەم واز لە دڵەراوکێ بهێنم, بۆچوونەکەم ڕاست دەرچوو, هەرکەگەیشتمە هۆتێلەکە پەیوەندییە چاوەڕوانکراوەکەم پێوەکرا,((خۆشهاتی, کاتژمێری شەش لە ماڵەکەمدا بەیەکدەگەین, هەروەها ئاهەنگی سبەینێ ئێوارەت لەبیرنەچێت)) ئاهەنگ؟ چ ئاهەنگێك؟ ناتوانین ئەوەن بڵێین کە پاولۆ کۆیلۆی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ و خاوەنی هەر حەوت ڕۆمانەکەو کۆمەڵێ دانراوی تر کەلە ڕۆمانەکانی دەچن سەرباری ئەوەی کە باوەڕی پێدەکەین کاتێك کە ڕایدەگەیێنێت لەگەڵ خۆی‌و خوێنەرانیدا زۆر زۆر ڕاستگۆیە, بەڵام من نە لە((کیمیاگەر))و نەلە ((حاجی کۆمبۆستیلا))و نەلە ((چیای پێنجەم دا))و تەنانەت لە ((ئەهریمەن و خاتوو بریم))دا, ئەو تەماشا ئەبیکۆریە پرشنگدارەم نەدی لە چاوەکانی ئەو پیاوەی کە پێی گەیشتم بریسکەی دەدایەوە, پەنجەم نا بە ئەنتەرفۆنەکەداو هاتە دەرەوە بۆناو حەوشەی ماڵەکە بۆلام: ڕۆیشتنێکی دینامیکی, خاوەنی لەش و لارێکی وەرزشکار, جینزێکی ڕەش و تیشێرتێکی ڕەشیشی لەبەردابوو, زەردەخەنەیەك کە میوانداری تیادا بەدی دەکرا, تەوقەیەکی توندو گەرم, هەر لە یەکەم چرکەوە بەشێوازێکی ساکارو ڕەوان دەدوا, بێگومانم کە کەسێکی کاریگەرەو باوەڕی تەواوی بەخۆیەتی, خۆیشی دەیزانی کە کەسێکی کاریزماییە, بەهەموو واتای وشە پیاوێکی سیحرئامێزە, لەبەردەمما تێکەڵاوییەك لە ساکاری و دانیشمەندێتیم بینی لە هەستەوەری و فەلسەفە, شڵەژان و جێگیری و پتەوی, ڕووخۆشی و قووڵی, منداڵێکی بەریئی هەمیشە سەرسوڕماو, بلیمەتێك کە هەرهەموو شتێکی تاقیکردۆتەوەو بە ویست و ئارەزووی خۆی ژیاوە.

هەر کەلەدەرگاکەوە چووینە ژوورەوە یەکسەر کۆیلۆ ڕوویکردە ئامێری کۆمپیوتەرەکە کە لەنووسینگەکەی بوو لە یەکێك لە گۆشەکانی ژوورەکەداو پێی وتم:

وەرە.. وەرە ئەوە بخوێنەرەوە کە ئەڵقەی دوێنێی بەرنامەی ئۆپێرای بەناوبانگ ئەکتەر(راسل کرو)) چیی لەسەر نووسیوم,(وادەرئەکەویّ کە (کیمیاگەر)کتێبی ئۆپێراکە بووبیّ, بەلاّم من خۆم پێنەگیرا بیر لەوە نەکەمەوە کە لەوانەیە ئەو تاکە کتێبە بووبیّ کە پێشکەشکەری بەرنامە ئەمریکیەکەی کە لافی رۆشنبیری لێدەدا تا رادەی دامەزراندنی یانەیەك بۆ کتێب خوێندبێتیەوە), ئینجا نووسەرەکە بەردەوام بوو((ئایا تۆ جێگەکەم لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەزانی..؟)). لە دوای ئەوە چووینە ژووری دانیشتن: ((ولاّتەکەی تۆ زۆر جوانە. ساڵی ١٩٩٦لەگەڵ هەندیّ لە هاوڕێکانمدا بەشێوەیەکی نارەسمی چووم بۆ ئەویّ, قەشەنگی (سەیداو جوبەیل و بەعلەبەگ و چیای ئورز) خستمیانە جیهانێکی ئەفسوناوییەوە.

من لەوەوپێش نەمدەزانی کەکۆیلۆ چووە بۆ لوبنان, بەلاّم نیازم وابوو کەبەناوی((کتێبخانەی ئەلبورج))ەوە بانگهێشتێکی تایبەتی پێشکەش بکەم, هەتاکو بەیەکگەیشتنێکی ئەفسانەیی لەگەڵ خۆشەویستە لوبنانیەکانیدا بۆ ڕێکبخەین.((بڕوا ئەکەی ئەمجارە ئەمە سێیەمین جارە لەم هەفتەیەدا کە بانگهێشتم بکەن بۆچوونە بەرو لوبنان, وەرە ئەمە دوا دوو ئیمێڵە بیخوێنەرەوە.(هەڵئەستین و سەرلەنویّ ئەڕۆین رووەو کۆمپیوتەرەکە) ((تەماشاکە بانگهێشتی یەکەم لە بلاّوکەرەوە لوبنانیەکانەوە, دووەمیش لە کەسێکەوەیە کە ئەیەوێت کتێبەکەم بە زمانی ئەرمەنی بلاّوبکاتەوە,,. کاتێك کە بەکۆیلۆم وت: من بەرجەستەی هەردوو بانگهێشتەکە ئەکەم لەبەرئەوەی کە خوێنی ئەرمەنیم تیایە خوێنی نەنکم لە دایکمەوە, وتی باشە, بیری لێدەکەمەوە, بەهەرحاڵ من باوڕم وەهایە کە شتەکان هەمیشە سیّ جار دێن, لەوانەیە ئەمجارە یەکلاییکەرەوە بێت, بەلاّم بەنیسبەت لوبنانەوە نازانم, بەلاّم بەم زوانە زۆر حەز ئەکەم و ئەبیّ بچم بۆ ئەرمینیا)).

کۆیلۆ لێی پرسیم, کەکتێبەکانی بۆسەر شەست زمان وەرگێردراون و لەسەدو پەنجاو پێنج ولاّتدا بلاّوکراونەتەوە, وەهەروەها دەربارەی ئاستی دابشکردنی کتێب لە ولاّتە عەرەبیەکاندا. کۆیلۆ پرسیاری کتێبە دزراوەکانی کردو هەرچەندە دانی بەوەشدانا کە ئەم کارە هەرگیز بێزاری ناکات بەپێچەوانەوە هەست بە پیاهەڵدان دەکات بەرامبەریان و ئەو تەنها دوودڵە لە جۆری وەرگێڕانی کتێبە دزراوەکانی کە لەوانەیە لەسەر ئاستی کتێبە وەرگێڕاوە رەسمیەکاندا نەبێت.

لێرەدا باسی (ماری طوق)ی وەرگێڕە لێهاتووەکەی کرد, باسی لوبنانییەکانی کرد کە لە بەرازیلن, هەروەها دەربارەی ئاهەنگەکە _ مەتەڵەکەی ئاشکرابوو کە ئەیەوێت بەیانی لە ماڵەکەی خۆیدا بیگێڕێت و ئەیەوێت لە نۆزدەی ئازاری هەموو ساڵێکدا سازی بکات بەبۆنەی (القدیس یوسف)ەوە, هەروەها دەربارەی هێشتنەوەی ئەو تاڵە مووە درێژەی پشتی سەری کە یادەوەری ئەو رۆژانەیە کە (هیپی) بووە, هەروەها قسەی دەربارەی ئەو نەخۆشخانە عەقڵیە کرد کاتیّ کە تەمەنی گەیشتە حەڤدە ساڵان و ئاگاداری دایك و باوکی کرد کە ئەیەوێت ببێتە نووسەر نەك

ئەندازیار، ئەوانیش لەو نەخۆشخانەیە دەست بەسەریان کرد. هەروەها قسەی دەربارەی رۆشنبیری عەرەبی و دەوڵەمەندێتی و کاریگەرێتی لەسەر نەستە مرۆڤانەو سۆفیگەرو وێژەییەکەی، قسەی دەربارەی (الف لیله ولیله) کرد کە چۆن هەر لە منداڵییەوە چەند شەیدای کەش و شاعیریەت و چیرۆکەکانی بووە، قسەی دەربارەی جوبران خەلیل جوبران و نامەکانی بۆ ماری هاسکل کرد، کۆیلۆ بەتەنیا بە وەرگێڕانەکەیەوە وازی نەهێنا بەڵکو بەسەر ئەو خانەی بڵاوکردنەوەیەوە کە ئەم مامڵی لەگەڵدا دەکات سەپاند کە لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتاندا بڵاوی بکاتەوە.

بەڵێ ئەو گەشتەی کە بۆتانی دەگێڕمەوە بەشەکەتییەکی زۆر دەستیپێکرد، بەلاّم ((ساحیرەکە)) بەدەستە جوانەکانی و بەجووڵەیەکی خێرا زانی کە چۆن زیخەکانی ماندوێتییەکە بکات بە گوڵ.

کاتێ کەویستمان پەیڤینەکە دەست پێبکەین لەبردەمی مێزێکی نزمدا کە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دانرابوو چوارمشقی لێیدانیشت و لەپێش منەوە دەستی بە قسەکردن کردو وتی: دەعێلیت اەکاتی قسەکردنماندا ئاوەها دانیشم ؟. بۆ چەند چرکەیەك سەرسوڕمانی خۆمم راگرت، ئینجا بەدڵخۆشییەوە چوارمشقی بەرامبەری دانیشتم و ریکۆردەکەم خستە کار: ((بەڕێز کۆیلۆ ئایا تۆ ئامادەیت ؟)). ((هەمیشە)) بێگومان گفتوگۆمان پڕ جۆش و خرۆش دەبێت.

لەبەر ئەوەی کە تۆ پیاوێکی ئاسایی نیت، زۆر جاران ئەوە دووبارە دەکرێتەوە کە تۆ حەزت بە مەلەیە دژ بە شەپۆل، با بگەڕێینەوە بۆ دواوە و گفتوگۆکانمان لە نوێترینەوە دەست پێبکەین. تۆ بۆ یەکەم جار لە یانزە خولەکدا بابەتی سێکسو چێژو جەستەت باس کردووە کە وای لە خوێنەران کردووە ئەوانەی لەگەڵ خۆتا ڕاهاتبوون بۆ چوونە ناو جیهانەکانی ترەوە، زۆر زۆر ڕۆحیو هێمایی ئایا ناترسیت لە کاردانەوەی ئەو کردارانەی کە ئەم گۆڕانکارییە دەیکات؟.

- هەرچەندە حەزم بەدانانی کتێبێك دەکرد دەربارەی سێکسو هەڵوێستی ئێمەش بەرامبەری، بەڵام لە پێش گەیشتن بە (ماریا) دەزوولەی بیرۆکە ئاراستەکراوەم نەئەدۆزیەوە، سێکس یەکێکە لەو هێزە زیندەگیانەی کە زۆرترین توانای هەیە بۆ گۆڕینی مێژوو، بە تێگەیشتنی من هەر تەنها مومارەسە ناکرێت لەبەر ئەوە دەستەواژەی (کردنی خۆشەویستی)مۆدێرنیزم بەدڵنییە. بۆ نموونە، سێکس تەنها ئەوە نییە کە ئەیکەین، سێکس ئەوەیە کە هەروەها و بە تایبەتی (دەیخولّقێنین)، لەوانەیە هەندێك دوو دڵ بوویم لە پێکدادان لەگەڵ هەندێکدا، بەڵام باوەڕ بە خوێنەرەکانم دەکەمو لەو باوەڕەدام کە لەسەر مرۆڤ پێویستە بە پلەی یەکەم لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کتێبەی خولیای نوسینی بوومو ئەو چیرۆکەش لە رۆحمدا هەڵکەنرابوو، دوو دڵ نەبووم لە کارکردن تیایدا، بەڵام کاردانەوەکان زۆر بە پۆزەتیف هاتن، تەنانەت (یانزە خولەك) ئەو کتێبە بوو کە زۆرترین فرۆختی هەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣داو لە دوای ئەمیش (هاری بوتر) بوو.

* بەڵام کاتێك کە من ئەم کتێبەم ئەخوێندەوە هەستم ئەکرد کە دیدی تۆ بۆ خۆشەویستیو سێکس زۆر تۆباوییە، هەندێك جاریش زۆر

ساویلکانەیە, وەك ئەوەی کە تۆ چیرۆکێکی ئەفسانە ئامێزمان بۆ بگێڕیتەوە کە شازادە و شابانو هەتا هەتایە ژیانێکی خۆش بەسەر بەرن ...

- تۆ لەو باوەڕەدای ؟ بەڵێ لەوانەیە تۆ لەسەر هەق بیت.. بەهەرحاڵ, لە کۆتایی چیرۆکەکەدا زۆر زۆر بیرم کردەوە چونکە لەبەردەممدا دوو ڕێگا هەبوو, ڕێگای یەکەم کە کۆتاییەکی تراژیدی بۆ دابنێم, دووەم ڕێگا ئەوەیە کە بە ئەمەکبم بۆ چیرۆکی ڕاستەقینەی ماریا کە لە کۆتاییدا شوی کرد بەو پیاوەی خۆشی دەویست, بەرای من ئەم چارەنوسەی کە بۆم هەڵبژاردن, واتا بە هاوسەری بوونیان تراژیدیترە لە ئەگەری جیابوونەوەی دوو خۆشەویست! (دەداتە پرمەی پێکەنین) نا نا نا ! بەهەر حاڵ.. ئەوە مانای ئەوە نییە کە من هاوسەرێتی دابنێم بە ئەفسانەیەك لە بەختیاریو خۆشەویستی بە دەگمەن لێیان بە باشە کۆتایی دێت.

بەڵام بەتایبەتی لەم چیرۆکەدا ویستم بە دڵسۆزییەوە ئەوەی کە لەگەڵ ماریا ڕوویدا تۆماری بکەم, ئەو کچۆڵەیەی کە لە ڕاستیدا پێی گەیشتمو ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە, هەرچەندە خۆشەویستەکەی وێنەکێش نەبوو وەك لە کتێبەکەدا هەیە, وەك وتم چیرۆکەکەی ئەو دەزوولە ئاراستە کراوە بوو کە من بۆی دەگەڕام.

* بەڵام تۆ ڕۆماننوسیت نەك نوسەری یادەوەری, بە واتا تۆ دەتتوانی ئەو دەزوولانە بە ویستی خۆت بیچڕێنی و پێکەوەیان ببەستیتەوە و چیرۆکەکە بە دیدی خۆت هەڵبشێلیت ...

- بەڵێ وایە, بەهەرحاڵ من ئەمەم کرد, من جێگۆڕکێم بە هەندێك ڕووداو و کەسایەتییەکان کرد, وەك پیاوێك: تێڕوانینە تایبەتیەکانی خۆمم بۆ زیاد کرد,ئەو تێڕوانینە تایبەتییانەم وەك ژن لە ڕۆحی هەموو پیاوێکدا — وەك بابەتی سێکس — هەیە تیا جێگیر کرد. ئەو ئەنجامەی کە لە ژیانمدا پێی گەیشتووم ئەوەیە کە خۆشەویستی جەستە یەکێکە لە دەربڕینەکانی خۆشەویستی ڕۆحی, گرنگ ئەوەیە لەشمان لە سۆزمان جیا نەکەینەوە, جوانتر نییە کە هەردووکیان بەیەکەوە بسازێن و وای لێبێت ئەوەی کە یەکەم داوای دەکات ئەوەیە کە دووەم دەیەوێت و بە پێچەوانەشەوە ؟ سێکس بەبێ سۆز توندرەوییەکە بەرامبەر بە خۆمان پیادەی دەکەین. ئەوەی کە توشی سەرسوڕمانی کردم ئەو ژمارە زۆرە ئیمێلانە بوو کە پێم دەگەیشتن و خوێنەران تیایدا دەیانووت (یانزە خولەك) زۆر لایەنی ژیان و شێوازی سێکسی خۆیانی بۆ ڕووناك کردونەتەوە, کە لەوەوپێش نەیاندەزانی. هەر لە سەرەتاوە خەڵکی هەوڵیان دەدا بۆ گرتنە بەری یەکجۆریی لە سلوکی سێکسدا, بایەخی کۆششی تایبەتیان نەدەزانی و بیریان دەچوو کە هەریەك لە ئێمە جیاوازە لە ڕۆح و جەستە و سێکسی خۆیدا, ئەوەی بەسەر یەکەمدا دەچەسپێ بەسەر دووەمیشدا دەچەسپێ و هەروەها ... لە ئەنجامی ئەوەدا قۆناغەکان دەبڕین و لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەزموونەکاندا دەژین, بەڵام زۆرجار (دۆزینەوە) بەجێدێڵین, بە واتا وەرگرتنی ئەو بویەرەی کە ئێمە لە یەکتری جیاوازین و بەشداریکردنی ئەم جیاوازییانە لەگەڵ هاوبەشەکانمان و خۆشەویستەکانماندا.

* ئایا ئەم نەغمەسازییە تەواوەی نێوان جەستە و ڕۆح دیدێکی ئاسانکەری و (ئایدیا)یی نییە دەربارەی پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆز ؟

- ئایدیالیستی ؟ باوەڕ ناکەم، تەنها داواکراو ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵ بدەین بۆ پێشکەشکردنی باشترین شت کە هەمانە، بجەنگین هەتا ئەگەینە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەبێ ئەوەی وەهمی ئەوە بکەین کە ئەوە بەهەشتەکەیە، بە پێچەوانەی ئەوەوە، خۆشەویستی هەموو ژیانمان ئەجوڵێنێ و جیا ئەکاتەوە و شەکەت ئەکا و ژیانمان سەرەونخون ئەکات، خۆشەویستی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ڕۆژانەیە، لە توانایدا هەیە کە دروستمان بکات، ئەتوانێ وێرانیشمان بکات ڕێك وەك وشە، ئێمەی پیاوان بەردەوام لە ژیانماندا هەوڵدەدەین کە (نێرییەتی)و پیاوەتی خۆمان دەربخەین و ئەوە بسەلمێنین کە ئەتوانین ئەندامی نێرینەیی ڕەق بکەین و چوست و چالاك بین لە کردنی کردارە سێکسییەکەدا، بەڵام خۆشەویستی وەها نییە، خۆشەویستی سۆز و دەستبازی و گوێ لەیەکگرتن و گونجاندن و ڕەزامەندییە.

* بەڵام سێکسەکە هەروەها ...

- بەڵێ، بەڵێ، هەروەها بێگومان ئەوە سێکسەکەیە، بەڵام من جەخت لەسەر بایەخی خۆشەویستی لە پانتاییە هەستەوەری _ سۆزدارییەکەیدا دەکەم، تەنانەت ئەگەر زۆربەمان بترسین لەوەی خۆشەویستی بکات لەبەر ئەوەی ئێمە ماندوو بووین و ئازارمان چەشتووە کاتێك بەبێ ترس خۆشەویستیمان کردووە، بەڵام سەرباری ئەو ئازارانەش پێویستە کە ئێمە خۆشەویستی بکەین.

* ئایا تۆ لەو باوەڕەدا نیت کە مەیلێکی ئامۆژگاریکردن و ڕێنماییکەرانەت هەیە ؟

-(بە ڕەتکردنەوەیەکی توندەوە) ئامۆژگاریکەر؟ من؟ هەرگیز و هەرگیز و من وەهای بۆ دەچم کە بە چەندین جۆر هەوڵدەدەیت بمجوڵێنی ! من نامەوێت ڕێنمایی هیچ کەسێك بکەم، من لەو باوەڕەدام کە هەریەك لە ئێمە ڕێبازێکی هەیە، من ئەوەش ناڵێم کە لەسەر خەڵکان پێویستە بە مەبەست بۆ ئازار و مەعانات و تاقیکردنەوەی قورسدا بگەڕێن، ئەو نامەیەی کە دەمەوێت ئاراستەی بکەم ئەوەیە کاتێك کە ئەمە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لێی هەڵنەیەن، کێشەکە ئەوە نییە کە لەگەڵ ئەوی تردا جەنگەکە بدۆڕێنین، کێشەکە لەوەدایە کە بە تەواوەتی بزانین لە خەباتی خودی خۆماندا لە چ خاڵێکداین. بۆ نموونە، ئەمە بوو کە ماریا هۆشمەندی تیادا پەیداکرد و لە دواجاردا توانی لە سێکسی خۆی تێبگات و پەسەندی بکات.

□ خودی خۆت چەندت کات پێویست بوو هەتا لەم لایەنەی خودی خۆت تێبگەی ؟

- گوێم لێبگرە، من تەمەنم پەنجاو شەش ساڵە، بە واتا من زۆر ژیاوم، هەموومان بە قۆناغی ناسین‌و ونبوون و درۆ و گونجاندن‌و هەڵبەزو دابەزدا ڕەتدەبین، پێش ئەوەی کە ناوەڕۆکی سێکسێتی خۆمان بدۆزینەوە. ئایا تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان چوویت بۆ لای سۆزانییەکان ؟ بەڵێ، دوو یان سێ جار لە تەمەنی شانزە ساڵیمدا، لە بەڕازیل ئەوە لەلای ئێمە شتێکی ئاساییە وەك سەرەتایەك یان دەروازەیەك بۆ چوونە ناو جیهانی نێرایەتییەوە، بەڵام من لەو تاقیکردنەوەیەدا لە ترس زیاتر هیچی ترم لە یاد نییە، لە هەستی خۆما بە باشی نازانم، لە دوای

ئەوە لە شەستەکاندا تەوژمی (هیچی) هات و لەگەڵ خۆیدا سێکسێکی سەربەست و دەرباز بووی لە هەموو کۆت و پێوەندێك هێنا, لە دوای ئەمە قۆناغێکی زۆر پارێزکاری هێنا کە لەسەر ئەم ئاستە پەیوەندی بە منەوە هەبێت. من لەو باوەڕەدام کە هەتا ئێستاش لە سنوری دۆزینەوەی ئەم لایەنەدام لە قەوارەی خۆمدا, هەروەها لایەنی تریش هەیە لەبەر ئەم هۆیە (یانزە خولەك)م نوسی, وەك کتێبەکانی پێشووترم بەشێك لە خۆمی تیادا ڕەنگ دەداتەوە.

* وایە, ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانتا نەتدۆزینەوە (نەتگرین), بەڵام تۆ بەشێوەیەکی زۆر بەهێز ئامادە بوونت تیایاندا هەیە. ئایا تۆ زۆر زۆر تینویت بۆ دۆزینەوەی خودی خۆت ؟

- با ڕاستتر بڵێین کە من زۆر زۆر تینوم بۆ دۆزینەوەی خودی خۆم و ناسینی. من دەربارەی ئەو کێشانە دەنوسم کە گرنگن بەلامەوە و بیریان لێ دەکەمەوەو لە خەیاڵمان بە جیا لەوەی کە خوێنەر چاوەڕوانیان دەکات لێم. لەو باوەڕەدام کە زۆر گرانە مرۆڤ هەوڵ بدات بە درێژایی کات خۆیان لێ بشارێتەوە من خۆشاردنەوەم ناوێت, دەمامکەکانم ناوێت, زۆر بە ئاسانی دەمەوێت کە خۆم لەگەڵ ئەوانی تردا بەش بکەم. بەڵێ من (حاجی کومبۆستیلا)مۆدێرنیزم من جەنگاوەری تیشکم من شووشە فرۆش و شوانەکەم, من ئەو وێنەکێشەم کە ماریا حەزی لێکرد, بە شێوەیەك لە شێوەکان, هەروەها من ماریا خۆییم ! هەموو کتێبەکان هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە تایبەتیەکانم دەربارەی ژیان. من نوسەرێکی زۆر ڕاستگۆم, خوێنەرەکانم ئەمە دەزانن, ئەگەر هەستیان بکردایە کە من ساختەم ئیتر نوسینەکانمیان نەدەخوێندەوە.

□ قسە کردن دەربارەی خوێنەرانت کە زۆر زۆرن, بە رای تۆ نهێنی کارتی کۆیلۆ چییە ؟

- کاتێ ئەو ڕۆژە دێت و نهێنی سەرکەوتنی خۆمی تیا بزانم ئەوا من تەواو بووم. بە فێڵەوە باسی کارت دەکەیت (وەکو یەکێك کە چۆن تاوانبارێك بە تاوانەکەیەوە دەگرێت ئاوەها تەماشام دەکات) بەڵام پێت دەڵێم کە ئەمە مەتەڵە, چۆن دەتەوێ هۆی گەیشتنی وشەکانم بۆ ئەو هەموو گیانانە تێبگەم ؟ زۆرجار زئەو پرسیارەم لێ دەکرێت, بەڵام ئەگەر خوێنەران لەو وەهمەدا بن کە من ئەزانم وەڵام بدەمەوە ئەوا باشتر وایە کە هەر لەم چرکەیەدا واز لە خوێندنەوەم بهێنن, بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانرێت بوترێت کە دوو هۆکار هەن بەشداری دەکەن لە یارمەتیدانی کەسێکدا بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکەی, یەکەمیان ئەوەیە کە خاوەنی خەونەکە باوەڕی بە بەدەستهێنانی خەونەکەی خۆی بێت, من لەوکاتەوەی کە بڕیارم دا بژێوی خۆم لە میانی نوسینەوە پەیدا بکەم وازم لە هەموو کارکردنێکی تر هێنا, بەڵام هۆکاری تر ئەوەیە کە خاوەنی خەونەکە بە تەنها ناتوانێت خەونەکەی دەستەبەر بکات, ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت خوێنەرە هاوپەیمانەکانم بوون, کە بە پەرۆش و خۆشەویستییەوە بەشدارییان لەگەڵدا کردم بۆ بڵاوکردنەوەی نوسینەکانی نوسەرێك کە لە سەرەتای ڕێگاکەدا نەناسراو بوو.

□ بەڵام تۆ ڕۆماننوسێکی کە مشتومڕێکی گەرموگوڕ دەنێیتەوە, زیادە ڕۆیی نییە تا ئەو ڕادەیەی کە تۆیان خۆشدەوێت

ناویان بنێین (پاشکۆ)و هەشن ئەوەندە رقیان لێتە هەتا وەلانانێکی تەواو، هەن دەپرسن کە ئەم ملیۆنەها کتێبە فرۆشراوانە لە ئەنجامی چالاکییەکی فرۆشتنی زۆر وریاوەیە زیاتر لەوەی کە لە ئەنجامی جۆرە ئەدەبێکی بەرزەوە هاتبێت. نەء، هەندێك تا ئەو رادەیەیت دەڕوات کە تۆ (بەرهەمهێنەرێکی بازرگانیت)، یان ئامێرێکی دروستکەری بەهێز و لەگەڵ ئەو خوێنەرانەدا دەگونجێیت کە ناخوێننەوە، یەکێك: لە رەخنەگرەکان وەهای لەسەر نوسیویت :

(من کۆیلۆم نەخوێندووەتەوە، سەرنجی رانەکێشاوم)، هەڵوێستت دەربارەی ئەم ژاوە ژاوە چییە؟ (لێرەدا کۆیلۆ هەڵدەستێت و رووەو کتێبخانەکەی دەڕوات، بلێی لە پرسیارەکەم دلگران بووبێت؟ ئایا من زیادم وت و زیات لە پێویست ئیستفزازم کردبێت وەك ئەو کچە رۆژنامەنووسە ئەڵمانیەی کە کۆیلۆ خۆی لە پێش دەستپێکردنی پەیڤینەکەماندا پێی وتم : ئەو کچە هەتا ئەو رادەیە شەڕەنگێز بوو کە کۆیلۆ لە هۆڵی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا وەك مەرجێك داوای کرد کە ئەو کچە بچێتە دەرەوە، ئنجا ئەم بەردەوام دەبێت لە قسەکردندا لەگەڵ هاوڕێکانیدا ؟ نا، نا ئەوەتا بە زەردەخەنەیەکەوە گەڕایەوە پاکەتێ جگەرەی بە دەستەوەیە (ئایا لە دوکەڵی جگەرە بێزار نابیت؟) بە دزیەوە هەناسەیەکی شادیم هەڵکێشتا. نا، نا هەرگیز، جگەرەیەك دائەگیرسێنێ و لەدوای نەفەسێکی قوڵەوە وەڵام ئەداتەوە).

خەڵکان لە وتنی قسەی پڕوپوچدا بەهرەوەرن، ئەم کارە کارێکی کتوپڕی نییە بۆ من و کارم تێناکات، زۆر زۆر بە کارێکی سروشتی دەزانم.

ئیرەیی توخمێکی کلاسیکییە لە توخمەکانی سروشتی مرۆڤایەتیدا، ئەم جۆرە قسانە ئەوە دەردەخەن کە کارەکانم بوونیان هەیە ئەگەر بە گڕو تینەوە ئامادە نەبوونایە ئەوا ئەم هەموو کاردانەوەیە روویندەدا. بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی من هیچ پەیوەندییەکی بە بواری بازارکارییەوە نییە،بە درێژایی چەندین ساڵ ڕەخنەگرەکان لە خاچیان داوم و بێبەزەیی بوون بەرامبەرم. راگەیاندن لە گەڵما نەبوو، لەبەر ئەوە من ئەتوانم بە شانازیەوە بڵێم کە سەرکەوتنم بە هۆی کتێبە یەك لەدوای یەکەکاندا بوو، راستر بەهۆی ئەو پەتای خوێندنەوەیەوە بوو کە لەناو خوێنەراندا بڵاو بووەوە. هیچ نوسەرێکی بەرازیلی تەنانەت فەرەنسیش نییە کارەکانی بۆ ئەم هەموو زمانانە وەرگێڕدرابێت و لەم هەموو وڵاتانە خوێندرابێتەوە، بەم بۆنەیەوە من هیچ لە بواری بازارکاری و پێداویستیو مەرجەکانییەوە نازانم، لە بیرم دێ لە منداڵیمدا گوێم لە گۆرانی (بێتڵز) دەگرت و هاوارم دەکرد : چەند جوانە ! چەند مەزنە! دایکیشم پێی دەووتم : (وازیان لێبێنە، سەرکەوتنی لە ئەنجامی بازارکاریەوەیە و ناتوانن بەردەوام بن)، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون و هەموو جیهانیش نەوە لە دوای نەوە خۆشیدەوێن.

☐ تۆ لەو بڕوایەدایت کە هەموو جیهان خۆشیان دەوێیت ؟

- نا، مەبەستم ئەوە نەبوو، بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس پێویستییان بە لێکدانەوەکردن هەیە، ئەیانەوێت کە سەرکەوتنەکە توێکاری و شیبکەنەوە، ئەگەڕێن بۆ وەڵامی لۆژیکی و ماتماتیکی هەتا تێبگەن و باوەڕ بکەن، ئەوە دوانەی سەردەمەکەن، بەڵام

من وەڵامم لەلا نییە من بۆ ئەم هەموو کتێبە زۆر زەوەندە بفرۆشم ؟ ئەوەی کە ئەیەوێت بزانێت سەربەستە لەوەی کە ئەم پرسیارە لە کڕیارەکان بکات, لەم کێشەیەدا بڕیاری ڕاستەقینە لەلای ڕەخنەگر نییە, بڕیاری ڕاستەقینە لەلای ئەو خوێنەرەیە کە پارە دەدات بۆ کڕینی ڕۆمانەکەم, ئەوەی کە پەیوەندی بە منەوە هەبێت خوێنەران بڕیاری خۆیان لەسەری بدەن, لە ڕاستیدا چالاکی داهێنانی وێژەیی نا ئاشکرایە و لێکنادرێتەوە, ئەوەیە کە ڕەخنەگرە چەقبەستووەکان لە سکێچەکانیاندا بیریان ئەچێت.

□ لەبەر ئەوەی کە تۆ ناوی چالاکی داهێنانی وێژەییت کرد,پێشتر لە کتێبەکەتدا (دانپیانانی حاجییەکە) وتت, نوسەر لە ژنێکی سک پڕ دەچێت کە منالی دەبێت و تۆش ناتوانی بنوسیت ئەگەر (خۆشەویستی لەگەڵ ژیاندا نەکەیت), لە لامان بایەخدارە کە ئایا ئەوە چۆن دەکەیت ؟

- چۆن خۆشەویستی لەگەڵ ژیاندا دەکەم ؟ زۆر بە ئاسانی من بە خولیا و شێتێتی و خۆشی و بەخششەوە تیایدا دەژیم.. ئێمە چەند بە گوڕو تینەوە بژین بوار زۆرتر دەبێت بۆ ئەوەی کە ڕێگای زمانە تایبەتییەکەمان بدۆزینەوە, هەوڵدەدەم بە هەموو چرکەیەك ئەو ڕێز و سیحرە ببەخشم کە نائاشکراییەکەیان شایستەیەتی, بێگومان وەك هەموو ڕۆماننوسەکانی تر هێزێکی زۆر لەسەرما دەخولێتەوە, بەڵام بیرۆکەیەکی دیاریکراو هەیە کە ڕانەپەڕێ و نەشونما دەکات و بانگم دەکات, منیش هەست بە پێویستی دابەشکردنی دەکەم لەگەڵ ئەوانی تردا.

□ ئایا لەبەر ئەم هۆیەیە دەنوسیت ؟ ئایا بە پلەی ئەکەم و بە ڕێژەی تۆوە ئەوە کردارێکی هاوبەشیکردنە ؟

- بەڵێ هاوبەشیکردن ڕوخسارێکی گرنگی سروشتی مرۆڤایەتییە, من لەگەڵ ئەوانی تردا پێویستم بە هاوبەشیکردنی مرۆڤایەتیم و خۆشەویستیم و کارکردنم هەیە ، بۆیە ئەنوسم لەبەر ئەوەی شتەکان بەخۆم بڵێم,, من خوێنەریشم بەتایبەتی لەگەڵ هەر ڕۆمانێکی نوێدا چاوەڕوانم بکە, لەوانەیە ئەم ڕاستگۆییە هانی خوێنەران بدات لە هەموو تەمەنێکی جیاجیادا بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانم, هەروەها ئەتوانی پێم بڵێی کە بۆ ئەنووسم کە قسە لەگەڵ ئەو منداڵەشدا بکەم لەناو سکیشماندایە.

□ زۆر جار دەربارەی ئەم منداڵە گفتوگۆ دەکەین, ئێستا خۆت وتت کە تەمەنت بووەتە پەنجاو شەش ساڵ, ئایا پاولۆ منداڵەکەی ناخت پیر نەبووە ؟

- نەء, من دان بەوەدا ئەنێم کە نامەوێت گەورە بم, من پێت دەڵێم کە گەورەبوون بەلای منەوە ئەو کاتەیە کە میوەکە خەریکە بۆگەن دەکات. ئەوانەی کە توانای تێگەیشتنی ژیانیان هەیە منداڵەکانن یان ئەوانەی کە وەك منداڵ تەماشای دەکەن, ئەو منداڵەی کە لە ناخماندا هەیە ئەوە هەستمان بە شتەکان پێدەکات, هەتا ئێستا هەموو شتێ لەبەردەمماندایە و ئێمەش نامانەوێت وازبهێنین لە ڕۆچوون بۆ ناو سەرەڕۆیی ژیان لە دۆزینەوە یەك لەدوای یەکەکاندا, منداڵەکە زیندووە و نەمرە ، تەمەنی نییە, لەبەر ئەم هۆیە دەمەوێ کە منالەکە لە ناخمدا پیر نەبێت, ئەو سەرسوڕمانەی کە ئەو منداڵە پێم دەبەخشێت و چاوەڕوانی

سەرسوڕمانێکی ترە کە هەر دەبێت بێت و ئەو مانایە بەرجەستە دەکەن کە دەبێت زیندووبم،ئەوانەی کە گەورە بوون شتەکان بە مەتر دەپێون و بە کیلۆش ئەیکێشن،زیاتریش لەناو رابردوودا دەژین، لەبەر ئەم هۆیە لە نوێ تێناگەن و ناشیبینن، تەنانەت کاتێك کە بەلاشیاندا رەتدەبێت. لەکیس خۆیانی دەدەن لەبەر ئەوەی ناتوانن جیای بکەنەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە من شەرم لە پیربوون بکەم، من چرچ و لۆچیم ناشارمەوە و قژی سپیم بۆیاخ ناکەم، بەڵام من بە هەموو واتایەك گەورەبوون رەتدەکەمەوە.

* ئایا ئەو منداڵەی کە تۆ قسەی لەگەڵ دەکەیت ئەو هۆیەیە کە تۆ تا ئەم رادەیە زمانێکی ساکارو راستەوخۆ بەکار دەهێنیت؟

- (بەپەرۆشەوە) گوێ بگرە، ئەتوانم هەموو هەفتەیەك کتێبێکی نوێ و ئاڵۆز بنوسم،بەڵام من لەبری ئەوە ئەمەوێت کە هەر دوو ساڵ جارێك کتێبێکی ساکار و راستەوخۆ بنوسم، کتێبێکی بەدەر لە زەخرەفەی وێژەیی کە یەکسەر بچێتە ناو دڵی خەڵکییەوە، کەس لە ئاڵۆزکاری تێناگات، بەڵام گەمژەکان ئەو بۆچوونەیان لەلا پەیدا دەبێت کە ئەوە کارێکی بلیمەتکارانەیە، لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی بێدەسەڵاتن لە تێگەیشتنی. لە پشت هەموو ئاڵۆزکاریەکەوە بۆشاییەکی تۆقێنەر هەیە، لەوانەیە شێوازی من وا دەرکەوێت کە رووکەشکارییە، لەبەر ئەوەی تا بتوانم کەم زمانی خۆم بەکار دەهێنم، من بۆیە ئەوە دەکەم هەتا بوار بۆ خوێنەر برەخسێنم کە لەگەل مندا ئەندێشەی خۆی بەکار بهێنێ، ئیستفزازی دەکەم، هانی دەدەم، لە چەقبەستویی و لە شوێنەکەی خۆی ئەیجوڵێنم، بە واتا لە جێگەی چاودێرێکی بێلایەنی تووش نەبوو ئەیجوڵێنم، بەڵام ئەو گەوهەرەی بیرۆکەکە بارگاوی دەکات و هێماکانی پشتی وێنەکانیش دەپارێزم، هەموو کەسێك دەیەوێت کە (عولیس) بنوسێت، بەڵام ئەگەر بەیانی راپرسیەکت کرد بۆئەوەی کە بزانین کە چەند کەس (عولیس)یان بە تەواوەتی خوێندووەتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە کەسانێکی کەمن. من وەك مەرجەکانی (دامەزراوەیی) نانووسم، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئەم زمانە نوێیەی سەردەم کەرەسەی وێژەیی ئایندەیە.

* لە میانەی گفتوگۆکردندا لەسەر کەرەسەکانی ئایندە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵت هەیە لەگەڵ جیهانی ئەنتەرنێتدا.

- بەڵێ، بەڵام دەستنیشانکردنی (پەیوەندییەکی توندوتۆڵ) بەس نییە، من رایدەگەیەنم کە ئالوودەی چەشەکانی تۆڕم، بە رای من ئەوە جیهانێکە لە بەهێزکردنی بەردەوامی و نزیکبوونەوە لەناو خەڵکیدا، بە پێچەوانەوە ئەوەی کە هەندێك کەس بۆی دەچن. بیرم دێ کە جاران لە ئاپارتمانێکی گەورەدا نیشتەجێ بووم کە زیاتر لە چل خێزانی لەخۆ گرتبوو، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ دراوسێکەمدا لە وشەی (بەیانیت باش) تێپەڕی نەکردبوو، کاتێك کە لەناو ئەسانسۆرەکەدا پێکدەگەیشتین، بەڵام لەگەڵ ئەنتەرنێتدا تۆ دەنوسیت و بەردەوام دەبیت و بەشداری دەکەیت بە ئەزموونەکانت و گیانت لەگەڵ ئەوانەی کە پەیوەستن بە جیهانەکەتەوە و لە تۆ دەچن و ئەوانەی کە ئەو هەستەت لەلا دروستدەکەن کە تۆ تەنها نیت، ئەنتەرنێت بکوژی تەنهاییە نەك دایەنی، بەڵێ ئێستا

تۆڕەکە بێ سەروبنە و تۆقێنەرە، ئەوەی گومانیشی تیادا نییە کە ئەتوانرێ بەکار بهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەدکاری، بەڵام لێپرساوێتیەکە ناکەوێتە سەر شانی تەکنەلۆژیا، مرۆڤ خۆی بە ویستی خۆی لایەنی باش یان لایەنی بەدی شتەکان هەڵدەبژێرێت.

□ تا رادەیەك بەشی زۆری رۆمانەکانت باس لە ململانێی نێوان چاکە و بەدکاری دەکەن، نێوان لایەنە باش و لایەنە بەدەکە، ئایا ئەم جیاکارییە راستە ؟ ئایا چاکە و خراپە دوو رووی هەمان پارە نین، ئایا هەموومان تێکەڵەیەك نین لە دکتۆر جیکل و مستەر هاید ؟

- مرۆڤ لە ویست و ئارەزووی نا سروشت و کرداری خودی هەڵسوکەوتی خۆیدا دەبینم، من لەو بڕوایەدام کە ئەو توانایەمان هەیە بزانین کەی هەڵە دەکەین و کەی کاری تەواو ئەنجام دەدەین، کەی کەسانی تر بریندار دەکەین و کەی یارمەتی دەدەین بە پێویستی یاسا کۆمەڵایەتییەکان، ئەم قیبلە نومایەی کە لەناو ناخماندا هەیە بواری ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ کە جیاوازی لە نێوان چاکە و بەدکاریدا بکەین، بێگومان هەردووکمان، تەنانەت هەموو شتێك لەناو ژیاندا دوو دووە، خۆشەویستی تیشك و تاریکی لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە، کاری نوسین تێکەڵاوییەکە لە خۆشی و شڵەژان، بەڵام ئەو وزە پۆزەتیڤەی کە هەمانە بەش ناکات، مرۆڤ لە گەوهەردا چاکە، بەڵام جاروبار ئەو ئەهریمەنەی کە لەناویایەتی دەردەکەوێت..

□ چی دەڵێی دەربارەی ئەهریمەنەکەی خۆت ؟ هەموو مرۆڤێك سێوێکی هەیە ئایا شێوەی سێوەکەی تۆ چۆنە ؟

- پێم وایە کە مەترسیدارترین ئەو وەسواسییەی کە هەڵمئەخەڵەتێنێ شێوەی ئەم وشانە ئەگرێتە خۆی.. پاولۆ سەرکەوتنت بەدەست هێنا. بۆ وازناهێنیت و پشوو بدەیت ؟, ئەوە ئەو ئیغرایەیە کە بە هەموو هێزم بەرەنگاری دەبمەوە، بەڵام ئەوەی کە لە سێوەکە ماوەتەوە لێیدەکەمەوە و بێ دوو دڵی دەیخۆم ! (پێکەنی) من ئەزموونەکانی خۆمم لەلا پەسەندە و کەوتنە ناویشم هەر لەلا پەسەندە. لەلایەکی ترەوە خەڵکی خوو دەدەنە داهێنانی ئەهریمەنە دروستکراوەکان.. ئەهریمەنە دەستکردەکانیش بە ویستی خۆیان بەکاریان دەهێنن، ئەوە بەسە بۆ کاولکردنی ئەمە کە لە دەسەڵات بێبەری بکەین، واتا باوەڕ بە بوونیان نەهێنین.

* بڕوا دەکرێت کە ژیان ئەوەندە ئاسان بێت ؟ کاتێك کە دەربارەی دەدوێیت وەها دەردەکەوێت کە هاوکێشەیەکی تەواوە، یەکێکیان بۆ سەرکەوتنە و ئەویتریان بۆ شکستهێنان، یەکێکیان بۆ بەختیاری و ئەوی تریان بۆ ناهەمواریيە.

- با وا بڵێین کە من لەو بڕوایەدام کە تەنها دوو شت وادەکەن مرۆڤ خەونەکانی بەدی نەهێنێت، یەکەمیان وابزانێت مەحاڵە، دووەمیان کە خۆی بدات بەدەستی ترسەوە، ئازایەتی تەنها کرداری چاکەیە کە مرۆڤ ناتوانێت وازی لێ بهێنێت، لەبەر ئەوەی ترسەکە ناهێڵێ کە قەدەری خۆی بگۆڕێت و ئەفسانە تایبەتیەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

□ بڵێی پاولۆ کۆیلۆ لە چی بترسێت ؟

- بۆ نموونە قسە کردن لەبەردەم کۆمەڵێ خەڵکدا، لەو بڕوایەدا نیم کە رۆژێك لە رۆژان لەگەڵ ئەم کارەدا رابێم، هەرچەندە هەڵیش دەستم پێی ئەوە بەشێکە لە رۆتینی ژیانم، بەردەوام لە هەموو جیهاندا موحازەرە

دەڵێمەوە و دیدەنی دەکەم, بەڵام ئەمە هەڵوێستێکە دەمترسێنێ, هەروەها من لە خۆشم دەترسم, تۆ دەزانی کە ئازایەتی نائامادەیی ترسەکە نییە ؟ ئەو رێگرە لەوەی کە توشی ئیفلیجیمان بکات, هەموومان دەترسین, ئەوە کاردانەوەیەکی غەریزەییە, بەڵام سەرباری درندەیی ترسەکە ئازایەتی بوارمان بۆ دەرەخسێنێت کە بەرەو پێشەوە برۆین.

☐ ئەی دەربارەی مردن, ئایا لە مردن ناترسیت ؟

– مردن, مردن بە رێژەی ژنێکی جوانەوە کە لە لامەوە دانیشتووە, موغازەلەم دەکات و ئەیەوێت ماچی بکەم, بەڵام من پێی دەڵێم : نا ئێستا نا.. ژنەکە, کەمێك چاوەڕوانبە.. تاوێکی تر ماچت دەکەم ...

☐ ژنێکی جوان ! ئایا تا ئەم رادەیە لەبەر چاوی تۆ سەرنج راکێشە ؟

– نە, من نەم گووت کە ئیغرام دەکات, من ئەڵێم دوژمنم نییە, ئێمە دوو هاوڕێین کە هەتا هەتایە پێکەوە دەبین, بوونەوەرێك وەك سێبەرەکەم لەگەڵمدایە, چاوەکانم دەکاتەوە, ئاگادارم دەکاتەوەو ئامۆژگاریم دەکات ... هاوڕێکەم گوێم لێبگرە, پێویستە کە هەتا بەیانی چاوەڕوانی نەکەین, تەماشاکە, دەستی لێبدە, تامی بکە, چەند لە تواناتا هەیە بە توندی و چڕی بژی, ئەوەی کە ئیمرۆ لەبەر دەستتدایە لەوانەیە سبەینێ ببێ بە هی من, لەبەر ئەوە ئەتوانم کە جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە من لە مردن ناترسم.

☐ تۆ زۆر پەیامی ئاشتی ناخی مرۆڤ دەگەیەنیت ! ئایا هەتا ئەم رادەیە لەگەڵ خۆتا تەبایت؟

– ئایا بەلای تۆوە من هێمنم ؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بوبێ کە ئێستا من لە وەرزشە تایبەتییەکەی خۆم بوومەتەوە, تیر هاوێژی بە تیروکەوان, ئەمە وەرزشێکە کە پشوو بە مێشکم دەبەخشێت و بواری تێڕامانم بۆ دەرەخسێنێ و بەرەو هێمنبوونەوە و خاوبوونەوەم دەبات. لە راستیدا من جیاوازم لە بوونەوەرە هێمنەکان, من پیاوێکی زۆر دڵەڕاوکێکەر و دڵناسکم, مەبەستم ئەوەیە کە من لە کۆتاییەکان ناترسم, لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ئەزموونانەی کە بە ژیانمدا رەتبوون بە سەربەستی و زیادەڕەوییەوە تیایاندا ژیاوم, چوون یەك لە باشەکان و بەدەکانیش. ئەو ژنەی کە خۆشمویستووە کردوومە بە خێزانم, نوسینی زۆرم نوسیوە کە جێی شانازیمن, لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی کە یارمەتی ملیۆنەها کەسی داوە بۆ ئەوەی کە هەست بکەن لە توانایاندایە قەدەری خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە, ئەگەر ویستیان ئەمە بکەن, ئینجا من هەوڵدەدەم کە کاسۆلیکییەکی چاکخواز بم, بەڵام بە هەڵە لێم تێمەگە من نوسەرێکی کاسۆلیکی نیم.

* کەواتە ئەگەر تۆ وانیت چۆن دەرکەوتنی مریەمی پاکیزە بەرەو رووی ماریا لە (یانزە خولەك)دا لێکدەدەیتەوە ؟

– دەرکەوتنی مریەمی پاکیزە بەرەو رووی ماریا ؟ باوەڕ دەکەیت ئەگەر پێت بڵێم کە من ئەم برگەیەم نایەتەوە یاد ؟ لەوانەیە ئەوە ئەندێشەی ماریا بێت کە وایلێکردووە وەها بۆ ئەم کارە بچێت (بێدەنگی), سەیرە تۆ تاکە کەسیت کە ئاگات لەم خاڵە بووە و روو بە روو ئەمەی پێ وتووم. بەهەرحاڵ من مرۆڤێکی ئیماندارم و ئەم ئیمانەشم داناوە وەك

دانپیانانێك بەوەی كە ژیان زیاتر لەوەی كە دەستەكانی لێدەدەین ، هەروەها ئیمان توانایەكی خەون بینین و لە خوود دەرچوون داوا دەكات, بەڵام هەتا ئێستاش دینەكان دەبنە پاساوێك بۆ هەڵگیرساندنی جەنگەكان‌و بڵاوبوونەوەی رق و كینە لەناو مرۆڤەكاندا ...

هەموو شتە گرنگەكان لە ژیاندا وەك خۆشەویستی و دین و سەربەستی راستەقینە ئەتوانرێ بۆ چاكە بەكار بهێنرێت,لە چركەوە كە دەست دەكەین بە كرانەوە رووەو جیهانی رۆحی ترسێكمان لە نادیار لەلا دروست دەبێت, كەسانێك هەن لەسەر ئەم هەسارەیە كە زۆر كارامەن بۆ بەكارهێنانی ئەم ترسە لە نادیار لەلای خەڵكی و گەمە پێكردنی, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە دین هۆی هەڵگیرساندنی جەنگەكانە.. دین نهێنییەكی خودایە و سروزشتی مرۆڤ تێدەپەڕێنێ. نموونەیەكی ئاسانت بۆ دەهێنمەوە كە قسەكەم لێكدەداتەوە.. بەلایەنی كەمەوە لە دوو هەفتەدا جارێك ئامادەی (قداس) دەبم. (قداس) ئەوەیە كە بە نهێنی و لەناو سرووتێكی دیاریكراودا بەشداری بكەم, كاتێ كە تەماشای كاهینەكە دەكەم كە ئەم سرووتە ساز دەدا لەخۆم ناپرسم : ئایا ئەم كاهینە پیاوێكە وەكو من ؟ پیاوێكە بێ خەوشە ؟ ئایا پیاوێكە بەدكارە ؟ یان پیاو چاكە ؟ ئەم كارانە لەلای من نە بایەخی هەیە و نە گوێی پێدەدەم لەبەر ئەوەی سرووشتی (قداس)ەكە سروشتی مرۆڤایەتی تێپەڕاندووە.

☐ ئایا لەلای (كاهین)ەكە دان بە هەڵەكانتدا دەنێیت ؟

- بەڵێ دانی پێدا دەنێم.

* دەبێت ئەوانە دانیشتنی درێژخایەن بن !

- (پێئەكەنێ) زۆر درێژخایەنن, راست ئەكەی ! بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە من رەزامەندی هەموو شتێكی كاسۆلیك بم, چەندین هەڵوێستیان هەیە كە من خۆم پشتگیرییان لێناكەم, بەڵام من بە هەموو سەربەستییەك ئەوەم هەڵبژاردووە كە كاسۆلیكی بم, نەك لەبەرئەوەی من باوەڕم بەوە بێت كە كاسۆلیكی لە ئیسلام یان بووزی یان دینەكانی تر باشتر بێت, بەڵام من ئەوەم ویستووە كە بگەڕێمەوە سەر پشتاوپشتی خۆم. پێویستە كردارە مرۆڤكاریەكان لە نهێنییە مەزنەكەی كە نوێنەرایەتی دەكات جیا بكەینەوە, تەنانەت ئەگەر كاهینەكەش پیاو خراپ بێت, بەڵام لە چركەی دانپیانانەكەدا خودی خۆی تێدەپەڕێنێت پێویستە كە بەرامبەر ئەم نهێنییە خۆ بە زل نەزانین,پێویستە كە گوێڕایەڵی ئەم سرووتانە بین و ئەو ئازایەتییەمان هەبێت كە خۆشەویستی بەبێ مەرج بكەین, بەهەرحاڵ تەنها دین نییە كە لەم رۆژگارەدا ئیستغلال دەكرێت, بەشی هەرە زۆری شتەكان روو بەڕووی ئیستغلال دەبنەوە, خۆ بینیت كە چی لە وڵاتە یەكگرتووەكان روویدا بۆ نموونە : شەڕفرۆشتنەكانی یانزەی سێپتەمبەریان بەكار هێنا بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لە دژی عێراق*. ئەوە كارێكی ئاسان نەبوو. گەمەیان بەو تراژیدیایە كرد بە جۆرێك كە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانیان بكات.

☐ هەروەها (ئەسنار) بەم دواییانە هەوڵی كردنی هەمان شتی دا لەكاتی ئەو تراژیدیایەی شاری مەدریددا.

- تەواوە, بە بڵاوكردنەوەی درۆ هەوڵی دا كە ئەو شەڕ فرۆشتنە بخاتە گەڕ, بەڵام سەرنەكەوت. زۆر جار خەڵكان وەهمێ دەكەن

کە لە توانایاندایە گەمە بە هزی کەسانی تر بکەن و چۆنیان دەوێت ئاوەها بیانبەن بەڕێوە. ئەوە یەکێکە لە بەرجەستەکردنی خۆپەرستییە مرۆڤانەیە و میکاڤیلییە ترسنۆکانەی کە ئەو کەسانە خۆیانی پێ چەکدار دەکەن, هەتا بەدکاری پیادە بکەن لە ترسی ئەوەی کە باشبن. خۆ بەدەست چاوچنۆکەوە دەدەن لە ترسی ئەوەی کە بە بەشی خۆی رازی بێت و بەدوای پارەدا رادەکەن لەترسی ئەوەی نەوەکو هەژاربن.

□ قسەکردنێکی سەیرە کە لە (مولتی میلیۆنێر)ێکی وەکو تۆوە دەکرێت ؟

- بەڵێ من ملیۆنێرم, لە هەموو کتێبێکەوە پارەیەکی زۆرم چنگ دەکەوێت, ئەتوانم ئەوە بڵێم کە من ئەوەندەم پارە هەیە کە بەشی سێ ژیانی داهاتوو دەکات. وەك ئەزانیت من سیحربازم ! مەبەستم ئەوە نییە کە پارە بەدکاری بێت, بەڵام جاروبار رێگا بەکارهێنراوەکان بۆی دەبنە کاری شەڕخواز.

* ئەم سامانە زۆرەی کە هەتە لەو سەرکەوتنە بێهاوتایەوە دەستی پێکرد کە کتێبی (کیمیاگەر) بە دەستیهێنا, ئەوەی کە وەگێردرایە سەر زیاتر لە شەست زمان و بە زیاتر لە (١٥٥) وڵاتدا بڵاوکرایەوە, هەروەها ئەوەی کە لە شانۆ و ئۆپێرا و مۆسیقاوە لێی وەرگیراوە,وا دەردەکەوێت کە بە هۆیەوە بەم زووانە ملیۆنەهای ترت چنگبکەوێت لەبەر ئەوی کە دەکرێت بە فیلم.

- بیرم مەخەرەوە, چ هەڵەیەکە ! لەم خاڵەدا کۆیلۆ بە ئاگا دێتەوە بەوەی کە ئێوارە هەندێك لە تاریکی خستە ژوورەکە, لێی پرسیم کە (ئایا پێویستیم بە کارەبا هەیە ؟) نەخێر. خراپ نییە, با هەروا بمێنینەوە, ساحیرەکان تاریکییان پێ باشترە, بە هیوام کە پرۆژەی فیلمەکە بە ئەنجام نەگات, من پەشیمانم لەبەر ئەوەی لەسەرەتای کاروانی بەرەو جیهانی رۆیشتنم.. من مافەکانی کتێبەکەم فرۆشت. لە دواییدا زانیم کە ئەوە گەمژەیی بوو لەبەر ئەوەی کە ئەم بەرەو پێشچوونە ئاسایی نییە, بێگومانم لەوەی کە (لۆرنس فیشیورن) نوسەری سیناریۆ و دەرهێنەرێکی زۆر زۆر نایابە,بەلام کۆمپانیای (وارنر) کە خاوەنی مافەکانی ئێستا کار بۆ ئەوە ئەکات کە گۆڕانکاری لە سیناریۆکەی (لۆنس فیشیورن)دا بکات کە بە تەواوەتی من بەدڵم نییە. لەدوای کیمیاگەر مافی هەموو نوسینەکانم بۆ کاری سینەمایی قەدەغە کرد. من ئەمەوێت باوار بۆ هەموو خوێنەرێك برەخسێنم کە سیناریۆ بنوسێت و کەسایەتییە تایبەت بە خۆکەی دابهێنێت. نامەوێت رۆمانی (الواحدە) بنوسم. رووبەری سەربەستی و خەیاڵ بەشێکە جیا نابێتەوە لەو بنەمایەی کە لە نوسینەکانمدا لەسەری دەڕۆم, هەرچەندە جۆرە دارشتنێك نییە کە لەهەر کتێبێکدا دووبارەیان بکەمەوە.

* بەڵام من وای بۆ دەچم کە جۆرە دارشتنێك هەیە دووبارەیان دەکەیتەوە, چیرۆکی (پەڕە سپیەکە) وای تێگەیاندم, ئەم سرووتە نا ئاشکرایە چییە و چۆن لەدایکبوو ؟

- بەڵێ وەك پشکنەرێکی زۆر وریا دەتبینم ! چیرۆکەکە ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێکرد کاتێك کە بڕیارمدا گەشتی حەجەکەم بۆ (کۆمبۆستیلا) بنوسم, ئەو کاتە دەترسام و راڕا بووم هەرچەندە نوسین تاکە خەونم بوو, پرسیارم لەخۆم دەکرد " بنوسم یان نەنوسم ؟ ئەوە راڕایەکی سروشتییە کاتێك کە داتدەگرێت, لەکاتێکدا کە دەزانیت تۆ

هەڵدەستیت بە دەستپێکردنی هەنگاوێك کە لە بنەڕەتەوە ژیانت دەگۆڕیت. دواجار بە خۆمم وت : ئەگەر ئەمڕۆ پەڕێکی سپیت دی دەست بکە بە نووسین, خەریکی نووسین بە. ئەمە روویدا و دەستم کرد بە نوسین, ئینجا کتێبەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو خەونەکە هاتە دی, لەو کاتەوە چاوەڕوانی ئەو ئاماژەیە دەکەم پێش ئەوەی دەست بکەم بە نوسینێکی نوێ, هەتا ئەمڕۆ هەشت پەڕی ترم دۆزیوەتەوە, لەوانەیە چەندین هەفتە یان چەندین مانگ چاوەڕێ بکەم, بەڵام دەست بە نوسین ناکەم هەتا پەڕە سپیەکەی خۆم دەدۆزمەوە.

*[1] هەندێك ئەوە بە باڵندە بوون دادەنێن, بەڵام من وای بە باشتر دەزانم کە ناوی بنێم سرووت.

- ئەوە سرووت بوو یان بە باڵندە بوون, ئەوە هۆی جێگیر بوونی ناوگوندت دەگەیەنێ, ئەگەر تۆ لە دانیشتوانی شار بوویتایە بواری دەستکەوتنی پەڕێکی سپیت زۆر کەمتر دەبووەوە, لەوانەیە چەندین کتێب رووناکی نەبینیایە !

* کۆیلۆ پێدەکەنێ, ئینجا داوای لێکردم کە بۆ چەند خولەکێك ریکۆردەکە بوەستێنم, هەتا بە کریستینای خێزانی و هاوڕێی رێگاکەیم بناسێنێ کە ئێستا لەگەل دایکیا هاتنەوە بۆ ماڵەوە و (٢٥) ساڵە بەیەکەوە دەژین. (کریستینا) هونەرمەندێکی شێوەکارە و بەم دوواییانە هەندێك لە تابلۆکانی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تردا لە پێشانگایەکدا لە لوبنان نمایش کرد, خەونیش بەوەوە دەبینێ کە رۆژێك لە رۆژان بێت بۆ وڵاتەکەمان, بیرم کردەوە, باشە ئێستا زانیم کە پاولۆ چۆن دەبێتە پارویەکی ئاسان, هاوپەیمانە گونجاوەکەتم دۆزییەوە کە بتوانێ رازیت بکات,کە بەم زووانە بێیت بۆ بەیروت !. مێردەکە گاڵتەوگەپ لەگەل ژنەکەیدا دەکات, ماچی دەکات و ئەچێتە ناوچێشتخانەکەوە دەستبازی لەگەل خەسویدا دەکات و ئەویش ماچ دەکات, دواجار پرسیار لە نرخی ئەو مۆمانە دەکات کە کریستینا لەگەڵ خۆی هێناونی و بەسەر مێزەکانی دەوروبەرماندا دابەشیان دەکات, چاوی لێداگرتم و وتی : بینیت؟ ئەگەر ملیۆنێریش بم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بایەخ بە نرخی شتەکان نەدەم..گاڵتەوگەپێکی نوێ –کە بەردەوامە لەسەری – هەندێك پێکەنین بەدەنگی بەرز, ئینجا لەسەر گفتوگۆکەمان بەردەوام دەبین بە بێ ئەوەی کە پێویست بەوە بکات پرسیارەکەم دووبارە بکەمەوە, کیمیاگەری وشەکان ناهێڵێت کە دەزوولەی هزرەکان لە مێشیکیدا دەرباز بن.

- پێتدەڵێم کە بۆچی من لە گوند نیشتەجێم. چەند ساڵێك لەمەوبەر هەستم بە قۆناغێك کرد لە ژیانمدا و لە خۆمم پرسی " بڵێی تۆ چیت پێویست بێت ؟" وەڵامەکەی ئاوەها بوو :" پێویستم بە ئامێرێکی کۆمپیوتەری باش و هەندێ کراسی باش و پانتۆڵی باش سەربەستییەك هەیە کە لەگەڵ ژیاندا بەردەوام بم "

□ ئەی دەربارەی خەڵکی ؟

- بەڵێ, خەڵکانیش, بێگومان پێویستم بە خەڵکان هەیە, لە بویەردا ئەمڕۆ ژیانم دابەش بووە بەسەر دوو ئیقاعدا : جارێك (ئەللیغرۆ) و قەدەرێك (ئەداجیۆ) ئێستا ئەوەندە نییە کە لە جیهانی ئەللیغرۆ هاتومەتەوە لەبەر ئەوەی هەفتەی رابردوو لە وڵاتی باسك بووم, هەفتەی داهاتووش هەر لە ئەللیغرۆدا نوقم دەبم,لەبەر

ئەوەی کە دەچم بۆ مۆناکۆ بۆ بەشداری کردنی یانەیەك، بەڵام لەم چرکەیەدا و لێرە. من لە قۆناغی ئەداجیۆدا دەژیم، لەبەر ئەوەی خۆم لە نێوەندەکە کشانۆتەوە و لە تەنهاییماڵەکەمدا دەژیم. ئایا ئەتوانم بەرگەی یەك دانە لەم ئیقاعانە بگرم ئەگەر ئەویتری بەدوادا نەیەت ؟ نەخێر ...

□ ئایا سرووتی نوسینی ترت هەیە بێجگە لە کێشەی پەڕە سپییەکە ؟ ئایا یەك جۆر سیستەمی دیاریکراو پیادە دەکەیت ؟

- نەخێر، من بە قیست نانوسم، کە دەستم کرد بە نوسینی کتێبێك بە یەکجار تەواوی دەکەم.تەنها لەکاتی نوسینی کۆتاییەکەیدا دەوەستم. تەواوکردنی کتێبێك دوو هەفتە هەتا دوو مانگ نوسینی بەردەوامی لێم دەوێت، لە ڕۆژانی مێرمناڵیمەوە ئەمەیە ڕێبازی من بۆ تەواوکردنی کارەکانم. من ڕۆژێك لە ڕۆژان حەزم لە سیستەم و ڕەبت و ڕێکوپێکی نەبووە لەبەر ئەوەی کە من کەسێکی یاخی بووم.

□ بە شێوازی رابردوو قسە دەکەیت، بڵێی شتێك لەو یاخی بوونە نەمابێتەوە ؟

- با، هەموو شتێك ماوە ! بڵێسەی باخیبوون زۆر گرنگە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ خەبات لە پێناوی گەمژەکاریدا بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ بەردەوام بێت لە خەباتدا لە پێناوی ئەو کارانەی کە خۆی باوەڕی پێیان هەیە، من شارەزای یاخی بوونم یان یاخی بوویەکی چاپوکم، ئەگەر بتەوێ باوەڕم بە شۆڕش، بە گۆڕان هەیە، باوەڕم بەوە هەیە کە جیهان بە هۆی بڵێسەی یاخی بوونەوە نەبێ وەرچەرخانی تیادا ڕوونادات. وابووم و من _ هەتا ئێستاش _پیاوی زیادەڕەوی و دڵناسکی و ئەوپەڕییەکانم، لە تواناما هەیە کە لە کەسە گڕاویەکان و زۆر زۆر ساردەکانیش بگەم، بەڵام هەرگیز لە شلەتێنەکان ناگەم.

* زۆرجار دڵناسکی گرفتمان بۆ دروست دەکات، ئایا ئەم دڵناسکیو زیادەڕەوییەت هەتا چەند بەرەو هەڵدێری بردویت ؟

- من زۆر بریندار کراوم، شوێنی برینم زۆر پێوەیە، بەڵام ئایا شتێك دەزانیت ؟ من شانازی بە برینەکانمەوە دەکەم. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە من ژیاوم و ترسنۆك نەبووم، لەوانەیە ئازایەتی تاکە تایبەتمەندێتیم بێت، ئەگەر ئەوە لە خۆشەویستی یان کار یان کۆششی ڕۆحیشدا بێت. من لە هیچ شتێك پەشیمان نیم، لەوانەیە تاکە قۆناغ کە لێی پەشیمان بم ئەو کاتەیە کە ئالوودەی مادە بێهۆشکەرەکان بووم، مادە بێهۆشکەرەکان تەڵەیەکی تۆقێنەرن.

* وەهای بۆ دەچم کە تۆ قسە لەسەر قۆناغی هیپییەتەکەت بکەیت کاتێك کە گۆرانیت بۆ گۆرانی بێژی (ڕۆك) ڕاوول سیشاس دەنوسی ؟

- بەڵێ، ئەوە ئەو قۆناغە بوو کە هەموو مادە بێهۆشکەرەکانم تیادا تاقیکردەوە بێجگە لە هێرۆیین، مادە بێهۆشکەرەکان زۆر مەترسیدارن، نەك لەبەر ئەوەی کە خراپن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هەستێکی باشمان دەداتێ، خراپترین شت کە تیایدایە کوشتنی توانای بڕیاردانە. لە بەهەشتێکی ساختەدا بەندمان دەکات کە تیایدا ناتوانین نە بڕیار بدەین نە هەڵبژێرین، لە قۆناغێکدا تەواو ڕووخابووم، بەڵام من پەشیمان نیم، من لەو باوەڕەدام کە هەموو شتێك لە ژیاندا سوودێکی هەیە.

* بەڕێز کۆیلۆ ئەگەر تۆ بە راستی لەو باوەڕەدایت, سوودی لە برسا مردنی منداڵان ، سوودی توندوتیژی سێکسی بە زۆرەملێ, سوودی رەگەز پەرستی و داماوی و چەوساندنەوەمان بۆ لێك بدەرەوە ؟

- (چەند چرکەیەك گرژمۆنی.. ئینجا بێدەنگی ئینجا تێڕامان) باشە, ئەگەر پێم وتی وەڵامەکە ئەزانم ئەوا من درۆزنم, بەڵام ئەوە دەزانم کە هەموو ئەو شتانە هۆیەکیان هەیە, من لەلای خۆمەوە چی بکەم دەربارەی ئەم هەموو ناشیرینیە ؟ هەوڵ دەدەم کە هەستم بە رۆڵی خۆم لە میانەی ئەو دامەزراوە خێرخوازییەی کە دامەزراندووە و بایەخ بە منداڵ و پیرەکانی بەڕازیل دەدات. گەڕان بەشوێن لێکدانەوەکاندا سوودی نییە, باشترین شت ئەوەیە کە هەریەکێك لە ئێمە هەستێت بەوەی کە لە توانایدایە لە نێوەندی ئەم هەموو بگرەو بەردە ناشرین و ناهەموارەدا. هەریەك لە ئێمە بەخششی هەبێت, خۆشەویستی بکات, بەشداری بکات, بنوسێت ...

□ بنوسێت ؟ ئەمڕۆ ملیۆنەها کتێب دەردەچن کە تۆزقاڵێك رەوڕەوەی ژیان بەرەو باشتر نابەن.ئایا تۆ وای بۆ دەچیت کە وێژە ببێتە هۆکارێکی گۆڕانکاری پۆزەتیف لە نێوەندی ئەم بگرە و بەردەیەی کە باست لێوەکرد ؟

- هۆکاری گۆڕانکاری ؟ نەخێر. بەڵام لەو باوەڕەدام کە وێژە دەکرێت ببێتە هاندەرێك, لە هەموو کتێبێکدا کە دەیخوێنینەوە کاروباری وەهای تێدایە کە لەوەوپێش دەمانزانی, بەڵام کاتێك کە دەیخوێنینەوە لەگەڵ نوسەرەکەی و ئەو کەسایەتییانەی کە بۆمان دەگوێزێتەوە رۆدەچن, ئەوە کاردانەوەمان تیا دەهەژێنێ, هەروەها ئەو هەستەشمان پێدەبەخشێت بەوەی کە ئێمە تەنها نین. وێژە پردەکان دروستدەکات, ئاوەها وشەکانی شاعیرێکی چینی دەتوانێت کار بکاتە سەر رۆحی پیاوێکی ئێرانی و رۆمانی نوسەرێکی بەرازیلی بچێتە رۆحی خوێنەرێکی لوبنانییەوە.. وانیە ؟

□ بێگومان, قسەکردن دەربارەی بەڕازیل بەدەر لە نوسەرەکانی ئەمەریکای لاتیندا تۆ جیاوازی لەو نوسەرانەی کە هەمیشە بارودۆخی ولاتەکانیان لەناو نوسینەکانیان ئامادەیی هەیە, بۆ نموونە کۆلۆمبیا لەگەڵ مارکێزدا, پیرۆ لەگەڵ یۆسادا, بەڕازیل لەگەڵ ئەمادۆدا دەخوێنینەوە ... هتد, لە کاتێکدا رووداوەکانی هیچ یەکێك لە رۆمانەکانی تۆ لە بەڕازیل روونەداوە.. بۆچی ؟

- یەکەم لەبەر ئەوەی من هەموو رەگ و ریشەم لە وڵاتەکەمدایە و ئەیناسم, ئەیناسمەوە هەتا ئەو رادەیەی کە چاوەکانم پاکێتی تەواویان لەلا نییە هەتا لێی بدوێم و دەربارەی بنووسم و ببینم وەکو ئەوەی کە خەیاڵدانم پاکیزە بێت. ئەوەشی بخەمە سەر کە ئەو ئەمادۆیەی باست کرد (ئەیقۆنەیەکە) بەلای منەوە,ئەمادۆ بە شێوەیەکی زۆر جوان بەڕازیلەکەمانی نووسی, هیچ ناکرێت لە بەرامبەریدا تەنها بێدەنگ بوون نەبێت وەك رێزگرتنێك لێی, بەڵام کاتێك کە رۆمانێك دەنوسم, رووداوەکانی لە بەلقان یان ئیسپانیا یان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روویدابێت من وەك بەرازیلییەك دەنووسم زۆر هەن کە هەست بەوە ناکەن لەبەر ئەوەی ئەوان تەنها جیهانە نەبینراوەکە دەبینن. تۆ دەزانیت کە لە ولاتەکەی مندا جیاکاری نێوان پیرۆز و شتە

دنیاییەکان، زانراو و نادیار، سیحر ئامێز و واقعی نییە.

* دوا پرسیارم ئەوەیە : ئایا تۆ وەك ئەوەی کە هەندێك کەس وەسفت دەکەن، ساحیریت یان زۆر لێهاتوویت لە ناسینی ئەوەی کە خەڵکان حەز بە بیستنی دەکەن ؟

- (زۆر بە وریاییەوە) کێ ئەزانێ ؟ بەڵام تۆ ئەم وشەیەی (دوا)یە مەڵێ، رقم لێیەتی، بەلای منەوە وەك نوسەرێك ئەوە واتای ئەوەیە کە ئێمە هەرگیز جارێکی تر بەیەك ناگەینەوە و رەشبینییەك بە رێوەیە.

□ تۆ لەسەر هەقی لەکاتی وتنیشیدا خۆم بیرم دەکردەوە، بەڵام تۆ رۆحی من دەناسیت، باشە کەواتە پرسیارێکی ترت لێ دەکەم هەتا کاریگەریی ئەو وشەیە پێچەوانە بکەینەوە، ئەو دەستەواژەیە چییە کە زۆرجار لە خوێنەرەکانتەوە لە هەموو جیهاندا گوێت لێدەبێت ؟

- (یەکسەر) تۆ لە رۆحم دەگەیت !

* لەپڕ ساحیرەکە هەستایە سەر پێ و پێی وتم : "ئێستا با بڕۆینە دەرەوە و چەند تیرێك بهاوێژین. تۆ وەك ژن و خەسووەکەم لە بورجی کەوانیت، دەبینیت کە تۆ ئەنگێزەی راوکردنت لە جیناتەکانتدا هەڵگرتبێت، ئەمەوێ تواناکانت تاقی بکەمەوە " ئاوەها چووین بۆ ناو باخچەکە، ویستمان یەکەم تیر هاویشتن لەلای منەوە بێت لەبەر ئەوەی کە من تازە دەست پێکردووم و دووەم تیریش ئەو بیهاوێژێت. چۆن فێری کردم ئاوەها ڕاوەستام وەك ئەوەی کە پێی وتم بە بینین بەرەنگاری ئامانجەکە بوومەوە، تیرەکەم هاویشت، بەڵام وا دیار بوو کە نە بورجەکەم و نە ئارەزووی زۆرم بۆ ئەوەی کە ئامانجە سپییە خڕەکە بدەم دادی نەدام، تیرەکەم چەند کیلۆمەترێك لە ئامانجەکەوە دوور بوو، باوەڕیش ناکەم کە رۆژێك لە رۆژان کەسێك ئەو تیرە لەناو خاکی فەرەنسادا بدۆزێتەوە، ئێستاش نۆرەی کۆیلۆیە، ئایا دوای ئەمە پێویست دەکات کە پێتان رابگەیەنم کۆیلۆ چەند نیشانچییەکی لێهاتووە ؟

پاولۆ تیرەکەی هەڵدەدات.


---

* ئەمە رای پاولۆ کۆیلۆیە و وەك ئەمانەتی وەرگێڕان وەکو خۆی گواستومانەتەوە بێ دەستکاری.

## چاوپێکەوتن

دیاری قەرەداغی:-

# بۆ ئەوەی گۆرانییەکی جوان دروست بکەیت دەبێ دروست بووبێتیت , ناکرێ کەسێ گۆرانییەک دروست بکات کە هێشتا دروست نەبووبێت



سازدانی: ئارام سدیق

یەکێك لەو گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرە بەتوانایانەی کە ماوەی چەند ساڵێکە لە بوارەکەدا توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ (دیاری قەرەداغی)ـە. دیاری هەڵگری بیرو بۆچوونی جیاواز و روانینی جیایە بۆ هونەری گۆرانی و هونەرمەند، ئەو لە دنیا تایبەتەکەی خۆیەوە بە بێدەنگ خەریکی تێکشکاندنی بێدەنگی گۆرانیبێژ و سنورە باوەکانی گۆرانییە. لەم دیمانەیەدا زیاتر بە بیرو روانینی ئەم هونەرمەندە ئاشنا دەبن.

***من لەیەکەم بەرهەمتەوە هەمیشە تۆم وەك یاخییەك بینیوە یاخی لەو شتانەی کەلە شوێنی خۆمان دەمان وەستێنێ؟ سەرچاوەی ئەم یاخی بوونەی دیاری لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

–بەرلەوەی من قسە لەسەر بوونی بەرهەمی خۆمان بکەم، یان جۆرو ستایلی کاری خۆمان بکەم، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەولێشاوە چرپوپرەی هونەر کە بە لەشتا دەرواو بزانیت لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێ یان چۆن و بەچی سەرچاوە ئەگرێ.

تۆ بۆ ئەوەی خۆت بناسێنی پێویستە زۆر شت بناسی و نرخ و بەهای هونەر لە ناوچەکەی خۆتا و لە دنیای دەرەوەتا بناسی، تۆ بۆئەوەی لە رێگەی خۆتەوە لە رێگەی کەناڵی خۆتەوە گۆرانی بۆ بەشەریەت پەخش بکەیت گرنگە بتوانی گۆرانی سەرجەم مرۆڤایەتی لە خۆتدا کۆکەیتەوە، تابتوانی دەنگێك بیت و قبوڵ بکرێیت، یان سەنگت هەبێت و پەسەند بکرێیت لە دواجاریشدا دنیای هونەر لێت قوبوڵ بکات، دیارە کەسانێك هەیە گوێت لێ بگرێت ئەگەر چیپلەی یاخی بونت، یان نامۆ بونت و پلەی جودا بونت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت، پێویستە تۆ رۆ بچیت،گرنگیشە بزانی لەچیدا رۆدەچیت، بێگومان لەو هەنگاوانە، مەفروزە هونەرمەند بەر لەوەی دەست بەرێ بۆ شتە جوانەکان بەلام خۆی جوان بێت و جوانییەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە هونەرمەند بەرلەوەی قسەبکا پێویستە لەرێی دوو کەناڵی گوێ گرتنەوە گوێبگرێ ئاخر خۆخودا زمانێك و دوو گوێی داوە بە مرۆڤ، واتە چەند قسە دەکەیت دەبێ دوو ئەوەندە گوێ بگری، ئەمانە هەموو ئەو سەرچاوانەن کە دیاری دەچێتەوە سەریان.

دیارە هەموو مرۆڤێك بۆخۆی کانگایەکی هەیە کانگای من گوێگرتن بوو، کانگای بینین بوو کانگای هەموو ئەو جوانی و ناشیرینیانە بوو لەکەناڵە جیاجیاکانی گۆرانی ئەم دنیایە بە گۆرانی کوردی و گۆرانی گەلانی ترەوە ئەوکاتەی کە لە قۆناغی تەمەنی پێشترمدا سەیرم کرد،راستە لەسەرەتادا لە هەندێ شت تێناگەی بەلام خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت خۆئامادە کردنیش هەمیشەلە رێگەی چەکێکەوە کەچەکی بەرگریکردنە لە هەموو شتە جوانەکان ئەویش چەکی خوێندەوارییە، دەبێت تۆ ئەو زەمینەیە خۆشکەی تا ببیتە بینەرێکی باشی فیلمێك، گوێگرێکی باشی گۆرانیەکی باش، ناکرێت تۆ داوا لە من بکەیت هونەرمەندێکی باشبم تەنها بەبەهرەیەکی خودایی، لەبەر ئەوە من ئەو

هەستەم لا گەلالە بوو لە بەردەم زۆر هونەری جواندا دۆش داماو وەستام تێنەئەگەیشتم و هەستم بە لاوازیەکانی خۆم دەکرد, هەستم بە لاوازی گوێکانم دەکرد, بۆ بەربەرەکانی لەو حاڵەتە من هەوڵم دەدا زۆرتر بەدوادا چونم هەبێ زۆرتر بخوێنمەوە, ئەرکی زیاتر بکێشم تا بزانم قەسیدەیەکی جوان لە قەسیدەیەکی ناشیرین جیا بکەمەوە پێویستم بوولە هونەری موزیك تێبگەم بۆ ئەوەی بتوانم میلۆدیەك واتە ئاوازێکی جوان لە ئاوازێکی ناشیرین جیابکەمەوە پێویستم بەوە بوو رادەی چێژ و رادەی گوێگرتنم باڵابکەم.

ئەمانە ئەو سەرچاوانەن نەك بۆ من بەڵکو بۆ هەموو هونەرمەندێکی وەك من گرنگە.

ژمارەی ئەو بەرهەمانەی لە خانەیماڵی مندا هەبوون زۆر بوون ژمارەی ئەو گۆرانییە کوردیانەش هەر زۆر بوون, لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانمدا هاتم بەراوردم کرد بە هەموو شتەکان, بەراورد بەوانی دەوڵەت و ئێمەی بێ دەوڵەت, بەوانی سەردەست و ئێمەی بندەست, بەوانی تێر لە هەموو مافەکانی ژیان و مافەکانی ئینسانیەت (هیوادارم خوێنەر من نەخاتە بەردەم ئەوەی بڵێ ناکرێ تۆ گۆرانیەکی وڵاتێکی پێشکەوتوو بەراورد بکەی لەگەڵ دەوڵەتێك یان میللەتێکی داماوی وەك کورد) بەڵام کە بەرهەمە هونەرییەکانم بەراورد کرد هەستم بە جیاوازییەکی زۆر کرد هەستم بە لاوازییەکی زۆر کرد لە هونەرەکەی خۆماندا, دەشمزانی کە گەلێك هۆکار لە پشت ئەم لاوازییەوە هەیە,ئیتر چیبکەین دەبێت هەر وابێت لەگەڵ ئەوەشدا سەیرم دەکرد کاتێك کە هونەرێکی کوردی پێشکەش دەکرێت هونەرمەندانی کوردی ئەم سەردەمە رەچاوی ئەوەیان نەدەکرد کە هەر لەوکاتەدا جەماوەرێکی زۆر هەیە ئاگاداری دنیاشە, دنیا شتی جوان پێشکەش دەکات ئەوان هەر لەسەر ئەو بەزمەی خۆیان بوون ئەوان هەر لەسەر ئەو رێبازەی خۆیان بوون, ئیتر دیارە ئەوانەش هۆکاری خۆیان هەیە بۆ ئەو جۆرە هونەرەی کە لەو سەردەمەدا پێشکەش دەکرا, لەو قۆناغەدا کەوتمە ئەو بەراوردەوە هەستم بەجیاوازیەکی زۆر زۆر کرد, هەستمکرد هەریەکە لەجەمسەرێکن ناگەن بەیەکتر لەهەندێ بابەتدا تەنها لەناودا وەك یەك بوون کەناویان(گۆرانی)یە, ئەمە ناوی موزیکە ئەویش ناوی موزیك, من هەوڵمدا لەقۆناغێکی تری ژیانمدا کەمێك لەو حەسرەتانەی لای خۆم بوونە پرسیار, کەمێك لەو خەیاڵانەی کەبیرم لێدەکردەوە, بۆ دەبێ ئێمە خاوەن هونەرێکی وەهابین؟ هەوڵم دەدا لەرێگەی ئەو نوسینە زۆر سادانەی خۆمەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خۆم بدەمەوە, زۆر جار ئەو پرسیارانە دەبوون بە وتار, دەبوون بەخەمێك کە دەمنوسی مەبەستم ئەوە نەبوو, لەسەردەمێکدا بڵاوی بکەمەوە, من نەم دەویست وەك کەسێکی نوسەر دەرکەوم, بەڵام هەوڵێك بوو کە خەڵکیش لەگەڵ خۆما ئەوشتانە ببینێ, بەشێك لەو شتانەم نوسیەوە کە قسەکردن بوو لەسەر هونەر لە دواجاردا هەستم بەتواناکانی خۆم کرد لەناو دنیای هونەردا کە توانایەکی جیاوازترە لەدروستکردنی ئاوازێکی جیاواز

لەدروستکردنی دەنگێکی جیاواز, لە دروستکردن و هەڵبژاردنێکی جیاواز بۆ خوێندنەوەی شیعرێك, یان بینین بۆ ئامێرێك بە چەشنێکیتر, ئەمانە دەتخاتە دۆخێکەوە کەتۆ کارت کرد هەست بکەی جیاوازە.

سەرئەنجامی ئەم قسانەم سوپاسی هەموو ئەو کارانەی پێش خۆم دەکەم بەخراپ و باشیەوە کە منی خستە نێو باوەشی دنیایەکی جوداتر شتێك بەجوانی بتوانێت تەجاوزی حاڵەتەکانی پێشوو بکات, کە یاخییە لەشێوازە جیاکانی پێشوو.ئەگەر بتەوێ یاخی بیت, دەبێ فێربی, بۆ ئەوەی فێر بی, دەبێ هەوڵ وقوربانی بدەی, ئەمانە هەموو زنجیرەیەکی یەك بە دوای یەکن, زەحمەتە قسەکردن لەسەر هەموو یەکە بەیەکی ئەم شتانە, بەڵکو دەتوانیت هەمووی لە گۆپکەی بەرهەمێکدا چڕیان بکەیتەوە, ئەوجا کە بینیت دەکرێ درك بەهەموو پایەو رەگەزەکانیبکەیت کە لە وجودی گۆرانییەکەیدا هەیە یان لە وجودی هەرکارێکی هونەریدا, یان هەرئیشێکی هونەریدا دەبینرێت, بۆیە پێموابێت هونەریش رێکەوت نییە "وەحێك"یش نییە دابەزێ بۆ تۆو هەر بەتەنیاش تۆ سودمەندبیت لەو "وەحی "یە, وەك ئەوەی ئیتر دەست بگری بەو چڵەوە کەلەئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ بۆت, بەڵکو رۆحی هونەرمەند مانای رۆحی ئینسان, رۆحێکی فراوان, فراوانتر لە رۆحی هونەر کە دەبێ تۆ بەهەموو شتەکان دەوڵەمەندی بکەی, بەهەموو ئەو شتانەی ڕوو دەدا لە چوار دەورتدا, بتوانی لە ئاهێکدا, لە حەسرەتێکدا, لە گۆرانییەکدا بە جوانترین شێوە گوزارشت لە کارەساتە مەزنەکان بکەی, دەمەوێ بڵێم بۆ ئەوەی هەوڵێکی جوان بدەی پێویستە هەموو جوانییەکانی دنیا لەخۆتدا کۆبکەیتەوە و سود وەربگریت لەهەرچی ئەوکارانە, بەجوان و ناشیرینەوە بەباشی و خراپەوە, لەزۆر لەچاوپێکەوتنەکانیتردا پێیان وتوم تۆ چۆن گەیشتویتە ئەم پلەیە لە هونەر, من پێم وتووە سوپاسی هەموو ئەوکارە خراپانە دەکەم کە بەچواردەوری مندا کێشرابوون.

***گۆرانی نەمر, یان هونەری نەمر چۆن دێتە بوون, کامانەن ئەو بەرهەمانەی کە دەبنە هونەرێکی نەمر؟**

-حەز دەکەم بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە, ناشیرینی نەبێ لەرووی جەنابتدا, لای من شتێك نییە ناوی هونەری نەمربێت, هونەر خۆی نەمرە ئەگەر شتێکت کردوو نەمرنەبوو ئەوە هونەرنییە, بێگومان هەموو بەرهەمێك ناکاتە کارێکی هونەری, هەموو بەرهەمێك رەنگە سەرەئەنجامی هەوڵ و ماندوو بوونی کەسانێك بن, رەنگە قوربانیشیان دابێ,بەڵام لەکۆی گشتی کارەکەدا نەتوانرا ببێتە کارێکی هونەری.

بەڕای من هونەر ئەو کارەیە کەزۆرترین جوانییەکانی لەخۆگرتووە, لەوکاتەی کەئەکادیمیانە باسی وردەکاری گۆرانییەك بکەین کە لەچی پێکهاتووە,تۆ دەبێت ئەوکاتە گۆرانییەك دروست بکەیت کە دروست بوبێتیت, ناکرێ تۆ گۆرانییەك

دروست بكەیت كە هێشتا دروست نەبووبێتیت واتە كامڵ نەبوبێتیت,كەواتە بەرلەوەی بڵێین گۆرانی پێكهاتووە لە ئاواز و شیعر و هارمۆنی و..هتد بەرلەوانە دەبێ تۆ بۆ ئەوكارە دروست بوبێتیت, ئەگەر نا ئەوا دەستەوەسان دەوەستی لەبەرامبەر ئەوكارەدا, كەواتە یەكەم كەرەستەی هونەری نەمر خودی هونەرمەندولێهاتوویی‌و لێزانی هونەرمەندە,جائیتر ئەو هونەرمەندە هونەرمەندی(گۆرانی بێژە, ئاوازدانەرە, وێنەگرە) كە دەور دەبینین لە پێكهاتەی ئەو گۆرانییەدا.

ئەگەر بپرسین ئایا چەند كەس لەئێمە ئامادەیە لەبەردەم ئەوكەرەستە گەورەیەداو پڕچەك و ئامادەیە تا لەدوایدا خەسڵەتی نەمری هەڵگرێت؟؟ بۆیە گەورەترین رەگەز ئەو كەرەستەیە كە تۆ ئامادەبیت, واتە ئامادەبوون لەخۆتدا بچێنی و تا بێیتە نێو ئەم فەزا گەورەیەی هونەرەوە, جاچۆن بەكەمترین چەك وپێداویستییەوە شەڕدەكەیت؟ چۆن ئەم شەڕە جوانانە دەكەیت بە ناشیرینیەكانی خۆتەوە؟ كاتێك یەكێك دەیەوێت بەو هەموو ناشیرینیەوە داخڵی جوانترین كایەی جیهان بێت كە هونەری گۆرانییە, ئیتر چۆن دەتوانی داوای نەمری لێ بكەیت, رەنگە منیش یەكێك بم لەو كەسانەی كەهێشتا ئامادە نەبووبێتم بۆ ئەوەی كە بەرهەمێكی نەمر دروست بكەم, بۆیە دەبێت ئامادەبیت, كە ئامادە بوویت ئاسانە دوایی باس لە پێكهاتەكانی تری گۆرانییەك بكەین.

من زۆر رقم لەو وەڵامانەیە كە دەڵێ: (ئەگەر بمانەوێ گۆرانییەكی جوان دروست بكەین دەبێ شیعری جوان و ئاوازی جوان و موزیكزانی شارەزا هەڵبژێرین). بەڵام بە كام سەلیقەیە هەڵبژاردن لە شیعری جوان و ئاوازی جوان بكەین, بۆیە دەبێ هونەرمەند بەو پەڕی تواناوە ئامادەبێت لە رووبەڕووبونەوەی ئەو فەزا گەورەیەی ناوی هونەرە.

***پێتوایە هۆكاری ئەم چەقبەستوییە چییە, چۆن دەتوانین ئەو كۆتانە بشكێنین, یان چۆن سانسۆرێك لەسەر بەلێشاوو بڵاوبونەوەی ئەو بەرهەمانە دابنێین, كە پێموایە زۆرێكیان هیچ بنەمایەكی هونەرییان نییە؟**

-بەراستی ئەم پرسیارانە دەتباتە بەردەم كۆمەڵێ قسە, كۆمەڵێ دەرگا ئاوەڵایە بۆ قسە كردنێكی زۆر, لەبەر ئەوە بمبەخشە ئەگەر هەندێجار تەفسیر بۆ شتەكان دەكەین و شتەكان ورد دەكەینەوە, بۆ ئەوەی ئەگەر هونەرمەندێكی گۆرانیبێژ, یان هەركەسێ ئەم چاوپێكەوتنەی خوێندەوە رادەی تێگەیشتنیان لە تەفسیلدا زیاتربێ, لەوانەیە لەرستەیەكی خێرادا تۆزێ شتەكان ئاڵۆزی دروست بكات, من زۆر جار هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتن دروست نەبێ ناچارم تەفسیر بەقسەكان بدەم, بابێینە سەر ئەوەی چۆن بزانین هونەرمەندێك رۆشنبیرە بەچیدا بزانین رۆشنبیرە, ئەو پێوەرانە چین بۆ رۆشنبیریی هونەرمەندێك یان هەركەسێك لە كایەیەدا كە ئیش دەكات, كەسی رۆشنبیر بەردەوام جیاوازە لە نێو كایەكانی ئەدەب و هونەر.

**هونەرمەندی کورد بەداخەوە فریای هەموو شتەکانی دنیا دەکەوێ بەس فریای ئەوە ناکەوێ لەبوارەکەی خۆیدا کامڵ بێت**

زۆر کەس دەتوانێ بە سادەترین پێوەر کەسی رۆشنبیر لە کەسانی تر جیا بکاتەوە جا ئیتر ئەو کەسە هونەرمەندە، ئەدیبە لەرێگەی بەرهەمەکانیەوە کەشف دەکرێن، لەگەڵیشیدا رادەی چێژ و رۆشنبیری جەماوەرە، کەئەویش دەبێت ئەوەندە ئامادە بێت یا ئەوەندە هەستی هەبێ کە بزانێ ئاستی رۆشنبیری و ئاستی درك و مەعریفە و تێگەیشتنی هونەرمەندێك یا ئەدیبێك یا هەرکەسێك، یان هەتا دانایەك زانایەك لە چ پێگەیەکدا.

***ببورە، من بەشێکی ئەم پرسیارەم ئەوەیە ئەم هۆکارانە وایکردووە هونەرێکی چەقبەستوومان هەبێت؟**

بابڵێین ئەو ئەزمەیەی کە هەیە لە تێنەگەیشتنی دنیا بەمانا رۆشنبیریەکە، بەو مانایەی ئێمە دەبێ لەوردەکاری شتەکان تێبگەین بەڵام ئێمە ئاگادارنین لە هونەر و رۆشنبیری دنیا، من وای دەبینم ئەدیبێکی رۆشنبیر رۆمانێکی جوان دەداتە خوێنەر، یان تێکستێکی جوان دێنێتە بوون،هەمیشە وتومە کاتێك "بەختیار" دەقێکی جوان دەنوسێ "واتە مەبەستم بەختیار عەلیە" دەقێکی جوان دەنوسێ سیحرنییە کەلە وشەو زمانی کوردی کردووە، کاتێ کەرۆمانێکی پڕبەهاو تائەو پەڕی داهێنان دەنوسێ ئەوە خەرمانی ماندووبوونی کەسێکە ناوی (بەختیار)ە کە ماندوو بووە، زنجیرەی ماندووبوونی ئەو پیاوەو موعاناتی شەوانە و رۆژانەی خۆیەتی بەخوێندنەوە و بەفێربوونی زمانەکانیترو تێگەیشتن بەکلتورەکانی دنیا.

رۆشنبیر ئەوە نییە کە کتێبێك بگرێت بەدەستەوە لەئەلفەوە تاییێ تەواو بکات و پاشان توتی ئاسا قسەمان بۆ بکات، کاتێك نوسەرێك تاکە زمانێك دەزانێ کە ئەویش زمانی کوردییە، ئەویش بەشەق و شڕی ئیتر لێرەوە گرفتی بۆ دروست دەبێت ئاخر تۆهیچ زمانێك نازانی ئەی بەچ زمانێك بەرهەمەکانی دنیا دەخوێنیتەوە؟ سەرچاوە ئاڵتونییەکان بۆ بە رۆشنبیربوون، زمان و تێکەڵ بوونی کلتورەکانە تا تۆ لە تەواوی شارستانیەتی وڵاتانیتر تێبگەی، لەموعانات و کەرەستەکانی وڵاتانیتر تێبگەی کەچۆن کاریان کردووە، شەرت نییە هەر لەهونەر وموزیکدا، بۆیە من زۆر بەخێرای ئێستا وەڵامەکەم داینێتەوە کە وتم دەکرێ تۆ لەرێگەی بەرهەمێکی هونەرییەوە، یان لەرێگەی بەرهەمێکی ئەدەبیەوە، یان لەرێگەی توحفەیەکەوە رادەی زانین و مەعریفە و باگراوندی عیلمی و مەعریفی و سەقافی ئەو کەسە تێبگەیت.

من پرسیار دەکەم ئایا ئەو بەرهەمانە کەئێستا لەسەرئاستی گۆرانی و موزیکی کوردیدا پێشکەش دەکرێ، ئایا ئەمە رەنگدانەوەی کەسی رۆشنبیر و

هونەرمەندی رۆشنبیرە بۆ مەجالەکەی خۆی؟ یەکسەر قاتیعەتەن دەڵێم : نەخێر.

هونەرمەندی کورد بەداخەوە فریای هەموو شتەکانی دنیا دەکەوێ بەس فریای ئەوە ناکەوێ لەبوارەکەی خۆیدا کامڵ بێت بێگومان من قسەکانم بەرەهایی ناکەم، واتە قسەم لەسەر هەموو نییە، دیارە ئیستا لەوانەیە یەکێك کە ئەم چاوپێکەوتنەی من دەخوێنێتەوە نیگەران بێت بەڵام من جەخت لەسەر ئەم حاڵەتە دەکەم لە گرنگی کەسی رۆشنبیر، کە هاوکات توانای هونەری هەبێت ئەو کات خزمەتێکی بەرچاوی دەبێ، بەڵام بەداخەوە زۆرینەیەك لەهونەرمەندانی ئێمە بەئاستێکی رۆشنبیری زۆرکزەوە دەستیان داوەتە گەورەترین کایەی هونەری کەئەویش گۆرانی و موزیکە کەئەوەندە زەحمەتە قسەکردن لەسەری کە ئەگەر بتەوێ چوار دێڕ لەسەر گۆرانی و موزیك بنوسی، پێویستە لەکایەیەکی رۆشنبیری فراواندا بخوێنیتەوە..بۆیە پێموابێت ئەوەی ئێمە پێی هەڵخەڵەتاوین کە تەنها"دەنگە" کەدەنگێکی خۆش دروست دەبێت ئیترمامەڵەیەکی خۆڕسکانە لەلا بەسە کە لەگەڵ دەنگەکەدا دەیکات وا دەزانێت ئەمە دووا داواکراوەکەیە، بەڵام من پێموایە لەدوای ئەمەوە قیامەتێك هەیە، دنیایەك لەشتە جوان جوانەکان هەیە، دنیایەك لە تێفکرین هەیە بۆ شتەکان، لەنێو جوغزی گۆرانیدا، یان هەرکایەکی هونەریتر کە من زیاتر جەخت لەگۆرانی دەکەمەوە،بەڕاستی ئەزمەیەکی زۆر گەورە هەیە لەنێو رۆشنبیراندا، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێ، ئەمە کەوتۆتە سەر خودی هونەرمەندەکە، پێشم وانییە کە دەزگایەك هەبێت لەدنیادا ببێتەهۆی تەسقیف کردنی خەڵك، یان بوونیکەناڵێکی تیڤی بۆ بە رۆشنبیرکردن نییە، یان رۆژنامەیەك هەبێ بۆ رۆشنبیرکردنی خەڵك، شتیوانییە، خەڵك دەبێ خۆی هەست بەو پێداویستییە بکات، چونکە تۆ دەستت داوەتە شتێکی گەورە کە هونەرە، ئەگەر تۆ بەنەخوێندەواری داغڵی کێڵگەیەکی پڕ لەمین بیت و هیچ لە هەگبەتدا نەبێت چۆن لێی دەرباز دەبیت؟؟؟، لێرەدا هونەر ناچوێنم بەکێڵگەی مین، بەڵام دنیای هونەر پڕلەپێچ وپەنایە و دەلیلی شارەزابوونی کۆڵانەکانی هونەر رۆشنبیر بوونە.

***بەجیهانیبوونی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی چۆن دەبینیت، پێتوایە هونەرێکی ناوچەیمان هەیە، یان جیهانی؟ گۆرانی کوردی لەکوێی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی جیهاندایە؟**

-دەتوانم قسە لەسەر بەجیهانیبوونی گۆرانی و مۆیسقا لە دوو هێڵدا بکەم، هێڵێکیان باس لەخودی هونەرەکە دەکەم، هێڵێکیشیان باس لەهۆکارەکانی دەکەم.
با سەرەتا قسە لە هێڵی یەکەم بکەین کە خودی هونەرە، ئێمە قسەمان زۆرکرد لەسەر یاخی بوونی هونەرمەند و رۆشنبیر بوونی ئەگەر ئێمە هەموو ئەگەرەکانمان بەنەرێ بێت ئەوا هونەرێکی لەم چەشنە بوونی نییە، هەموو هۆکارەکانی پەرەسەندنی هونەریش لە ئاستی داخوازی تۆدا نییە، ئەوا بەم جۆرەوە ناتوانیت داغلی

جیهان بیت و هونەرەکەت ببێتە هونەرێکی جیهانی، ئەو جیهانەی ئەمڕۆ لە پێشبڕکێیەکی زۆر سەیردایە بۆ ئەوەی جوان بێت وجوانتر و جوانترین.

کەناڵەکان، پێشبڕکێ لەسەر ئەوە دەکەن کە زۆرترین جوانەکان لەخۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام تا هەنووکە لە کەناڵەکانی ئێمەدا شەڕ لەسەر ئەوەیە کە چۆن دەنگێکی جوان بکوژن.

ناتوانی بچیتە ناو جیهان وئەو دنیا گەورەیەی چەمکی عەولەمە کە ئەمڕۆ قسەی لەسەرە، وڵاتێکی ئەوروپی کاتێك کە بەخێرایی داغڵی جیهان دەبێت بەرهەمی ئەو ساتەی نییە، بەڵکو ئەمە درێژکراوەی چەندەهاساڵە لە پێگەی درێژکراوەی ژیانی خۆیان، چەندین قۆناغە لە هونەر وشارستانی ئێتیکە ژیارییەکان، ئێمەی کورد خاوەنی چ قۆناغێکین لە هونەرو هەموو ئەو شتانە؟ پێم بڵێ تۆ دەتوانی قۆناغێ دوو قۆناغ بژمێری، یان لەتە قۆناغێکم بۆ بژمێری؟ بۆیە دیسان ناتوانین داغڵی جیهان بین.

بەڵام ئایا کە ئێمە ئەم شتانەمان نییە ئیتر جیهان لەبەردەم ئێمەدا داخراوە؟ نەخێر،جیهان لەبەردەم ئێمەدا دانەخراوە، جیهان لەبەردەم ئێمەدا دادەخرێ، کاتێ ئەوانەی لەگەڵ ئێمەدا دەژین لە دەسەڵات، یان حکومەت، ئەمانە هەندێکجار بەویست و هەندێك جار بەبێویستی خۆیان بەربەستێکی زۆر گەورەن لەبەردەم بەجیهانی بوونی تۆدا، زۆرجار پرسیار دەکرێ لە هونەرمەندێك دەپرسن ئایا دەکرێ بە گۆرانی و مۆزیکی کوردی بڵێی گۆرانی و مۆزیکی جیهانییە، راستەوخۆ عاتیفیانە دەڵێت : بەڵێ، من پێرێ لە سوید هاتمەوە و هاوڵاتییکی‌سویدی گوێی لە گۆرانی کوردی دەگرت، یان پرسیار دەکرێ ئایا گۆرانی مۆزیکی کوردی بەجیهانی بووە؟ دەڵێ، بەڵێ، چونکە ئێمە خاوەنی چەندان ژەنەری باشین کە پلەکانی خوێندنیان لە ئەوروپا هێناوەتەوە، یان لە مۆزیکزانێك دەپرسن رات لەسەر بەجیهانی بوونی مۆزیکی کوردی، دەڵێ:ئێمە جیهانین چونکە دەتوانین لە ئۆرکستراکانماندا سەمفۆنیاکانی جیهان لێ بدەینەوە. ئەمانە کۆمەڵێك وەڵامن کە هیچیان نامانگەیەنێتە سەر کەناڵە جوان و پاکەکانی گۆرانی کوردی لە جیهانی‌مەزندا،

بە جیهانی‌بوونی گۆرانی ئەوە نییە لە کۆنسێرتێکدا(١٠)گوێگری بەریتانی یان ئێرانی یان غەیرە کوردێکی تر ئامادەبوونی هەبێ و گوێ لە ستایلەکەت بگرێ و سەرسامی خۆی پیشان بدات، چونکە مەرج نییە هەموو سەرسام بونێك بە خۆشیەوە بێت، هەندێ سەرسام بوون مایەی بێزارییە، بۆ نمونە کاتێك گوێم لە سەمفۆنیایەك دەبێت رەنگە پێم جوان نەبێت، بەڵام پێم نامۆیە، کەواتە بەجیهانی بوونی هونەر، لە سەرسام بوونی کەسی بەرامبەرەوە دەرناکەوێ رێگای بەجیهانی بوونی گۆرانی کوردی لە رێگای ئەو کەرەستانەوەیە کە باسمان کرد، ئەو کەرەستانەش بە ساڵ و دوان نایەتەدی، بەڵکو بەدروستکردنی ستایلە جیاوازەکان و قۆناغەکان دەبێت، بە دروستکردنی دەیان پەیمانگای هونەری دەبێت، بۆ ساغکردنەوە

و زیندووکردنەوەی ئەو کایە هونەریانەی وجودیان هەیە, بەکەم نەزانینی هونەری خۆمان.

ئەگەرقسە لەسەر هێڵی دووەم بکەین, تائێستا لە برا گەورەکانی ئێمە وەکو(دەسەڵاتداران, سەرۆکەکان) لەوان وایە زۆر خزمەتیان کردووە, منیش دەڵێم خزمەتیان کردووە, بەڵام لە جێی خۆیدا نەبووە, وەکو ئەوەی تۆزێ قژ, بەر سەری کەچەڵێك ناکەوێت و ئەوەی قژنە دنیایەك قژی دەدەنێ, ئەوەی گەنجێکە و بۆ هونەر بەخششی هەیە بێ موناسەبە پەراوێز دەکرێت, ئەوەی کە دەمێکە بۆتە فەرمانبەر لە هونەردا بەخشش دەکرێت, واتە دەستگرتنەکانمان بەپێی هەواومەزاجە, رەنگە شوێنێك تۆی نەوێ, چونکە دەشێ تۆ رۆژێك لە رۆژان چاوپێکەوتنێکت لێ رەت کردبێتەوە (ئەم قسەیەم بۆ شوێنێکی دیاری کراو نییە بۆسەرجەمە) ئیتر تا ئەمریت بەر لەعنەتی قین ورق دەکەویت, هونەرمەندێك لە ئەوروپاوە دێتەوە ئامادەن بە هەموو شێوازێك پێشوازی بکرێت, من وەك خۆم ئەو پێشوازیەم پێخۆشەو پێی گەورە دەبم, بەڵام دەیان هونەرمەند لە شارەکەی خۆتدا کە وڵاتەکەت پێویستی بە دەنگ و سۆزی بووە وقوربانی داوە, بەڵام ئێستا پەراوێز خراوە, لەو کاتەی کەناڵێکی فەزایی دروست دەبێت و دەیان فەردە پارە بۆ پەخشی سەرف دەکرێت, کەچی دەبێتە مینبەری ئەو دەنگانەی رۆژێك لە رۆژان دەهۆڵچی رژێمێکی دیاری کراو بوون, ئیتر بەعس یان هەر شتێکی تر.

من دەیان جار وتومە کەناڵێکی وەکو کوردسات, ئەگەر(ئیلهام مەدفەعی) لەدیاری قەرەداغی و عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا زیاتر لێنەدات ئەوا ئەمەی من بە تۆمەت کردن بزانن و لێپرسراوم لە قسەکەی خۆم, جائەو کاتەی ئێمە دەرگامان نەك بە رووی جیهان دەکرێتەوە بەڵکو بەرووی ناوچەکانی خۆشماندا داخراو دەبێت,, ئێمە لە جیاتی ئەوەی گۆرانی کوردی بە ناوچە رزگار کراوەکانی باشوور بناسێنین پێیان بڵێین ئەوە ئێمەین لە ژێر سایە حوکمی خۆماندا,ئەمەیە کارو داهێنانمان, کەچی هاتین گۆرانییە عەرەبییەکانیوەکو(نازم غەزالی و هەیسەم یویف و سەعدون جابر و کازم ساهیر....هتد) کە فرسەتی دەرکەوتنیان لەدەیان کەناڵی عەرەبیدا هەیە و رۆژانە گوێیمنداڵی کورد بەم نەغمانە سواغ دەدرێت, هەروەها هەمان شت بۆ کەناڵی ئاسمانی کوردستانیش, کەناڵەکانی ئێمە تاکە کەناڵێکە کە بە پێنج زمان هەواڵ دەخوێنێتەوە, لە کاتێکدا لەجیهاندا نابینیت کەناڵێك بە پێنج زمان هەواڵ بخوێنێتەوە, ئێمە رێزی زمانەکەی خۆمان ئاوەها دەگرین, بۆ؟ چونکە بەردەوام هەست بەکەمی خۆمان دەکەین, تا ئێستا لە کەناڵێکی عەرەبی وەکو(ئەلشەرقیە) لە مانگێکدا دوو دەقیقە گۆرانیەکی کوردی لێنادات, بەڵام لە کەناڵەکانی خۆشمان بە سەعات گۆرانی عەرەبی لێدەدەن و درامای عەرەبیش هەیە کە پەخش دەکرێت, ئەوە بەجیهانی بوون نییە, ئەمانە بریتییە لە تۆرانی بینەری کورد وهونەرمەندی کورد ئەگەر هەبێت.

من لە ماڵی خۆمدا دانیشتووم تا ئێستا

کەسێك لە دەرگای نەداوم پێم بڵێ چۆنیت؟ وەزعی هونەریت چۆنە؟ کام گۆرانیت دەوێ با بۆت وێنە بگرین کامەت ناوێ باوێنەی نەگرین,بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ ئێمە بچین بڵێین کەناڵەکەتان پێویستی بە گۆرانییەکە با بۆتان وێنەبگرین, ئەم شتانە بە تەنها موعاناتی من نییە, ئەمە موعاناتی هەموو هونەرمەندێکی داهێنەرە, ئەو هونەرمەندەی کە کار دەکات و پلانی داهێنانە و بەرلەعنەتی دەسەڵات دەکەوێ.
جا باشتر وایە کەناڵەکە کوردییەکان ئەرکەکانی خۆیان بە نازکردن پێمان نەفرۆشنەوە, چونکە کەناڵێکی عەرەبی نایەت گۆرانیەکانی "دیاری" پەخش بکات, رۆژنامەیەکی عەرەبی نایەت چاوپێکەوتن لەگەڵ دیاری قەرەداغیدا بکات, بەڵکو رۆژنامەیەکی کوردی دێت بۆ ئەو دیدارە.
لەلایەکی ترەوە ئەوەندەی گرنگی بە کیژە جوان جوانەکانی عەرەب دەدەین, یان بە دەنگی ناکوردی دەدەین, ئەوەندە گرنگی بە دەنگە جدیەکانی خۆمان نادەین, لەناو خۆشماندا گەمەیەکی سەیر هەیە, ئەگەر من پرسیار لە تۆ بکەم لە سەیرکردنی شەوێکی کەناڵە ئاسمانیی ولۆکاڵییەکانی خۆمان چەند گۆرانی دەبینی رۆح ئاسودە بکات بە هێندەی ئەوەی دەمانخاتە رەقس و بادان, دەی وەکو رۆژنامونووسێك وەڵامم بدەرەوە بە ویژدانی خۆت؟.
بێگومان ئەو گۆرانیانە زۆر کەمن کە بینەرێکی جیدی (رۆشنبیر) چێژی لێوەردەگرێت, بۆیە زۆرجار دەکەومە دۆخێکی نائومێدییەوە بە گومانەوە لە هونەری نوێی گۆرانی و مۆزیکی کوردی دەروانم.
ئەو کەسانەی بەرنامەی ئەو کەناڵانە پێشکەش دەکەن بەرنامەکانیان کاڵوکرچن و راوێژ بە چەند کەسێکی شارەزای ئەو بوارە ناکەن, تۆ باسی سانسۆرت کرد, زۆرجار لەو کەناڵانەوە ئەو کەسانە سانسۆر دەکەن کە خۆیان تەزەوقی هونەرییان سفرە, کە خۆیان ئاستی هونەرییان ناڵێم کەمە بەڵام ئاستێکی بەرهەڵستکارە, کەناڵی رادیۆیی هەیە لە سلێمانی تا ئێستا گۆرانی من لێنادات (دەتوانی وەکو رۆژنامەنووس بچیت راپۆرتێکی لەسەر بکەیت) و لێشی نادات مەگەر ئەم قسەیەی من بشکێنێ و دوای ئەم چاوپێکەوتنە لێی بدات, چونکە عەقڵیەتێکی بەرهەڵستکار هەیە کە تۆی قبوڵ نییە ئیتر هونەرەکەشتی قبوڵ نییە (ئەگەر من و تۆ لێرە عاجز بین ئیتر ئەم چاوپێکەوتنە شەهید دەبێ) دەیانجار چاوپێکەوتنی من لە تەلەفزیۆنەکاندا شەهید بووە(کە دەڵێم من, من نمونەم بۆ کەسانی تر) ئیتر چۆن دەتوانرێ گۆرانی و مۆزیکی کوردی بە جیهانی ببێ؟
ئەگەر ئێمە هونەرمەندێکمان هەبێ توانایەکی باشی هەبێ و ئاستێکی باڵای لە مۆزیکدا خوێندبێت, دەیکەن بە فەرمانبەر و بەیانی تا ئێوارە دەوامی پێدەکەن و کە دەشچێتەماڵەوە تاقەتی قسەکردنی لەگەڵ منداڵەکانی خۆیشیدا نییە.
ئەم حەسرەتانەی من باسمکرد بە رەخنەی تێدەگەن بە چی تێدەگەن کێشە نییە, بەڵام سەرباری هەموو ئەم کێشانەش هەناسەیەك هەیە بۆ جیهانیبوون, بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هونەرمەندی کورد لە

هەوڵی بەهێزکردنی خۆیدابێت, نەك لەدوایدا دامودەزگاو دەستەلآت بێت و بڵێ کوا هونەری نمونەیتان تا بینێرینە دەرەوە؟

بۆیە پێویستە ئێمە خۆمان بەهێز بکەین و توانای ئاستە هونەرییەکانی خۆمان چالاك بکەین, دیارە ئەم بە هێزکردنەش بە تەنها بە هونەرمەند ناکرێ و لە پشت ئەمەشەوە دنیایەك کێشەی ژیانی هەمەچەشن هەیە, کە ئەوەندە باسکراوە پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکات.

***چ شتێك لە منداڵیدا کاریگەری هەبووە لەسەر دیاری و ئێستا لە کارەکانی دیاریدا رەنگیداوەتەوە؟**

—جاری وایە ئەو قۆناغەی کارێکی تێدا جێبەجێ دەکرێ پێی دەوترێت قۆناغی جێ بەجێکردن, رەنگە ئەو کارە سەرچاوەکەی زۆر مێژینە بێ.

بێگومان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کەپڕە لە شتە رەنگاو رەنگەکان, یان سەیر و سەمەرەکان, لە قۆناغێك لەو قۆناغەکاندا کۆمەڵێك رێگر دێتە پێشی مرۆڤ, بەلآم زۆر راشکاوانە دەڵێم هیچ رێگرێك نەبووە لەقۆناغەکانی ژیانی مندا, تەنها لێنەزانینم رێگر بووە تاکار بکەم, هەر ئەوەندەم زانیوە, شتێك نەبووە لەمنداڵی مندا رێگر بووبێ, تا ئێستا بڵێم ئەگەر ئەوە نەبوایە من شتێکی تر دەبووم, قۆناغی منداڵیم قۆناغی پێگەیاندنی رۆحی من بووە وتاماوم سوپاسی کتێبخانەکەی باوکم دەکەم, تاماوم سوپاسی رۆشنبیری باوکم دەکەم سوپاسی ئەو بیئەیە دەکەم کەتێیدا پەروەردە بووم, تا ماوم قەرزاری خاڵوانمم کە رۆشنبیر بوون و سودم لێوەرگرتوون, بەلآم لەزۆر قۆناغی تەمەندا هەموو شتەکان بەدڵی مرۆڤ نابن. لەوانەیە من لەکاتی منداڵیمدا منداڵێکی چالاك بووبێتم و حەزم کردبێ ئەوەندەی لەگەڵ شتە رۆمانسیەکاندا مامەڵە بکەم, حەزم (فتبۆڵێن) بوو من لەمنداڵیدا کەسێك بووم زیاتر وەرزشم خۆشویستووە وەك لە هونەر, چونکە زیاتر حەزم لەچالاکییەکان بووە, لەمنداڵیدا ئۆکۆردیۆنێکیان بۆ کڕیم تابچمە لای مامی بەڕێزم(ئەنوەر قەرەداغی) وانە بخوێنم, بەلآم لەسێ رۆژ زیاتر نەمتوانی بەردەوام بم ئەو دەیویست فێربم, بەلآم من حەزم لای یاریکردن بوو لەگەڵ منداڵەکانی هاوڕێم, ئەمە شتێکە تۆ لێت نەزانیوە و ژیانی هەموو کەسێکیش ئاوهایە, بەلآم بەداخەوە منداڵانی کوردستان تائێستا(کە ئێستا لەچاو جاران باشترە)زەمینەیان بۆ نەڕەخساوە تامومارەسەی بەهرەکانیان بکەن و لەپەیمانگەیەك, یان شوێنێکی تر تواناکانیان هەڵبسەنگێنرێ.

تاکە شتێکی منداڵی کەمنی لە هاوڕێکانم جیادەکردەوە ئەوە بوو کە هەموو پێنجشەمانێك من سرودم دەوت, ئەمە تاکە شتێك بوو کە من هەستم دەکرد لە منداڵکانی تر جیاوازترم, بۆیە پێموایە هەموو هونەرمەندێ ئەو کارەی دەیکات زادەی ئەو کاتەی نییە, بەڵکو خەرمانی بیرکردنەوە و یادەوەرییەتی.

*لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکی گەورەدا لە جیهان, داهێنانی گەورە هاتۆتە ئاراوە, راپەڕین هات و گۆڕانێکی زۆری لە ژیانی

کۆمەڵایەتی ئێمەدا کرد, بەڵام لە گۆرانی و مۆزیکدا گۆڕانکاری بەرچاو روویان نەدا. نەمانتوانی شتێك بکەین لە ئاستی ئەو گۆڕانەدا بێت, تۆ پێتوایە ئەمەش دیسان خودی هونەرمەند لێی بەرپرسیارە, یان چیتر؟

–من رایەکی پێچەوانەم هەیە, گۆرانی و مۆزیك لە هەموو کایەکانی تر زیاتر هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە, من پێموابێت لەلایەنی سیاسی و مەعریفیش زەرەرمەند بووبێتین, بەڵام لەلایەنی هونەرەوە توانیومانە شتێك بە شتێك بکەین. گەورەترین زەمەنی تاریکییەکان شەڕی ناوخۆ بوو, لەم کاتەدا هونەرمەند لەشەڕی جوانتر کردنی کارەکانیدا بوو, زۆرکەس لەو زەمەنەدا لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە ترازاو ئامادە نەبوو بەبرسی بژی و پەنای بردە بەر دەیان کاری ناشیرین, بەڵام هونەرمەندی کورد سەرەڕای برسێتی لەسەر حسابی گیرفانی خۆی کاری دەکرد, من پێموابێت لە مەجالەکانی تریشدا بەهەمان شێوە, زۆرێك لە نوسەرەکان ئامادە نەبوو بەبێ(پاداشت) بابەتێ بنوسن, بەڵام هونەرمەندان بە خۆڕای بەرهەمەکانی خۆیان دایە کەناڵەکان تاتۆزێ جوانی بداتە کەناڵەکان, بەشانازیەوە دەڵێم زۆر هونەرمەند هەبوو ئامادە نەبوو یارمەتی سەرۆکە بەڕێزەکانمان وەربگرێ و دەیوت بابدرێ بەماڵە شەهیدێ. هەروەها دیاردەی سەنگەر گۆڕینەوە زۆر زۆر بوو, تەنانەت لەناو شۆڕشگێڕەکانیشدا کە دەیان ساڵ لە ناو حزبەکاندا بەعەقیدەوە کاریان دەکردکەچی سەنگەریان گۆڕییەوە, بەڵام هونەرمەندی کورد ئەگەر راستگۆبێت ئەوا زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا کرد, بەڵام لەناو ئەو فەزایەی لەسەرەوە باسمانکرد هونەرمەندی کورد هەر ئەوەندە چەکەرە دەکات.

***ئەگەر باس لە گۆرانی ستایشی ئاینی بکەیت, کە خۆشت بەرهەمێکت لەو بوارەدا هەیە, بەڕای تۆ بوونی ئەم بەرهەمانە تاچەند پێویستە, ئەو بارودۆخانە چین کە دەبنە هۆی هاتنە ئارای گۆرانی ئاینی؟**

مادەم گۆرانیلە سادەترین پێناسەی پەیامە, هەلگری خەسڵەتە جوانەکانی مرۆڤایەتییە, دینییش وەکو هەموو کەناڵێکیتر لەدنیادا, وەکو چۆن مارکسیەت پەیامێکی پێبوو بۆ مرۆڤایەتی, وەکو چۆن ئەحزابە عیلمانیەکان پەیامیان پێیە بۆ مرۆڤایەتی, دینیش پەیامێکی گەورەی پێیە بۆ مرۆڤایەتی, ئیتر هەرپەیامێ بێ, گۆرانی دەتوانی گوزارشت لەو پەیامە بکات, جائیتر کێ دەیکات, یان نایکات ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ویست و ئیرادەی ئەو کەسە.

من ئینتمام بۆ هەموو شتە جوانەکان هەیە, ئینتمام بۆ شتێکی دیاری کراونییە و هیچ ئایدیایەك لە دنیادا منی نەبەستۆتەوە, من خۆم بەخاوەنی هەموو شتێکی جوان دەزانم و دەمەوێ ببمە پەیامبەری ئەو پەیامە, من زیاتر لەگۆرانیەکم هەیە لەو بوارەدا, جگە لە بەرهەمێکم ئەوانی تر بەدەنگی هونەرمەندانی تر وتراوە وەك هاوکارییەکی هونەریم بۆیان,بێ ئەوەشی پەیوەستی هیچ تەیارێکی دینی بم. من تەنها هەستم بەجوانییەکان کردووە. بتەوێ و نەتەوێ

شتێکە لەکانگای دڵەوە هەڵدەقوڵێت و حەقی خۆیەتی وەکو چۆن لە بواری کۆمەڵایەتی و رەخنەیەکاندا گۆرانیت هەیە, پێویستە لەو بوارەشدا هەتبێت, هەروەها وەك چۆن گۆرانی ستایش کردنیش هەیە و ستایشی تاکە کەسێك دەکات, یان ستایشی حزبێك دەکات, جوانە ئەگەر تۆ گۆرانیەکت هەبێ ستایشی دینێك بکات کە بەملیاران مرۆڤی لێ کۆبۆتەوە.

***پاش هەموو بەرهەمەکانت کۆنسێرتت سازداوە, بەڵام پاش دوابەرهەمت (نیشتمانێك لەگوڵ) کۆنسێرتت نەکرد, هۆی ئەمە چیبوو, یان چیبووە هۆکاری ئەمە؟**

—یەك هۆکاری سادە هەیە, من سەرقاڵم بەکارەکانی ترم و کۆنسێرت کاتێکی زۆرم دەبات, چونکە دەبێ موزیکزان کۆبکەیتەوەو پرۆڤە بکەیت, من بەڕاستی کاتێکی زۆرم تەرخانکردووە بۆ بەرهەمی نوێم, بۆچی بۆ نەکردنی مەسەلەی کۆنسێرت هەرپرسیار لە گۆرانیبێژ دەکرێت بۆ پرسیار ناکەی لە کەناڵێکی وەکو(کوردسات,کوردستان,رۆژtv)کە بۆ کۆنسێرت بۆ دیاری قەرەداغی ساز ناکەن.

***پێش کارکردنی تۆ کەم هونەرمەند شیعری نوێیان دەکرد بە گۆرانی(مەبەستم لە شیعری بێقافیە و سەروایە), تۆ هاتیت و ئەم ترسەت شکاند چۆن توانیت ئەم ترسە بشکێنیت؟**

—بۆ ئەوەی هاورێ بەرێزەکانم من بەپێشەنگی ئەو کارە نەزانن, چونکە مەرج نییە هەموو دروستکردنێکی تازە سەرکەوتووبێت وەکو هەندێ کەس کە شانازی بەخۆیەوە دەکات کە یەکەم کەسە کارێکی کردبێت, بەڵێ خۆ دەبێت یەکەم کەس تۆ ئەوەت کردبێت بەڵام بەسەقەتی, من نازانم چەندەهەم کەس بووم کە شیعری ئازادم کرد بەگۆرانی, لە سەردەمێکدا من هەستم کرد کە زەرورەتی رۆحم لە شیعرێکی هاوچەرخدایە کە ویستە جوانەکانم جێبەجێ بکات مەرج نییە پابەندبیت بەشیعرێکی عەمودیەوە دەشێ شیعرێکی عەمودیش هەموو جوانییەکانی لە خۆگرتبێ, بۆیە هەقێکی سروشتییە کە ئەو شیعرانەی لای هونەرمەند بەهاو چێژیان هەیە ببنە گۆرانییەك, بەداخەوە ئەگەر ئێمە بگەرێینەوە بۆ مێژوو وامامەڵە لەگەڵ گۆرانیدا کراوە کە شیعرێکی زۆر سادە, کە گوزارشت بکات لە شتە زۆر زۆر سادەکانی ژیان, یان ئەگەر سەرنج لە هەندێ شیعری فۆلکلۆری بکەین دەبینی سوکایەتی بە ئافرەتیش کراوە, کە جۆرێك لە سکاڵاو پاڕانەوەی تێدایە کە دەبێتە سوکایەتی بۆ مرۆڤی کورد, ئەمەش پرسیار دروست دەکات, من پێموایە ئەو شیعرەی دەبێتە گۆرانی هەڵگری خەسڵەتەکانی گۆرانییە, مادام هەر شاعیرێ بەئیقاعی تایبەتی خۆی بەئیقاعی یەك لەدوای یەك شیعر دەنوسێ کە بریتیە لە هەڵچوون و خێرایی‌و خاو بوونەوە بۆخۆی ئەمە دروست کردنی جۆرە مۆسیقایەکە بەپەنهانی کەلەناو دێر و وشەکاندا خۆی حەشارداوە, گرنگ لەوەدایە هونەرمەندی ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ درك بەو ئاستانە بکات, یان درك بەو پەیوەندی

و ئیقاعایانە بکات و بیاندۆزێتەوە لەفۆرم و مەزمونی شیعر تێبگات تابڕیار بدات لە بەکردنی شیعرێك بەگۆرانی, شیعر تەنها بەوە تێنەگەین کە بە پێی بڕگەکان وشە ڕیزکرا ئیتر ئەمە قبوڵە بۆ گۆرانی, گۆرانی ڕەوان و خۆش و سادەبێت و ئیقاعێکی یەك لە دوای یەك بێت, من بۆ چوونم وانییە لەسەر شیعر, ڕەنگە ئەگەر قسەبکەم وردتربیت, ڕەنگە هەندێ جەماوەر ئاگایان لە من بوبێت لە چەند نوسینێکدا ئاماژە بە شیعر و شیعری گۆرانی داوە, تا ئێستاش نەمویستووە بوەستم, دەمەوێ بەزنجیرەیەك وتار زیاتر ئەمە روون بکەمەوە, کە لە چاوپێکەوتنێکی ئاوادا ناخرێتە روو, بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێم دەسەڵاتی ئاواز دەبێ خۆی فەرز بکات بەسەر ئەو شیعرەدا کە دەکرێتە گۆرانی, هەندێجار هەژاری وبێ‌دەسەڵاتی ئاوازدانەرە کە هونەرمەندێ دەڵێ ئەم شیعرە نابێ بەگۆرانی, یان ئەم شیعرە شیعری گۆرانی نییە, یان هەندێ کەس نەخوێندەوار بە روئیا وتێگەیشتنی بۆ شیعر و چەمك و جوانی و دیوە فۆرمیەکەشی تێناگات, ناچار واز لەشیعرەکە دێنێت و روو دەکاتە ئەو شیعرانەی لەگەڵ ئاستەکانی ئەودا دەگونجێ, لەگەڵ ئاستە سەقافی و مەعریفیەکانی ئەودا دەگونجێ, دواجار شیعری گۆرانی‌و جەماوەریش دەبێتە قوربانی.

**بێگومان ئەو گۆرانیانە زۆر کەمن کە بینەرێکی جیدی (رۆشنبیر) چێژی لێوەردەگرێت, بۆیە زۆرجار دەکەومە دۆخێکی نائومێدییەوە.**

## لێکۆڵینەوە

# پێشەکییەک بۆ شیعرەکانی مالارمێ

نووسینی : جان پۆل سارتەر
و: لەفارسیەوە: محەمەد کەریم

مالارمێ لەخێزانێکی فەرمانبەر هاتۆتە دنیاوە و لەبەردەستی نەنکێکدا پەروەردە بووە کە زۆربەی ئاواتەکانی بەدی نەهاتوون. ئەم مەسەلەیە بوو بەهۆی ئەوەی هەرلەمناڵیەوە لە ناخیدا یاخیبوون بگاتە لوتکە. بەڵام بۆخۆی توانای دەربڕینی یاخیبوونەکەی نەبوو، ڕێک هەموو شتێکی تەڵاق دەدا. کۆمەڵ، سروشت، خێزان و تەنانەت ئەو مناڵە بێڕەنگ و بەدبەختە شی ڕەتدەکردەوە کەجاربەجارێ لەئاوێنەدا دەی دی (واتە خۆی). بەڵام کاریگەریی ناڕازیبوون و یاخیبوون لەگەڵ فراوان بوونیدا پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە (واتە هەتایاخی بوون فراوان تربێ کاریگەریی کەمتر دەبێ). هەڵبەتە دەبێ جیهان بەتەقینەوەیەك بەدۆزەخ بسپێردرێ، بەڵا م مەسەلەی سەرەکی ئەمەیە کەچۆن چۆنی ئەم کارە ئەنجام بدەین بەبێئەوەی دەستمان ئالوودەبێت. بۆمباش شتێکە وەکو کورسیەکی فەرەح، بەڵام کەمێك ترسنا کترە، هەرئەوەندەو بەس. چ پیلان و سازشێك پێویستە بۆ ئەوەی بتوانی ئەو بۆمبایە راست لەشوێنی خۆیدا دابنێی. مالارمێ ئەنار شیست نەبوو و قەتیش نەدەبووە ئاژاوەچی. دژی هەموو جۆرە چالاکیەکی تاکە کەسی بوو.

توندو تیژی ئەو(من ئەو دەستەواژەیە بەبی گاڵتە بەکاردەهێنم) هێندە نائومێدانەو گشتگیربوو کەوێنەکردنێکی ئاشتیخوازانەی توند و تیژی دەنواند. نەخێر، مالارمێ جهانی ژێرەو ژوور نەدەکرد، بەڵکو جیهانی دەخستە نێو دوکەوانەوە. مالارمێ تیرۆرۆزمی نەزا کەت و ئەدەبی هەڵبژارد. هەمیشە لەهێشتنەوەی ماوەیەکی هەست پێ نەکراو لەنێوان خۆیو شتەکانی تردا، لەنێوان خۆیو کەسانی تردا، تەنانەت لەنێوان خۆیو کیانی خۆشیدا سەرکەوتوو بوو. یەکەم شت کەدەیەویست لەشیعرەکانیدا دەریببڕێ ئەوماوەیەبوو.

مالارمێ شیعرەکانی سەرەتای وەکو فۆرمێ لەخولْقاندنەوە نووسی. دەبوو قەناعەت بەخۆی بکات کەبەڕاستی بەڕێگایەکی ڕاستدا هەنگاوی ناوە، مالارمێ لەمافە بۆماوەکانی خۆی بێزار بوو بەمەبەستی سڕینەوەی یادەوەریی ئەوانە شیعری دەنووسی. هەروەکو بلانشۆ (BLANCHO . M) وتوویەتی، جیهانی پەخشان لەسەرخود وەستاوە وناتوانین حیسابی لەسەر بکەین کەخۆی لەخۆیدا چەند بەڵگەیەك بۆزیاتر ڕۆیشتن لەخودمان بۆبخاتە ڕوو. ئەگەر شاعیر بتوانێ شتێکی شاعیرانە لەجیهانی واقیعدا دیاری بکات، دەتوانین وایڕابێنین کە لە هەمانکاتدا خزمەتی شیعری کردووەو بەکورتی، سەرچاوەی راستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە. مالارمێ هەمیشە وەکو جۆری لەئیلتیزامی ئەخلاقی لە (پیشەی) شاعیری دەڕوانی. ئەوەی بە رەو پێشەوەی دەبرد، نەهەڵچوونی کاتیو نەکاردانەوە راستەو خۆکانیو نەتوندو تیژی هەستی بوو، بەڵکو فەرمانێ بوو کە دەیوت ((تۆ بە بەرهەمەکەی خۆت)) یان (بەشیعرەکەی خۆت) رایدەگەیەنی کەخۆت لەجیهان بەدوور گرتووە)) لە ڕاستیدا

شیعرەکانی سەرەتای مالارمێ جگە لە خودی شیعر سەروکارییان لەگەڵ هیچ شتێکی دیکەدا نەبوو.دەڵێن ئەو ئامانجەی کە خاڵی پەڕگاڵی شیعری مالارمێ بوو، هەمیشە وەکو مەسەلەیەکی بنەڕەتی مایەوە، پەردەیەکی شاعیرانە بوو بۆڕەتکردنەوەو نکۆڵی کردنێکی سادە: روبەرێکی بێدەنگ و لەدەست نیشانکردن نەهاتوو کەهەرکاتێ لەواقیع دەکەوینەوە بەرەولای ملدەنێین. بەڵام هەمان دوورمەسەلە پاشان وەکو عوزر خواییەکی ئاراستەکراو باڵا گەردانی مالارمێ بوو. مالارمێ توانی واخۆی نیشان بدات کەقەڵەمڕەوی وجود ڕەتدەکاتەوە بۆگەیشتن بە هەمان ئامانج، نەك لەبەر ئازارو بێزاریی.

بەم پێیە، دەبوو باوەڕی بەخودا هەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوە خودابوو کەوجودی شیعری زامن دەکرد. شاعیران وەکو پێغەمبەری بچووك لەنەوەی پێش خۆیانیان دەڕوانی کەخودا لەزمانی ئەوانەوە قسەی دەکرد. بەڵام مالارمێ باوەڕی بەخودا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی کەمتمانەی خۆیان لەدەستداوە بەیەك گورز لەناو ناچن بەڵکو پاشماوەی سست و لەرزۆکیان لە زەینی مرۆڤاندا دەمێنێتەوە. مالارمێ دوای ئەوەی (بەقسەی خۆی) خودای بەدەستی خۆی کوشت، هێشتا بەدوای تێهەڵکێشکردنی شتە ئاینیەکاندا دەگەڕا. بەڕای ئەو شیعر دەبوو چۆنێتیە باڵاکەی بپارێزێ، هەرچەندە بۆخۆی سەرچاوەی هەموو باڵاییەکی وێرانکرد بوو. لەکاتێکدا کەخودا (بەلای ئەوەوە) مردبوو، ئیلهامی شیعری ئەو دەیتوانی تەنها لەسەچاوە گڵاو و گەندەڵەکانەوە سەرچاوە بگرێ کەئیدی بە تاکە بنەماو پایەی پەیامی شیعری مالارمێ لەقەڵەم دەدران. مالارمێ هێشتا دەیتوانی گوێی لەدەنگی خودا بێت، بەڵام لەناوەرۆکدا،

نزیکی و تەم و مژاویی ئاوازی سروشتی دیاری دەکرد. بۆنموونە لەکاتی خۆر ئاوابووندا دەکرا کەسێك لەژورەکەیدا ورتەورت بکات پاشان ئاشکرادەبوو کە دەنگی با بووە. دەنگی با یان دەنگی باپیرانی بووە، بە هەربار ئەوخاڵە هێشتا ڕاستیەکی ئاشکرابوو کەقسەی ڕۆژانەی جیهان سەرچاوەی ئیلهامی شاعیر نییە و شیعر دەبوو هەمیشە لەناخی شاعیردا وجودی هەبێ. ئەوەش ڕاستیەکی ئاشکرابوو کە شاعیر، بەرلەنووسینی شیعرەکەی، گوێ لەو وشانە دەگرێ کە لەناخیدا دەزرنگێتەوە. بەڵێ چەند ڕاستیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگربوون بەڵام هەموویان لەسەر چەند گوناهێکی تەم و مژاویی بنیاتنرابوون. مالارمێ دەرکی بەوەکرد کەهەردێڕە شیعرێکی تەڕ و تازە کە هەوڵدەدات لە ناخەوە سەرهەڵبدات، لە راستیدا دێڕە شیعرێکی کۆنترە کە بۆخۆتازەکردنەوەو ژیانەوە تەقەلادەکات. ئەو وشانەی کە بەڕوکەش تەڕو تازەن و لە دڵی شاعیرەوە دێنە سەرلێوی، لە راستیدا لە ناخی عەمباری ساردی یادەوەرییەکانیەوە سەرهەڵدەدەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا، ئیدی ئیلهام چییە؟ یادەوەرییە و هیچی تر. مالارمێ لە ئاوێنەدا تەماشایەکی وێنەی کاڵ و گەنجانەی خۆی کرد، ئاماژەکەی بینیو زیاتر لێی وردبۆوە، هەستیکرد کە ئەو وێنەیە وێنەی باوکێتی. کات لە زەینیدا جۆرێك بوو لە وەهم. ئایندەشتێك نەبوو جگە لە وێنەیەکی خواروخێچ، وێنەی (رابردوو) لە چاوی مرۆڤەوە. ئەم نائومێدییە، مالارمێی ناچار کرد بۆئەوەی سیستمێکی میتافیزیکی گشتی– جۆرێك لەماتریالیزمی شیکارییو بەدیاری کراوی سپینۆزایی– بکاتە بنەما. ئەوسابڕیاریدا ئەونائەمێدییە ناوینێ نەزۆکی خۆی، چونکە دەیخستە حاڵێکەوە کەهەستی

دەکرد دەبێ تەواوی سەرچاوەکانی ئیلهام و مانای شاعیرانە –کەلەگەڵ ئایدیا یان مەفهومی ئەبستراکتیو فۆرمی خودی شیعردا هاوجوت نەبوون– رەتبکاتەوە. لەسیستمی میتافیزیکی مالارمێدا بوونی هیچ شتێك وێنا نەدەکرا. جگە لەمادە واتە نارەناری نەمریی بوون، فەزایەك کەبەنیسبەت (دڵگیران و دڵکرانەوەوە بایەخی نییە) سەرهەڵدانی مرۆڤ بڕیاربوو نەمری بێکۆتایی بۆدابین بکات. بەڵام لەڕاستیدا ئەم سیستمە خۆی لەخۆیدا تەنها دەیتوانی شتێك بێ، ئەویش جۆرێك بوو لەزنجیری (عیلەتی) بێکۆتایی. رەنگە تێگەیشتوویەکی دانا بیتوانیایە پێویستی رەهای شاراوە لەم سیستمەدا بدۆزێتەوە، بەڵام بەلای چاوانی کورتبینەوە، جیهان لەحاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەمیشەیی (زەین و عەین)دا هەروەکو درێژەی پووچیی ڕوداوی ڕێکەوت دەهاتەبەر چاو. ئەگەر جیهان بەڕاستی بەو شێوەیە بوایە کە (مالارمێ لێکیدەدایەوە)، ئەوسا بەڵگەکانی عەقڵی ئێمە بەقەد بەڵگەکانی دڵمان شێواو دەبوون، پرەنسیپی ئەندێشەو شەو شەوگوتانەش کەبەسەرکاری ئێمەدا زاڵن درۆدەبوون. لەم حاڵەدا مرۆڤ دەبووە خەونێکی بەدی نەهاتوو. بەم شێوەیە نەزۆکی شاعیر تەمسیلێکە سەبارەت بەنامومکین بوونی (وجودی) مرۆڤ. لەم تێزەدا تەنها یەك تراژیدیا وجودی هەیە، تراژیدیایەك کەهەمیشە یەکێکەو لە (ساتێك) دا بەئەنجام دەگات، لەساتێکی کورتتر لەوەی کەبۆڕەسمکردنی شکستێکی بروسکە ئاسادا پێویستە. شێوەی دەرکەوتنیشی بەم جۆرەیە (ئەو پێکەکان دەکاتە گلاسەکانەوە، ئەوکەسەی ئەوی خولقاندووە، دووبارە لەشێوەی خودی گلاسەکاندا وێنەیەکی مادی دەنوێنێ) گلاسەکان هەبوون، گلاسەکان هەن،

وشەکان هەبوون, وشەکان هەن. مرۆڤ خەیاڵێکی ناسکە بەسەر جووڵەی مادەکاندا دەخولێتەوە. مالارمێ, ئەم گیاندارە تەواو مادییە, هەوڵیدا سیستمێکی بوون لەسەروو مادەوە بخاتەڕوو. نەزۆکی ئەو لەڕاستیدا لاوازییەکی ئاینی بوو. مردنی خودا (لەزەینیدا) بۆشاییەکی بەجێهێشت کە شاعیر هەوڵیدا پڕیبکاتەوە بەڵام شکستی هێنا. ئەو مرۆڤەی مالارمێ مەبەستی بوو, وەکو مرۆڤی لەمەڕ باسکاڵ, دە بوو بەنواندن و ئەکتەریی گوزارشت لەخۆی بکات, نەك لەسەر بنەمای مەفهومی ناوەڕۆك واتە (خودایەکی نادیار کەناتوانێ هەبێ) و بەناچاری لەسەر بنەمای ئەم بێتوانایی‌و بێدەسەڵاتییە پێناسە دەکرێ. (ئەمەش ئەوگەمە لاڵەی شیعر نووسینە, واتە ئەوەی مرۆڤ بەپشت بەستن بەبانگەشەی بەتاڵ, پەیامی خولقاندنەوەی هەمووشتێ بەیارمەتی بیرەوەری ئاراستەی خۆی دەکات, پەیامێك کەبۆخۆی لەوێنەی جۆرێك گوماندا دەردەکەوێ)

بەڵام (سروشت هەمیشە لەبەر دەستدایە‌و ناتوانرێ هیچی‌بخرێتە سەر) لە سروشتدا ئەو تەوژمانەی بێئاینەدەن, داهێنان وەکو بیرەوەرییەکی ڕووت دەردەکەوێ. بۆنموونە ئەوتەوژمانەی کەپێشکەوتنی مێژوویی تیایاندا بەهۆی متمانەی گەورەی پاشایەکەوە یان بەهۆی سەرکەوتنی رەهای چینێکی دیاری کراوەوە داخراوە. هەمووشتێ لەپێشدا وتراوە– نووسەر زۆر درەنگ پێڕاگەیشتووە. ریبو( T. Ribot ١٨٣٩–١٩١٦) زۆر زوو بنەما تیۆرییەکانی ئەوهەستی نەزۆکیەی راڤەکرد لەسەر بنەمای ئاوێتەکردنی وێنا کردنی زەینی ئێمە لەگەڵ بیرەوەرییەکانماندا. پاشان لەبیری مالارمێدا هەست بەتێزی گشتی جۆرێك لەڕەشبینی میتافیزیکی دەکەین, میتافیزیکێك کەلەسەر بنەمای مادە, یان ناکۆتایی بێفۆرم, رەغبەتێکی شاراوەی تێدایە. رەغبەتی سەرلەنوێ شوێن پێهەڵگرتنی ڕێگای خۆی بەمەبەستی بەدەست هێنانی مەعریفە سەبارەت بەخۆی. مادە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ناتەناهی تاریك و نادیاری, پچڕپچڕو تیشکی پەڕاگەندە کەناوی مرۆڤە, بەرهەم دێنێ. بەڵام ئەندێشە لەناو پەڕاگەندەیی ناکۆتای مادەدا وندەبێ. مرۆڤو رێکەوت هەردوکیان لەیەك کاتدا بوون– هەریەکەیان دایکی ئەوی ترە, مرۆڤ سەراپا شکست و دۆڕاندنە, گورگێکە لەناو گورگاندا, ژیان لەگەڵ ئەوناتەواویی دروست بوونەیدا هەتا ساتی تەقینەوەی کۆتایی, شەرەفی مرۆڤە.

ئایا چاوەڕوانی تەقینەوەیەك نەدەکرا؟ مالارمێ لەتورنون و بزانکون و ئاڤینیون, بەشێوەیەکی زۆر جدی خۆکوشتنی لەبەر چاو بوو. لەسەرەتادا ئەوەی ئەندێشەی ئەوی قورس دەکرد, ئەوبەڵگەیەبوو کەئەگەر (وجودی) مرۆڤ مومکین نییە, کەواتە دەبێ (ڕاستی) ئەوە بەڕێگایەك ئاشکرا بکرێ. واتە بەبەدوادا چوونی تاسنووری لە ناو چوونی مرۆڤ. بۆیەکجاریش بێ هۆی کارەکەی ئێمە ناتوانرێ بەمەسەلەیەکی مادی لەقەڵەم بدرێ. هەربۆیە تەنها وجود دەتوانێ بەدیهێنەری وجود بێ, ئەگەر شاعیر عەدەم یان نەبوون وەکو ئەنجامی لۆجیکی نامومکین بوونی وجودی خۆی قبوڵدەکات, کەواتە نەبوون یان عەدەم مەعلومی قسەنەکردنی شاعیرە. دروست لەئەنجامی ئەم دەرنەکەوتنەی مرۆڤەوەیە کەسیستمی ئینسانیی لەدژی بوون راستدەبێتەوە. فلۆبیر, بەرلەمالارمێ, راستیەکی نووسی بوو کەتیایدا قەشە ئەنتوانی بەم وشانە تووشی دڵە ڕاوکی دەکرد (خۆت بکوژە, دەست بدەرەکارێ کە دەتگەیەنێ

بەپلەی خودایی بیر بکەرەوە... ئەوتۆی خولّقاند و تۆبەهۆی ئازایەتیتەوە، ئازادی بۆئەوەی مەخلوقی ئەو لەناوبەری ئایا ئەمە هەمان ئەو شتەنییە کەمالارمێ هەمیشە داوای دەکرد؟ ئایا ئەویش سەروەختێ نەیوتبوو خۆکوشتن و تاوان تەنها کاری ناسروشتین کەمرۆڤ دەتوانێ ئەنجامیان بدات. (تەنها چەند کەسێکی کەم توانای ئەئەوەیان هەیە کەحیکایەتی خۆیان لەگەڵ حیکایەتی جیهاندا بەیەك شت بزانین ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی ڕزگار بوونیان) مالارمێ هەرگیز تەنانەت بۆساتێکیش گومانی نەکرد ئەگەر خۆی بکوشتایە، تەواوی مرۆڤەکان لەگەڵیدا دەمردن. خۆکوشتنی مالارمێ لەڕاستیدا جۆرێکبوو لەقەتلو عام. بەنەمانی ئەو بوون پاکژی خۆی بەدەست دەهێنایەوە. لەوێوە کەپێدەچوو ڕێکەوت لەگەڵ مرۆڤدا هاتۆتبێتە ئاراوە، کەواتە دەبوو لەگەڵ ئەویشدا لەناو بچوایە (کەواتە ناکۆتایی یەعنی هەڵاتن لەخێزانەکەم کەتیایدا لەئازاردایە قەڵەم ڕەوێکی کۆن و بەتاڵ لەڕێکەوت... ئەوەی کەدەبوو لەناخی ناکۆتاوە هەڵقوڵێ لەلایەکەوە مەسەلەی ڕەهای پێویست و لەلایەکی ترەوە خۆشاوی ئەندێشە بوو.

بیر کردنەوەی شیعر بەهیواشی لەم جیهانەدا و لەڕێگەی نەوەی بێشوماری شاعیرانەوە، دەربارەی ئەو ناکۆکیەی ئەم بیرکردنەوەیەی کردبوو بەکاری نەکردە، قووڵدەبۆوە. مەرگی خودا وەکو گورزی کۆتایی وابوو، مالار مێ، واتا دوا نمونەی نەژادی شیعری شاعیران، ئەو ئیمتیازەی بەدەست هێنابوو ئەوەی ئەم نا کۆکیە لەشێوەی نمایشێکی تاکەکەسیدا بژێنێتەوە- لەپێناویدا بمرێ، خۆکوشتنی مالارمێ کەهاوکات ناسێنەری قەتلو عام و بەخشش یان ڕەتکردنەوەو تەئید کردنی مرۆڤ بوو- فرێدانی گڵاسەکەی دووبارە دەکردەوە. مادە جارێکی تر دەبوو بەمادە، پاکژ و لەنا کۆکی بێبەریی.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەم قەیرانە نەبووە هۆی مردنی مالارمێ، هۆیەکەی ئەوە بوو فراوانترین ئیلهام بەپیریەوەهات. لەکاتی ئەم مردنە دەسکردە ئیختیارییەدا، مالارمێ بەنائاگا فێرگەی خۆی دۆزیەوە. هۆی کاریگەر بوونی خۆکوشتن ئەوەیە کەجۆرێك چالاکی نیگەتیڤی (دیارو پەیوەست) دەخاتە شوێنی ڕەتکردنەوەی رووت و بێبەری تەواوی بوون. بەزمانی فەلسەفەی هێگلی دەتوانرێ بگوترێ تێگەیشتنی مالارمێ سەبارەت بەکاری رەهای (خۆکوشتن) ئەوتوانایەی پێبەخشی کەقوتابخانەی رواقیەکان بەجێ بهێڵێو (ئەوقوتابخانەیەی کەتەنها بەشێوەیەکی گشتیو بەشێوەی ئەندێشە یان زەین تەئیدی ڕوبەڕوبوونەوەی بوونی دەکرد) بەرەو قوتابخانەی گومانکاریی هەنگاو بنێ بۆئەوەی (گوڕوتین بەوە ببەخشێ کەلای رواقیەکان تەنها مەفهومێکی رووتبوو) لەگومانکاریدا زەین دەبێ بەبیرکردنەوەی کامڵ و (بوون) جیهان لەگەڵ ڕاستیە جۆراو جۆرەکانیدا دەسڕێتەوەو لەناوی دەبات. بەم پێیە، نەفی کردن کەخاسیەتی خود ئاگایی بوو، دەبێ بە واقیعی واتە دەبێ بەنەفی کردنی واقیعی. یەکەم ڕەغبەتی مالارمێ کەلەهەستی هێڵنج دانەوە سەرچاوەی دەگرت، دوورکەوتنەوە بوو لەجیهان و ئیدانە کردنی جیهان بوو بەتەواوەتی. ئەم میرات گرە گێژە، کەبەرەو لوتکەی فرینە پێچاو پێچەکەی ڕاونرابوو، لەترسی کەوتنە خوارەوە (جورئەتی جوڵانەوەی نەبوو) بەڵام ئیدی لەوەحاڵی ببوو کەڕەتکردنەوەی گشتیو سەراپا بەرامبەر غیاب و نەبوونی ڕەتکردنەوەیە. نەفیکردن

جۆرە کارێکەو هەرکارێ دەبێ لەکاتدا جێگای خۆی بگرێو بەپێی ناوەڕۆکێکی تایبەتی بکرێ.

خۆکوشتن جۆرە کارێکە, چونکە لەڕاستیدا کەسێك لەناو دەچێت و جیهان دەکات بەشوێنی ئامادەبوون و دەسەلاتی پڕ مەترسی دیار نەمانی ئەوکەسە. ئەگەر بوون پەڕاگەندەیی بێت, کەواتە مرۆڤ بەلەدەست دانی بوونی خۆی یەکێتیەکی فەساد قبولنەکەرو بێکۆتایی بەدەستدێنێ. جگەلەوەش غایب بوونی ئەو کەسە کاریگەریەکی ئاشووب هێنەری دەبێ لەسەربوون. عایب بوو وەکو فۆرمی ئەرستۆیی, شتو کارو بارەکان پێکەوە گرێدەدات و لەگەڵ یەکێتی نادیاری خۆیدا خۆی دەخزێنێتە ناخی شتو کارو بارەکانەوە. ئەوەی شاعیر هەستی پێدەکرد دەبوو لەڕێگەی شیعرەکەیەوە بەدەستی بێنێ, ئەمە جوڵەی بنەڕەتیی خۆکوشتن بوو. لەوێوە کە مرۆڤ سەرەڕای بێتوانایی لە داهێنا ندا, توانای وێرانکردنی هەبوو شوناسی خۆشی راست بە کاری سڕینەوەی خۆی پەسەند دەکرد, کەواتە کاری شاعیریش هەوڵێکی وێرانکەربوو. ئەگەر لەڕوانگەی مەرگەوە لە شیعر بڕوانین, دەتوانین بەقسەیەکی گوتراو لەجیاتی بلانشوا, ئاوا پێناسەی شیعر بکەین (زمانێکە کەهەموو تواناکەی بۆنەبوون خەرج دەکرێ و هەموو مەزنیو شکۆیەکی لەخزمەتی ئەوەدایە کەلەڕێگەی غایب بوونی خۆیەوە, باسی غایب بوونی هەموو شتێ بکات) مالارمێ دەیتوانی بەلووتبەرزییەوە بۆ (لیفبر) بنووسێت کە شیعر (لەبەرهەمەکانیدا) سروشتێکی رەخنەگرانەی وەرگرتووە. شاعیرو ئینسان زاتی خۆی کەشف کرد. مالارمێ بۆچوونی خۆی نەگۆڕی بوو کەلەسەر تەلاقدانی هەموو شتێ بنیاد نرابوو, بەڵکو کارایی پێبەخشیبوو. کەمێ دوای ئەوە نووسی (شیعر تاکە بۆمبایەکە کە بەهای دروستکردنی هەیە) هەندێ جار بەتەواوی باوەڕی دەکرد کەخۆی کوشتووە. بەڕێکەوت نەبوو کەمالارمێ وشەی "هیچ" "nathing" لەسەر لاپەڕەی یەکەمی سەرجەم شیعرەکانی خۆی نووسی. لەوێوە کەشیعر دەربڕی خۆکوشتنی مرۆڤ و شیعرە پێکەوە. کەواتە بوون دەبێ سەرەنجام پەیوەستبێ بەومەرگەوە. رەهەندی دەوڵەمەندی شیعر دەبێ لەسەر حەقیقەتی بەتاڵی ئەوە پیادە بکرێ. ئەو حەقیقەتەی کە سەرەنجام ئەم شیعرانە خۆیان تیا بینیەوە, نەبوون یان هیچە (هیچ شتێ ڕونادات, مەگەر ڕویدابێ) ئێمە بەباشی بەلۆجیکی رەتکردنەوەی نائاسایی داهێنانی مالارمێ ئاشنایین, سەبارەت بەوەی چۆن چۆنی لەگەڵ جوڵەی قەڵەمەکەیدا پەردە لادەچێ بۆئەوەی هیچ ئاشکرا بکات جگە لەغاییبوونی دڵدارەکەی (لەکاتێکدا گوڵدانێکی بەتاڵ لەئاو) دەردێکی کاریگەر بەجێدەهێڵێ, بێئەوەی مژدەی ئەوشتە بدات کەڕەنگ بوو ناسێنەری گوڵێکی سووری دەگمەن بێت. یان ئەوەی چۆن چۆنی بەتەنیا باری (غاییبوونی تامە قورسەکانی سەرکەوتن) لەکۆڵدەنێ. بەڵام باشترین نموونە بۆ ئەم پرۆسەی سڕینەوەی ناخە, کەلەخودی شیعردا دەجوڵێ, غەزەلێکە بەم سەرەتایە دەستپێدەکات (ئەم ڕۆژە نوێیە, کەزیندوو و جوانە, ئەوڕۆژە یان ئەمڕۆو ئایندە لەوەهمێ زیاتر نیە. ئێستا دەچێتەوە بەناو ڕابردووی خۆیدا, ئەوباڵندەیەی کەبەهەڵە خۆی لەفڕیندا دەبینێ, جگە لەیادەوەرییەك سەبارەت بەخۆی شتێکی دیکەنییە (بێ هیچ ئومێدێ گیرۆدەی خەونی ساردی ئیهانەکردن بووە). تەقینەوەی رەنگ و فۆرمەکان, ڕەمزێکە بۆئەو هەستانەی کە ئێمە بۆتراژیدیای

ئینسانی دەگەڕێننەوە. ئەوتراژیدیایەی کەبەعەدەم کۆتایی دێت. ئاوایە جوڵەی ناخی ئەم شیعرە سەر سوڕ هێنەرانە کەلەکاتێکدا هەم چەند وشەیەکی بێدەنگن و هەم چەند وشەیەکی درۆن. ئەو شیعرانەی کەڕێك بەدیار نەمانیان سەرەنجام نەخشەی گشتی شتێکیان دەنواند کە (لەڕێی هەڵاتنەوە خۆی وندەکات)و جوانی ئەم شیعرانە بەکردەوە ڕێك لەحوکمی سەلماندنی پێشینەی (apriori) ئەو ڕاستیەدا بوو کەغاییبوونی وجود بۆخۆی شێوەیەکە لەوجود.

ئەمە بەکردەوە سەلماندنی پێشینەیە بەڵام بێبنەمایە. مالارمێ لەوە وردبینتربوو کە تێنەگات هیچ ئەزموونێك هەرگیز پرنسیپە ئاراستە کەرەکانی خۆی پێشێل ناکات. ئەگەر ڕێکەوت لەسەرەتاوە هەبوو، ((کەواتە فڕێدانی گڵاسێ هەرگیز لەناوی نابات)) لەهەرکارێکدا کەڕەگەزێکی ڕێکەوتی لەخۆگرتووە، ئەوەتەنها ڕێکەوتەکە ئایدیا یان مەفهومی خۆی بەسەلماندن یان بەدرۆخستنەوەی خۆی بەدی دێنێ. لەشیعریشدا ئەوەڕێکەوتە کەخۆی نەفیدەکات. شیعر، ئەو ڕۆڵەو دوژمنەی ڕێکەوتە کەبەکاولکاریی‌و سڕینەوەی خۆی، ڕێکەوت لەناو دەبات. چونکە لەناو بردنە ڕەمزییەکەی شیعر لەحوکمی لەناوبردنی خودی ئینساندایە. بەڵام هەموو ئەمانە لەکۆتاییدا لەفریودانێ زیاتر نەبوون. تەنزی مالارمێ لەهوشیاری ئەوەوە سەبارەت بەبێهودەیی ڕەهاو پێویستی ڕەهای کارەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەوکارەی کەتیایدا دوو تەوەری دژ بەیەك و پێکنەگەیشتووی بەدیدەکرد کەبەردەوام یەکتریان ڕادەکێشا و پاڵیان بەیەکەوە دەنا، واتە هەردوو تەوەری ڕێکەوت و پێویست.

ڕێکەوت خوڵقێنەری پێویستە، ڕێکەوت وەهمێکی ئینسانییە، ئینسان بەشێکی پەرێشان و شێتی سروشتە. پێویستیش خوڵقێنەری ڕێکەوتە. کەبۆخۆی بەشێوەیەکی ناکۆك پێویست دەستنیشان و دیاری دەکات. پێویست لەقاڵبی شیعردا وشە بەوشە ڕێکەوت نەفی دەکات. ڕێکەوتیش بۆخۆی نەفی کەری پێویستە. بۆیە هەرگیز ناتوانین بەشێوەیەکی (کامڵ و بێ کەمو کورتی) وشەکان بەکار بێنین. پێویستیش دیسان بەنۆرەی خۆی لەڕێگەی خۆکوشتنی شیعرەوە ڕێکەوت نابوتدەکات و دەیسڕێتەوە.

لەبیری مالارمێدا ڕەگەزێکی غەمی عیرفانی هەبوو. مالارمێ ئەفسانەیەکی سەیری لەنێوان باشترین هاوڕێیان و شاگردانیدا بڵاو کردبۆوە، ئەفسانەی (خوڵقاندن) شاکارێکی ئەدەبیە کەلەناکاو جیهان سەراسیمەو لەخۆیدا شێتەڵدەکات. مالارمێ بەدرۆوە واخۆی دەنوێنێ کەسەرقاڵی نووسینی بەرهەمێکی وایە. تەنها ئەوەندەبەس بوو بە سادەیی واخۆی بنوێنێ کەهەموو ژیانی بۆئەم شتە نادیارە تەرخانکردووە. واتە ڕاڤەیەك بۆزەوی یان قەڵەمڕەوی سروشت دەکات لەڕوانگەی ئاینی ئۆرفیزمەوە (orphism)[1] (ئەوڕاڤەیەی کەجگە لەخودی شیعر شتێکی دیکە نەبوو). بێگومانم کەمالارمێ بێچەند و چوون باوەڕی وابوو کە بە مردنی خۆی ئەم پەیوەندیە لەگەڵ ئۆرفیزمدا وەکو باڵاترین ئارەزووی، وشکستی وەکو نامومکین بوونی تراژیدیای بونی مرۆڤ، نەمر دەکات. ئەگەر شاعیرێ لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بەهۆی زاڵبوونی هەستی بێتوانایی‌و نەزۆکیەوە بمرێ، مردنی ڕێك وەکو ڕوداوێکی دەگمەن لەقەڵەم دەدرێ. بەڵام لەکاتێکدا شاعیرێکی تەمەن پەنجاو شەش ساڵ ڕاست لەکاتێکدا کەبەسەر کۆسپە

سەرەتاییەکاندا زاڵبووەو ئامادەی خستنەڕووی شاکاری خۆیەتی، دەمرێ. ئەمە ڕوداوێکە ڕێك بەیانکەری تراژیدیای مرۆڤە. مردنی مالارمێ جادوییەکە لەیاد ناچێتەوە. بەڵام ئەم جادووە لەڕێگەی ڕاستییەوە پێکهاتبوو وئاراستە کرابوو. مالارمێ سی ساڵی تەواو لەبەرامبەر سەراپای جیهانداو لەناو گروپی نواندندا بەڕوخساری جیاجیاوە لەناو ئەو شانۆگەریانەدا ڕۆڵی خۆی بینی کەزۆرجار خەونی نووسینیان لەلا دەخولقاند، نواندنێك بووە بەشێوەیەکی تراژیدی بەتەنیا ئەکتەرێك. مالارمێ خۆی( ئەوخودا نادیارەبوو کەبوون ناتوانێ، سێبەری جوانی هەموو شتەکان بێ، وهەم لەم ڕووەوە هەڵگری ئەفسانەبێ. مالارمێ لەهەڵمەتی جوانی ئامادەبوونیدا فەنابوونێکی ناسك بەسەر زیندووەکاندا دەسەپێنێ) لەچوارچێوەی سیستمی ئاڵۆزی ئەم کۆمیدیایەدا، شیعرەکانی مالارمێ بۆگەیشتن بەکەماڵ، سەرەتا دەبوو سەرکەوتوو نەبن. ئەوەندە بەس نەبوو کەئەم شیعرانە زمان و جیهانیان دەسڕیەوە، تەنانەت بۆسڕینەوەی خۆشیان بەس نەبوو. بەپێی ئەم سیستمە، دەبوو شیعرەکانی مالارمێ نیشاندەری چەند تێزی سەرەتایی بێبەربن و لەشاکاری بێوێنەو ناموممکین کەتەنها بەڕێکەوت ڕوودانی مەرگ مالارمێی لەدەسپێکردنیان وەستان. لەم سیستمەدا هەمووشتێ جێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەگەر بتوانین ئەم خۆکوشتنە تەمسیلیانە لەبەر ڕووناکی مەرگێکی ڕێکەوتدا بخەینە بەرچاومان. واتە لەبەر رۆشنایی نەبووندا لەبوون بڕوانین. روخانێکی ئازاراوی کەلەبەر دەستمدا بوو، بەجوڵانەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پێویستیەکی رەهای بەو شیعرانە بەخشی کە مالارمێ بەکردەوە نووسیبوونی. غەمناکترین مەسەلە لە بارەی ئەم شیعرانەوە ئەوەیە کەسەرەڕای ئەو جەزبە پڕ خرۆشەی هەیانە بۆئێمە، لەڕوانگەی نووسەرەکەیانەوە بێبەهابوون. خۆدەرخستنی لەنزیك مەرگەوە سەبارەت بەوەی جگە لەشاکاری ئایندەی هیچ خەمێکی دیکەی نییە، دوادەسکاری ئەوبوو لەم شیعرانەدا. مالارمێ بۆژن و کچەکەی نووسیبوو (گومانتان نەبێ کەئەمەیان جوانترین بەرهەم دەبێ) ڕاستی؟ یان درۆ؟ بەڵێ، ئەمە ڕاست ئەوکەسەبوو کەمالارمێ بەئاواتی دەخواست— ئەومرۆڤەی کەلەسەرانسەری دنیادا لەئەنجامی تەقینەوەی ئەتۆمەوە یان ساردبوونەوەی خۆرەوە دەمرێ و لەهەمان کاتدا دەربارەی ئەو شیعرەی کەدەیەویست بینوسێت لەبەر خۆیەوە دەڵێت ((گومانتان نەبێ کەئەمەیان جوانترین بەرهەم دەبێ) مالارمێ ئەوکەسەبوو کەلەیەك کاتدا قارەمان و دووربین و جادوگەرو تراژیدیانووس بوو، پیاوێك بوو لەش و لارێکی بچووکی هەبوو هەڵسوکەوتی ژنانەو بەئەدەب، کەم بایەخی بەژنان دەدا، شایانی ئەوەبوو لەسەرەتای ئەم سەدەیەی ئێمەدا بمرێ (مەبەستی سەدەی بیستە). ئەو سەدەیەی کەئەو بەڕاستی پەیکی سەرهەڵدانی بوو. مالارمێ بەتوندییەکی زیاتر لە نیچەوە مردنی خودای تاقیکردەوە، زۆر پێش ئەلبێر کامۆ هەستیکرد کەخۆکوشتن مەسەلەی سەرەکی روبەڕوو بوونەوەی مرۆڤە. رووبەڕوو بوونەوەی رۆژانەی لەگەڵ ڕێکەوتدا پاشان لەلایەن کەسانی ترەوە پەیڕەویکرا، بەڵام نەك بەڕوونیو ئاشکراتر. ئەوەی کەمالارمێ لەخۆی دەپرسی بەکورتی ئەمە بوو (ئایا دەتوانرێ لەناو ئەو جەبرەوە کەزاڵە بەسەر جیهاندا رێگایەك بۆدەرەوە بدۆزریتەوە؟ ئایا دەتوانرێ پراکتیك یان کار ئاوەژوو بکرێتەوە و عەقڵ بەخۆیدا بچێتەوەو جیهان وەکو خۆی دووبارە کەشف بکاتەوە؟.)

مالارمێ بەشێوەیەکی سیستماتیکی شتێکی بەسەر هونەردا پەیڕەوکرد کە تا ئەو زەمانە تەنها بنەمایەکی فەلسەفی بوو, خەریك بوو ببێ بەفەلسەفەیەکی سیاسی: ((دروستبکەو لەدروستکردندا خۆت دروستبکە)). کەمێك پێش هێرشی دێو ئاسایی تەکنەلۆژیا, مالارمێ جۆرێك تەکنیك یان هونەری شیعری داهێنا. لەسەردەمێکدا کە (تایلۆر) سەرقاڵی تەرحکردنی چەند میتۆدێ بوو بۆتەیار کردنی کرێکاران بەمەبەستی زۆر زیاترکردنی بەرهەمی کارکردنیان, مالارمێ زمانی بەمەبەستی بەکار هێنانی زۆرترین وشە لێی ئامادە دەکرد. بەڵام بەڕای من دیارترین سیفەتی ئەوپیاوە ئەو ئەشکەنجە میتافیزیکییە بوو کە وەها بەئاشکراو بەتەوازوعەوە تەحمولی کرد, تەنانەت یەك ڕۆژیش تێنەپەڕی کەبیر لەخۆکوشتن نەکاتەوە. کەدرێژەشی بەژیاندا تەنها لەبەر خاتری کچەکەی بوو. بەڵام ئامادە بوونی ئەو مردنە هەڵپەسێرراوەی, گەمەو گاڵتەیەکی جوان و ڕوخێنەری خستە بەردەستی. بیرو هۆشی زیاتر لەهەرشتێکی دیکە لەهونەرەکەیدا بۆکەشفکردن و بەرقەراری (ئاوازێکی) مەرگهێنەر لەژیانی ڕۆژانەو تەنانەت لەزەین و بۆچوونەکانیشیدا, خۆی حەشاردابوو. ئەو ئاوازەی کەهەموو شتەکانی ئەم دنیایەی تەسلیمکرد. مالارمێ بەمانای تەواوی وشەی شاعیر شاعیربوو, بەتەواوی خۆی بۆرەخنەی ڕوخێنەرانە لەشیعر تەرخانکرد لەڕێگەی خودی شیعرەوە, لەگەڵ ئەوەشدا لەگۆشەگیرییدا مایەوە.(تارماییەکە پەیوەستە بەبەرزاییە ساردەکانەوە) و لەخۆی دەڕوانێ. ئەگەر ئەوە مادەبوو کەشیعری دەخوڵقاد کەواتە ڕەنگە ئەندێشەی ڕەوانی مادە لەچنگی جەبر هەڵاتبێ؟ بەم شێوەیەش شیعری مالارمێ لەناو پرانتز دا جێگەی بۆخۆی کردەوە.

ڕۆژێ یەکێك کۆمەڵێ وێنەی بۆمالارمێ ناردو بەبینینی وێنەکان خۆشحاڵبوو, بەڵام ئەوەی کەبەتایبەتی بەلایەوە سەرنج ڕاکێشبوو, وێنەی جادو گەرێکی پیر بوو کەبزەیەکی سارد بەسەر لێویەوە بوو, مالارمێ دەربارەی ئەم وێنەیە نووسی (ئەم زەردەخەنەیە لەهۆشیاری پیرە مێردەکەوە سەبارەت بەو ڕاستیە سەرچاوە دەگرێ کەهونەرەکەی لەدرۆیەك زیاتر نییە. بەڵام لەهەمانکاتدا وادیارە دەڵێت: (بەڵام دەیتوانی حەقیقەت بێت)

سەرچاوە:
گۆڤاری– ارغنون
ژمارە(١٤) لاپەڕە ٩٩-١٠٧

---

[1] ئۆرفیزم orphism — : مەزهەب و ئاینێکی زاهیرانە بوو لە یونانی کۆن کەجەختی لەسەر تەناسوفی گیان و پاکژ کردنەوەی مەعنەوی و ئاینیو گوناهی تاکەکەسی دەکردەوە.

ساغکردنەوە

# پێنج خشتەکییەکی بڵاونەکراوەی (ناری) لەسەر غەزەلێکی حافزی شیرازی

سدیقساڵح

مەلا کاکە حەمەی بێڵوویی ناسراو بە (ناری) کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا عەبدولرەحمانە ، ساڵی ١٨٧٤ لە دێی (باولان)ی ناوچەی گەرمکی قەزای پێنجوێن لەدایك بووە . سەرەتا لەلای باوکی قورئان و وردە کتێبی خوێندووە ، پاشان بە فەقێیەتی چووەتە سنە و مەریوان و سلێمانی و پێنجوێن و بانە و وان و باشقەڵا و هەولێر و رەواندز ، ساڵی ١٨٩٧ لە رەواندز ئیجازەی مەلایەتیی لە مەلا ئەسعەدی خەیلانی وەرگرتووە ، چەند ساڵێ مەلای دێی (کیگن) بووە ، پاشان کراوەتە مەلا و مدەریسی مزگەوتی دێی (بێڵوو) ، تا لە ساڵی ١٩٤٤دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە .

ناری دیوانی شیعری لە چاپدراوە ، بەڵام ئەم پێنج خشتەکییەیی لەسەر غەزەلێکی حافزی شیرازی تێدا نییە کە لە پاشماوەی ئەوراقی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو رەمزی مەلا مارفی شاعیرە . سوپاسی مامۆستا شەهابی کوڕی ئەکەم کە رێی دام بڵاوی بکەمەوە .

شیعرەکە بە شێواز و داڕشتن و رەنگ و بۆیدا ، هیچ گومانێکی تێدا نییە کە راست هی (ناری)یە . بەڵام نوسەرەوەکەی بە وردی و ئەمانەتەوە روونوسی نەکردووە ، ئەم شیعرە لە دیوانەکەی حافزدا (دیوان حافز ، چاپ اول ، پیك فرهنگ – تهران ، ١٣٧٩ . ص ١٩٧–١٩٨) ، (١١) بەیتە و لێرەدا (١٢)یەو هی (١١)یەمی زیادە ، بەیتەکانیش بە پێی دیوانەکە پاشوپێشیان تێدا کراوە ، بەیتەکانی (٣ ، ٤ ، ٨ ، ٩ ، ١٠)ی ئێرە ، بەرودوا بە پیتی ژمارە (٤ ، ٣ ، ٩ ، ٦ ، ٨ )ی دیوانەکەن ئەمە جگە لەوەی کە دەقی شیعرەکەی حافزیش لە پێنج بەیتیاندا جیاوازیی هەیە و لە دیوانەکەدا بەم شێوەیەن :

دووهەم بەیت :   ای دل غم دیده حالت به شود دل بد مکن
وین سر شوریده بار اید به سامان غم مخور

سێهەم بەیت :   دور گردون گرد و روزی بر مراد ما نرفت
دائما یکسان نباشد حال دوران غم مخور

چوارهەم بەیت :  گر بهار عمر باشد باز بر تخت چمن
چتر گل در سرکشی ای مرغ خوشخوان غم مخور

هەشتەم بەیت :   حال ما در فرقت جانان و ابرام رقیب
جمله می داند خدای حال گردان غم مخور

نۆهەم بەیت :   گرچه منزل بس خترناکست و مقصد بس بعید
هیچ راهی نیست کان را نیست پایان غم مخور

لەبەر ئەوەی هیچ نموونەیەکی تری ئەم پێنج خشتەکییە لەبەر دەستا نییە , نازانرێ ئاخۆ بەشەکەی ناریی تێدا دەستکاری کراوە یان نا ؟! هەرچۆنێك بێت ئەم یادگارە بەنرخەی ناری بە شیاوی رزگار کردن لە فەوتان ئەبینم , بۆیە وا لە خوارەوە دەقەکەی بە رێنووسی نوێ ئەخەمە بەرچاو .

جان من از شك و ازار حسودان غم مخور
همچو یعقوب از فراق روی جانان غم مخور
هیچ کاری نیست کو ناید بسامان غم مخور
((یوسف گم گشته باز اید بکنعان غم مخور
کلبۂ احزان شود روزی گلستان غم مخور))

راز و اسرار نهان پیش هرکس عد مکن
از فلك شرح شکایتهای خود بیمد مکن
ور بشارت گویمت زنها اورا رد مکن
((این دل غم دیده حالش به شود دل بد مکن
وین سر شوریده باز اید بسامان غم مخور))

دۆزەخە بۆ من جیهان و , بۆ رەقیبی من بەهەشت
من لەبۆ رەنج و مەشەقەت , ئەو لەبۆ سەیران و گەشت
ئەو بەشی گوڵشەن , بەشی من سەنگلاخ و کێو و دەشت
((دور گردون گرد و روزی بر مراد مانگشت
دائما یکسان نماند حال دوران غم مخور))
بلبل دل ناله بس کن بهر گلزار وطن
نیست مشکل زندگی بی جلوه سرو چمن
از تفؤلها بحافظ شد محقق پیش من
((گر بهار عمر باشد باز بر طرف چمن
چتر گل بر سرکشی ای فرع خوشخوان غم مخور))

بێنە یادت صەبری نوح و رەنجی موسا بۆ شوعەیب
تا عەصا ظاهیر نەبوو ، ساحیر نەبوو خاڵی لە رەیب
وەضعی مەئیوسی لە بۆ تۆ حەیفە ئاخر بوو بە عەیب
((هان مشو نومید چون واقف نه از سر غیب
باشد اندر پرده بازیهای پنهان غم مخور))

گرچه دل از دور گردون حسن رفتاری نیافت
بهر انجام نیاز خود مردکاری نیافت
یاز بدبختی دمی یار و وفاداری نیافت
((هرکه سرگردان عالم گشت غم خواری نیافت
اخر الامر او به غم خواری رسد هان غم مخور))

لازمی رێگەی حیجازە زەحمەت و رەنج و ئەلەم
بێ جەفا نابێ موی سسەر زیارەت بە بەیتول حەرەم
زەمزەمی نابێ وجوودی کەس بەبێ صەرفی درەم
((در بیابان گر بشوق کعبه خواهی زد قدم
سرزنشها گر کند خار مغیلان غم مخور ))

سۆزش و فریادی بولبول , دڵ پەرێشانی غەریب
زەحمەت و رەنج و نەخۆش و وەضعی بێ رەحمی طەبیب
جۆش و گریانی هەتیو و مات و بێ صەبر و شەکیب
((حال ما در فرقت جانان و ابرامی رقیب
جمله میداند خدای حال گردان غم مخور ))
موج طوفان بلارا گر بعالم سر زند
زورق جان خلایق در طلاطم افگند
تا نهنگی چون مصیبت کشتی تن بشکند
((ای دل او صیدر فنا بنیاد هستی برکند

چون ترا نوح است کشتیبان ز طوفان غم مخور))

گرتو خواهی اب حیوان بار غم باید کشید
رنج ظلمتهای وادی باز می باید گزید
درد حال خود مکن کین ره بآخر کس رسید
((گرچه منزل بس خطرناکست و مقصد ناپدید
هیچ کاری نیست کورا نیست پایان غم مخور))

تا عەلی مەولامە نابەم ئیلتیجا هەرگیز بە کەس
یاری من بێ شێری حەق لازم نییە فەریاد ڕەس
چاك و داوێنی هەتا سەر ماوە بەرنادەم لە دەس
((شمع بزم آفرینش شاه مردان است و بس
گر توی از جان غلام شاه مردان غم مخور ))

ناریا خواهی ز دام نفس یابی رستگار
زکر حق را پیشه خود ساز در لیل و نهار
زین کلام شیخ شیرازی تو یکدم گوشدار
((حافظا در کنج فقر و خلوت شبهای تار
تابود وردت دعا و درس قرآن غم مخور))

* کاکەی فەلاح ، دیوانی (ناری)مەلا کاکە حەمەی بێلوو ١٨٧٤-١٩٤٤ , چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی ، ١٩٨٤ , ل ١٩ .

لێکۆڵینەوە

# کورتەیەک لەژیاننامەی هەندێک لەچیرۆکنووسەکانی یابان

ئا: عەبدولواحید محەمەد
و: نوری سەعید قادر

١–تۆکۆدۆ شوسەئی (١٨٧٠–١٩٤٣):
تۆکۆدۆ یەکێك بوو لەنوێنەرانی قوتابخانەی سروشتی کەدوای جەنگی (چین–یابان)) لەساڵی (١٩٠٤–١٩٠٥)ە وە لەئەدەبی یابانیدا شوێنەوارێکی دیاریان جێهێشت. لەزانکۆدا نەیخوێندووە. لەگۆڤارێکداو پاشان لەناوەندێکی رۆژنامەنووسیدا کاریکردووە. کاتێك تەمەنی گەیشتە سێ ساڵ بەتەواوی دەستی دایە نووسین. لەسەرەتاوە کورتە چیرۆکی ڕۆمانسیی ئەنووسی. بەڵام ئەو هەوڵەی سەرنجی کەسانێکی ئەوتۆی بەلای خۆیدا ڕانەکێشا. لەبەرئەوە دەستی دایە وەرگێڕان. بەبڵاوکردنەوەی ڕۆمانە دوورودرێژەکەی ((خانووە نوییەکە –١٩٠٨)) ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد. چەند ڕۆمانێکی تری نوسیوەو لەبواری ئەدەبدا شوێن پێی بەوە چەسپاند کەیەکێك بوو لەچوار

کۆڵەکەکەی قوتابخانەی سروشتی لەگەڵ: تایا ماکاتانی و شیمازاکی تۆمسۆن و ماسامۆنی هاکۆتشۆ.
تۆکۆدۆ لەچیرۆکەکانیا شێوازی تۆکمەو ڕاستەوخۆو ناشیعریی ڕەچاو ئەکرد. بۆچونەناو دەروازەی مەوزوعی‌و دوور لەسۆزەوە لەچیرۆکەکانیا گەشەی بەولایەنە زۆر ئەدا. سەرسام بوو بەزۆلا, ویست و ئاواتی تۆکۆدۆ گەڕان بوو بەدوای ڕاستیدا و بەرجەستە کردنی وەسفێکی وردی زانستیانە بۆی. کەسایەتی چیرۆکەکانی لەچینەکانی ناوەند و نزمەکان بوون. شانۆی ڕوداوەکانیشی خانوو, ژوورە داڕوخاوەکانی شارە پیشەسازیەکان بوون. تۆکۆدۆ لەوێنە گرتنی ئەو ئافرەتانەی

کەدووچاری باری ئابووریی قورس و گران بووبوونەوە پسپۆڕپی تەواوی هەبوو. لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی ((پاداشتی گولێ یۆلا ویناى سپی))یە.

٢-ناغائی کافو ((١٨٨٩-١٩٥٩)).

لەتۆکیۆ لەبنەماڵەیەکی چینی سامۆرای لەدایك بووە. ئەوباسانەی لەچیرۆکەکانیا زۆر هۆگری بوو، شارستانیەتی ڕۆژ ئاوایی‌و یادکردنەوەی تۆکیۆی کۆن و بەگژداچوونەوەی تۆکیۆی سەردەمی نوێ‌و نیمچە خۆرئاوایی بوو. لەساڵەکانی (٩٠٣-٩٠٧) چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و لەوێ نیشتەجێ بوو. چەند مانگێکیشی لەفەرەنسادا بەسەر بردووە. بەرهەمە ناوازەکانی لەو ساڵانەدا نووسی، دووکۆمەڵە چیرۆکی کورت و چەند وێنەیەکی قەڵەمی دژ بەکارییگەریەتی مۆباسان و موسییە بڵاو کردۆتەوە، دوای گەڕانەوەی گرنگترین چیرۆکی بەناوی ((ڕوباری سۆمیدا))وە نووسیوە. لەوماوەیەدا، وەکو کەسانێتر دژبە بیروڕای سروشتیەکان بوو، دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەچیرۆکەکانیا ((لەرەیەکی))ی خەمۆکی‌و تەنیایی کەباڵی بەسەر بەرهەمەکانیا کێشابوو گۆڕانی بەسەرداهات. دوای ماوەیەك ((دابڕان)) کەتاساڵێ ٩٢١ی خایاند، دووبارە دەستی دایەوە نووسینی کورتە چیرۆك کەپاڵەوانەکانی کچە سۆزانیەکان و کچە کارمەندەکانی باڕوماخۆرەکان بوون. چیرۆکی ((حیکایەتێکی سەیر لە هەڵاتی؟ ڕوبارەکەوە)) بەگرنگترین چیرۆکەکانی ساڵانی دوایی دائەنرێت. دیسانەوە لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی ((ڕووەکی هیرا نیغیا))یە کە لە ساڵی ١٩٣١ داو لەتەمەنی پەنجاو دوو ساڵیدا نووسیوێتی.

٣- ساتۆمی تۆن: (١٨٨٨-　　　):

ساتۆمی هەرلەزووەوە پەیوەندیی کردووە بەکۆمەڵەی ئەدەبیی لاوە خواپێداوەکانەوە کەخۆیان بەوناوەوە ئاشکرا کرد، ئەمانە لەڕێبازی سروشتیەکان هەڵگەڕاونەتەوە. پێشەنگەکانی ئەم بزوتنەوەیە خۆیان بە (مسالیەتی تۆڵستۆییەوە) بەستووەتەوە. بەڵام لەبارەی گرنگی (تاك) وە لەفەلسەفەکانیانا جیاوازی لەنێوانیاندا هەبووە. خودی (ساتۆمی) ڕێبازی فەلسەفی تازەی هەبووە کەگەشەی پێداوە و بە (فەلسەفەی دڵسۆزی) ناوی ئەبرد (گوڵی کامیلیا) بەناوبانگترین چیرۆکێتی.

٤ -ئۆتاگاوا ڕابونوسوکی (١٨٨٢-١٩٢٧)

لەتۆکیۆ لەدایك بووە و هەرگیز توکێوی بەجێنەهێشتووە. بەهۆی زۆر خواردنی مادەی (ڤیرونیل)ەوە خۆی کوشتووە. لەگەڵ هاوڕێکانیا کەخوێندکاری بەشی ئادابی ئینگلیزی بوون لەزانکۆی ئیمپراتۆری گۆڤارێکی ئەدەبییان دەرکردووە. چیرۆکی (لوون)ی لەژمارە(یەك)ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو کردۆتەوە. هەر کە ڕابەرە مەزنەکەی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس (ناسۆمی سوسیکی) چیرۆکەکەی ئەخوێندەوە یەکسەر هەستی بەگرینگی نووسەرەکەی ئەکات. لەساڵی ١٩١٥دا چیرۆکی (ڕاشامۆن)ی لەگۆڤارێکی تری خوێندکارانا بڵاوکردۆتەوە. لەبەر ئەوە کۆڕە

ئەدەبیەکان هەستیان بەزیرەکیو شێوازی تایبەتی ئۆتا گاوا کرد, زۆر بەڕێزلێنانەوە پێشوازییان لێکرد: ئۆگاوا بەیەکێك لەنووسەرە واقیعییە نوێکان ئەژمێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەند چامەو راپۆرت و تاکە رۆمانێکی نووسیوە, بەتەواوی خۆی تەرخان کردووە بۆنووسینی کورتە چیرۆك, سەدو پەنجا چیرۆکی نووسیوە و لەحەوت کۆمەڵە چیرۆکدا بڵاوکراونەتەوە, چەند چیرۆکێکیان گۆڕاونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیو ئیسپانی. لەسروشت هەڵگەڕانەوەی کردە بیانویەك بۆ وازهێنان لەشێوازی دان پیانان. بەشارەزاییەکی زۆریشەوە بیرۆکەی چیرۆکەکانی لەئەدەبی کلاسی: چینیو یابانییەوە وەرگرتووە, دووبارە بەشێوەیەکی نوێ. هەروەها سودی لەئەدەبی خۆر ئاوایی سەدەی نۆزدەهەمیش وەرگرتوە. زۆربەی چیرۆکەکانی لەحیکایەتە کلاسیکیەکانەوە وەرگرتووە کەدووبارە لەسەر ڕۆشنایی بینینی دەروونیی نوێ دایڕشتونەتەوە و بەواتای نوێ و ئاڵۆز دەوڵەمەندی کردون, ئۆتاگاوا زۆرمەیلی بەلای ئەو چیرۆکانەدا هەبووە کەسەیرو پڕ لەدڵەڕاوکێ بوون و مادەکانیان سەیرو سەمەرە بوون. بەڵام شێوازی ڕەنگینیو (واقیعی)لە پێشکەشکردندا, وایان لەچیرۆکەکانی کردبوون کەدووربن لە رەمزەوە. ئۆتاگاوا زۆرخۆی خەریك ئەکرد بەوردەکاریی وشەو دوبارە داڕشتنیانەوە. زمانەکەی ڕەسەن و ڕەنگاڵە بوو. لەهەمان کاتیشدا داڕشتنی چیرۆکەکانی چڕو پڕبوون, کەئەوەش بەجەوهەری نووسینی کورتەچیرۆکی سەرکەوتوو ئەژمێردرێت. زۆر بیر تیژ بوو. ڕەخنەگرێکی هێندە هەستداریش بوو کەلەئاستی دەمارگیری تێپەڕاند بوو. زۆر بەجدیو ڕونی ئەیڕوانییە ئەوکەسانەی کەلەدەورو بەری دابوون.

هەربەهەمان شێوەش سەیری ئەوکەسانەی ئەکرد کەلەمێژووی ئەدەبدا لەبارەیانەوە ئەیخوێندەوە. لەچیرۆکە بەناوبانگەکانی چیرۆکی (چیای پایز)ە یە.

٥ –ئۆگاوا میحی ئی (١٨٨٢ – ).

لەساڵی ١٩٠٥ دا لەزانکۆی ئۆسیدا لەبەشی ئەدەبی ئینگلیزی دەرچووە. دوای دەرچوونی بەساڵێك یەکەم کاری ئەدەبی دەرکەوت. لەساڵی ١٩١٠دا خۆی ئاڵاندە نووسینی چیرۆك بۆخۆشیی منالان. چیرۆکەکانی گۆرانی ئامێز و کاریگەرن و سیفەتێکی هونەریی گرنگیان هەیە. چیرۆکەکانی کارێکی وایانکرد کەلەیابانیدا پێوانەیەکی نوێ بۆئەدەبی مێردمندالْ دابنرێت. چەند چیرۆکێکی وە گێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی. لەگەڵ ئەوەشدا کەبەتەواوی فیراجی میزاجی ڕۆمانسیەت باڵی بەسەرداکێشابوو, زۆرجار مادەکەی لەژیانی ڕۆژانەوە وەرئەگرت, هەموو چیرۆکەکانی بەقوڵی گوێئەدەنە خۆشگوزەرانی مەردم و پێشکەوتنی ئیشتراکی.

٦– یۆکۆ میتسۆ ڕیتشی: (١٨٩٨–١٩٤٧):

وەکو هاوچەشنەکەی (یاسا نوری کاوا باتا) ناوبانگی بەوە دەرکردووە کەیەکێك بووە

لەڕابەرەکانی قوتابخانەی لبریکی, کەیابانییەکان بەهەستگەرایی نوێ ناوی ئەبەن. هەست گەراییە نوێکان دژی هەردوو قوتابخانەی ((واقیعیەت)) کەلەناوەڕاستی بیستەکاندا دەستەبالآبوون وەستانەوە. کەئەوانیش قوتابخانەی سروشتیە راپۆرتییەکان و قوتابخانەی پرۆلیتاریا بوون. کاریگەرێتی چیرۆکەکانی لەوەدایە کەلەکاتی خوێندنەوەیدا موچورکە بەلەشی خوێنەردا دێنێت, کەئەمەش تێکەڵە بە ئینتباعاتی هەستیو گواستنەوەی کتوپڕیەکان کەهەندێ جار (جیرترو دشتاین) مان وەبیر دێینەوە, لەلایەکەوە لەشیعرەکانی هایکۆی یابانیەوە لەلایەکی ترەوە لەهەندێ ڕێبازی ئوروپییەوە.وەك دادایسیزم و ئایندەگەرایی و گوزارشتکاری ئیلهام وەردەگرێت بەهۆی کاریگەرێتی (جویس)و(برۆست)ە وەلای کردەوە بەلای بەکار هێنانی کشوفاتی دەرونییەوە. لەساڵی ١٩٣٠ یەوە تامرد, ئەوباسانەی کەبەسەر یازاڵبوو بوون (تەنگەژەی هۆشی هەستیار)ە. کە کەوتۆتە بەرشالآوی جیهانێکی دڕندە کەپڕە لەوکەم و کورتیانە کەماوە نادەن بەمرۆڤ خۆی بناسێتەوە. چیرۆکی (ئامێرەکە) بەناو بانگترین چیرۆکیەتی.

٧- سۆکی (١٩٣٠- ).

چیرۆکەکانی لەبارەی ژیانی گوندنشینەکانی یابانەوە ئەنووسی. بەوە ناوبانگی زۆری بۆخۆی پەیداکرد. لە (ئەکیتای باکور) لەدایکبووە. ماوەی چەند ساڵێك لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەستە بالآبووە. لەساڵی ١٩٣١ ە وە دەستی دایە چیرۆك نوسین, چیرۆکەکانی بەشێوەیەکی گشتی باس لەژیانی جوتیارە هەژارەکانی باکوری خۆرئاوای یابانەوە ئەکات. بەناوبانگترین ئەو زنجیرەیە کەناوەکانیان بەناوی (باڵندە) وەهاتووە. وەك (کونەپەپوو), (قەلەڕەشەکە), (پەڕەسێلکە), (مانگا) و (ئەسپ). لەساڵی ١٩٣٧ە وە کەدەستی بەبلاو کردنەوەی ئەو چیرۆکانە کرد ناوبانگی سەرتاپای یابانی گرتەوە.

چیرۆکەکانی ئینۆسۆکی بەوە بەناوبانگن کەشێوازێکی تاکانەی کەسایەتییان تیایەو زۆر بەوردی گێڕانەوە تێکەڵ بەوتووێژ دەبێت, کەئەوەش گوزارشت لەبڕوا بوونی نوسەر دەکات بەوەی کەجوتیاری یابانی دڵساف و گەلێك ساکارن. وتووێژی چیرۆکەکانی بەلەهجەی گوند نشینەکانی باکور نووسراون. لەچیرۆکە درێژە بەناوبانگەکانی (بولبول)ە.

٨-هیرابایاشی تانیکۆ (١٩٠٥- )

لەناو خێزانێکی دەستکورت و هەژارو بێدەرامەتدا چاوی بەم جیهانە هەڵێنا. لەبەر ئەوە هەرلەمنداڵییەوە نەداراو دەستکورت و ئەوژیانەی کەبەسەری ئەبرد ژیانێکی مەمرەو مەژی بوو. لەهەرێمی ئا گانۆی شاخاوی ناوەڕاستی یاباندا لەدایکبووە. کەئەم ناوچەیە بەدیمەنە جوانەکانی و سەربەخۆیی و شوێنی لەدایکبوونی ژمارەیەك لەپێشەواکانی یابان لەبواری پەروەردەو ئەدەبدا, ناوی دەرکردووە. لەوکارانەی کەلەپێش جەنگدا نووسرا بوون چاوی لەئاستی ئەو دیمەنە جوان و ئارام

بەخشانەدا نووقاندووە و پشتگوێی خستوون، ڕەنگە ئەم پشتگوێ خستنەشی بگەڕێتەوە بۆئەو بیرەوەرییە تاڵانەی کەلەو شوێنەدا بەسەریدا هاتوون و بەئەنقەست کردبێتی رویانداوە.

هیواو ئاواتی براو خوشکەکانی هەرئەوەندەبوو کەبڕوانامەیەکی سەرەتایی لەخوێندن و پلەو پایەیەك بەدەست بهێنن، بەڵام (تا نیکۆ) تاخوێندنی باڵای بەدەست نەهێنا وازی لەخوێندن نەهێنا. لەوکاتانەشدا کەسەرقاڵی خوێندن بوو دەستیکرد بەخوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرە ڕوسیەکان و بیریارە ئیشتیراکیەکان. دوای دەرچوونی لەزانکۆ چوو بۆ تۆکیوی پایتەخت و ماوەیەك بوو بەکرێکاری تەلەفون. جگەلەوەش گەلێك کارو پیشەی جۆراو جۆری تری کردووە. لەوانە:

میواندارو کارەکەری ماخۆرەکان. لەوکاتەدا پەیوەندیی کردووە بەڕیزی (گێرە شێوێنەکان) . هەرلەتەمەنێکی زۆرزوودا خۆی بۆنووسین تەرخان کردووەو لە ڕێگەی نووسینی چیرۆکی (خیۆ)و (چیرۆکی پۆلیسییەوە) بژێویی ڕۆژانەی خۆی بەدەست هێناوە.

دوای ئەوەی (ئەدەبی چەپڕەو) باوی نەماو جەنگی نێوان (چین و یابان) هەڵگیرسا، بەتەواوی باری ژیانی خاتوو (تانیکۆ) تێکچوو، گیراو لەبەندیخانەدا دووچاری نەخۆشییەکی زۆر خراپ بوو. هەشتساڵی ڕەبەقی پڕ لەمەینەتی لەجێگەدا کەوت. دوای تەواو بوونی جەنگەکە دیسانەوە دەستیکردەوە بەنووسین، ئەم جارە دەستبەرداری بیری تەسکی چینایەتی بوو، بەرەو مرۆڤایەیتی چوو.


لەچیرۆکە بەناو بانگەکانی (گۆرانی جیهانی خوارەوە)و (ژیانی پیاوێك)ە

الادیب المعاصر: ٤٤ساڵی ١٩٩٣

مۆسیقا

# کۆنشۆرتۆ لە هونەری مۆسیقادا

ئازاد مەعروف



کۆنـــــشرتۆ(CONCERTO) لەڕەگـــــەزدا وشـــەیەکی لاتینیـــە بـــەواتای بەهلـــەوانی و پـــیرۆزی بەخـــشین دێـــت لەپێکهاتەیـــەکی کـــرداری کۆنـــسێرتاریەوە OCERTARE وەرگـــیراوە کـــە هـــەمان مانـــای پـــیرۆزی بەخـــــشین ئەگەیـــــەنێت, پەیوەنـــــد بەسەرکەوتنی تاك بەرامبەر بـە کـۆ, یـاخود کۆی بچوك بەرامبەر کۆی گەورە,

لەتایبەتمەندیــــەکی هــــزری ژیــــان لەڕەنگدانەوەی لەهونەرەجوانـەکان وشـەکە تـــەرخانکرا بـــە ناســـینەوەی جۆرێـــك لـــە جۆرەکانی قاڵبی هونەری مۆسیقای جیهانی (ئۆرکست),

کۆنشرتۆ جۆرێکە لەهونەری مۆسیقای ئۆرکسترا لە هەڵبژاردنی کار لەجۆری قاڵب کەپێی ئەوترێ قاڵبی سوناتە, واتە جوڵەکانی مۆسیقا لە شێوەی خێرای و هێواشی لەناوەڕۆکێکی بابەتی مەبەستی پێکهێنانی کۆنشۆرتۆیە کە ناسراوە بە ئاهەنگی کۆنسێرت واتە یەك تاکە ئاهەنگ لەیەك تاکە بەرهەم کە تیپی ئۆرکسترا بەڕێوەی ئەبات واتە هەموو چینەکانی دەنگ لەگرو ناسك لەژنان وپیاوان و منالآن لەلاسایی کردنەوەیان بە ئامێری مۆسیقا هاوبەشی کەر ئەبێت لەشێوەی چەند دەنگێکی هاوگونجاو (هارمۆنی)کە ئەمەش خەسڵەتی پێکهێنانی ئۆرکسترایە کە دەنگ ناسکترو پڕ لەئیستاتیکا تر ئەکات بەچەشنێك هارمۆنی بەمانای دابەش کردنی مۆسیقا نایەت و چیتر وشەی کۆنسێرتیش بەمانای ئاهەنگی فرە ئاوازی لەیەکنەچوی میللی نایەت و ئاهەنگە میللەکان و ئاهەنگە کۆنسێرتیەکان بەگوێرەی قالبی مۆسیقا لەهەلبژاردنی کار جیاوازیان هەیە هەروەك جیاوازی لە نێوان قالبی (میللی, جاز, ئۆرکست) یەکسان

هەڵبژاردنی بەجیاوازی نێوان (شێواز,کار)یاخود (سۆزو پیادە هەڵچون, دراما) لەمۆسیقای کۆنشرتۆ بگرە لەهەمووو کارە مۆسیقیەکان دابەشکردنی مۆسیقا پەیوەندە بەڕیتم گۆڕین و مەقامگۆڕین (کات گۆڕین و شوێن گۆڕین),
کاتەکان چەندایەتیانە پەیوەندە بەڕیتم و شوێنەکانیش چونایەتیان پەیوەندە بە مەقام,(شوێن و کات)کەدوو پێکهاتوی لەیەکنەچوی هاوگونجاوی ژیانە لەگیانی مرۆڤ هەمان پێکهاتەی دروست بونی هونەری مۆسیقایە ئەویش دەنگە بەکەسایەتی دووهەم ناسراوە کە لاسایی بەکەسایەتی سێهەم دەکرێتەوە کە ئامێری مۆسیقایە بۆیە مۆسیقا هەستێکی گیانەکی مرۆڤە.

کۆنشۆرتۆ کە قاڵبە ئامادەکرنی بابەت پێویستە مەرجی ئۆرکسترای تیادا بێت, کەواتە لەخودی بابەت ئێستاتیکا لە شێوەی دەنگی هاوگونجاو (هارمۆنی), وە ڕیتم گۆڕین و مەقام گۆڕین(دابەشکردن) لەدەرهێنانی شێوەپێکهێنەرەکانی دراما پەیوەند وئەرکی خودی ئامادەکەرە (مۆلف) گۆڕینی دەنگە هارمۆنیەکان بۆسەر کلیلە مۆسیقیەکان لەپڕاکتیکی ئامێرە مۆسیقەکان کرداری (ئۆرکسترسیون)ە واتە لەبەرهەمێکیئۆرکستی لەم جۆرە کارانە ناوی دابەشکەر پوچەڵئامێزەو پەیوەندە بەهونەری مۆسیقای میللی و جاز کە دوقاڵبی تری جیاوازن کە خودی تاکە کەس ئاوازدانەرە نەك ئامادەکەر (مۆلف)کە لەم بوونەشدا ناوهێنانی ئامادەکەر لە هونەری مۆسیقای میللی هەروەك ئەوە وایە کەقاڵبی میللی وئۆرکست دوو قاڵبی جیاواز نەبن, هەروەکو سۆز و دراما بەیەکجۆر خەسڵەت سەیربکرێت, لەم بونەدا پراکیتك لەهەناوی تیوردا یە کە لەسیستەمی پەروەردەی ڕۆژهەلآت مۆدێرنەیە ,بەمچەشنە ڕەنگدانەوەی بەرهەمەمۆسیقیەکانی ناو کەناڵە (T.V) یەکانی ڕۆژهەلآت وە بڵاوبوونەوەی بەگشت جیهان شێواندانی کەلتوری نەتەوەکانە . کە هێردەری ئەلمانی

دەڵێت : هیچ شتێك بەقەدەر ئەم وشەیە (کەلتور)دڕندۆکتر وپڕ لە کێشمە تر نیە لەپیادەکردنی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا.

کۆنشۆرتۆ کە جۆرێکە لەهەڵبژاردنی کار لە ئامادەکردنی مۆسیقای ئۆرکست یەکێك لە ئامێرەمۆسیقەکان لەنواندندا ئەبێت لە ئامـاژەو جۆری پرسیارکردن لەلایەن تاك کەهونەرەمەندێکی مۆسیقاژەنی بەتوانای نێوان پڕاکتیك و تیۆرە پێی ئەوترێ(فێرتوز, ژەنیاری بەتوانا)هەموو پرسیارێکردنێکی لەلایەن تیپی ئۆرکسترا وەلأم دانەوەی هەیە هەندێ جار وتو وێژ و وەلأمدانەوە ململانێ دارە هەندێ جار سە رکەوتن بۆ فێرتیوز ئەبێت.

لەم بوونەدا ئامادەکەر کە خودی دابەشکردن و ئێستاتیکایە هۆنینەوەی مۆسیقا لەچەشنی پەهلەوانی ئەخاتە ڕوو, هەندێ کات لەبری کەسایەتی سێهەم کە ئامێری مۆسیقایە کەسایەتی دووهەم کە خودی مرۆڤە و دەنگە شوێنی ئامێری مۆسیقا ئەگرێتەوە کەبەمەش ئەوترێ کۆنشرتۆی ئاوازی کە خۆرئاوایی‌یەکان ناوی دەبەن بەکۆنشرتۆی کڵێسا لەئەنجامی سەرهەڵدانی لە کلێساکانەوە لەبونێکی وەهادا کۆنشرتۆی ئاوازی واتە بەدەنگی خودی مرۆڤ پێی ئەوترێ (کانتاتا),

کانتاتا لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەڤدەیەم سەری هەڵداو لە برەودابو, پارێزراو بوو تاسەردەمی یوهان سبستیان باخ جۆرێکی تر لە کۆنشۆرتۆ دەناسرێت بەکۆنشۆرتۆی گەورە (گرۆسۆ, حوجرەیی, (CONCERTO GROSSO) واتە دوو کۆمەڵ لەئامێری مۆسیقابەرامبەر بەیەکتری ئەبن وەك مللملانێ لەکارو پرسیارو وەلأمدانەوەی یەکتری وەك ململانێ لەکار و کاردانەوەکان بەکۆمەڵی یەکەم ئەوتری(کۆنشرتۆ,CONCERTION)کەلە ئامێرە بچوکە یەك تاکە دەنگیەکان پێك هاتووە دویان سێ یان چوار ژەنیار هاوبەشی کەرە لەتەواوکردنی هەموو چینەکانی دەنگ لەم بونەدا بەشداری ژەنیارەکان و قاڵب وەك کۆمەڵە ناو ئەبرێت بە سۆلیستەکان بەلأم کۆمەڵەی دوهەم بەکۆمەڵەی تەواو ناو ئەبرێت کە تیپی ئۆرکسترایە پێی ئەوترێ کۆمەڵیگەورە(جرۆسۆ, توتی,tuti ) کارە مۆسیقیە کلاسیکەیەکان نمونەیەکی باشی ئەم بەشەن لە هەنەری مۆسیقا,

ڕون کردنەوەیەکی تەواوی شێوە دوابەدوایهاتنەکانی درامان لەسەر نەزمی ڕیتمەخێراوهێواشەکان . کادنزا جۆرێکە لەزاروەی نوێ لە ڕێگەی کۆنشرتۆکانەوە زیاتر خۆی ناساند بەجیهانی مۆسیقا,

کادنزا بەخودی ژەنیاری تاکی ئامـاژەداری ئاواز ئەوتری واتە ئاواز لەچەشنی کادنزا لەلایەن فێرتیوز بەمانای دەرچونەدەر لە یاسای خویندنەوەوئاماژەدان لەڕێی سەربەستی, واتە پەیڕەوی نەکردنی خوێندنەوەی مۆسیقا بۆ دەربڕینی هەموو هێزو توونای خۆی,

کادنزا و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمیکلاسیك لەو دەمەدا جۆرێ لە مۆسیقا بەناوی سوناتە کە ئاوازبوو لەمەرجی خودی قاڵبی سۆناتە لە جوڵە خێراو هێواشەکان لەلایەن دووکۆمەڵ لەئامێری مۆسیقا ئاماژە دروست ئەبوو, لەو

کاتەدا سوناتە چوەك ئاواز چوەك قاڵب سەپێنراویەتی تایبەتی خۆی هەبوو لە شێوەی تاکە ئاوازێك کە لەچوارچێوەی سێ جوڵەدابو,

لەم کاتەدا دانەر ئاوازی ئەدا بەکۆمەڵەی گەورە Tutti وە لە نێوان هەموو دووبارە بونەوەیەکی ئاواز ئامێرە بچوکەکان (کۆمەڵەی یەکەم) ئەکەوتنە ژەنینی مۆسیقا لەچەشنی کادنزا واتە پەیڕەوی خوێندنەوەی ئاوازیان نەئەکرد لەسەر بنچینەی مەقام بەڵکو لایان ئەداو توانای هونەری خۆیان دەرئەخست پاشان لێزانانە ئەهاتنەوە سەر بنچینەی مەقام و شێواندنیان نەئەدا بەدەستەوە, گەڕاندنەوەیان هونەریانە بو, ڕازاندنەوەیان ئەدا بەدەستەوە,

(توریللی)ئیتالی لەساڵی ١٦٨٦ ز یەکەم کەس بو ئاماژەی بەم جۆرە بەرهەمە دا, کۆنشرتۆی گەورەی برەوپێدا و ناساندی بەجیهان لە ململانێی کۆمەڵەی بچوك بەرامبەر کۆمەڵەی گەورە,

لە ساڵەکانی ١٧١٢ز پارێزگەر یکەرانی تریش لەدوای خۆی وەکو (لوکاتیلی) منڤیردی, جیمنیانی زیاتر برەویان دا بەم جۆرە کارە,

ئاهەنگەکۆنسێرتیەکان لەچەشنی هەڵبژاردنی کاری کۆنشرتۆ لەلایەن هونەرمەندی مۆسیقی VIVALDI ڤیڤاڵدی زیاتر برەوی بەخۆیەوە بینی ئەو گرنگی دا بەجۆرێ ئاماژەی کۆنشرتۆ لەلایەن ژەنیاری تاك (فیرتون)بەرامبەر بە تیپی گەورەی ئۆرکسترا لە قاڵبی سێ جوڵە (خێرا, هێواش, خێرا)لەهەمان کات فرەچەشن لە گۆڕان کاری مەقام ئەم جۆرە ئاهەنگە کۆنسێرتە لەلایەن فیرتیوز ناوبرا بە ململانێی نێوان سۆلسیست و ئۆرکسترا کە ئامێری مۆسیقا لاسای دەنگی مرۆڤ ئەکاتەوە

(تاکە ئامێرلەسۆلۆ) وشەکان پێناسەیەکی ناسینەوەی هەڵبژاردنی کاری دابەدەستەوە بەجۆرێ وشەی فیرتیوز, سۆلست, کۆنسێرت ناسینەوەی چەشنی کاربوو,

ململانێی نێوان تاك و کۆ لە کۆنشرتۆ لەلایەن فیرتیوز و ئۆرکسترا زیاتر و ڕونتر لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەم لەلایەن مۆسیقازانی بەتوانا(بینۆنی, BINONI)و جاکینۆ پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە دی چونکە ڤیڤاڵدی تەنها سەرەتایەك و داهێنانێکی باش بو بۆ گرتنی ڕێباز لەلایەن هونەرمەندانی ترەوە(باخ و هیندل) لەلاسای کردنەوەکانی ڤیڤاڵدی سەرکەوتوبون, باخ توانی حەوت کۆنشرتۆی جیاواز لە ئامێرەتاکەکان ئامادە بکات .

لەسەرەتای مۆسیقای کلاسیك کۆنشۆرتۆ یەك جۆر بو لە ئاواز بەلام بەخێرای گۆڕابۆسەر قاڵبی سۆناتا واتە گۆڕا بۆ دوو جۆرلە پێکهێنان لە ئاوازی بنچینەیی, لەهەمان کات لە جوڵەی یەکەمیدا هەندێ جۆر لە جوڵەی تر پەیدا بوو کە هۆکارەکەی ئەگەڕایەوە بۆ ژەنیارە سۆلیستەکانی ئەوسەردەمە (فیرتیون)کەچەشنی کادنزایان بەکار ئەهێنا باشترین نموونە کۆنشۆرتۆی پیانۆی موزارت بو لەسەر مەقامی لای گەورە (A.M) بتهۆڤن لەئەنجامی توانایەکی بەهێزی لەدابەشکردن توانی برەو بدا بەقاڵبی

سوناتە لەناوخودی کۆنشۆرتۆ وە بەرگێکی کاری سەمفۆنی پێ بدات واتە ڕۆحێکی سەمفۆنی پێببەخشێت, بەجۆرێ ئەم نمایشە کلاسیکیە شاکارە مۆسیقایانە هەمیشە ناو ئەبرا بەئامادەکردنی کۆنسێرت, لێرەدا بۆمان هەیە خوێنەر بەگشتی و هونەرمەندی گۆرانی بێژی میللی بەتایبەتی تێبگەینین کە وشەی کۆنسێرت وەك زاراوە بۆ چ جۆرە قاڵبێکی مۆسیقا ئەبێت .

ئەتوانین بڵێین وشەکە سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندە بەبەرهەمی ئۆرکستی لەسەر بنچینەی زانستی دەنگ لەلاسایی کردنەوەی کەسایەتی سێهەم کە ئامێری مۆسیقایە بۆ کەسایەتی دوهەم کە دەنگە لەمرۆڤ لەسەر ئاستی بەرزی و نزمی شەپۆل دار لەدەنگ ئاسان لەدەربرینی پێناسە بەجۆڵەی لەش لە مرۆڤ هاوبەشی دار لەدەنگی گڕ و ناسك وتیژ لەژنان و پیاوان مندلاَن لەسەر بنچینەی کۆنتراپۆینتی هارمۆنی لەهەمان کات بەیەك کاری مۆسیقا ئەوترێت کە پێکهاتبێت لەیەك تاکە بەرهەم لەسەر بنچینەی زانست پەیوەند بەقاڵبی سوناتە لە ئاهەنگی ئۆرکست کەپێی ئەوترێ ئاهەنگی کۆنسێرت کەمۆسیقای کۆنشرتۆ جۆرێکە لەم ئاهەنگە .

دیاری کردن و نوسین لەم ساتەدا لەسەر خودی قاڵبی ئۆرکستە لە جۆرێك لەجۆرەکانی کە کۆنشۆرتۆیە جیاوازە لەهونەری مۆسیقای میللی بەلاَم کاری خواستن پەیوەند بە بیر لەهونەرمەندی ناو قاڵبی مۆسیقای میللی دو تێڕوانینی لەیەکنەچوی چەمکئامێزە (مفهوم) کە لە تێڕوانینێکەوە دەیگۆڕێتە سەر ئەویتریان بەجۆرێك ئاهەنگە میللیەکان لە ئاهەنگە کۆنسیرتیەکان جیاناکرێنەوە لە بونیادێکی وەها مودیرنەدا کەناڵە T.Vەکان بەرپرسن لە کەلتور و بلاَبونەوەی بەگشت جیهان, کاری خواست جۆرێك ناسکی تیادایە لەوەرگێران کە بەفەزڵی بەریەککەوتن(CONTACT)ی کلتوریەوە دێنەناوەوە,ئەوخاڵەی کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت کە فراوان کردنی موفرەداتی زمانێك لەڕێگەی خواستنەوە وە گۆڕینی مانای ئەو وشەو دەستەواژانەی کە هەیە لەڕێگەی وەرگێڕانی خواستنەوە گۆڕانکاری لە بونیادی لێکسمی زماندا دەگرێتەوە, ئەگەر ئەم خاڵە پێی لێنرا ئەوا یەکسەر ئەوە دەردەرکەوێت کە تەنها هەندێکشت لەهەندێك زماندا زیاتر قابیلی کۆدکردنن لەوەی لە زمانی تردا, بەڵکو کەشت گەلێك هەن ناتوانرێت بەهیچ جۆرێك لەشتگەلێکی تردا بەکاربهێنرێت لەبەر ئەوەی ئەو مفردانەی لەڕێگایانەوە ئەو شتانە دەوترێت بونیان نیە,

بەمپێیە مۆسیقای کۆنشۆرتۆو ناساندنی چەشنی قاڵبی وەرگیراو لەمێژووی مۆسیقای جیهانی نامانگەیەنێتە مەبەستی یەقین چونکە عەقلاَنیەتی بیر یەکجەمسەری ناوتیۆر نیە کە لە پراکتیك رەنگبداتەوە, چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا عەقلاَنیەت کردنە بەناعەقلاَنیەت کە ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پەروەردەی بەدوادا دێت,

بیر جۆرێکی تر خۆی ئامادە ئەکات ئاڕاستەی خودی مۆدێرنە دەوەستێتەوە, نەك بۆ گەڕانەوەی لەڕابردوو بەڵکو بۆ

هاوگونجاندنی واقعی هونەری مۆسیقا مۆدێرنە تر ئەمەش ناکرێت ئەگەر بیر لەبەراوووردی فەلسفە وزانست لەململانێ نەبێت, چونکە بەم جۆرە ڕواڵەت و خود دوبەشی ناو دژایەتیەکی راستقینەن کە لە ناو بونیادی کۆمەلأیەتیەوە سەرچاوە دەگرن هونەریش ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندیەیە بەلأم حەقیقەتێکی ڕاستەقینەی ئادەمیزادەکان و شتەکان لە شێوەیەکی بەدو خرابدا بەدەرئەکەوێت .
لەهەمان کاتدا ئەگەری ڕەتکرددنەوەی ئەم خراپیە و وە دیهێنانی ئەوشتەی شیاو داواکراوە لە مێژوودا دێتە ئارا ڕەنگە لە کۆنشۆرتۆی مۆسیقا لە درامایەکی دیالێکتیکی ئەمە ململانێی نێوان تاك و كۆ بێت کە جیهان سەر لەنوێ لەسەر بناغەی عەقڵ دامەزرێتەوە کە گەوهەرێکی هاوبەشی ڕاستەقینەیی بکەرانەیە,
ئەگەر بە پێچەوانەوە عەقڵ یەکجەمسەر بێت توندڕەوی بەرامبەر هونەری مۆسیقای میللی شەرمەزارییە حەتمەیەتی توند ڕەویش بۆ بەرگریکردن هەروەك خۆی دەمێنێت عەقلیەتی مۆسیقاش وەستاو ئەبێت لەبۆ چونە ناو بوارەکانی وەك فەلسەفەو زانست و دەروون ناسیو زمانەوانی ..... هتد,
بەم چەشنەو بۆ نمونە کۆنشرتۆی مۆسیقا ئەبێتە پێناسەیەکی تیوری گوێ بیستیشی تەنها مرۆڤێکی کەمی بەرخودی خویندنی هونەرە کە ئەبێت, دابڕاو ئەبێت لەڕۆشنبیران و کۆمەلأنی خەڵك, بەگشتی گوێگرتن لەلایەن تاك چێژێکی سێکسی و خەیاڵە وەهمێکی میتافیزیکی ئەبێت وە بەهەمان خودی چێژ و خەیاڵ هەر یەکە و جۆرێك لە ئێستاتیکا بەڕەنگە جۆرەکانی ئەبینێت, ئەکەوێتە ململانێی حەز و چێژە تایبەتیەکانی خۆی واتە خۆشی خۆی لەخودی خوێدا ئەبینێتەوە نەك پەیوەندیەکەی, ئەمەش ئەکتیف کردنی تاکەکانی تری ناو کۆمەڵ ئەبێت (بونخواز) لەم بونەدا مەعریفەی فەلسەفی لەهەڵبژاردنی کار هیچ بونیادێکی سۆسیۆلۆژی پێوە بەستراو نابێت, یەکجەمسەرئەبێت, بەکۆمەلأیەتی بون بەخۆیەوە نابینێت, کەسانێکی زۆر کەم گوێ بیستی کارە ئۆرکستیەکان ئەبن,
زیاتر و ڕونتر عەقلانیەتی تیوری مۆسیقای ئۆرکست تایبەتی دارەو ناتوانرێ بکرێتە ناعەقلیەتی هونەری مۆسیقای میللی کە گشتی دارەو بەکۆمەلأیەتی بونی بەخۆیەوە ئەکتیف کردوە, پەیوەند بەناعەقلأنیەتی مرۆڤەکان لەناو مەعریفەی کۆمەڵناسی کە لەمێژوو دا وەرگیراوە خۆی لەکەلتور و مەزهەب و نەتەوەدا ئەبینێتەوە ڕێژەدارانە, سەرەرای ئەمە بیری فەلسەفی پێشەیەك لە پیشەکان ناتوانێت سەپێنەر بێت لەناو هەموو پیشەکانی تر واتە بیری فەلسەفی هونەری لەڕەنگدانەوەی لەسیستەمی ئابووری نەگەیشتوّتە ڕادەی تەواو پڕ لەبیر پەیوەند بەبابەتەکانی سەرخانی مرۆڤەکان,
لەبونیادێکی وەها دا ئەم چەشنە هونەرە (کۆنشۆرتۆی مۆسیقا)لەواقعی ئێمەدا نەهاتۆتەکایەوە ئەگەر بەزۆریش دروست کرێت هونەرمەند (فیرتیوز) کە گەیەنەری ئامادەکەر و بینەرە ململانێی نێوان تاك و کۆ نیە یاخود کۆی بچوك لەگەڵ کۆی گەورە

واقعیش ململانێی ناو کارو پیشەکان نیە بۆ دروست بونی بەرهەم و هێزی بەرهەمهێنان بەڵکو ململانێ سەرەتایە و ئایدۆلۆژیایەکی پڕلەکێشەی نەتەوایەتیە لەسەربەستی و ئازادی کەڕێخۆشکەری دەنگدانی فرەچەشنە بەم پێیە ئامادەکەری مۆسیقای کۆنشرتۆ کە هونەرمەندە لە خەونێکی بێدەنگە،. بەپێچەوانەوە خۆگونجێنەرە لەگەڵ ڕۆشنبیر کە زایاتر لە هونەرمەند دەروەستە بەواقیع کە یاسای بیرمەند سەربەستی ئەداتێ, لەم چەشنە لەهونەرمەند کە گونجێنەرێکی ناچارە و هێڵی نوێی ململانێ نیە بەرامبەر بە بیرمەند و ڕۆشنبیر لەهەمان کات کە دەستەو وسانە بۆ لەبۆڵ کەرێکی هەمیشەدارە جێی سۆزو خەڵاتە،خودیبون تەنها چێژە, ئیستاتیکایە لەکەسایەتی ئۆپورتۆنیسم لەهەمان کات ئانارشیسم پێدەچێت لەداهاتوش نێگەتیڤاوی,

ڕەنگە ئەمە قۆناغ بێت لەخودی ژیانی هونەرمەند لەناو مێژووی مۆسیقای جیهانی کە ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك بوە لە جیهان, هەروەکو بونی بەرهەمەکانی توریللی کە لە کلێساکانی خۆرئاوادا سەری هەڵدا بەچەشنی کۆمەڵەی بچوك بەرامبەر کۆمەڵەی گەورە, جارێکی تریش ئۆپورتۆنیسم بوەیارمەتی دەری گروپگەلی ئانارشسم لە ئیتالیادا نەیان تونانی بگەنە کۆنشرتۆ ئۆرکسترایان وەستان یەکجەمسەر یان کردو پەیوەندیان کرد بەدەسەلات بونەمایەی بوژاندنەوەی تیپی مۆسیقای جاز(پاپ)Pop,

لەدوای جەنگی جیهانی و دەستپێ کردنی ١٩١٨ بەئاوابونیان ڕویدا, بەلاّم تائەمرۆش پاپ هەر لە برەودایە بەئاوابون دەرەکیانەیە کەچی لەسەر دەمی ڤیڤالدی تا یوهان .س . باخ, کۆنشۆرتۆ گۆڕا بۆ ململانەێی نێوان تاك لەگەڵ کۆ وەك مێژوو دایئەنێت بە ئازاد کردنی تاك لەخۆرئاوادا,

لێرەدا ئەکرێ بڵێن ئازاد کردنی تاك و بە ئابوریبونی لە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پەروەردەی پاشماوە گەلی سیستەمی تەقلیدی بەدوادا دێت کە تواندنەوەی ئۆپۆرتۆنیسمە ئەگەر بێتوانا بێت بە پێچەوانەوە ئانارشسمیەتی دەبێتە پۆزەتیڤ و حەقیەقەتی مۆسیقا بە ڕەنگدانەوەی لە کۆنشۆرتۆ ململانییەکی راستەقینەی‌نێوان تاك وکۆ ئەبێت, پیشەیەك و پیشەیەك, خواستێك و خواستێك, پێش برکێ ی دو نێوان یاخود دوو جۆر لە مەعریفە, ئاشکراکردنی زوڵمێ لە زوڵمەکان, تێرو برسیەکان بە پێچەوانەی ئەمڕۆی ڕۆژهەلاّت لە ململانێی نێوان تاکو دەسەلاّت , دەسەلاّت و دەسەلاّت, هێز و هێز, ژێردەستەی‌و سرەبەستی, بچوك و گەورە,

لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا کۆنشرتۆی مۆسیقا زیاتر ئەبێتە کۆنشرتۆی ناو ژیان, بوژێنەرێکی باشی بیری فەلسەفی هونەرەیش ئەبێت بە جۆرێك ئامێرە مۆسیقەیە فودارە تەختەیی و نوحاسیەکانی ناو ئۆرکسترا لەڕێی بەئابوریبونی کۆمەڵگە بە ئاسانی بەدەست دێت کەکەرەسەی پێکهێنای کۆنشۆرتۆن کەسیستەمی

تەقیلدی تەنها لەناو تیپی مۆسیقای خۆیدا (سوپا) بەکاری هێناوە .

بەلاّم لەسەردەمی مۆزارتی نەمساوی کەپتر لە پەنجا (٥٠)کۆنشۆرتۆی ئامادەکرد گەرمەی ململانێی نێوان تاك و کۆ بوو لە خۆرئاوا کە لەکۆتایدا بتهۆڤنی ئەڵمانی شوێنی مۆزارتی گرتەوە تەنانەت لە خودی ڤیەننای وولاّتی نەمسا(پایتەخت) جێگیر بوو ئەو لەوباوەڕەدابوو واقعی خەڵكان گۆڕان کاری بەسەردا هاتوە هونەری مۆسیقا جۆرێکی تر پێکهێنانی بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی (کۆنشرتۆ)

ئەو دەسەلاّتی لە فێرتیوز (تاك)سەندەوە کۆنشرتۆی لە قالبی سەمفۆنی داڕشت وەك بڵێن ڕۆحێکی سەمفۆنی کرد بەبەردا وەك ئەوەی هێز وتوانای تاك کەسۆلیستە بون گەراییە و مەرجە تاك لە ئەندێشەکانی ناو کۆمەلاّنی خەڵك حەقیقەتێکی ململانێ بێ وە لە تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵیش حەقیخۆی هەیە کە لەو ئاستەدا بیر ئەکاتەوە واتە پێویستە تاك و کۆ تەبابیەك لە نێوانیاندا هەبێت ئەوە کاتێکە کەهونەرمەند لەگەلّ ڕۆشنبیر بە کۆمەلاّیەتی بون بەخۆیەوە ئەبینێ, بەلاّم هونەرمەند لە ڕۆشنبیر جیا ئەبێتەوە هەندێ جار تەبایە هەندێ جار ململانێ دار بەگشتی هەونەمەند لەبیرێکی ناو کارەکانی بتهۆڤن لەگەلّ ڕۆشنبیر کە جیاوازە بەلاّم تەبایە ئەوە ئەو کاتەیە کەهونەرمەند هەست بەبونی ئازادی ئەکات کە ڕۆشنبیرو تێکۆشانەکانی ئامانجی دیاری کردووە وە کەسەرەکانی بەرهەمی بۆ هەموو پیشەکان ئامادەکردووە وە دەرزی قەلەویشان لێ دەدات بۆئەوەی هونەرمەند سەرقالّی داهاێنانی خۆی بێت نە ڕۆشنبیر نەهونەرمەند هیچیان بڕوایان بەوەستان نیە, کاتێ ڕۆشنبیر بزوتنەوەی دەکەوێتە ئەودیو کۆمەلاّنی خەڵك هەمان چەشن نەوەستاوە بەلاّم ئەگەر هونەرەمەند دوای بکەوێ لەهونەرەکەی وەستاو ئەبێت لە حەقیقەتێکی وەهادا هونەرمەند بەرهەمی نامێنێت بەلاّم تەبانیە جیا ئەبێتەوە ئەگەر بیەوێت نەوەستێت هێلّی نوێی ململانێ بێت چونکە دلّنیایە بەرهەمەکەی کەلتورە لە خزمەتی نەتەوەکەی وەستانیش دەرچونە لەیاسای ژیان دیبلۆماسیەتیش جۆرێ لە بێتامی ئەدات بەهونەرمەندی خۆتەرخان کراو هەندێکیش یاسای بەکەناردان بەرەو نەمانی ئەبات خۆشیبەراست ئەزانێ بەجۆرێ هەموو بەرهەمێکی هونەری لە خزمەتی دەسەلاّت دا ئەبینێ, کەچی دەسەلاّت نامێنێ ئەوەی کەنەوەستاوە بەرهەمەکەی ماوە هەتا بتوانێ نەوەستێت باشترە چونکە هەندێ کات ڕەنگە نەتوانێ و بەزۆر بوەستێنرێت .

کاتێك هونەرمەند و ڕۆشنبیر تەبان لەهەمان کات لە یەکتری جیادەبنەوە چونکە ڕۆشنبیر دەبێتە دەسەلاّت لەناوکۆمەلاّنی خەڵك, دەرکیانە ودیبلۆماسییانە لەڕێی وتارونوسین و ڕیکلام لەناو خەڵكان ئەتوانێت بژی بەلاّم ڕاستەوخۆ لە خۆشاردنەوە دایە وەك تاك لەکۆنشۆرتۆ لەلایەك شەرمەزارە و خەڵكان هەموو چەپلەی بۆ لێ ئەدەن کە ئەویش (ئۆرکستراپە(کۆمەلەی گەورە) ملکەچەو دان ئەنێ بە ئاماژەکانی فێرتیوز, چیتر لەلایەك کەسێك وەها بێ تێرەو چەپلە لێدان

لەبرسایە لە هونەری مۆسیقا فێرتیوز ئێستاتیکایە لەهەمان کات ناتوانێت ناوەڕۆکانە بێت لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك چونکە لەسەر ئامۆژگاریەکانی بیرمەند بە پلیکانە کاندا سەرئەکەوێت ڕەنگە لە پلیکانەی سیٚ یان چوار هەڵە بکات و بکەوێتە خوارەوە .

بتهۆڤن لەسەندنەوەی دەسەلاتی تاك لە کۆنشۆرتۆ جۆرێك لەڕەنگدانەوە بوو بۆ داهاتوو کە کۆنشۆرتۆی نویٚ لە هونەری مۆسیقا چەشنێکی تر پێك هات بەومەبەستەی هەموو کۆمەلانی (ئۆرکسترا) کە کۆمەلانی خەلکە لەهەمان کات فیرتیوزەو ئاماژە و توانای خۆی دەرئەبریٚ تەنانەت هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵەش هەمان مافیان هەیە هەموو کۆمەڵەیەك بۆی هەیە وەك کۆمەڵەی بچوکی ئۆرکسترا بەرامبەر کۆمەڵەی گەورە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دا بێت بابڵێن لە ململانیٚ دا بێت کە ئەمەش جۆرێکە لە کۆنشرتۆی نویٚ لە کۆمەلگەی کراوەی ئەمڕۆی جیهان واتە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو لە کۆنشرتۆی حوجرەی سەردمی (توریللی)بەلاّم لەهەمان قالبی سوناتە وك ئەو سەردەمە نەماوەو گۆڕان کاری بەسەردا هاتوە . هەندیٚ کۆنشرتۆی نوێی سەردەمی ڕۆمانتیکی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم پێك هاتووە لەیەکجۆر جوڵە بەلاّم لەخودی ئەو جوڵەیەدا کات گۆڕین و شوێن گۆڕین (ڕیتم, مەقام) هەیە واتە لەبونی بابەتێك مەبەست دیاری ئەکرێت نەك دەرخستنی چەند بابەتێك پاشان بەیەکەوە بەستنی بەمەبەستی چنین چونکە بەیەکەوە بەستنی بابەتەکان (چونایەتیەکان, مەقامەکان) بەمەبەستی چنین لە (چەندایەتیەکان , ڕیتمەکان) تێربون نادات بەمرۆڤی ئەم سەردەمە کەژیانی ئابوری جیاوازە چونکە خایاندنی زۆر لەمەقام و کاتی زۆر لەڕیتم دروست ئەبێت واتە شتەکان بەرەو درێژترین ماوە وزۆرترین کات دەڕوات ئەمەش پێچەوانەی پێشکەوتنی T.V مۆدێل کۆن لەهەڵسان بۆ کردنەوەی بەبەراوردی T.Vمودێلدار, بەمپێیە پێدەچێت پێشکەوتنی مرۆڤەکان, هەنگاوەکانیان, بەدەست هێنانی کارەکانیان, بەرهەمەکانیان ئاماژە چونایەتیەکانی تیادا کەم بێتەوە یەکسان لە مۆسیقا واتە درێژەدان بە ئاوازەکان (مەقامەکان)بەرەو کورتبوونەوەو نەمان بڕوات لەسەر خۆ و بەهێواشی, چەندایەتیە ڕیتمیەکان لە کەمترین کات زالٌ بن بەسەر چونایەتیە مەقامەکان,

کەواتە لە بونیادی ژیانێکی وەهاو ڕەنگدانەوەی لە هونەری مۆسیقای کۆنشرتۆی نویٚ ئازادبوونی تاك لە کۆمەلگەی کراوە و بەئابووری بوونی بەپەیڕەوی یاساو دەسەلاّت لەدەست کۆملانی خەڵك بازدانێکی خودی بەرهەمە خودی تاکە بەسەر ڕێکخراوە پیشەییەکان بۆ بەدەست هێنانی ئامانج کەبەرژەوەندی ئابووریە بەدەر لە چونایەتیەتی بیری ڕێکخراوەکان لەپاراستنی مافە مێژوویەکانی مرۆڤ کە خۆی لەکەلتور و مەزهەب ونەتەوە ئەبینی پاشان مافی تاك نەك برەوپێدانی لەبەدەست هێنانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان کەپەیوەندە بەچەندایەتیەکان لە هەڵبژاردنی کار,

لێرەدا کۆنشۆرتۆی نوێ لەئاماژەی ژەنیاری تاکی بەتوانا کە فیرتیوزە بەرامبەر ئۆرکسترا لە قاڵبێکی نوێی چنیندایە لە سۆناتە کەچەشنی بابەت ڕیتم سەرتاپای گرتووە ڕێژەدارانە و زیاتر لەمەقامەکان بەڵام توانا توانای خودی ڤێرتیوز نیە کە گەیەنەرێکی نێوان ئامادەکەرو بینەرە چونکە لەمچشنە مۆسیقایەدا فیرتیوز کەسایەتیەکی ترە کە ئەویش ئامادەکەری مۆسیقا خۆیەتی, فیرتیوز هێمایە لەتوانا و پەهلەوانیەتی ئامادەکەر پەیوەند بەتیۆر .

هەمان چەشن تواناکانی ڕۆشنبیریش خودی ڕۆشنبیر خۆی نیە بەڵکو بیرمەندەکەیەتی فێرتیوز ئیستاتیکایە گەیەنەری نێوان ئامادەکەر و گوێ گرانە ڕۆشنبیریش نەجیهانیە ونەکۆیلەی
نەتەوەکەی خۆی بەڵکو کەسێکە هەوڵئەدات پەیوەندی لە نێوان ئەم دوانە دروستبکات.

لە کۆنشۆرتۆ ئامادەکەری مۆسیقا سەربەستی ئەدات بە ژەنیاری تاك هێمای بۆ دائەنێت کە لەو هێمایەوە ئۆرکسترا ئەوستێت فێرتیوز هەرچی هێز و توانای مۆسیقای هەیە بەپەهلەوانیەت دەریئەبڕێت بەم جۆرە پەهلەوانیەتە ئەوترێت (کادنزا) واتە دەرچونەدەر لەنوسینی ئامادەکەر بیرمەندەکانیش سەرەبەستی ئەدەن بەڕۆشنبیرەکانیان کەبەگوێرەی بونیادی کۆمەڵایەتی پەیڕەوی فەلسەفەکانیان بکرێ ڕێژەییانە, بەڵام بیرەیەکانگیەکان لەلایەن بیرمەندە کانیان هەندێ جار ڕێگری سەربەستی دانە بەڕۆشنبیرەکان نەوەك هەڵە بکەن, هەمان چەشن لە کۆنشۆرتۆی نوێ لەلایەن ئامادەکەرانەوە کادنزا فەرامۆش کرا بۆئەوەی ژەنیار نەکەوێتە هەڵەی ناو ڕێکەوت و هێز و توانای خۆی بەر پوچەڵئامێزی نەکەوێت بەڵام ئەمە جۆرێ لە ڕەتدانەوەو بونی یەکجەمسەر یە لەمەعریفە لە هونەری مۆسیقا چونکە زانستی تیور و خوێندنەوە یەکسان ئەبێت بە پراکتیك کەتوانای ژەنیار خەقیقیانە بە کادنزا ناکەوێتە ڕو بۆیە کارە سەمفۆنیەکانیبتهۆڤن زیاتر خۆی لەڕۆحێکی تری کۆنشرتۆدا بینیەوە ڕەنگدانەوەیەك بوو بۆ داهاتووی کۆنشرتۆ چ لە ژیان چ لە مۆسیقا تەنانەت گۆڕانیشی دابە قاڵبی سۆناتە, ئەو (بتهۆڤن) یەکەم کەس بوو گۆڕانی دا بەقاڵبی سوناتە کە جوڵەی سێهەمیپەیوەند کرد بە جوڵەی دوهەم بەچەشنێکی لێکبەستراوی جۆڵە ومۆرك و مانا و مەقام وەك پێکهاتەیەکی پتەوی سەمفۆنی کە دژی نوێ بونەوەی فیرتیوز وەستا بەجۆرێك بوو پێش ئەوەی فێرتیوز ئامازەی خۆی بدات پەهلەوانیەتێکی باشی ئەدا بەئۆرکسترا کە ئەیکردە هاوبەشی کەرێکی گەورە و هۆکار بۆ کارەکە,

بتهۆڤن کە ڕەنگدانەوەیەك بو بۆ کۆنشۆرتۆی نوێ لەهەمان کات ڕەنگدانەوەکەی لەڕۆشنیری نوێی ئەم سەردەمە هەمان بۆ چوونە, پیرهاسنەر میشێل والزەر کە بەرگری لەهزری فرە چەشنی بەجیهان بونەکان دەکەن, ئەوقسەیەش بەو مانایە نایەت کەمەسەلەیەکیبەجیهان بون دەبوایە حەتمەن خۆی لەگەڵ کەلتورە جیاوازەکاندا بگونجاندایە واتە بۆ نمونە : مافی مرۆڤی

چینی یا مافی مرۆڤی ئێرانیمان هەبێت بەڵکو مەسەلەکە لەسەر شێوەی سیاسی جیاوازە کە بەرگریکردن لەم مافانانە لەچوارچێوەی کەلتووری جیاجیادا لەخۆ دەگرێت .

سەرباری ئەمە, قسەی ئێمە ئەوەیە کە دیموکراسی نەبەتەنها فەرمانرەوایی خەڵکە واتە فەرمانرەوایی زۆرینە ,نەبەتەنها دەوڵەتی قانونەو, نەبەتەنها مافیتاکە کەسە کانیشە بەڵکو هەرسێکیانە بەیەکەوە ئەمەش هەمان ئەوشتەیە کە (پیرهاسنەر) ناوی لێناوە سێگۆشەی ئاڵتونی بەمپێیە کۆنشرتۆی نوێ پتر لە(سێ یان دو) میلۆدی لەخۆئەگرێت لەدوکۆمەڵ پتر تر لەئامێرەکان لە ئامارژەدان واتە دو یان سێ ... هتد ئاواز لە سەروژێری مۆسیقادان,

کۆنشرتۆ نوێ یەکان لە جۆری (گرۆسۆن),کۆمەڵەی بچوك بەرامبەر کۆمەڵەی گەورە لە خوێندنەوەدلن هەندێ جار کۆمەڵەی بچوك تاکتاك دەخوێنێ ئۆرکسترا کە یاسایە وەلأم ئەداتەوە هەندێ جار ئامێرە تاکەکان بەیەکەوە دەخوێنن کە زۆرینەی کۆمەلأنی خەڵکە لە ململانێدان لەگەڵ یاسا (ئۆرکسترا) لەهەموو بونەکان سەرکەوتن بۆ کۆمەڵەی (بچوکە, تاکە) لەئۆرکسترایمۆسیقا ئالأی ئامادەکەر بەدەست فیرتیوزە هەمان چەشن لەناو خەڵکان ئالأی بیرمەند بەدەست رۆشنبیرە,

کەواتە ئەقلانیبون پرۆسەیەکی مێژووی درێژخایەنە پەی بەپێکهاتەکانی ژیان و بوارەکانی بەرهەمهێنان, بەرێوەبردن, یاسا ومامەڵە کردنە سیاسیەکان ئەبات هەروەها کاریگەری دەخاتە سەر هەموو دامەزراوە کۆمەلأیەتیەکانیو پراکتیکە مەعریفیو زانستی و تەکنەلۆژیە جۆربەجۆرەکان,بەڵکو دوا ئەنجام خۆی دەگەیەنێتە هەموبوارە بەها خواز یان ئاینیەکان یاخود مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ پیرۆزیەکان و نموونەو بەها بەرزەکان واتە ئەقلانیبون تەنانەت بواری ئەخلاق و بڕواکانیش دەگرێتەوە کە کۆنشۆرتۆی ناو ئۆرکسترا زانستە و ئەقلانی بونی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە و دیالیکتیکی هۆشیاریە.

لێرەدا هونەرمەند لە ڕۆشنبیر جیادەبێتەوە چونکە مێژوو بەردەوام زەندەقە دەخاتەوە گەشەکردنیش بلأوی دەکاتەوە ئەوەی تاکو ئێستا بلأونەبۆتەوە لەناوماندا تەنها کۆنشۆرتۆی مۆسیقا نیە, بڕوا هێنانە بەوەی نەشونما کردنی مێژوو بە پێویست کارێکی چەپەڵ نیە, ئێستا ئێمە لەدۆخێکدا ین کە دەشێت وەك ناکۆکی نێوان دیالیکتیکی هۆشیاری باسیبکەین, چونکە دیالیکتیکی واقیع لە زۆر بواردا دینامیکیترو گەشەکردوتر و شیاوترە بۆ هەلبژاردنی هەڵسوکەوتەکان, واتە شیاوترە لەوەی لەئاستی کەرەستە گەلێکدا هەیە کە هۆشیاری داوەری و هەڵوێسەکان لە قالبدەدەن و زیاتر گریدراوی پیرۆزیەکان و ڕابردوون و کەلەپور لەتەنیا میراتێکی مێژوییەوە دەگۆڕێن بۆ بەهایەکی هەتاهەتای و بێکۆتایی دا بڕاو لەڕەهەندە مێژووییەکەی,

ئەم ئێشکالیەتە واتە سەربەخۆ نەبوونی زۆرێك لەبوارەکان و ناکۆکی نێوان هۆشیاری و هەڵسوکەوت, ئیستا گرنگترین

کۆسپە لەبەر دەمی دەر کەوتنی بزوتنەوەیەکی ئەقلانی ڕوندا .

بەگویٚ گرتن لەکارەمۆسقیەکانی بتهۆڤن یاخود گەڕان بەناو کیلگەی چەوەنەر کەشیرینی دەگرێتەوە ونازناوێکی ئەم ئامادەکەرە مەزنەیە واتە بتهۆڤن (کێلگەی چەوەنەر.شیرینی)ڕەنگدانەوەی بۆ داهاتوو لە بیرێکی مەعریفی خۆی لە کۆنشۆرتۆی نویٚ دا ئەبینێتەوە بەلام ئەم نوٚ یٚبونەوەیە جیاوازە لەگەلٚ سەردەمی بتهۆڤن کە چونایەتیو چەندایەتی پارسەنگ بون لە شێوەی مەقام و ڕیتم, لەئەمڕۆی کۆنشرتۆی مۆسیقادا پێکهێنان لە شێوەیحوجرەی واتە کۆمەلٚەی بچوك بەرامبەر کۆمەلٚەی گەورە سەرەڕای سەندنەوەی دەسەلات لەتاك کەفیرتیوزە و بۆی نیٚیە سەرەبەست بێت لە کادنزا لەهەمان کاتدا لەناوکۆمەلٚەی بچوکی خۆی ئەو مافەی پێئەدرێتەوە, لەهەمان کاتدا چەندایەتیە ڕیتمەکان زالٚترن بەسەر چونایەتیە مەقامەکان .

لەناو مەعریفەی کۆمەلگەش هەمان چەشنە ڕۆشنبیر تاکە مرۆڤێك نیە کە بیرمەند سەربەستی ئەداتیٚ و ئەچێتە کادنزا بایلٚێین درچونەدەر لە هزر بەلٚکو چەند تاکێك یاخود ڕۆشنبیرێك لەشێوەی چەند ڕێکخراوێك یەکبونێکی نیشتمانی پێك دێنن کا ر دەکەن بە هەلٚبژاردن کادنزا دروست ئەبێت کە نوێنەری زۆرینەی کۆمەلانی خەلٚك ئەبێت, لەهەموو بونێك بەرامبەر واقعی خۆیان کۆمەلٚەی گەورەی کۆنشۆرتۆن کە کۆمەلٚەی بچوك دەبێتە کۆمەلانی خەلٚك, بەلام بەرامبەر واقعی دەرەوە دەبنە کۆمەلٚەی بچوك جیهانی یەکەم و تەکنۆلۆژیا کۆمەلٚەی گەورە,

لێرەدا هونەرمەند جیادەبێتەوە لە چونایەتیەتی ڕۆشنبیر,چونکە بەڕەنگدانەوەیەکی کۆنشۆرتۆی نویٚی مۆسیقا چونایەتیەکان وەستانی مێژوو ئەدەن بەدەستەوە هونەرمەندیش شان بەشانی مێژووناڕوات ئەوە ئەرکی ڕۆشنبیرە چونکە بەرهەمی هونەری لەڕەسەنایەتی بەهاوچەرخیەوە بەندە بەلام هاوچەرخیەت نیشانەپێکانیٚداهاتووە کەبەرهەم لە مێژوودا دەهێلٚێتەوە واتە نیشان دانی داهاتووە سەرەڕای نیشانەدانی ڕەنگدانەوەکانی ئەمڕۆ,

هونەرمەند کارەکەی ئیستاتیکیە بیرکردنەوەیە لە شتە بیرلێنەکراوەکانی داهاتوو (پۆستمۆدێرن)بەلام ڕۆشنبیر مۆدێرنەیەکی ناو مێژووە کەئەیەوێت بوونی خۆی لەناو بەرژەوەندیەکاندا بپارێزێت, ڕێکخراوە پیشەییەکان هەر لەژێر چاودێری ڕۆشنبیرەکانن, هونەرمەند ئەگە رجیانەبێتەوە ناتوانێت کۆنشۆرتۆی نویٚ بابلٚێن وینای ژیان ئامادەبکات,

ئەمڕۆ لەواقعی ئێمە هونەرمەند جیانەبۆتەوە قۆناغی مێژووی نەهاتۆتە پێش بۆیە خاوەنی ئەم جۆرە کارەمۆسیقیانە نین بەلام لە کۆمەلگەیەکی کراوە لەقۆناغی بەئابووری بوون لەسەربەستیٚوئازادی لەکۆنشۆرتۆی هونەری مۆسیقا لە بەرهەمی بیرێکی پۆست مودیرنە کە ڕێژدارانە ڕیتمەکان (چەندایەتیەکان) زالٚن بەسەر مەقامەکان (چوناتیەکان)ڕێکخراوەکان ناچارن یەکبگرن ڕەنگدانەوەی هونەری

مۆسیقایە لەپێشبینی ئەمڕۆی هونەری مۆسیقای جیهان فەرامۆشکردنی چونایەتی و بەهێزکردنی چەندایەتیە گرنگی دانە بەکاری کۆمەکی وهاوکاری نەمانی کادنزایە, چونکە چەند کۆمەڵەی گەورەن بەرامبەر کۆمەڵەی بچوك (خەڵکان) لەهەمان کات کۆمەڵەی بچوکن لەچاو کۆمەڵەی گەورەی جیهانی یەکەم لێرەدا پێشبینی بتهۆڤن شتێکی باشە کە کۆنشۆرتۆ ڕۆحێکی سەمفۆنی (کۆمەکی) پێبدرێت وەکادنزا لەناو خودی ئەو کۆمەڵەدابێت وە لەتاك بسەنرێتەوە (ڕێکخراو)کە هۆکارە بۆ دروست بوونی هەڵەو پێکانی ئامانج لە کەمترین و کورتترین کات لەم بونیادەدا ڕێکخراوە پیشەییەکان تێکەڵ بەکۆمەڵانی خەڵك ئەبن لەپێناو مانەوەیان,ئەوکاتە گشت کۆمەڵانی خەڵك دەبنە کۆمەڵەی بچوك وجیهانی یەکەمیش کۆمەڵەیگەورە (گرۆسۆ)

ململانێ هەر بەردەوامە بەڵام هونەرمەندو ڕۆشنبیر تەبان چونکە بیری فەلسەفی لەم تەباییە دا بریتیە لە ژیانی ئازاد لە بەستەڵەکو چیاسەر کەشەکاندا بریتیە لەپرسیار و مەعریفەی ئازاد و پیکۆڵکردنی حەقیقەتی ڕەسەن, ئەو حەقیقەتەی لەژێر لێکدانەوەو تەفسیری ناکۆتادا بزر بووە .بەڵام لە قۆناغێکی وەهابە ئایدۆلۆژیبون بواری بەرهەمداری لەکوێربونەوەدا ئەبێت,بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەڵێن لە بوژاندنەوەدا ئەبێت چونکە ئەوە بابەتێکی ئیستاتیکایە لە کۆی ژیانی خەڵك لەپۆستمۆدێرنەی هونەری مۆسیقا کە چەندایەتی و چونایەتی لەکۆنشرتۆی نوێ پارسەنگ نیە و ڕیتم ڕێژەدارانە زاڵە کە چی لەهەمان کات ڕێپێشاندەرێکی ڕۆشنبیرە کە نەچێتە کادنزاوە, پێشبینی هونەرمەندە مۆسیقیەکان شتێکی نوێنیە چونکە ڕیتم کە هۆکاری بون بە هونەرمەندە, نیچەپێی وابو کە پێش وەخت هاتۆتە دنیاوە,

بیرکردنەوە لە شتەبیرلێنەکراوەکان (پۆست مۆدێرن) شان بەشانی جیهانی گیری چونایەتیەت بەرەو نەمان ئەبات کە چی مودێرنەی ڕۆشنبیر بەهێزی دەکات باشترین سەلماندن نەبوونی کۆنشرتۆیە لە واقعی کۆمەڵگەیەکی کراوەی نوێ لەڕۆژهەلات تەنها زانستێکی تیوریە واتە لەخودی هونەر یەکجەمسەرەو بێبەشە لەپراکتیك, بە زۆریش دروستی بکەیت تیور ئەبێتە دروست بونی پراکتیك کە خودی مودێرنەیە, بەڵام بتەوێت لەپراکتیکەوە تیور دروست بکەیت ئەوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فێربونە تێکۆشانی زۆری دەوێت لەم بونەشدا بواری بەهەرم داری زیاد ئەبێت ڕەنگدانەوەیەکە کە بواری بەرهەمداری کۆملگەش لەهەڵسان وبوژاندنەوە دایە لەواقعێکی وەهادا ڕێکخراوەپێشەییەکان یەکیان گرتووە لەناو خەڵکان خۆیان دەبینن لەچونەیی کەموچەنی زۆر لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی کارو بەرژەوەندی ئابووری بەپێچەوانەی ڕابردو کە لەسەر شێوازی پارستنی مافی ئەندام و ئایدۆلۆژیا بون ,

بەرژەوەندیە ئابوورییەکان چارەنوسدار ئەبن کە هەوڵدان بۆ پێشکەوتنێکی داهاتوو موکین ئەبێت واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نامومکینە, لێرەدا هونەرمەند لەکۆنشرتۆی

نوێ خاوەنی بابەت و پرۆگرامە بە کە رەسەکانی بەرهەمەوە, ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ئەوە ئەوکاتەیە لە کۆمڵگەیەکی کراوەی بە ئابووریبون چەند ئیمکاناتی ئابوری هەیە لە هەمان کات ئازادی لەنەبووندایە فەلسەفەش بەزانستی تیورەوە گرێ کوێرە دراوە کە لەدیدی فەلسەفەوە سیاسیەتی رۆشنبیر ناگاتە ئاستی تەواو چونکە سیساسەت خۆی لە خۆیدا زانستێکی پراکتیکیە

لەروانگەی فەیلەسوفەوە (رۆشنبیر, سیاسەتمدار, دەسەلآت) نازدرە و ئامرازەکانی رابواردنی بۆ دەستە بەرکراوە بۆ ئەوەی جلەوی خەلك بکات بەلآم هونەرمەند وەك خۆی سەیر دەکات کەچی خۆی دانایە پیرەپیاوێکی لەسەر خۆیە کەهێمنانە دروانێتە ژیان,

هەرگیر فەلسەفە لە مێژووی تیۆری خۆی داوای پاراستنی لەسیاسەت نەکردوە کەچی سیاسەتی شارستانی داوای پاراستنی تیوری لە هونەرمەند وفەلسەفە کردووە, هەمیشە پێویستی بەتیورێك یان تێروانینێك هەبووە بۆیە هانای بۆ گوتاری فەلسەفی بردووە بەو جۆرە زانستی شارستانی چەکدار کراوە بە وێناکردنێکیگشتی سەبارەت بەبون, ژیان, تاك و کۆمەڵ ئەو زانستەش لەبەر رۆشنایی ئەو وێناکردنەدا کاری کردوە بەم پێیە رۆشنبیر زیاتر دەروەستە بەواقیع کەمەرجە تێبینی لەبەرهەمی هونەری واقیعی کۆمەلگەکەی هەبێت نەوەکو تێبینی باشەو خراپە لە هڵسەنگاندنی کارێك یاخود بە رهەمێك بەلکو دەبێت ئاگاداری مێژووی کارەکە بێت لەپەیوەندی نێوان (رابردو, داهاتو)ی کۆمەلآن و رنگدانەوەی لەهونەرمەند وە دۆزینەوەی هۆکارە خراپەکان و چارە سەرکردنیان لەهەمان کات پشت گیری و برەودان بەهۆکارە باشەکان (بەرهەمە باشەکان)کە لەچیەوە سەرچاوە دەگرێت و بۆ چی بەو چەشنەیە لەبۆچونێکی وەهادا هونەرمەندو رۆشنبیر تەبان, هەندێك جار لە کۆنشۆرتۆ لە یەکتری کە جیادەبنەوە جیابونەوە ریشەییانە نیە چونکە بزوتنەوە هەمیشە بەرەو پێشەوە ناروات بەلکو دەشێت بەرەو دواشەوە هەنگاو بنێت بەلآم بەنامۆبون رووئەدات چونکە فەلسەفە لەبیریهونەری شەری خاوەن بەرژەوەندیە هەنوکەییەکان پەربا ناکات و بایەخ نادات بە تاکەکەس و ململانێکانیان لەسەر پێگەکانی دەسەلآت, فەلسەفە ناخوازێ بگاتە دەسەلآت حەزی لە گوتاربێژی سیاسی نیەو عاشقی کورسی فەرمانرەوایش نیە بۆیە فەلسەفە نامۆیە بە سیاسەت و سیاسەتیش نامۆیە بەو, ئەمە مانای ئەوەیە بواری فەلسەفە دەکەوێتە دەرەوەی بواری سیاسەت واتە دوبازنەی جیاوازن, ئەم جیاوازییەی نێوان دووبوارەکە شێوەی مێژوویی هەمەلایەن دەپۆشێ : دەشێت بەشێوەی بوژاندنەوەی سیاسی ودەوڵەمەندی ئابوری خۆی بخاتەرو هەژاری تیوری لەسەر ئاستی فەلسەفی یاوەری بێت, دەشێت بەشێوەی بوژاندنەوەی سیاسی و ئابوری بێت و بەرهەمهێنانی تیوری فەلسەفی یاوەری بێت, بەلآم ئەو بەرهەمهێنانە دەربری ئاراستەی سیاسی هاوتەریب نیە, چونکە ئامادەکردنی

بەرهەمێکی هونەری مۆسیقا لەکۆنشرتۆی نوێ پڕ لە چەندایەتی (ڕیتم)کە بیرکردنەوەیە لەشتە بیرلێنەکراوەکان (پۆست مۆدێرن) لە خودی مۆدێرنە سەرچاوەی وەرگرتووە بەڵام جیاوازی لە نێوانیان بابلێین جیاوازی نێوان هونەرمەند و ڕۆشنبیرە کەڕێژەییانە باشترە ڕۆشنبیر بەردەبازی ناوکارەکانی هونەرمەند بێت کە خودی خۆی لقە بونیادی هونەرمەندی مۆسیقیە کە ڕیتم لە گیانیدا لە ڕێکیدایە و لەشێوەی وتار دەریئەخات، بەڵام بەردە بازی لەڕۆشنبیر بەرامبەر کاری هونەرمەند کەمێك گرفتی تێدایە ئەبێتە جیاوازی یەکسان بەو جیاوازیەی کەپراکتیك لەزانینی هونەر لەڕۆشنبیردانیە لێرەدا هونەرمەند سەپێنەرە بەو شێوەیە بێت بە جۆرێك گەڕانەوە بۆ ڕابردو لەلای بۆ بەدەست هێنانی بەرهەم ناومکینە، وە لەقۆناغەکانی بەرهەمی هونەری جیهانیش هەر ناومکین بووە،

بەچەشنێك (بتهۆڤن)کە مۆدێرنەیەکی ئەمڕۆی کۆنشرتۆی نوێیە لەهەمان کات موزرات و باخ و ڤیڤالدی پۆست مودیرنەی توریللی بون کە بتهۆڤن پوست مودیرنەی هەمویان بو،

بەم پێیە کۆنشرتۆی نوێ کە نیشاندەرێکی داهاتووە وەرگێراو لەواقیعی ڕابردو بۆ ئەمڕۆ ئێستاتیکایە کار ئاسانێکی ڕێنیشاندەری مودێرنەی ڕۆشنبیریشە،

گرفتەڕو پەیدا ئەبێت لە نێوان ڕۆشنبیرو هونەرمەند بە چەشنێك ناستەمە بتوانی لە درامایەکی دیالیکتیکی لە هەڵبژاردنی کارێکی هونەری مۆسیقای کۆنشرتۆ بەجیهانبوونی مۆسیقای نەتەوە بدەیت بەدەستەوە، بەجیهانبونیش کاتێکە ڕۆشنبیر لەهونەرمەند تێئەگات کە ئەمەش ئامانجی هونەری مۆسیقای نەتەوەکانە، ڕۆشنبیر بەراورد لە نێوان مودێرنەی خۆی وە پۆست مودێرنەی هونەرمەند دروست ئەکات، یاخود بیرلێکراوەی خۆی لە بیرلینەکراوەی مۆسیقا بەراوورد ئەکات،

ئەمە جۆرێکە لە چونایەتیەتی بیر لە ڕۆشنبیر لە بەراوردی نێوان یەك جۆر لەمعریفە کە نەخشە بۆ داهاتو تیایاندا جیاوازە، چەشنێکە لە کۆنشرتۆ بابەتێکی ململانێیە یەك مەعریفەو دو فەلسەفەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، جیاوازە چونکە هونەرمەند چیرۆك دەهێنێ دەیکاتە هۆنراوە لەشێوەی (کانتاتا) لە شانۆی ئاوازدار بەڵام جیاواز لەسەر بنچینەی زانستی دەنگ کارەکە دائەڕێژێت لەم بونەدا ناوەکیانە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو کۆمەڵانی خەڵك خەڵکانیش لەئەندێشەکان و چارەسەریان تێئەگەن کە حەقیقەتی پەیوەندی خەڵکان بۆ تێگەیشتن لە هونەر ڕیالیستیانە ئەبێت

لەبونێکی وەها درامادا (کانتاتا) لە شێوەی سۆڵسیت بە هۆنراوە لە ئاماژەدایە (ئاوازی وشەدار بە دەنگی مرۆڤ) وەهونەرەمەند و ڕۆشنبیر چونایەتیانەو چەندایەتیانە تەبان، لە واقیعێکی وەك ڕۆژهەڵات سەرەتای کارو دەست پێکردن کۆمیدی بێت لە هەڵبژاردنی کار باشترە، هونەرمەند بە کۆمەڵایەتیبون زوتر بەخۆیەوە ئەبینێ، کارە کۆمیدیەکان پێکەنین و چەپڵە دەخولقێنێ دژی

ناهەمواریـەکان ... هتـد ڕێنیـشاندەرە بـۆ کارە تراجیدیەکان

لەتێبینیـەکی کارەکـانی بتهـۆڤن بـۆ کۆنشۆرتۆ ئـەم جۆرە قاڵبـە لـە کۆنـشۆرتۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەمفۆنیا هـەمان قـالبی سۆناتایە بـۆ شـانۆی ئـاواز دار جیـاواز لـە چـنین و پێکهـاتن لـە شـێوەی ململانـێ چونایەتییانە بەڵام گونجاو چەندایەتیانە .

بەمپێیـە شـانۆی ئـاوازدار بـەدەربڕینی هۆنراوە لەجیهانبوندا تێنەگیشتنە لـەزمانی نەتـەوەك بۆنەتەوەیـەکی تـر وە بـۆ ئـەوەی تێگەیـشتن ئـەنجام بێـت گـۆڕینی هـونراوە تێکـدانی ئیـستاتیکایە سـەرەڕای تێکـدانی ریتم و مەفهوم,

واتـە نەتەوەیـەکی تـر لەچەشـنی کانتاتـا نـاتوانن لەبەرهـەمی ئـەو نەتەوەیـە وەك کـەلتورێکی جیهـانی بپـارێزن لـە شـێوەی وتنـــەوە تـــەنها بەکۆمەڵایـــەتیبونی هونەرمەنـــدە لـــەخودی پەیوەندیەکـــەی خـۆی,لـەم کاتـەدا پـەنا دەبرێتتـە بـەر کەسـایەتی سـێهەم و ئـامێری مۆسـیقا کـە پراکتیـك لەسـەر یاسـای (مـن, خـود, مـــرۆڤ)دەگۆڕێتـــە ئێـــستاتیکا لـــە ئۆرکـسترا,دارشـتنی دەنـگ لەچەشـنی دابەشـکردنی بەسـەر کلیلـە مۆسـیقیەکان (ئۆرکستراسیون) بەرهـەم پیکدێت دەبێتـە ئێستاتیکایەکی میتـافیزیکی وەرگـیراو لـە درامایـەکی دیـالیکتیکی, لـیرەدا ئـەتوانانین بڵـــێین کۆنـــشۆرتۆی مۆســـیقا دوو چەشـنە,جۆرێـك کـە شـێوازە پراکتیـك لـەتیۆرەوە وەرگـیراوە بەرهەمەکـە تـەنها چـێژەو ئێـستاتیکایە و تەقلیدیکـەرێکی ڕەهایـــە گەرانەوەیـــە بـــۆ لاســـایی کارەکلاسیکیەکان مۆدێرنەیـە لـە ڕۆژهـەڵات لەبەرگی ناسکی و جوانی هونەر جیاکەرەوە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕونتر جیابونەوەی هونەرمەنـد و ڕۆشـنیبرە هاوگونجـاو بـە چونی چەندی.

جۆرێکی تـر کەبەرهەمەکە ناوەڕۆکدارە و هەڵبـژاردنی کارێکـە بـەجیاوازی نێـوان پراکتیك و تیـۆر لـە درامایـەکی دیـالیکتیکی هاتنەوەی ئۆپێرایە (داهـاتو)بـۆ ئـەمڕۆ, کـە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەڕانەوەنیە بـۆ ڕابـردوو بۆسـەردەمی پـێش تـوریللی چونکە چـەنی چۆنی جیاوازە بـە گـوێرەی گـۆڕان لـەژیانی ئابووری خەڵکان,

بەمپێیە ڕێبازە نوێیـە درامیـەکان خـاوەنی بنـچینەیەکی ڕابـردون کـە لـە داهـاتووەوە وەرگیراوە کە بیرلێنـەکراوەی هونەرمەنـدەو ئەبێتـە بیرلێکـراوەی ڕۆنـشبیرو خـەڵکان, لێـرەدا ئـەتوانین بڵـێین کۆنـشۆرتۆی نـوێی ئـەمڕۆ لەگـەڵ کلاسـیك جیاوازیـان هەیـە بە جۆرێـك چەشـنی ڕۆمـانتیکی بەخۆیـەوە ئـەبینێت, قـالبی سـوناتەش لەگـەڵ بـیری فەلـسەفی هونەرمەنـدی نـوێ گـۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە, بە جۆرێك لەسەر بنەمای نواندنێکی درامیە لـەنمایش و لیـدوان گـەڕان بەدوای ڕاستی لەهـەمان کـات سـەپێنەرێکی ناوەڕۆکدارە لـە لیـدوانێکی ناوکار بەرامبـەر کاردانەوەکان وەك هێمایەك لەنواندندایـە لـە جۆری ململانێ لە نێوان تـاك وکـۆ, بـچوك و گەورە, باش و خراپ لەلایەك داوای تـەبایی ئەکات لەلایەك پەیوەندی ئـەوێت و لەلایـەك جیا دەبێتەوە و جیاواز خۆی نیشان ئـەدات لەلایەك نزیك ئەبێتەوە لە کۆ لەلایـەك لێـی دور ئەکەوێتەوە خولاسە ژیان کۆنشۆرتۆیە,

بەلاّم لەهونەری مۆسیقا تاك لێرەدا هونەرمەندێكی ژەنیارە لەسەر یەكێ لە ئامێرە ئۆركستیەكان كەناسراوە بەگەڕانەوەی كارە دروست كراوە هونەرەرییەكە بۆ سەر شانۆی مێژوو تاك لێرەدا هونەرمەندە بەتوانایە بەخشێنەری ژیانە بەكاری مۆسیقا گەیەنەرێكی نێوان بیرمەندو كۆمەلاّنی خەلّكە, لەهەندێ كات هاوكاری ڕۆشنبیرە و هەندێك جار ناتەبایە بەچەشنێكی ڕۆمانسی گەیەنەرە لەنێوان ئامادەكەری مۆسیقا و گوێگر,

لەتێروانینێكی پراكتیكی كۆنشرتۆ ئەدرێ بە ژەنیارێكی بەتوانا, جۆرێكە لە دەرخستنی خەسلّەتی ئامێرەكە و توانای ژەنیارەكە كەئەستۆیەكی گەورە لەخۆ ئەگرێت بەرامبەر هەر نائاساییەكی ژەنین و قورس كە دێتە بەری لەهەمان كات نوێبونەوەی كەسایەتیەتی لەسەر ئاستیهونەرەكەی, كە ئەم نوێبونەوەیەش لەئەنجامی پرۆڤەكردنێكی زۆر قولّ و ناڕەحەت و خوێندنە لەگەلّ تەرخانكردنێكی زۆر لە تێكۆشانی گیانی و مادی, تێكۆشان و پەیڕەویو گوێڕایەلّی وتوانای مادی و زەمینەی لەباری پەیوەندی و خۆشەویستی هۆكاری دروست بونی ئەمتوانایەیە وەك ژەنیار لەئامازەی كۆنشۆرتۆ لە هەمان كات كارە لەیەكچوەكانی تری پەیوەند بەمجۆرە بەرهەمە كەخۆیان ئالۆزتر نیشان ئەدەن, ڕۆمانتیكیەتی ئەم كارە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێكرد كەناسرا بەكۆنشۆرتۆی نوێ لە هونەری مۆسیقا .

بەم چەشنە سەركەوتن فیرتیوز یان كۆمەلّەی بچوكی تێركرد لەڕەزامەندی, لەدەربرینی توانا وهێنانەدی خۆاست وئاواتەكانی هونەرمەند, ڕۆشنبیر لەگەلّ هونەمەند یەكیان گرتەوە,هەموو كەرەسەكان دابین كرا بۆ پێكهێنانی ئەم جۆرە بەرهەمە لەهونەرمەند,

بیلابارتۆكی مەجەری یەكێك بو لەو ئامادەكەرانە كەنوێبونەوەی دا بە هەموو ئامێرە ئۆركستیەكان بۆ دەربرینی توانای فیرتیوز لەوەلاّمدانەوەی ئۆركسترا, فرانزلیست دوكۆنشۆرتۆی نووسی, جولّە جیاوازەكانی پەیوەند نەكرد بەیەكترەوە كە جۆرێ بو لە قالبی سوناتەی كۆن, بەلّكو ڕستەیەكی مۆسیقای دروست كرد كە پێك هاتبو لە یەكجۆر كار لە چنین و هۆنینەوە مەقامیەكان بە گونجاندنی لەگەلّ ڕیتمە جیاوازەكان كە بۆی دروست ئەكردن,كە ئەمەش یارمەتی دەرێك بوو بۆ قولّبونەوە وچونەناوەوەی خودی ئامادەكەر بۆ بابەت,بەمجۆرە كۆنشۆرتۆ بو بەیەكجۆر جولّە لە چنینێكی تایبەت تێكەلّ بەهەست و سۆزی پیاهەلّچونی میتافیزیكی جیاواز و ئاشكرا هەموو بەشێك لەهەر جۆرێك ڕیتم و مەقام پەیوەند بو بەپێش و دوای ئەو ئاوازەی كە درێژەی ئەدا بەئاوازەكە لەچوارچێوەی كۆنشۆرتۆیەكی یەكگرتووی یەكجولّە لەقالّب ئەمەش كاریگەری خستە ئامادەكەرانی تری كۆنشرتۆی نوێ وەك (دیلیب, سان سانس) بەلاّم (چایكۆفسكی, دفور جاك, جریج, ماكس برخ)ڕێبازی كۆنشرتۆی كلاسكیان گرتبو كە ئەمەش هەمان جۆری ململانێ ی ڕۆشنبیرە لەگەلّ واقیع كە بیرە ڕابردوەكان لەگەلّ نوێیەكان دوبارە لە ملاملانێدان .

بەمپێیە بیر بایەخدار ە کەژیانی داوە بەمرۆڤ مێژوویی هەیە,

کەواتە لەبەراووردی بیر پەیوەند بە کێشەی بون کۆنشۆرتۆ سەرجەم تیورە ژیانیش پراکتیك کە بۆتە مایەی دروست بوونی ئەم هونەرە مەزنە پڕ لە ململانێ یەی ژیان, بەڵام ژیان مێژودارە, تیوریش لەسەر بنچینەی زانستی بەندە بەفەلسەفە مۆسیقاش هەروا, ئەوەی مرۆڤ لەو مێژووە هەلی دەهێنجێنێ ئەوەیە کە (فکری فەلسەفی بریتی‌نیە لە مێژووی فەلسەفە), واتە(ڕۆژگاری تیور ڕۆژگاری تاك نیە و ڕۆژگاری مێژویش ڕۆژگاری فیکر نیە)کەواتە سیاسەت لەسەر پرنسیپی جیاوازی کردنە,

بەمێیە جیاوازی‌کردن لەسیاسەت نێگەتیڤە, سەروەری پۆزەتیڤ, بەڵام پەیوەندی سەروەری نێگەتیڤە لەگەڵ جیاوازی کردنی پۆزەتیڤ لەبواری فەلسەفە دا .ئیتر مۆسیقام وەستاند ڕوم لە تیپی ئۆرکسترا وەرگێڕاو ڕووم کردە بینەران و هەردو دەستم بەرزکردەوە وەك هێمایەك کە کۆتایی هات بەکۆنشرتۆی ژمارە (١) کە جۆرێکە لە ناساندنی خودی کۆنشۆرتۆ بەچەشنێك لە چەشنەکانی ململانێ,

بەڵام سەرم دانەنەواند و دەستم نەگرت بەناوچەوان و سنگمەوە چونکە ڕۆشنبیرێکی زۆر دانیشتبون, چاوم لێبو یەکێك لە ڕۆشنبیرەکان مات دانیشتبو دەستی لەژێر چەناگەی دانابو ئەنیشکی قۆڵی لەسەر باڵی ڕاستی کورسیەکە ڕاگیر کردبوو, چەپڵەی بۆ لێنەئەدام هەر ئەویش بوو کاتی خۆی لێی پرسیم,

تیم ناگەیەنی کۆنشۆرتۆ مانای چی دەگەیەنێت؟

وتم : – ئاستەمە بتوانم تێتبگەیەنم, بەڵام ئەتوانم لە کۆنسێرتێکدا ڕوونی بکەمەوەتۆش میوانداری بکەم,

زۆر بەداخەوە من لەم تێبینەدا بوم دەنگی مۆلیدەی کارەبای ناو مەعریفەی کۆمەڵناسی خەبەری کردمەوەو لە مۆسیقا جیای کردمەوە,

بەڵام هەروازم نەهێنا شوێنێکی دورەپەرێزم بۆ خۆم خۆشکردو دوبارە لێی خەوتمەوە,

کەچی ئەمجارە دایکم هاتە خەوم, خەوی پشوم بۆ گێرایەوە ووتی دەستیان خۆشبێت, ئەگەر کارەبانەبێت زۆر شتی تریش نابێت, نەبوونی شتەکان هەموو بەستراون بەیەکەوە هیچ کام لەویتر جیانابێتەوە, تۆش مەگەر بەخەو کۆنسێرت پێکەش بکەیت, چونکە لەبونێکی وەهادا (هەیولاو, کەرەسە, بابەت) فۆرم بەیەکەوەن و لەواقیعدا لەیەکتری جیاناکرێنەوە بەڵام لەبیر ومێشکدا جیا ئەبنەوە, ئەتوانیت بەنوسین کەمێ ڕوونی بکەیتەوە هەروەها ئەگونجێ یەکەم نوسین نوسینی تری بەدوادا بێت هەرەوەك گونجاوە یەکەم فۆرم هەیولای فۆرمێکی تر بێت .وتەکانیم زۆر لاپیرۆز بو بیری ئەرستۆم کەوتەوە کەوا دەڵێت,ووتم ڕاست ئەکەن ئێستا کۆنشرتۆی ژمارە دوم پێیە پرە لەخۆشەویستی بەرامبەر تۆو مۆسیقا چونکە خۆشویستی تۆ (دایك)لەسەر برنسیپی بەرژەوەندی دائەمەزرێ .

بـەلأم هونـەری مۆسـیقا لەسـەر پرنـسیپی ململانـێ, بەمپێیـە ململانـێ بەرامبـەر دایـك نێگەتیڤەو بەرامبەر هونەر پۆزەتیڤ,
بـەلأم پەیوەنـدی خۆشەویـستی نێگەتیڤـە لەگەڵ جیـاوازی کردنـی خـود لەبەرژەونـدی لەبواری مۆسیقا,
کەواتـە ململانـێ بـۆ خواسـتی سـەرکەوتن لەسـەر پرنـسیپی خزمـەت بـە کۆمەڵگـە مەزانداریە و پۆزتیڤە
بەلأم وەك هۆکاریکی نادیار لە پشت هـەموو ڕەفتـاریکی ئـەخلاقی تەنانـەت یەکـسانی خوازیش
لەپاراسـتنی داهتـوی خـود دواجـار خۆشەویستی دارنە (سالب, نێگەتیڤ) .

سەرچاوکان

١- تمهید للفن الموسیقی/ماکس پنشار .
٢- دعـوه الی الموسـیقی / المایـسترۆ : یوسف السیس .
٣- ارنولد هازر, جزئین / ترجمـه دکتـور : فواد زکریا .
٤- مـارکوز پۆپـەر / و : ئـازاد بـەرزنجی .
٥- گۆڤـاری سـەردەم / ژ ٣٠ .

# گەشتی روناكبیری

- پێشگەشت.
- رۆژی جیهانی كتێب
- ئەمڕۆی ئەدەبی منالان لەنامەیەكی دكتۆرادا.
- چلەی ماتەمینی (عوسمان شەیدا)ی شاعیری.
- وێنەیەك بەپێنووس.
- دنیا بینیەكانی هونەری شێوەكاری كوردی.
- كەنار.
- ئاگادارییەك دەربارەی نۆیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ.

## پێش گەشت

## گەلاوێژو پێنج ئەستێرەی کشاوی تر

- جێی داخو پەژارەیەکی گەورەیە کە ساڵی ئەمساڵ ئەم شاعیرو نوسەرو هونەرمەندانە کۆچی دواییان کرد, بە هەواڵی مەرگی ئەوان فرمێسك لە چاوان قەتیس دەوەستێتو ناکرێ لە یاد بکرێن, ئەو بەڕێزانە هەر یەکەیان لەگەل بنکەی گەلاوێژدا یادو یادەوەرییان هەیەو مەحاڵە لەبیر بکرێن.
- "عوسمان شەیدا"ی شاعیر جگە لەوەی ئەندامی بنکەکەمان بوو هەمیشە لە کۆڕو کۆبوونەوەو فیستیڤاڵەکانو چالاکییەکانو کۆنگرەی بنکە ئامادە دەبوو, بێ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان دڵی لێمان زووير بووبێ, هەر کاتێك گفتوگۆمان بکردایە ئەوا باسی چالاکی زیاترو چاپکردنی کتێبو گەرمکردنی کۆڕەکانی بۆ دەکردین بێ ئەوەی رق لە کەسێك هەڵبگرێ یان دژایەتی فلانو فیسار بکات, زۆر هێمنانە قسەی دەکرد لەو رۆژەوەی ناسیم ... تا مەرگیشی هەستم دەکرد زۆر هێمنو لەسەر خۆیە, بەڕاستی مردنەکەشی هەر شاعیرانە بوو.
- مامۆستا "مەحمود مەلا عیزەت" ئەو کەڵە پیاوەی کە لە زۆر بواردا جێ دەستی دیارو رەنگین بوو, مەرگیش ئەوی لێسەندینەوە, هەرجارێك بمبینایە دەیگووت "تۆش سەرکارێزیت!!" بە ویقارێکەوە قسەی دەکرد وامدەزانی مامۆستایەکەو وانەم فێردەکات ... هەرواش بوو, هاوینی ساڵی ١٩٩٨ بنکەی گەلاوێژ کتێبی (بازنەکانی ململانێو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد)ی بۆ چاپکرد لەدوای ئەوە, جارجارێك روومان لێ دەنا تا کۆڕێکمان بۆ بگرێت لەسەر هەر بابەتێك کە ئەو پێی باشە!! ساڵی پار لە یادی کۆماری کوردستاندا کۆڕێکی شیاوی بۆ گرتین, هۆڵەکە جمەی دەهاتو یەکێك بوو لەو کۆڕە

سەرکەوتووانەی بنکە کە جێی شانازیمانە ... یادت بەخێرو دڵنیام هەر بە جەستە لەگەڵمانا نیت, ئەوەتانێ لە چرکەساتی مێژوو, ڕۆژنامە, فکر, ئەدەبیات, سیاسەت, خۆراگری, شاخو دەربەدەری ...هتد هەرباس دەکرێو لەیاد ناچیتەوە.

- "د. فاروق عەلی عومەر" ئەکادیمی لە بواری ڕۆژنامەنوسیدا کە هەواڵی مەرگیم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە یەکسەر بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە هاتوچۆی بنکەی گەلاوێژی دەکردو لە یەکێك لە ژمارەکانیدا چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژمان لەسەر ڕۆژنامەگەری بۆ بڵاوکردەوە ... دەربارەی ڕۆژنامە کوردییەکان بە کۆنو نوێوە زۆری پێ بوو, بەو تەمەنە کەمەشەوە تا توانی خزمەتی کرد, زانیشی چۆن خزمەت دەکات !! دەبێ بە ویژدان بین هەرجارێك دەهاتە شاری سلێمانی بۆ وتنەوەی وانەی ڕۆژنامەگەریو دەڕۆیشتەوە بۆ دووز یان بۆ بەغدا بۆ تەواوکردنی نامەی دکتۆراکەی زۆر دردۆنگ دەبووم دەمگووت : ئەم مامۆستایە کە ڕۆژگارێکی پرشنگدار چاوەڕێیەتی بەعس لەناوی دەبات کەچی مەخابن, لەسەر چرپاکەی بە نەخۆشییەکی کوشندەوە جێی هێشتین !!

- مەرگ کائینێکی سەیرە هەر لەو ماوەیەدا گۆرانی بێژو مەقام زانی کورد "ئیبراهیم خەیات"یش کۆچی دوایی کرد, خوالێخۆشبووساڵی پار هاوکات لە ئاهەنگی کۆتایی هەشتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا بانگهێشتمان کرد بۆ ئەوەی ڕێزی لێبگرینو خەڵاتی بدەینێ, لەگەل ئەو نەخۆشیەشدا بە دەنگی ئێمەوە هاتو قسەی نەشکاندین بگرە گۆرانییەکیشی پێشکەش کردین, مەحاڵە ئەو ڕۆژەو ئەو گۆرانیەم لەیاد بچێت چونکە ساتێك بوو لەو ساتانەی کە بە فیرۆ نەچوونو بست بست باڵام تیاکرد.

- هەر لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا هەواڵێك لە دوور هات لە شاری مهابادەوە کە هێندە هەواڵی باوکی کەسەری لە دڵدا دروستکرد ئەویش مەرگی "کاك سەلاح" کوڕی "مام هێمن"ی شاعیرە منو زۆربەی تریش لەوانەیە کاك سەلاح نەناسین, بەڵام کە شیعرەکانی مام هێمن دەخوێنینەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کوردستانی باشوور نوسیونی هەست دەکەین لە زۆربەی دێڕەکانیدا سەلاح خۆی تیا مەڵاس داوە بۆیە خۆشمان دەویست یا (لە کوێوە بۆ کوێ) مام هێمن بخوێنینەوە دەزانی چەند سەلاحی خۆش دەویستو غەریبی بۆ دەکرد یا لە هەموو چاوپێکەوتنەکانیدا مەحاڵ بوو ئەو تاقە کوڕەی لەیاد بکات. ساڵی ١٩٩٧ یەکەمین کتێب کە لە بڵاوکراوەکانی بنکەی گەلاوێژ بوو کتێبی (چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز)ە کە یادگاری مام هێمن بووەو کاك سەلاحی کوڕی کۆی کردونەتەوەو بنکەش بە شانازییەوە بۆی چاپکرد بۆیە ئەمەش یادگارییەکە ناکرێ فەرامۆش بکرێت.

- لە کۆتاییدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو پێنج بەهرەوەرە دادەنەوێنین کە هەمیشە زیندوونو لەبیر ناچنەوە.

**کاوە حاجی عەزیز**

# رۆژی جیهانی کتێب لە سلێمانی

رۆژی جیهانی کتێب کە رێکەوتی ٢٣/ی‌نیسان دەکات رۆژی ئاشتبونەوەو گەڕانەوەیە بۆلای کتێب، رۆژی بایەخدان‌و رێزگرتنە لە گرنگی کتێب لە ژیانی شارستانی مرۆڤدا. هێندەی ئێمەی کورد پێویستمان بەوەیە ئەو رۆژە بکەینە تەزاهورەیەکی گەورە، رەنگە وڵاتانی کۆی دنیا پێویستیان پێی نەبێت، چونکە ئێمەی کورد زۆر لە کتێب دوورکەوتوینەتەوە بەتایبەتی لە خوێندنەوەی کتێب‌و ئاشنابوون بەو بەرهەمە فراوانەی کتێب کە لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە.

هەر بۆ شڵەقاندنی گۆمی مەنگی کتێب‌و خوێندنەوەو بۆ هاندانی خوێنەری کورد بۆ گەڕانەوە بۆلای کتێب‌و بایەخدان بە خوێندنەوەو کتێبخانە. بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری لەو رۆژەداو بە دروشمی بەرەو فراوانکردنی ئاسۆی کتێب چەند چالاکییەکی جۆراوجۆری سازکرد، سەرەتا چەند لیژنەیەکی تایبەت دانران بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان‌و پاشان لەرێی لیژنەی راوێژکارانەوە چالاکییەکان دەستنیشان کران‌و کاریان بۆکرا، چالاکییەکان بریتی بوون لە :

١) کردنەوەی پێشانگەیەکی کتێب لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی بە بەشداری دەزگایەکی چاپ‌و پەخشی ئێرانی‌و دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم لە سلێمانی، موکریان لە هەولێر و بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەو خانەی وەرگێڕان‌و خانەی سمۆرەو ئەنستیتوتی کەلەپوری کورد. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە هەموو دەزگاکانی چاپ‌و پەخشی هەولێرو دهۆک‌و وەزارەتی رۆشنبیری هەولێریش بانگهێشت کرابوون بۆ بەشداریکردن بەڵام لەبەر هۆی تایبەت بەخۆیان بەشداریان نەکرد.

٢) کتێبخانەیەکی گەڕۆک لە ٢٤/٤ تا ٢٨/٤ گەڕا بەسەر قوتابخانەو خوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانیدا بۆ ئەوەی خوێندکاران سوود لەو کتێبانە وەربگرن‌و بە ئاسانی بچێتە بەردەستیان‌و ئاگاداربن لە رۆژی جیهانی کتێب‌و چالاکییەکانی خوێندکاران زۆر بە پەرۆشییەوە لە دەوری کتێبخانە گەڕۆکەکە کۆبوونەوە.

٣) سازدانی چەند کۆڕو سیمینارێك لەسەر کتێب‌و کتێبخانەو مەسەلە پەیوەندی دارەکانی ئەو بوارە.

کۆڕەکان ئەمانە بوون :

١) کتێبخانەی خوێندنگە – مامۆستا رزگار مەعروف.
٢) کتێبخانە گشتییەکان – فوئاد عەبدولرەحمان.
٣) کتێب‌و بڵاوکراوەی منالان – مامۆستا سابیر بۆکانی.
٤) وەرگێڕان – هەڵکەوت عەبدوڵا.

٥) کتێبو پرسی مۆدێرن — ئەکرەم میهرداد.

٦) گفتوگۆیەك لەسەر رەوشی مێینە لە کوردستاندا — سۆران قادر کوستە.

٤) خەڵاتی (کتێبی ساڵ)

خەڵاتی (کتێبی ساڵ) تەرخانکرا بۆ کتێبەکانی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەردوو بواری وەرگێڕانو نوسیندا بۆ بابەتی ئەدەبیو هونەریو زانستیو فکریو فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو منداڵان.

هەروەها خەڵاتی (پڕ بەرهەمترین نوسەر)ی ساڵی ٢٠٠٤. پێشوەخت بانگەشە کرا بۆ نوسەرانو ئەوانەی ئەیانەوی بەشداری بکەن کتێبەکان بنێرن بۆ لیژنەی باڵا. پاش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاری کراو بۆ وەرگرتنی کتێب, دوو لیژنە دەستنیشان کرا بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبەکان, ئەو دوو لیژنەیە :

١. بواری وەرگێڕان : شوان ئەحمەد — نەوزاد ئەحمەد — دانا ئەحمەد.

٢. بواری نوسین : رێبین هەردی — عەبدوڵا تاهر بەرزنجی — شاهۆ سەعید.

پاش هەڵسەنگاندن ئەنجامەکان لە دوو راپۆرتی هەردوو لیژنەکەدا درا بە لیژنەی باڵا کە بەم جۆرە بوو.

١) خەڵاتی (پڕ بەرهەمترین نوسەر) بۆ نوسەری بەڕێز "ئازاد بەرزنجی" کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا شەش کتێبی چاپکردووە لە هەردوو بواری نوسینو وەرگێڕاندا.

٢) خەڵاتەکانی بواری نوسین بۆ ئەم کتێبانە :

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە — د. حەمید عەزیز.

٢. دەستی خودا (کۆمەڵە چیرۆك) — رەئوف بێگەرد.

٣. شوناسو ئاڵۆزی — مەریوان وریا قانع.

٤. پەیڤەکانی رەنگ — وەهبی رەسول.

٥. دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا — بوار نورەدین.

٣) خەلاتەکانی بواری وەرگێڕان بۆ ئەم کتێبانە.

١. گۆڕینی رژیم — محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق.

٢. ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات — هەڵکەوت عەبدوڵا.

٣. ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوا — شۆڕش جوانڕۆیی.

٤. ئەفلاتون — ئاوات ئەفلاتون.

٥. نەونەمامە لەچك سورەکەم (رۆمان) — تۆفیق عەبدول.

٦. سندوقێك پڕ لە نیشتمان — ئەنوەر محەمەد قەرەداغی.

هەروەها خەڵاتێکی رێزلێنان درا بە (نوری سەعید قادر) لە بواری وەرگێڕانی کتێبی منداڵاندا کە نزیکەی ٤٠ کتێبی لە ئینگلیزیەوە کردووە بە کوردی.


دوو خەڵاتی (پاراستنی کتێبخانە گشتیەکان) درا بە دوو دڵسۆز کە لەو بوارەدا دڵسۆزانە کاریان کردووە.

١) مام رەسول — پاسەوان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی کە لە رۆژانی راپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١دا لەوکاتەدا کە دەستی تاڵانو وێرانکردن هەموو لایەکی گرتبۆوە, مام رەسول دڵسۆزانە کتێبخانەی گشتی سلێمانی پاراستو رێی نەدا دەستی تاڵانی بیگاتێ.

٢) فریاد محەمەد مەحمود — کارمەندی کتێبخانەی گشتی شارۆچکەی دوز لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا, کتێبخانەی گشتی دوزی پاراستووە.

# ئەمڕۆی ئەدەبی منالان لەنامەیەکی دکتۆرادا.

ئا/ئاوا



مامۆستا سابیر بەکربۆکانی ماوەیەکە سەرقاڵی نووسینی تێزی نامەی دکتۆراکەیەتی لە بواری سایکۆلۆژیای ئەدەبی منالاندا وەك گەلاوێژی نویێ، بە باشمان زانی پێش وەخت چەند پرسیارێکی لێبکەین و دیدی خۆیمان دەربارەی گرنگی ئەو ئەدەبە بۆ بخاتە روو سەرەتا پرسیمان:

گ. ن/ تاچەند دەقی ئەدەبیی کوردی مندالان(نوسراو وەرگێڕدراو) توانیویەتی گوزارشت لەحەزو ئاواتەکانی مندالانی بکات؟

م. سابیر/ ئەگەر سەرنج لەو بابەتانە بدەین کە بۆ مندالانن و زیاتر لەشێوەی کتێب و گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە و بڵاو دەکرێنەوە هەر لەیەکەمین گۆڤاری مندالانەوە کەگڕوگاڵی مندالانی کوردە و لە چلەکان ولەسەردەمی کۆماری کوردستانی مهابادا دەرچووە تاکو ئەمڕۆ کەچەندین هەنگاوی گەورەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە لە ڕووی ژماری کتێب و گۆڤارو، لە شێوازی دەرهێنانی هونەریشدا،بەرەو پێش چونی ناوەڕۆکی دەقەکانی نێویانەوە، دەتوانین بەڕونی تێبینی لەزیاتر نزیك بونەوە بکەین لەتێگەشتنی قۆناغی مندالیو تا ئەندازەیەکی بەرچاو خوێندنەوەی زانستیانەترن بۆ دونیای تایبەت و سەربەخۆی مندال و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆڕانکاری پۆزەتیف بەو ئاقارەدا بەدی دەکرێت. هەموو ئەم ڕاستیانە ناکرێت فەرامۆش بکرێن و ئاماژەیان پێنەدرێت. لەهەمان کاتدا گەشبینیمان بەو پێشکەوتنانە ئەو مانایە ناگەیەنێت کە ئیدی بڵاوکراوەکانی مندالان لەڕوی شێوە و ناوەڕۆکەوە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان: لەڕەوشێکی ئاسایدان و وەکو پێویست هەنگاوی چاکیان ناوە و بێ کەموکورتین و دەبێت پێیان ڕازی بین و لەسەر هەمان شێواز و ڕێچکە بڕۆین و بەردەوام بین. ئەمڕۆ لەچەندین سەرچاوە و دەزگای ڕسمیەوە بڵاو کراوەی مندالان وەك کتێب و گۆڤار لەنوسین و وەرگێران چاپ دەکرێ و کەسانێکیش بۆ خۆیان دور لەو دەزگایانە، زەمەنێکە شیعر بۆ مندالان دەنوسن زیاتر لەشێوەی کتێب نامیلکەدا بڵاویان دەکەنەوە. بەسەر زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەوە هیچ ئاماژەیەك بەو تەمەنەی مندال ناکرێت کە ئەم کتێب یان ئەو گۆڤارەی بۆ دەرکراوە وەك ئەوەی مندالیی یەك قۆناغی توند و تۆڵی دیاری کراو بێت و ئەو دوانزە ساڵەی سەرەتای ژیانی مرۆڤ یەك تایبەتمەندێتی هەبێت ، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین جۆرە تێکەڵییەك لەدەقە نوسراوەکاندا دەبینرێت و، هیچ جیاکارییەك بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی مندال بۆ ئەو دەقانە نەکراوە کەئاراستەیان دەکرێت. ئەم کارەش نەك هەر سودی بەمندال

نەگەیاندوە, بەڵکو هەڵەیەکی گەورەیەو زیانی بەدواوەیە, لەکاتێکدا ئەو دەقە دەکەوێتە بە دیدی منداڵی تەمەنێکی جیاوازتر. تەنانەت ئەگەر دەقەکە بەڕێکەوت گونجاو بێت بۆ تەمەنی ئەو منداڵەی کەدەیخوێنێتەوە، هەر لەهەمان بڵاو کراوەدا دەقی تریش دەخوێنێتەوە کە بۆ تەمەنەکە نابێت لەگەڵ توانای عەقڵی و هەڵچونی و پێویستیەکانیدا یەکناگرێتەوە. ئەمە لەحاڵەتێکدا ئەگەر وامان دانا ئەو دەقە کوردیانە بەپێوەرە سایکۆلۆژیەکان شیاو و گونجاون, بەڵام ئەو دەقانەی وەرگێردراون و ئەمڕۆ بەڕادەیەکی بەرچاو دەخرێنە بەر دیدی منداڵان, تەنها وەرگێڕانن و بەکوردی نەکراون و لەسیما و لەناوەڕۆکدا، زۆربەیان لەکۆمەڵگای کوردیەوە دورن. ئەوە گومانی تێدا نییە کەمنداڵی هەر کۆمەڵگایەك چەمك و زاراوەی زمانەوانی تایبەت بەخۆی هەیەو، لەخوو نەریت و بەها و یاریەکانیاندا سەربەخۆن و، بەشێوەی تایبەت بەخۆیان گوزارشت لەپێداویستی و هەڵچون و توانا و بەرهەمە هونەری و مادیەکانیان دەکەن. ئەمە چ پێوەرێکە ئەو مافەی داوە بەوەرگێڕەکان، دەقە بێگانەکان بەبێ دەستکاری و بەبێ ڕەتوش بەمۆرکی کوردەواری وبەبێ گۆڕینی ناوی پاڵەوان و شوێن و کەرەسەکان ئامادە بکەن و هیچ بایەخێك بەتایبەتمەندێتی کلتوری ناوچەیی منداڵی کورد نەدرێت.

ئەو بڵاو کراوانە کە ئێستا هەن دەتوانین بە بڵاوکراوەیەکی شایستەی ئەدەبی منداڵان دابنێین چ لەڕوی چاپەوە یاخود وەك ناوەڕۆکیش؟

م. سابیر : سەبارەت بەناوەڕۆك لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئامارژە. درا, بەڵام لەڕوی چاپەوە واتە دەرهێنانی هونەرییەوە کەبریتیە بەکارهێنانی ڕەنگ و وێنەو پیت و جۆری پەڕە و شێوە و قەبارەی بڵاو کراوەکان.ئەو بڵاو کراوانە کە ئێستا هەن بەبەراورد لەگەڵ بڵاوکراوەکانی سەردەمانی پێشودا، پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی دەکرێت بەتایبەتی لەگۆڤارەکاندا, بەڵام نامیلکەو کتێبەکان ڕەنگ ئامادە بوونێکی ئەوتۆی نییە کەدڵخۆشکەربێت هەتا ئێستاش بێ ڕەنگن یان دوو ڕەنگ بەکاردەهێنرێت یاخود تەنها بەرگەکانیان ڕەنگاوڕەنگە و لەناوەوەدا ڕەنگ فەرامۆش کراوە. هەرچی گۆڤارەکانیشە زۆربەیان ڕەنگاوڕەگن, یاخود لەدوو ڕەنگ زیاتریان تێدا بەکار هێنراوە. بەڵام وەکو پێویست بایەخ بە سایکۆلۆژیای ڕەنگ و کاریگەری ڕەنگەکان لەسەر دەروونی منداڵ لە قۆناغە جیاجیاکانیدا، نەدراوە. لەلایەکی ترەوە بەسیاسەت کردنی ڕەنگ لەهەدوو لا (سلێمانی و هەولێر) وەك هەموو کایەو ڕەهەندەکانی تری ژیان، بڵاو کراوەکانی منداڵانیشی گرتۆتەوە، بۆیە هەڵبژاردنی ڕەنگێك بەهەموو پلەکانیەوە و، لەهەمان کاتدا دورخستنەوەی ڕەنگێکی تر تەنانەت ئەو ڕەنگانەش کەدەچنەوە سەری و لێوە نزیکن، لە بڵاوکراوەکانی هەردوو لا، بەئاسانی و بەئاشکرا دەردەکەوێت. ئەمەش بۆ خۆی زیان بەناوەڕۆکی دەقەکان دەگەیەنێت و نابێتە مایەی ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی منداڵ بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانەی لەبەر چاویدان.

لەبڵاو کراوەی منداڵدا وێنە بەتەنها کەرەسەك نییە بۆ ڕوون کردنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکی دەقەکان، بەڵکو لەوەش زیاتر ئامرازێکە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ و درێژکردنەوەو بەدەوامی دان پێی. ئەم ئەرکە وشەو زاراوەکان بەتەنها پێیان ئەنجام نادرێت، بۆیە پێویست دەکات دەقەکان وێنەی زیندوی پڕ لەئاماژەو جوڵەیان لەگەڵدا بێت. بڵاو کراوەی منداڵان مافی تەواویان بەم لایەنە نەداوە و وەکو پێویست وەڵامیان بە حەزو ئارەزوو خولیاکان منداڵ نەداوەتەوە. ئەم کەموکورتیانەش بەبیانوی لاوازی و کەمدەرامەتی پاساو نادرێتەوە بەتایبەتی

بۆ دەزگا و ناوەندە ڕەسمیەکان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆش کردن و بایەخ پێنەدان و ڕەنگە زیاتر پەیوەندی بە بێئاگای و نەشارەزایەوە هەبێت.


گ.ن/ دەتوانین بڵێین نوسەری ئەدەبی منداڵانمان هەیە (شیعر، شانۆ،چیرۆك)

م. سابیر : لەوانەیە بڕیارێکی لەو جۆرە هەروا ئاسان نەبێت، بەڵام دەتوانین بڵێین نوسەرمان هەیە کەبەپێوەرەکانی خۆی ئەدەبی منداڵان دەنوسێت. و لەم بارەیەوە کێشەکە لەوەدایە کەنوسەرانی ئێمە پێیان وایە ئەو بابەتەی کە دەینوسن منداڵ لێی تێدەگات یان پێویستە لێی تێبگات، ئالێرەوە دەتوانین بڵێین: بابەتەکان زیاتر گوزارشت لەخودی نوسەرەکانیان دەکات نەك ئەو جەماوەرەی کەبۆیان دەنوسرێت واتا منداڵان. واتا ئاوێنەن بۆ خواست و خولیا و کێشە و ئەندێشەکانی گەورەکان و خوازیارن لای منداڵان بەرجەستە ببێت بەو جۆرەی کە ئاواتیانە و دەیانەوێت و، دەکرێت بڵێین: زۆرێك لەدەقەکان وەك زەمەن ڕوو لەئایندەن و وەکو شوێنیش لە جێیەکیترن لەکاتێکدا گومانی تێدا نییە کە یادەوەری منداڵ لە (ئێستا و ئێرەدا) یاخود لە ئایندەی نزیك و ڕابردووی نزیکدا دێت و دەچێت نەك ئایندەی دوور و ڕابردووی دوور. لەدنیای پڕ لە گۆڕانی خێرای ئەمڕۆدا، کێ دەتوانێت پێشبینی بۆ ئایندەی دور بکات و سیماکانی دەست نیشان بکات و منداڵ بۆ ئەو ڕۆژگارە ئامادە بکات. زۆرێك لەو نوسەرانە لە جیهانی ئەدەبی گەورەکاندا قەڵەمڕەویان هەیە و هەر بەو دیدگا و کەرەسانەوە هاتونەتە دنیای منداڵەوەو دەنوسن بۆیان. یاخود مامۆستای سەرەتایین و لەسەر هەمان شێوە و ناوەڕۆکی پڕ لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و دەرسدادان بەردەوامن و،بە شێوازی تەوزیمی و ڕاستەوخۆ دەقەکانیان نوسیوەتەوە و پێشکەش بەمنداڵی دەکەن. ئەم شێوازەش منداڵ لێی بێزار دەبێت و دوور دەکەوێتەوە لێی.

گ. ن / پێت وا نییە لەنێو کوردا نوسەری ئەدەبی منداڵان بەبەراورد لەگەڵ ئەدیبی گەورەکاندا بەچاوێکی نزمتر سەیرکراوە و دەکرێت ، کەچی لەهەموو جیهاندا تێڕانینەکە هاوتا و ڕەنگە بەرزتریش بێت؟

م. سابیر: ئەم قسەیە زۆر تەواوە و هەتا ئەمڕۆ بواری ئەدەبی منداڵان لەلای ئێمە بەبەراورد لەگەڵ بواری ئەدیبی گەورەکاندا وەکو پێویست بایەخی تەواوی پێنەدراوە و ، دەزگایەکی ڕەسمی (زانستی) مان نییە کەسەرپەرشتی ڕوناکبیری منداڵان بکات و خاوەن دەسەڵاتی پلان دانان و جێبەجێ کردن بێت. کارەکان زیاتر مۆرکی تاکەکەسیان پێوە دیارە، زۆربەی نوسەرانیش لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمەکانیان بەچاپ دەگەیەنن، هان نادرێن و دەستگرۆیی نەکراون. دەیان فیستڤاڵ و کۆنگرە و کۆڕو کۆبونەوە بۆ ئەدەبی گەورەکان دەگیرێت و دەکرێت

# چلەی ماتەمینی "عوسمان شەیدا" شاعیری



ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٥/١٤ لە هۆڵی دیالۆگ – مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بنکەی ئەدەبیو روونـاکبیری گەلاوێژ کۆڕێکی ماتەمینی بۆ چلەی شاعیر (عوسمان شەیدا) رێکخست. سەرەتا بە دەقیقەیەك وەستان بە بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانو داگیرساندنی مۆمی تەمەنی شاعیر دەستی پێکرد, لەو چلەیەدا جگە لە خوێندنەوەی چەند بروسکەیەکی ماتەمینی کە لەلایەن گەورە لێپرسراوانی حزبیو حکومیو کەسایەتی ئەدەبی ئاراستەی بنەماڵەی شەیدای شاعیر کرابوو.

ئەم بەرێزانەش وتارو پەخشانە شیعریان خوێندەوە :

- پەخشانە شیعرێك بە ناونیشانی (کاکە لاس) لەلایەن شاعیری گەورە "شێرکۆ بێکەس" خوێندرایەوە.
- وتارێك لەلایەن کاك "جەوهەر کرمانج" سکرتێری روناکبیری بەرێز "مام جەلال" خوێندرایەوە.
- وتاری بنکەی ئەدەبیو روونـاکبیری گەلاوێژ لەلایەن "عیرفان ئەحمەد"ی شاعیرەوە خوێندرایەوە.
- چەند بیرەوەرییەك لەلایەن هاورێی شەیدای شاعیرو کاك "عومەر عەبدولکەریم"ەوە خوێندرایەوە.
- قەسیدەیەکی "ئەنوەری رەشی عەولا" لە لایەن "سەلاحە رەش"ەوە خوێندرایەوە.
- وتاری بنەماڵە کە لەلایەن "ئاسۆ" کورە گەورەی شاعیرەوە خوێندرایەوە.

شایەنی باسە, بریارە سەرجەم بەرهەمە چاپکراوو چاپنەکراوەکانی خوالێخۆشبوو لەلایەن مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (ی. ن. ك)ەوە لە دیوانێکدا چاپو بڵاوبکرێتەوە.

ئەمەش هەردوو دەقی ئەو پەخشانە شیعرە کە لە لایەن شاعیران "شێرکۆ بێکەس"و "عیرفان ئەحمەد"ەوە خوێندرایەوە.

پەخشان

# لێگەڕێن
# با ئەو گۆرانییە غەمگینە هەر بنوێ!

شێرکۆ بێکەس

ساوایەک , هەر لەسەر کاسەوە , ویلاشەکەی کوێرەوەری بوو !
چارەنووسێ , هەر لە منداڵییەوە , تەمو مژێ لەشێوەی تراویلکەیەکی
هەمیشە تینوودا داپۆشیو , تراویلکە درێژ بۆوە و درێژ بۆوە تا ئەو
ساتە وەختەی سەیوان دەستە ئەرخەوانیەکانی درێژ کردوو لێی وەرگرتینەوە !
قەسیدەیەک هەر لە ناونیشانەوە تا دوا وشەی لە شێوەی
سولێکدا خۆرنشینی لێئەچۆڕایەوە , خەرەندیش , قولایی و
تارمایی و نسرمی خەمەکانی شاعیرو پاییزیش هەرچوار
وەرزەکەی تەمەنی ئەو بوو !
کلاوڕۆژنەیەکی بێ خۆر
درەختێکی گریاو و
ئاوێکی تەنگە نەفەس و
گۆرانییەکی خۆڵەمێشی و
هۆدەو هەیوانێکی کۆچەری و
چەند شیعرێکی ناو خەزان و
چرایەکی قەرزارو

پەرداخێكی بادە بە دیار
گلۆلە ژانێكەوە !
لە دەشتی تەمتومانی ئەم پیاوەدا ئەو وەختەی هەلاَلە
شیعرێ بویستایە بڕسكێ گژبایەک ئامبازی ئەبوو .
لە رۆژگارە ئاساییەكانی خەڵكیدا , ئەم رۆژگاری ,
لە وەرزی پێچەوانەی ئەواندا بوو . خۆی پێچراو لە گەواڵە
هەوری بێزارییەوەو بەلاَم ساماڵیش دراوسێی . خۆی
ژوورێكی برسیو پەخشانێكی لانەوازو , بەلاَم تەلارێ
لە چاوچنۆكیو هەڵپەی تەماع دراوسێی . "شەیدا" تەنیا
بوو وەک هێشووی رەزێكی سەرخۆش . تەنیا بوو تەنیا
وەک هەژاریو چون مۆمێكی بێ مۆمدانو پەڕێكی دەمبا !
نەرمو هێواش وەک گوڵە پەموی راكشاو
لە باوەش شنەبای ئێوارەیەكدا !
خۆشەویستی شیعر بوو بووە رەنگی قژە رەشەكەی .
لەگەڵ هەڵكشانی تەمەندا , خەمیش لەگەڵیا هەڵئەكشا .
"شەیدا" شیعری لە جەستەی خۆی خۆشتر ئەویست
لە چوارینەكانی خەیامەوە دەستی بادەی گرتو
كردی بە هاوڕێی خۆی .
لە گەشتەكانی "گۆران"ەوە مەستی سروشتی
ولاَتێكی بەدبەخت بوو وەک خۆی
لە شیعرەكانی "بێكەس"ەوە فێری ئەوە بوو
چۆن وانەی ئازادی بە منداڵەكانیو دەرودراوسێ بڵێتەوە .
لە سەرودەمێكیشدا كە ئاخۆرانو بخۆرانی بەعس بوو
شەیدا لە شاردا نزیكی شانەی هەڵۆ سورەكان كەوتەوە .

بولبولێکی نەدارا هەر ئەوەندەی پێ ئەکرا
نەهێڵێ گۆرانیەکانی عەشق لەبیر چڵو پۆپەکان بچنەوە
پەپوولەیەکی رەشی باڵ کەنەفت
هەر ئەوەندەی پێئەکرا ناو بەناو دووسێ
خونچەی شیعر بەسەر بکاتەوە ..
ئاوێنەیەکی درز بردووی سەر دیوارێکی قوڕین
هەموو رۆژێ دەموچاوی خەمێکی ئەکرد بە دە .
دەرگایەک پڕ لە خۆزگەی ناموراد .
پەنجەرەیەک پڕ لە نا ئومێدیو وەرین
پەرەیەک لە تەنکیی نەبوونیو
دووکەڵێ لە جگەرەی مەینەتیو
کۆمەڵێ شیعر لە جیاتی کۆمەڵێ خۆشیو
خۆڵەمێش لەبری گوڵو
راهاتن لەگەڵ دڵۆپەداو
راهاتن لەگەڵ جزدانێکی بەتاڵداو
راهاتن لەگەڵ جەخاردا
هەتا مردن !
ئەو لەم باخچانەی شیعردا گوڵە مێخەکێکی شەرمنۆک بوو .
هەورێ بوو کەم ئەباریو بەڵام لەبەر چاو نەکەوتبوو .
خەتا خەتای بەهرە نەبوو .
خەتای مێردەزمەیەک بوو پێیان ئەووت برسێتی
پێیان ئەوت نەبوونیو پێیان ئەووت نەخۆشی
هەموو جارێ کە ئەمبینی لە چاوەکانیا نامۆییەکم بەدی ئەکرد
کەم وێنە , وەک ئەوەی درەخت بە رەگی خۆی نامۆ بێ .

شار بە شەقامی خۆیو ژوور بە پەنجەرەی خۆیو
ئاو بە سەرچاوەی خۆی نامۆ بێ .
هەموو جارێ کە ئەمبینیو تەوقەم لەگەڵ ئەکرد
هەستمئەکرد دەستم لە دەستی کرێوەی خەمێکدایە .
هەموو جارێ کە قسەی ئەکرد
وامئەزانی شیعرێکی بێدەرەتان قسەم لەگەڵ ئەکا .
یان نانێکی چاو بە فرمێسک
یان کانیەکی لێڵ کراوی وەڕس .
یاخود بنە مۆمێکی داگیرساو لە دوا ساتەکانی رووناکیدا .
لێگەڕێن با ئەو گۆرانیە غەمگینو مەستە بنوێ
لێگەڕێن با ئەو دار لیمۆ نەخۆشە ئیتر هەر راکشێو
ڕاکشێو ڕاکشێ !
وازبێنن با خەبەری نەبێتەوە
لێگەڕێن .. هاوڕێیان .. لێگەڕێن
با ئیتر هەرگیزاو هەرگیز
چاوی بە شووشەی شکاوی پەنجەرەکەو .
بە خەزانی روخساری ژنەکەیو
بە دڵۆپەکانی بن مێچەکەو
با ئیتر چاوی بە چاوی
مەرگی ناو ژیانەکەی نەکەوێتەوە !
لێگەڕێن .. ئازیزینە .. لێگەڕێن .

## پەخشانە شیعر

عیرفان ئەحمەد

### بەڕێزان .. ئامادەبوانی ماتەم گێڕی شاعیری جوانەمەرگ .. کاک "عوسمان شەیدا"

سڵاو . . .

٣٥ ساڵ لەمەوبەر دەستەیەك لە شاعیرانو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە بەیاننامەی (ڕوانگە)یان ڕاگەیاند , لە ڕووی فەنتازیاو هونەری شیعرەوە ئاراستەی شیعری کوردیان وەرگێڕا . ئەم وەرگەڕانەش لە ڕووی زانستیەوە لە لایەکەوە وابەستە بوو بە ڕیتمی شاسوارانی شیعری کلاسیكو سوود وەرگرتن لە ئەدەبی ڕیالیزمی ناوەندو لەلایەکی ترەوە موتربەکردنی بیرو هزری شاعیرو نوسەران بە ئەدەبی میللەتانی تری دنیاو دانانی بەردی بناغەی کێشە باوەکانی ئەو سەردەمە کە ئەدەبی بەرگری لە خاكو لە ژنو لە چینی زەحمەتکێشان خەسڵەتی ڕوونو ئاشکرای ئەو بانگەوازە , ئەو چرا ڕۆشنو بەژن کریستاڵییە , گەلێك شاعیری وەکو پەروانە لە باڵای خۆی ئاڵاند , جا پەروانەی نزیكو دوورتر هەبوو , جا سووتانی هەمیشەییو داهێنانی بەردەوام هەندێکجاریش پچڕ پچڕ داهێنەران دەهاتنو دەچوون , ئەو کاتە ئەو چڕییە هەندێك جار لەسەر دووندی یاخیبووانی عەشقو ئازادیدا سازشی لەگەڵ بڵێسەی خودا نەدەکرد , عاشقانی ئەو چڕییە هەموویان لەیەك نەدەچوون هەندێکیان ئەو چرایە ئەندامێکی جەستەو ڕۆحیان بوو هەندێکی تر جار بەجارێ دەچوونە حزووری چراکەو پەیمانی بەردەوام بوونیان بە ئاگر ئیمزا دەکرد .

کاك شەیدای جوانە مەرگیش لەبەر چاوی ئەو ڕووناکییەدا گەلێ شیعرو نوسینی خۆی بە ئازارو خەمەکانی خۆیەوە دەنوسییەوە , زۆرجار تەنها دوو پەنجەو لاپەڕەیەکی دەکردە هاونشینی خۆیو دەستی چەپ لەسەر تەوێڵو دەستی ڕاست لەسەر لاپەڕە تێکەڵ بەو جەنگە دەبوو , قەڵەمەکەی چەكو ئالاکەی گوڵو وڵاتەکەشی کوردستانی شاعیرو شەهیدان بوو .

ئەفسووس ... نەخۆشییەکی کوشندە بە دڵڕەقییەوە پەلی گرتو فڕاندی بەڵام نەیتوانی تەنها پەلی وشەیەکی بگرێتو سامانی ڕۆحی ئەو فەرهوود بکات , مەرگ نەیتوانی یەك کۆتری حەوشەکەی باڵ بکات , نەیتوانی یەك دڵۆپ لە مەرەکەبی هەڵقوڕێنێو یەك پەڕەی گرمۆڵە بکاتو خەونی یەك کۆپلەی بزڕێنێ , مەرگ نەیتوانی یەك شەمامەی بێستانی ڕۆحی بدزێو یەك دەمەپاچ لە خانوچکەی بداتو فووی لە یەك مۆمی شەوانی مەستی بکات .

بەڕێزان ... فەلسەفەی ژیانە چاو هەتا ماوە چاو نەبێو هەنگاو هەتا ماوە بەگوڕ نەبێو دەست هەتا ماوە لەرزۆك نەبێو جەستە هەتا ماوە نەمر نەبێ , بەڵام هەر فەلسەفەی ژیانیشە نالیو حەبیبە هەردوو برۆ پەیوەستین , گۆران هەر لەمبەری خۆشەویستیو باخچەی پاشاش لەوبەر ئاوبیو شێرکۆیەك پەپولەی پیرەوا نەکرێو بەڵام خاوەنی دەربەندێك پەپولە بێ , شەیدای جوانەمەرگیش هەتاکو شەیدای پەرداخەکەی خەیامو شەیدای سێبەری داری ئازادی , شەیدای عەشقی چاو بەڵەکی قەڵەمو ئەوینی سپی دەفتەر بێ .

هەرچەندە هەندێکجار خەمو حەسرەتو نەخۆشی لەناو سەحرای دەروونندا شوێنی کاروانی شیعری لە شەیدا بزرکرد , بەڵام ئەو بە خۆشەویستی ئەستێرەکان کاروانەکەی دەدۆزییەوە , هەمیشە دەیگووت کە شیعرێك دەنووسم وادەزانم شەقامێکی تازەم بۆ شار ڕاکێشاوە .

بەڕێزان ... شیعر دەرگایەو کلیلەکەی بە هەموو کەسێك نییە , شیعر کێوی بێستوونەو قوڵنگەکەی عەشقی شیرینەو فەرهادەکانی زۆر کەمن , شیعر هەتاوە لەناو دڵماندا حەشار ئەدرێ , نەك لە جانتاکانی بن هەنگڵماندا . شیعر لەنێو لێکنانی پێڵووەکانمانایە نەك لە نێوان دانەجێڕێو لێواری چەقۆی بە هەسانی حەسادەت تیژکراو .

شاعیر پیاوی یان ژنی ژیانەوەو نوێ پەرستو قوربانی دانە , نەك خۆ حەشاردان لەنێوان قڵیشەکانی دیواری ترسو هەلپەرستی شیعر قۆچی ئاسكو پولەکەی ماسیو جریوەی کەنارییە , نەك بۆنی مشکی ناو تەڵەو زرمەی بۆمبی تیرۆریستان , شیعر جۆلانە بۆ مناڵەکانمان دروستدەکات نەك گوریس بۆ گەردنی ئازادیخوازان , شیعر "عوسمان شەیدا" دروستدەکات , نەك جرجە بەزیوەکانی عۆجە .

# وێنەیەک بە پێنوس

## وێنەیەکی سەردار عەبدوڵڵا

بەپێنوسی (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)



هەبوون لە شۆڕشدا پێشمەرگەو نوسەر بوون، بەڵام هەموو کارێکی خۆیان بۆ نوسین تەرخان کردبوو، قەڵەم تفەنگیان بوو، هەشبوون خولیای نوسین‌و خوێندنەوەیان هەبوو و نوسەریش بوون، بەڵام هەموو کاتێکیان بۆ سەنگەر تەرخانکردبوو.
هەمیشە لە سەنگەرو بەرەی پێشەوەدا بە چەکەوە ئامادەی گیان بەختکردن بوون، سەردار عەبدوڵڵا یەکێك بوو لە گروپی دووەم.
نوسەر هەبوو لە شاخدا بەگوڕ بوو. بەڵام کە هاتەوە بۆ شار ئەو گوڕەی جارانی نەما، هەندێکیان وەك نوسەر بەرەو ئاوابوون چون، سەردار عەبدوڵڵا بە پێچەوانەی نوسەری لەم جۆرە لە پێشمەرگایەتی سەردەمی ناو شار دوورکەوتەوەو لە گۆڕانکارییەکی کەسێتیدا کەوتە ناو باوەشی نوسین‌و ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەرییەوە.
چەند خۆشە گەنجێك بتوانێت لە میحنەتدا سەرەتای گەنجێتی خۆی بۆ شاخ‌و سەنگەرو میللەت تەرخان بکات ... لەو ڕۆژە سەختانەدا ئامادەبێت لەسەنگەردا گوڵی ڕۆحی خۆی بدات لە یەخەی کونکراوی نیشتمان، ئامادەبێت چاوی بکات بە مرواری بۆ تاجی میری بەرەبەیان، بەڵام

دوای نەمانی میحنەتیش بە قەناعەتەوە لە چوارچێوەی سەنگەرو گوللە دەرچێتو خۆی بۆ بوارێكی پیرۆزی تری وەك نوسین تەرخان بكات ... ئەمجارەیان وزەی خۆیو كاتی خۆی بە مەودایەكی ترو ئەركو وەزیفەیەكی تر ببەخشێت ... بەڕاستی ئەمە گۆڕانێكی گرنگە لەڕێگەی گەنجێكدا وەك مۆم بۆكاری خۆی دەسوتا.

ئەمڕۆ ژیانیشو گۆڕانكاری دنیاش ئەمەی دەوێ كە سەردار عەبدوڵلا هەڵیبژاردووە. دنیا گەرەكێتی بەرگی سەربازی داكەنینو بە مۆدی فیكر بدەین لە دەرگاكانی ژیان.

لەژیانی رۆژنامەگەریدا سەردارم بە كورێكی هێمنو سابیر بینیوە بەلام چالاك لە (هەرێم)دا هێمنانە بۆ كارەكەی خۆی دەسوتا, بە قەناعەتی پێشمەرگەی ناو شاخان دەیویست كاری ورد بۆ رۆژنامە بكات, قەناعەتی شۆڕشگێڕێك بە نانە ڕەقو مەتارەیەك ئاو, ئەمەم ئەو كاتە تیادا بەدیدەكرد كە چەندجارێك سەردانی رۆژنامەكەیانم كرد.

كەم نییە كورێكی گەنج لە شاخەوە بێت وە لە ماوەی چەند ساڵێكدا رۆڵ لە رۆژنامەی كوردیدا ببینێتو لە رۆژنامەی كوردییەوە بە چەند هەنگاوێك بگاتە رۆژنامە دانپیانراوەكانی جیهانی عەرەب, ئەمجارەشیان زیاتر هەر بۆ كوردو ورۆژاندنی مەسەلە كوردییەكە. ماوەیەك زۆر بە چاكو خراپیش لەسەر كورد دەنوسرا لەدڵی خۆمدا دەموت : خۆزگە زۆر لەو رۆژنامەنوسە كوردانەی كە خەریكی یەكتر شكاندنو سوككردنی یەكترن, لە یەكتر شكاندن بێزاردەبوونو دەهاتن وەلامێكی رێكوپێكیان بۆ ئەو كەسانە ئامادە دەكرد كە دوور لە ویژدان لە رۆژنامەو كەناڵی راگەیاندنەوە لەسەر كورد دەنووسن. سەردار یەكێك بوو لەو كەسە كەمانەی كە بە شەوقەوە لەم رۆژنامەوە بۆ ئەو رۆژنامە لەم گۆڤارەوە بۆ ئەوی تر لەم كەناڵی ئاسمانییەوە بۆ ئەو كەناڵی تر, بێوچان بەدوای هەواڵو رووداوەكاندا دەچوو, وەلامی خۆی هەبوو, جاری وا هەبوو گەلەكۆمەك دژ بە كێشەیەك لە كێشەكان یا رووداوێك لە رووداوەكانی كورد دەكرا, ئەموت باشە ئەو سوپا گەورەیەی رۆژنامەگەریی كورد لەكوێن ؟ بۆ وەلامێك نادەنەوە لەپڕ سەردارم یا بە وەلامەوە دەدی یا بە هێمنیو خەمەوە باسی دەكردن, ئەوەی كە سوپایەك نەی دەكرد ئەم دەیكرد وەك سەربازێكی ونیش. لەمەشدا چاوەڕوانی پاداشتی نەدەكرد. بەڵێ سەردار یەكێكە لەسەربازە ونەكانی دنیای ئێمە.

# دنیا بینییەكانی هونەری شێوەكاریی كوردی

ئەم كتێبە كۆمەڵێك چاوپێكەوتن‌و دیالۆگ‌و دیداری هونەرمەندانە كە پەیوەندییەكی پڕاوپڕی هەیە لە ئاست ئەدەب‌و هونەر بە هەموو جۆرەكانی هەوڵدانێكی (بەختیار سەعید)ە بۆ ناساندن‌و بە ئەرشیفكردنی هونەری كوردی كە (٢١٠) لاپەڕەی (A4)ی گرتووەتە خۆ ئەو خۆماندوكردنەی كە چەند ساڵێكە (بەختیار) خۆی تیادا خەریك كردووە ئێستا ڕەنجەكەی بە هەدەر نەچووەو لە دوو تـوێی ئـەم كتێبـەدا بـۆ خوێنـەری كـوردو نـەوەی نـوێ‌و خوێنـدكارانی هونـەر پـەروەری پاراستووە. هەر كە دەست دەدەیتە ئەم كتێبەو پەڕەكانی هەڵدەیتەوە حەزدەكەیت زووتر تەواوی بكەیت‌و بگرە بێتاقەت نابیت لێی‌و ئەگەر هیچ نەزانی لە هونەری كوردی بە دڵنیاییەوە لەم كتێبەوە فێری زانیاری ورد دەبیت, ناوەڕۆكی ئامادەكردنی ئەم كتێبە بەم شێوەیە.. مێژووی هونەری شێوەكاری لە شاری سلێمانی, پەیوەندییەكانی نێوان شیعرو نیگاری كوردی, پەیوەندییەكانی نێوان هونەری شێوەكاری‌و شانۆی شێوەكاری, ئەدیبە نیگاركێشەكان, هونەری تازەگەری لە نێوان زات‌و هونەری تەقلیدیدا, چۆن هونەری نەتەوایەتیمان بپارێزین ؟, شێوەكارانی كورد لەبەردەم ئەگەری گروپی كوردیدا, هونەری مۆتیڤ‌و چەند دیدێك, كێشەكانی هونەری نیگاركێشان لای مندالان, هونەرو ژیان‌و كێشەكانی داهێنان, ئایا ڕەنگ پێشڕەوی هونەری شێوەكارییە, ئەو كێشانەی بەرەو ڕووی هونەرمەندان دەبێتەوە ... هەروەها چەند دیدارێكی لەگەڵ ئەم هونەرمەندا نە گرتووەتە خۆ (عەزیز سەلیم, خالید سەعید, جەمال بەختیار, ڕێبوار سەعید).

# پەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق

بەختیار نامیق

ئەوكاتەی دەق یان تێكستێك دەبێتە پرۆسەی نوسین، ئەوكات سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێتو خاوەن دەق دەبێتە یەكەم خوێنەری ئەو دەقە. مەرج نیە دەق تەنها لە چوارچێوەی نوسیندا دەق بێت، بەڵكو زۆر گوتارو حیكایەت بۆ خۆی دەقی شەفەوین لە رێی بیستنەوە مامەڵە لەگەڵ چەمكەكانی ئەو تێكستە دەنگییەدا دەكرێت ... ئیتر خاوەن دەق كە خوڵقێنەری دەقەكەیە ئەبێتە نمایشی رامانەكانی، پاشان خۆی وەك خوێنەرێك بەرامبەر هاوكێشەیەك دەبینێتەوە ... لێرەوە ئێمە نامانەوێ قسە لەسەر پێكهاتی دەق بكەین، كاری ئێمە ئەو هێڵانەیە كە دەبێتە پردێك لە نێوان خوێنەرو دەقدا، ئیتر تا چ ئاستێك ئەو دەقە فرە چەمكو بونیادەكانی فرە پێكهات بن ئەو هێڵانە زیاتر دەبێت لە نێوان خوێنەرو دەقدایە ... ئەكرێ پێشتر باس لە خوێنەر بكەین كە خوێنەر تا چ ئاستێك مەرجەعێكی مەعریفی هەیە، یان خاوەنی فراوانی بیرە بۆ رۆچوونو دۆزینەوەی هەموو بونیادەكان، ئەوكات خوێنەر دەبێتە یەكەم میتۆد لەسەر دەق پێكهاتی ئەو دەقە لای خوێنەر پراكتیزە دەكرێت، ئیتر خوێنەر كە لە سیاقی دەقێكدا ئەو هێڵانە جیا دەكاتەوە لەسەر هەر هێڵێك پەیوندییەكە دەبێتە خوێندنەوەی رەهەندەكانی دەق، لای خوێنەر بۆ نموونە لەم سیاقەدا ئەم هێلانە دروست دەبن خوێنەرو مانا، خوێنەرو وێنەو زمان، كاتو شوێنی دەقەكە، پاشان هێڵێكی تر كە ئاماژەیە ئەم سیمۆلۆژیایە بەردەوام خوێنەر لە بەرامبەر مانای فەرماندا شۆڕدەكاتەوە بۆ بەرهەمی ماناكانی ترو بەم شێوەیە وێنەكانیش دەبنە فرە وێنە لەنێوان وێنەكانیشدا رەهەندەكانی دەدۆزێتەوە لەبەرامبەر هەر دالێكدا ئەو مەدلولانە گەڵاڵە دەبن بەپێی تێگەیشتنو میتۆدی خوێنەر دروستدەبێت لێرەوە دەكرێت. تا خوێنەر وردتر بەناو فرە هێڵەكاندا یاری بكات، بەرهەمی زیاتر فرە چەمكی لای خۆی دروستدەكات دەبێت. دنیا بینەیەكی تر بۆ خوێنەر وە ئەو گوتارانە دیاری دەكات كە زادەی گوتاری سەرەكی دەقن ئیتر خوێنەر ئەتوانێ لە بەرامبەر دەقێكداخۆی وەك كارئەكتەرێكی ناو پانتایی ئەو دەقە ببینێت. لێرەوە ئەتوانین باسی یەكەم هێڵی پەیوەندی دەق بە خوێنەرەكەیەوە بكەین ... دەقو مانشێتی دەق سەرەتای ناساندنی دەقە بە خوێنەر، ئیتر دەق لە سیاقێكدا خۆی پەرش دەكات بە مەرجێك پانتاییەكی فراوانی هەبێت بۆ باری كردنی خوێنەر لێرەو دەقیش بە هەموو پێكهاتەكانییەوە خۆی پەرش دەكاتو ئیتر قوڵیو فرە دەلالی

دەق لە رووی ماناو وێنەو ئاماژەکانەوە ئەتوانێت هەم رامانەکانی نوسەر هەم روانینی دنیایی خوێنەر فراوانتر بکات دەق تواناکانی خۆی لە مانادا پەرش دەکاو وێنەکانیش تا زیاتر وێنەی تربن لە دیوێکی تردا لێرەدا منی خوێنەر بەرامبەر بە پەیوەندی پێکهاتی رەهەندەکان پردێ دروست دەبێت لەنێوان منو ماناو منو زمان منو وێنە منو هارمۆنیەتیدەق منو دالو مەدلولەکان منو کاتو شوێن لە بابەتی دەقەکەدا کەمن هەموو ئەم چەمکانە بونیادی دەقو بەرهەمی دەقو گەلالەییەکان دروستدەکاتو هەموو ئەمانە دەبنە کایەیەکی زانستی فرە چەمك لەلای خوێنەرو دەبنە ئەو هێلەی کە پردێکە بۆ پەڕینەوەی خوێنەر بۆناو سیاقی دەقێك ئەوکات خوێنەر لە رێی راکێشانی رەهەندەکانەوە بەسەر هێڵی چەمکەکاندا بەناو کایەکاندا دەچێتە نێو دنیای دەقو میتۆدەکان دەدۆزێتەوەو لەرێی فرە مەدلولی ماناو بابەتی دەقەکەوە زۆر شیکاری ترو لایەنی تر لای خوێنەر هەڵدەگرێو ئەتوانێت زۆرمانای ترو چەمکی تری نادیاری تیادا بدۆزێتەوەو بگرە وێنەی دووەمی خۆی دیاری بکاتو چێژو دۆزینەوەی وێنەی دووەمی خۆی دەدۆزێتەوە, لێرەوە لەنێوان خوێنەرو دەقداو لەناو هەموو هێڵی پەیوەندییەکانداو زەمینەی دروستبوونی دەقێکی کە دروستدەبێت کە ئەتوانین ناوی بنێین دەقی سێهەم کاتێك لەنێوان خوێنەرو تێکستێکدا دەقێکی کە دروستدەبێت ئەکرێت ئەم دەقە لە رووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە هەندێك جیاوازی ورد هەبێت کە ئەم جیاوازییانە سیفاتی دەقێکی تری فۆتۆی ئەو نێوانەی تیابێت کە ئەم دەقەزادەی فرە رەهەندی نێوان خوێنەرو دەقەکەیەتی کە تا چ ئاستێك زیندوییو تێگەیشتنی ئەو نێوەندە فراوان بێت ئەم دەقەش بە شێوەیەکی کالتر بونیادەکانی نزیك دەبن لە دەقی سەرەکییەوە یان بە زمانێکی ئەدەبییانە لەنێوان ئەم دوو وێنەیەدا وێنەیەکی مونتاژکراوی یان باکگراونتێکی خۆیو تێکست دەبێت کەواتە ئەکرێت چڕبوونەوەی چەمکەکانی دەق لە پێکهاتدا زیاتر تەعریف هەڵبگرێتو خوێندنەوەکان زیاتر بکەن لەلای خوێنەرێك ئیتر ئەگەر دەقێك یەك چەمك بێت یان هەواڵ ئامێز بێت خوێنەر زووتر (لاسطحی) دەقەکە تێدەگاو کە سادە بوو قووڵبوونەوە لای خوێنەر دروست ناکات رامانی تیادا نابێت ئەتوانری لە خێراترین کاتدا ئەو دەقە کۆنکرێتییە بخوێنێتەوە بەپێی پێوەری دەقەکە خێراتر باسەکە تێبگات... بەلام کاتێك دەقێکی زیندوی فرە چەمکی بونیادی ئەتوانێت چەندان خوێنەر لە چەندان دیدو بۆچوونی جیاواز دروستبکات هەریەکەیان لایەنێك لە لایەنەکانی تری شاراوەی ناو دەقەکە بپشکنێو هیچ پەیوەندی بە سەردەمی نوسینی دەقەوە نەبێتو دنیا بینی جیاواز لەسەردەمی جیاوازدا دروستبکات.. ئەکرێت بە وردی زیاتر ئەو پەیوەندییانە زیاتر کەشف بکرێتو خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت کەواتە خوێندنەوەش بۆ دەقێك ئەگەر کەشفکردنی لایەنە ئالۆزەکانی بێت ئەوا پەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق زیاتر چێژوەرگرتنی ئەبستمایەك بێت ئەوا خوێندنەوەش خۆی دەقی کەشفکردنی یان میتۆدی گەڕانە بەدوای دەقدا ئەکرێت جیاوازی گەورەتر لەنێوان خوێنەرو دەقو خوێندنەوە ببینرێت, بەرهەرحاڵ پەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق تا چەمکەکانی دەق فرەیی بنو تێگەیشتنی خوێنەر فراوانتر بێت دەقی تازەو مانای نوێو زمان وێنەی جیاوازو ئاماژەی ناو سیاقی دەقەکە هەمەچەشنتر دەبێت.

# خەڵاتی باشترین دەقی شانۆیی بۆ (الخاتم)ی محیێدین زەنگەنە




ئەمسال وەزارەتی رۆشنبیری عێراق خەڵاتی باشترین دەقی شانۆیی دا بە مامۆستای شانۆنووس محیێدین زەنگەنە لەسەر کتێبی (الخاتم) کە بریتییە لە شانۆیەکی درێژو ساڵی ٢٠٠٤ بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی / سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری چاپیکردووە.

شایانی باسە هەر ئەمسال نووسەر غەنام محەمەد خزر لە زانکۆی موسڵ بڕوانامەی ماجستێری پێدرا ئەویش بە نامەیەك بەناوی (المسرحية ذات الفصل الواحد في أدب محي الدين زنكنه).

## بەر لە سی و سێ ساڵ



ئەوەی وەستاوە بە پێوە هونەرمەندی کۆچکردوو ( سمکۆ عەزیز )ە
دانیشتوو ( مامۆستا فایەق عومەر تۆفیق ) ( بورهان جەمال ), ( ئەحمەد سالار ),
شەهید ما مۆستا ( عیزەت ئەحمەد کەریم ), ( عەلی جۆلا ), ( خوالێخۆشبوو نوری
وەشتی ), ئەوەی لە پشتەوە وەستاوە ( بەکر کەساس ).

شوێن / بیناى کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی سلێمانی کۆڕی کۆمەڵ بۆ پیرەمێردی نەمر، ١٩٧٢/٨/١

Galaweazh Literary and Cultural Centre

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ

# ئاگادارییەک دەربارەی نۆیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، وەک نەریتی ساڵانەی خۆی، ئەمساڵیش فێستیڤاڵی گەلاوێژ بە بەرنامەی نوێ و پارەی خەڵاتی زۆرتر بۆ سێ بواری (شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە) ساز دەکات.

**رێنماییەکانی فێستیڤاڵی ئەمساڵ:**

یەکەم: بڕی خەڵاتەکانی نۆیەمین فێستیڤاڵ بەم شێوەیەیە:

١- خەڵاتی یەکەم بۆ هەر یەکێک لە سێ بوارەکە (٢٥٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.

٢- خەڵاتی دووەم بۆ هەر یەکێک لە سێ بوارەکە (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.

٣- خەڵاتی سێیەم بۆ هەر یەکێک لە سێ بوارەکە (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار.

دووەم: بەرهەمی بەشدار نابێت گەر بڵاوکرابێتەوە، یان لە بۆنەو کۆڕێکدا خوێندرابێتەوە.

سێیەم: بەرهەمی بەشدار، دەبێت بە تایپ کراوی و لەسەر (C.D) یەک پێشکەشی لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ بکرێت.

چوارەم: لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە تا ٢٠٠٥/٩/٢٠ بەرهەم وەردەگیرێت.

پێنجەم: هەر لەم فێستیڤاڵەدا دیدارێک بۆ بەرهەمی لاوان ساز دەکرێت و دەقە پەسەندکراوەکان خەڵات دەکرێن.

شەشەم: لە نۆیەمین فێستیڤاڵدا، جیاواز لە فێستیڤاڵەکانی پێشوو، خەڵاتی تایبەت دەبەخشرێتە:

-باشترین بەرهەمی وەرگێڕدراو (کتێبی چاپکراو).

-باشترین دەق لە بواری شیعر - چیرۆک - نۆڤلێت - ڕۆمان - دەقی شانۆیی لە شێوەی کتێبدا.

بەو مەرجەی کە هەر دوو بەرهەمەکە، لە نێوان فێستیڤاڵی هەشتەم و نۆیەمدا بڵاوکرابێتەوە و پێشکەشی لیژنەی ئامادەکاریش بکرێت.

نۆیەمین فێستیڤاڵ چاوەڕێی بەرهەمی ڕووناکبیرانی خەمخۆری بیرو ئەندێشەو مەعریفەیە، بەشداری و هاوکاریتان مایەی سەرکەوتنی فێستیڤاڵە.

**لیژنەی ئامادەکاری**
**نۆیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ**
**٢٠٠٥/٦/١٩**